


حکومەتێکی فاشیلمان هەیە

■ ٧



ئەم دەسەڵاتە وا بەئاسانی توانای خۆگونجاندنی نییە

■١٢



ئەو زمانە بۆ سەدام و موبارەك و بن عەلییەكان نەچووە سەر

■١٠

گەندەڵییەکانی نەخۆشخانە ٤٠٠ قەرەوێڵەییەکە ■١٩



"بەشێکی قەزای شەقڵاوە داگیرکراوە" ■٢٢



# ڕۆژنامە

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات

ژمارە (٦١٩) سێشەممە ٢٠١١/٢/١

نرخ (٧٥٠) دینار


# گۆڕان ئامادەیە گردەکە تەسلیم بکاتەوە

## پارتی و یەکێتی دەیان هەزار دۆنم موڵك و زەوییان داگیرکردووە

**ڕۆژنامە**

وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان ئاشکرایکرد؛ بزووتنەوەکەی ئامادەیە "گردەکە" تەسلیم بکاتەوەو ئەو مەسەلەیە داوایەکی سەرەکی بەیاننامەکەی گۆڕان بووە، کە "هەموو موڵکێک بگێڕدرێتەوە بۆ حکومەت".

دوێنێ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەرهەم سالح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی بزووتنەوەی گۆڕانی کرد، کە گوایە موڵکیان داگیرکردووەو داوا لەپارتی و یەکێتی دەکەن موڵکەکانیان بدەنەوە بە حکومەت. لە بەرامبەردا محەمەد تۆفیق ڕەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: "گۆڕان ڕاشکاوانە لە خاڵی شەشەمی بەیاننامەکەیدا داوایکردووە "موڵک و ماڵی داگیرکراوی حکومەت و خەڵک لەلایەن حیزبەکان و کاربەدەستەکانییەوە بگەڕێنرێنەوە". هەر بۆیە ئێمە داوای جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی بەیاننامەکەمان دەکەین و ئامادەین لەکاتی جێبەجێکردنیدا گردەکە تەسلیم بکەینەوە".

وتەبێژی گۆڕان وتیشی: "ئێمە وەکو یەکێتی و پارتی هیچ موڵکێکمان داگیرنەکردووە، بەڵکو گردەکە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ بۆ کۆمپانیای وشە داواکراوە، بەمەبەستی بەکارهێنانی بۆ کاری ئیعلامیی و فەرهەنگیی و لەلایەن سکرتێری یەکێتییەوە دراوەتە کۆمپانیای وشەو ئەو بینایەشی کە پێماندراوە تائێستا تەسلیممان نەکراوە، بەپێچەوانەوە ئەوان موڵکەکانیان بۆ شتی شەخسیی بەکارهێناوە"، وتەبێژی گۆڕان جەختی لەوەش کردەوە؛ هەرکاتێک ئەوان نیوەی ئەو هەزارەها دۆنم زەوییەی داگیریان کردووە لە (قەلاچوالان، ماڵی مام جەلال لە دەباشان، شوێنی کەناڵی کوردسات، دووکان و کۆیە، سەری ڕەش و سەلاحەدین بیناو موڵکەکانی پارتی لەناو هەولێرو دهۆک)، گۆڕان ئامادەیە لەپێش ئەواندا تەسلیمی حکومەتی بکاتەوە".

بۆ... ل٢

**نەوشیروان مستەفا، خاوەنی هیچ پارچە زەوی، خانوو، مووچەو خانەنشینییەک نییە**



شوێنی حەوانەوەی سکرتێری یەکێتی لە دەباشان (٧٨٠) دۆنم زەوییە فۆتۆ: ڕۆژنامە

## واشنتۆن پۆست: پارتی و یەکێتی، تۆمەتبارن بە گەندەڵیی و تۆقاندن

**شاڵاو فەتاح**

واشنتۆن پۆست پێیوایە؛ پارتی و یەکێتی بە توندیی دەستیان گرتووە بەسەر دەسەڵاتدا، ئەمە جگە لە بانگەشەی بوونی گەندەڵیی و تۆقاندنی میدیا لە لایەن ئەم دوو حیزبەوە.

ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئەمریکی واشنتۆن پۆست، پێرێ لە وێبسایتی فەرمیی خۆیدا باسی لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەی گۆڕان و کاردانەوەی دەسەڵاتی هەرێم کردو نووسیویەتی، پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی عێراق داوای دەستلەکارکێشانەوەی حکومەت دەکات و دەڵێت؛ ئەو خۆپیشاندانانەی ئێستا لە جیهانی عەرەبدا ئەنجام دەدرێن دەبێت ببنە زەنگی ئاگادارکردنەوە بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێم.

گرووپێکی ڕیفۆرمخواز، بە ناوی گۆڕانەوە دەڵێت؛ کە پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی نیمچە سەربەخۆی کوردستان گەندەڵن و نوێنەرایەتی خەڵک ناکەن، هەر بۆیە ئەو جۆرە خۆپیشاندانانەی کە لە میسرو تونس و شوێنەکانی دیکە ڕوویدا، بۆی هەیە لە هەرێمی کوردستانیش دووبارە ببێتەوە، گەر حکومەت نەتوانێت ڕیفۆرم بکات، وەک ئەوەی محەمەد تۆفیق ڕەحیمی وتەبێژی گۆڕان، وتی.

دواتر واشنتۆن پۆست دەنووسێت: پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکی ئارام بوو لە کاتی جەنگی عێراقدا، بە شێوەیەکی توند دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە، ئەمە جگە لەوەی لە هەرێمدا دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە تۆمەتبارن بە بوونی گەندەڵیی و تۆقاندنی میدیا.

## لەژێر فشاری گۆڕاندا، دەسەڵات کارەبای زیاتر دەدات

**سەنگەر جەمال**

بەهۆی فشارەکانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە مەترسی خۆپیشاندانەوە، حکومەت لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر بڕی سەعاتی پێدانی کارەبای بۆ هاوڵاتییان زیاد کرد، کە پێشتر بەهۆی کەمیی کارەباوە هاوڵاتییان ئامادەکارییان بۆ خۆپیشاندان دەکرد.

تێبینی دەکرێت ماوەی چوار ڕۆژە بەهۆی فشاری میدیای بزووتنەوەی گۆڕان و نارەزایی هاوڵاتییان بەرامبەر کەمبوونەوەی سەعاتی کارەباو وەرگرتنی چەند ڕێوشوێنێک بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان، حکومەت لەهەردوو شاری هەولێرو سلێمانی بڕی کارەبای (٢-٤) سەعات زیادکردووە. بە شێوەیەک لە سلێمانی (٢) سەعات کارەبای موەلیدە زیاد دەکات و لە (٨) سەعاتەوە دەبێت بە (١٠) سەعات.

هەروەک لە هەولێر کارەبای موەلیدە ئەهلییەکان لە (٦,٥) سەعاتەوە بۆ (١٠) سەعات لە شەوو ڕۆژێکدا زیاد دەکرێت، تەواوی ئەو هەوڵانەش لەسەر ئەرکی حکومەتی هەرێم دەبێت.

عەبدوڵڵا مەلانوری، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان و ئەندامی لیژنەی پیشەسازیی و وزە، لە بارەی ئەو گرفتانەو هەوڵەکانەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: "ئەو هەوڵانە دوای ئەو فشارانەی ئێمەیە وەک ئۆپۆزسیۆن و نارەزاییەکانی جەماوەرو هەوڵدانیان بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان دێت، بۆ ئەوەی رق و بێزاریی خەڵک سارد بکرێتەوە، بەڵام ئەو هەوڵانە چارەسەرێکی کاتییەو سەرتاسەری نین و قەیرانی کارەبا بەردەوام دەبێت".

ئەو پەرلەمانتارە نیگەرانیی خۆی لە هەوڵەکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی گرفتی کارەبا دەردەبڕێت و دەڵێت: "یەکێک لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتییان کارەبایە، مەنتیقی تێدا نییە دوای ئەو هەموو ساڵە لە حوکمڕانیی بە بودجەیەکی زۆرەوە نەتوانرێت کێشەی کارەبا چارەسەر بکرێت و تازەترین هەوڵی حکومەت ئەوەیە، هاوکاریی موەلیدەی ئەهلی بکات بۆ ئەوەی سەعاتی کارەبا زیاد بکات، ئەگەر حکومەت بەو شێوەیەی لە ڕابردوودا کاری بۆ کارەبا کردووە بەردەوام بێت، بە (١٠) ساڵی دیکەش قەیرانەکە چارەسەر ناکرێت".

**نەوشیروان مستەفا:**

## ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزتر دەبین

**ڕۆژنامە**

سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان سەبارەت بەئاستی جەماوەریی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند: تەرازووی هێز بەلای بزووتنەوەکەیدا شکاوەتەوەو ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر دەبن.

نەوشیروان مستەفا لەچاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی بۆ ئەوەکرد؛ "کە دەسەڵات بەرپرسە لەچارەسەرنەکردنی ئەو قەیرانە گەورەیەی لەهەرێم هەیە". هەروەها سەبارەت بە کاردانەوەی دەسەڵات لەبەرامبەر بەیاننامەکەی گۆڕان وتی: ئێمە هێزێکی جەماوەریی بێ چەکمان هەیە، هەموو شێوەکانی توندوتیژیمان پێ خراپە، "ئەم زمانە سیاسییەی کە ئەم جەماعەتە بەکاریانهێناوە، نیشانەی دواکەوتنە لە بیری سیاسیدا".

لەو چاوپێکەوتنەدا کە دەقەکەی لە لا(٤و٥)دا بڵاوکراوەتەوە، نەوشیروان مستەفا وتی: "ئەم حیزبانە هەر فێری ئەوە بوون کە پێیان بڵێیت، قوربان، فێری ئەوە نەبوون ڕەخنەیان لێ بگریت".



**بڕیاربەدەستانی کورد، کەرکوکیان بە قەدەر سپاردووە**

...ل١١



**پرۆژەیەکی ٤٣ ملیۆن دۆلاریی دیکەی کارەبا شکست دەهێنێت**

...ل٢

## یەکێتیی پەرلەمانتاران: دەسەڵات کەمتەرخەمەو داواکانی ئۆپۆزسیۆن ڕەوایە

٢

**ئیسماعیل گەڵاڵەیی:**
**دەسەڵات نایەوێت ئەو یاسایە دەربچێت، چونکە ئەگەر تێپەڕێت، ناتوانن ئەو بڕەپارەیە بە شێوەیەکی یاسایی بۆ خۆیان بەرن**

# حکومەت (٧٥٪)ی پاداشتی فەرمانبەران کەمدەکاتەوە

ڕۆژنامە

وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک پاداشتی هاندانی فەرمانبەرانی حکومەتی بە ڕێژەی (٧٥٪) کەمدەکاتەوەو بڕیارەکەش پاداشتی پەرلەمانتارەکان ناگرێتەوە.

بەپێی بڕیاری ژمارە (٣٢٣)، کە لە ڕۆژی ٢٠١١/١/١٠ بڵاویکردووتەوەو گشتاندوویەتی بەسەر سەرجەم وەزارەتەکانو فەرمانگە نەبەستراوەکانی سەر بە وەزارەتەکاندا بە بۆنەی کۆتاییهاتنی ساڵی دارایی (٢٠١٠)ەوە، چەندین بڕیاری سەبارەت بە مووچەو دەرماڵەو دامەزراندنو پاداشتی هاندان بڵاوکردووەتەوە.

بەپێی بڕیارەکە گواستنەوەی ڕاژەو دامەزراندن لەنێوان سەرجەم وەزارەتو فەرمانگەکاندا ڕادەگرێت، جگە لە نوێکردنەوەی گرێبەستە پێویستەکانو ئەوانیش دوای پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١١) پێداچوونەوەیان پێدا دەکرێت.

لەگەڵ کەمکردنەوەی پاداشتی کارمەندان بە ڕێژەی (٧٥٪)، جگە لە ئەندامانی پەرلەمانو کەمکردنەوەی خەرجی پاداشتی ئەوانەی لەدەرەوەی فەرمانگەکانن بە ڕێژەی (٥٠٪)، جگە لە ئەنجومەنی پارێزگاکانو شارەوانییەکانو هونەرمەندانو شاعیرانو لیژنە شارەزا داراییەکان نەبێت.

بەپێی بڕیارەکە، خەرجی ئیفادو سەفەرو خەرجییەکانی ڕاگەیاندن بە ڕێژەی (٥٠٪)و کەمکردنەوەی (موجودات غیر مالیە) بە ڕێژەی (٧٥٪) کەم دەکرێنەوە.

# بەیاسایەکی بەعس وەزارەتی ناوخۆ شەرعیەت بە تەقەکردن دەدات



ڕۆژنامە

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسایەکی سەردەمی بەعس بەسەر بنکەکانی پۆلیسی هەرێمدا دەگشتێنێت، کە بەپێی بڕگەیەکی ئەو یاسایە ماف بە پۆلیس دەدرێت لە کاتی "پشێوییەکاندا" چەک بەکاربهێنن.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون لە ٢٠١١/١/١٧دا وەزارەتی ناوخۆی هەرێم بە نووسراوێکی ڕەسمیی دەقی یاسای ژمارە (١٧٦)ی ساڵی (١٩٨٠)ی بەسەر بنکەکانی پۆلیسدا گشتاندووە کە تایبەتە بە ئەرکەکانی پیاوانی پۆلیس لە بنەبڕکردنی تاواندا و لە بڕگەی چوارەمی ئەو یاسایەدا هاتووە: «پیاوانی پۆلیس دەتوانن بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ، یان هەرکەسێک کە وەزیر سەر پشکی بکات، یان پارێزگارو قایمقام، یان سەرکردەی سەربازیی ناوچەکە، چەک بەکاربهێنن بۆ کپکردنەوەی هەر پشێوییەک کە بەپێی یاساکە زیان بە سیستمو ئاسایش بگەیەنێت».

لەو بارەیەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار بۆ ڕۆژنامەی ئاشکرایکرد؛ کە لەدوای گەیشتنی ئەو فەرمانەی وەزارەتی ناوخۆ کۆبوونەوە بە بنکەکانی پۆلیس کراوەو وردەکاریی ئەو یاسایەیان بۆ ڕوونکراوەتەوە.

ڕۆژنامە پەیوەندیکرد بە جەلال شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆی هەرێمو ناوبراو بێئاگایی خۆی لە گشتاندنی ئەو یاسایە دەربڕی، بەڵام وتی: «هەر یەسایاک هەڵنەوەشابێتەوە کاری پێ دەکرێت».

## پارتییەك بۆ پۆستی سەرۆكی دەزگای هەواڵگریی دیاریكراوە

هەستیار قادر

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ پۆستی سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی عێراق دەپاڵێورێت، کە پێشتر بەرپرسیارێتی لەناو ئەو دەزگایەدا هەبووە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون ئێئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانو دەولەتی یاسا ڕێککەوتوون لەسەر دانانی فەیسەڵ ڕۆستینکی، بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی دەزگای هەواڵگریی عێراقیی، کە ناوبراو کوردەو پالێوراوی پارتییەو لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە لە پلەکانی یاریدەدەرو جێگری سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی عێراقدا بووە.

لەو بارەیەوە عادل بەرواری، ڕاوێژکاری نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری هەرێمی کوردستان، وێڕای ئاماژەدان بە ڕاستیی زانیارییەکی لەو جۆرە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «فەیسەڵ ڕۆستینکی، کەسێکی شیاوو قابیلی ئەو پۆستەیەو (٦ بۆ ٧) ساڵە لەو بوارەدا کار دەکات».

# پەرلەمانتارێك: نازانین چۆن حیزبەكەی سەرۆك وەزیر، مانگانە (٤) ملیۆن دۆلار لە بودجە دەبات!

## حكومەت لەسەر چ بنەمایەك پارە بە حیزبی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن، دەدات؟

ڕاپۆرتی: دارا دلێر

بەرهەم ساڵح، ڕایدەگەیەنێت، لەهیچ وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، حکومەت بودجە نادات بە ئۆپۆزسیۆن، پەرلەمانتارێکی ئۆپۆزسیۆنیش دەڵێت: "لەسەر چ بنەمایەک حیزبەکەی سەرۆک وەزیر، ساڵانە (٤٨) ملیۆن دۆلار لەبودجەی هەرێم دەبات!".

مانشێتی ژمارەی ڕابردووی هەفتەنامەی ئاوێنە، قسەیەکی بەرهەم ساڵحی سەرۆکی حکومەتە کە تێیدا تەمویلی مادیی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێم بە نموونەیەکی ناوازەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەسف دەکاتو ڕاگەیاندووە: "لەهیچ وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، حکومەت پارە ناداتە ئۆپۆزسیۆن، تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا نەبێت".

ئەم لێدوانەی ئەو پلەبەرزە ئیدارییەی هەرێم، لەکاتێکدایە کە بەپێی زانیارییە بەدەستهاتووەکانی "ڕۆژنامە"، لەئێستا حیزبەکەی، ساڵانە (٤٨) ملیۆن دۆلار لەخەزێنەی گشتیی بۆخۆی دەباتو بەشی پارتی هاوپەیمانیشی ئەگەر لەو بڕە زیاتر نەبێت، کەمتر نییەو هاوکاتیش فراکسیۆنەکەیان پرۆژەی یاسای بودجەی حیزبەکانیان لەپەرلەمان ڕاگرتووە، تا دۆخی وەرگرتنی بودجەی نایاسایی بۆ خۆیان درێژبکەنەوە.


زانیارییەکان دەریدەخەن، دووئیدارەیی لەناو حکومەتە یەکگرتووەکەی بەرهەم ساڵحدا بەردەوامەو تا ئێستاش (٥٧٪)ی بودجەی هەولێر بە قەزای کۆیەوە لەلایەن ڕەشید تاهیری بریکاری وەزیری داراییەوە سەرپەرشتی دەکرێتو (٤٣٪)ی بودجەی ئیدارەی سلێمانی لەلایەن بایز تاڵەبانی، وەزیری داراییەوە وەردەگیرێت.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەسەرچاوەیەکی ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە "ڕۆژنامە" گەیشتوون، یەکێتیی نیشتمانیی، مانگانە (٤) ملیۆن دۆلار بۆ خۆی دەباتو پارتی دیموکراتیش لەبودجەی ئیدارەی هەولێر، بڕێک بۆ حیزبەکەی دەبات کە نەزانراوە چەندە.

لەو بارەیەوە، عومەر عەبدولعەزیزی سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی، ئاماژەی بەوەکرد: چەند ساڵێکە بەبێ بوونی یاسایەکو بەپێی ڕێککەوتنی هەردوو حیزبی دەسەڵات، بودجە بەسەر خۆیاندا دابەشکراوەو چەند قات بەرامبەر حیزبەکانی تر بودجەیان بۆخۆیان بردووە، بۆیە ئەوان وەک ئۆپۆزسیۆن لەسەر ئەوە سوورن کە بەشێوەیەکی یاسایی بودجەی حیزبەکان لەپەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێتو ڕێکبخرێت.

ئەو پەرلەمانتارەی یەکگرتوو، لێدوانەکەی سەرۆکی حکومەت بە سەیر دەزانێتو دەڵێت: "بۆچی ئەگەر بیانەوێت حاڵەتێکی سلبی لەکوردستان پەیڕەوبکەن، نموونەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەهێننەوەو بەدوای وڵاتە دواکەوتووەکاندا دەگەڕێن، کەچی لەدەرەوەش دەیانەوێت وێنەی هەرێمێکی دیموکراسو گەشەسەندوو نیشان بدەن".

عومەر عەبدولعەزیز، وتیشی: "ئەو بڕەپارانەی پێشتر پارتیو یەکێتی لەبودجە وەریانگرتووە، هەمووی بڕی نایاساییین، چونکە بەپێی یاسا نەبووەو پێوەرێکیش نییە تا هەموو حیزبەکان بەشێوەیەکی یەکسان لەبودجە سوودمەندبن".



پەرلەمانتارێکی یەکێتیش، بڕوای وایە کە پێویستە پەیوەندییەکان لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن ئاسایی ببنەوەو ئەوەی پەیوەندیی بەبودجەشەوە هەیە، هەموو هیزەکان بەبێ جیاوازیی بگرێتەوە.

تارا تەحسین، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: "ئۆپۆزسیۆن، لەهەرێم نوێیەو گەشبینییە بۆ هەموو لایەک، لێدوانەکەی سەرۆکی حکومەت تانەدان نەبووە لەهیچ لایەک، بەڵکو زیاتر گەیاندنی زانیاریی بووە، لەبارەی بودجەشەوە، ئەوە تەنیا هی یەکێتیو پارتی نییە، بەڵکو هی هەموو ئەوانەیە لەکوردستان دەژینو بۆ سەرکەوتنی کوردستان تێدەکۆشن".

وتەبێژی فراکسیۆنی کوردستانییو پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، نموونەی دیراسەیەکی ڕێکخراوێکی نێودەولەتیی لەسەر تەمویلی مادیی حیزبەکان دەهێنێتەوەو لەو چوارچێوەیەدا زانیارییەکانی دەخاتەڕوو.

ئاسۆ کەریم، ڕوونیکردەوە کە بەپێی ئەو دیراسەیەی (NDI) کە (٢٠) وڵاتی جیاوازی لەکیشوەرەکانی دنیا وەرگرتووە، تەمویلی مادیی لەپارەی گشتیی بۆ حیزبە سیاسییەکان سێ جۆرە، هەیە بەپێی یاسا ڕێکخراوەو دەدرێت بەتەواوی ئەو ئەحزابانەی لەپەرلەمان بوونیان هەیە. لەهەندێک وڵاتدا تەنیا لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا کۆمەکی دارایی حیزبە سیاسییەکان دەکرێت. نموونەی سێیەمیش ئەو دەولەتانەیە کە بەهیچ جۆرێک بودجە نادەن بەحیزبەکان، واتە چ ئەو حیزبانەی لەدەسەڵاتنو چ ئەوانەی ئۆپۆزسیۆنن.

ئەو پەرلەمانتارە، زیاتر دەدوێتو دەڵێت: "ئەزموونی چەند وڵاتێکی تریش هەیە، پارەیەکی دیاریکراو دەدرێت بەو هێزانەی مۆڵەتیان هەیە، بۆنموونە ئەگەر بودجەی ئەو دەولەتە (١٠٠) ملیۆن دۆلار بێت، ئەوا (١٠٪)ی ئەو بودجەیە تەرخان دەکەن بۆ حیزبە سیاسییەکان، ئێمە لە هەرێم هەم پێویستمان بە ڕێکخستنی یاسای بودجەی حیزبەکان هەیە، هەم هەمواری یاسای ژمارە (١٧)ی ئەحزاب".

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی، بێئاگایی خۆشی نیشاندا لەبڕی ئەو پارەیەی پارتیو یەکێتی مانگانە لەبودجەی هەرێم بۆ خۆیانی دەبەنو وتی: "ئەو زانیارییانە لای وەزارەتی داراییین".

ئەوەی لەو هاوکێشەیەدا سەیرە! بێئاگایی پەرلەمانو پەرلەمانتارانە لەسەر بڕی ئەو پارەیەی مانگانە بەر دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم دەکەوێتو پەرلەمانتارێکی گۆڕانیش، سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە بەشێک لە ناڕوونی ئەو زانیارییانە دەزانێت.

ئیسماعیل گەڵاڵەیی، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: "پێشتر نووسراوێکم ئاراستەی وەزارەتی دارایی کرد بۆ زانینی بودجەی پارتیو یەکێتی، دوای مانگێک سەرۆکایەتیی پەرلەمان وەڵامیان دامەوە، دەبێت ئەو داواکارییە لە ڕێگەی لیژنەوە بێت، کەچی هەر ئەو کاتە پرسیارم بۆ وەزارەتێکی تر نارد، هەر زوو وەڵامەکانیم وەرگرتەوە، لەوەوە دەرکەوت کە سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەشێکە لەو ناشەفافییەتەی لەحکومەتدا هەیەو هەوڵی شاردنەوەی بودجەی یەکێتیو پارتی دەدەن".

بەپێی مادەی (١٨) لەیاسای بودجەی هەرێم، تەواوی ئەو بڕەپارەیەی بۆ یارمەتیی حیزبو ڕێکخراوەکان دانراوە، (٩٠) ملیۆن دۆلارە، لەحاڵەتی بردنی بڕی (٤) ملیۆن دۆلار مانگانە لەلایەن هەریەک لەپارتیو یەکێتییەوە، تەنیا بودجەی ئەوان تەجاوەزی ئەو بڕە دەکاتو خۆی دەدات لە (٩٦) ملیۆن دۆلار.

گەڵاڵەیی، ئەوەشی بیرهێنایەوە کە بە دانپێدانانی عەدنان موفتی، سەرۆکی خولی پێشووی پەرلەمان، تا پارساڵ پارتیو یەکێتی، مانگانە (٧٠) ملیۆن دۆلاریان بردووە، کە دەکاتە (١١٪)ی هەموو بودجەی هەرێم، پێویستە لە سەرۆکی حکومەت بپرسین، لە چ وڵاتێکدا ئەو ڕێژەیەی بودجە بۆ حیزبەکانە؟ بۆچی حیزبەکەی سەرۆک وەزیر مانگانە (٤٨) ملیۆن دۆلار بۆخۆی دەباتو بودجەیەکی کەمی ئۆپۆزسیۆنیش بەحاڵەتێکی سەیر باسدەکات؟!

پەیوەست بە پرسی بودجەی حیزبەکان، عومەر عەبدولعەزیز، ئەوەشی وت: "پێشتر پێشنیازمان کردووە کە دانیشتنێکی تایبەت لەنێوان سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بۆ گفتوگۆی بودجە ڕێکبخرێت، بەڵام سەرۆکایەتیی حکومەت بێوەڵام مانەوە".

لەبارەی هۆکاری تێنەپەڕاندنی پرۆژەیاسای بودجەی حیزبەکان کە ئۆپۆزسیۆن سەرسەختانە پشتیوانیی دەکات، ئیسماعیل گەڵاڵەیی وتی: "دەسەڵات نایەوێت ئەو یاسایە دەربچێت، چونکە ئەگەر تێپەڕێت، ناتوانن ئەو بڕەپارەیە بە شێوەیەکی یاسایی بۆ خۆیان بەرن، زۆرجاریش پرسی بودجە وەک کارتی سیاسیی دژی حیزبەکانی تر بەکاردەهێنن".

**یەکێتیی نیشتمانیی، مانگانە (٤) ملیۆن دۆلار بۆ خۆی دەباتو پارتی دیموکراتیش لەبودجەی ئیدارەی هەولێر، بڕێك بۆ حیزبەكەی دەبات كە نەزانراوە چەندە**

## یەکێتیی پەرلەمانتاران: حکومەتو پەرلەمان خەمساردن بەرامبەر گەندەڵیی‌و ناعەدالەتیی

رۆژنامە: یەکێتیی پەرلەمانتاران نیگەرانە لە خەمساردیی حکومەتو پەرلەمان لە بەدینەهێنانی بەڵێنەکانو نەگرتنەبەری رێگەچارەی گونجاو بەرامبەر ناعەدالەتیی‌و گەندەڵیی‌و ژمارەیەک لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش رەخنە لە ئەدای حکومەتو پەرلەمان دەگرن.

بزووتنەوەی گۆڕان ئێوارەی ٢٠١١/١/٢٩ بەیاننامەیەکی سەبارەت بە هەلومەرجی ئێستای کوردستان دەرکردو لە چەند خاڵێکدا داوایکرد؛ دەستوورەدانی حیزب لە حکومەت قەدەغە بکرێتو یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان، لە بەیاننامەیەکدا کە رۆژی ٢٠١١/١/٣١ بڵاویانکردەوە، داواکارییەکانی ئۆپۆزسیۆنیان بەرەوا زانیو سەبارەت بە جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزبیی لە حکومەتو بێلایەنکردنی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایشو پۆلیسو باشترکردنی باری گوزەرانی خەڵکو سستیی پەرلەمان.

هەروەک نیگەرانیی خۆیان دەربڕی بەرامبەر خەمساردیی حکومەتو پەرلەمان سەبارەت بەو داواکارییە رەوایانەو بەجێنەهێنانی وادەو بەڵێنەکانو نەگرتنەبەری رێگە چارەی گونجاو بەرامبەر ناعەدالەتیی‌و گەندەڵیی.

# پرۆژەیەکی ٤٣ ملیۆن دۆلاریی دیکەی کارەبا شکستدەهێنێت

رۆژنامە

پرۆژەی دروستکردنی وێستگەی (٥١) مێگاواتی کارەبای تاسلوجە کە بڕی زیاتر لە (٤٣) ملیۆن دۆلاری تێچووە، تائێستا نەخراوەتە کارو سوودی لێنەبینراوە کە لەلایەن پرۆژەی وێستگەی (٥١) مێگاواتی کارەبای تاسلوجە کە لەلایەن کۆمپانیای (UI Energy) کۆریای باشوورەوە وەرگیراوە بۆ جێبەجێکردن. لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (٤٣)ملیۆن‌و (٤٩٥) هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکرابوو لە رۆژی (٢٠٠٧/٤/٢٩)ەوە دەست بەکارکردن کراوە تێیدا. تائێستا بە تەواونەکراویی لەلایەن کۆمپانیای جێبەجێکارەوە جێهێڵراوە. نەتوانراوە سوود لە بەرهەمی کارەبای ئەو وێستگەیە وەربگیرێت.

وێستگەکە لەناوچەی تاسلوجەی باکووری سلێمانی دامەزراوەو توانای بەرهەمهێنانی (٥١)مێگاوات کارەبای هەیەو بە نەوتی رەش (HFO)و گاز کاردەکاتو لە (٣٠) یەکەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا پێکهاتووە. هەر یەکەیەکیشیان توانای بەرهەمهێنانی (١,٧)مێگاوات کارەبای هەیە.

رۆژی (٢٠٠٧/١٠/٤) بەشێکی زۆری پێداویستییەکانی وێستگەکە بەکاروانێک گەیەنراوەتە شوێنی پرۆژەکە. کە پێکهاتبوو لە (١٠) موەلیدەو بەشێک لە پێویستییەکانی‌و بڕیاربوو تا کۆتایی ئەو ساڵە سەرجەم موەلیدەکانی دیکەو پێویستییەکانی بگەنە شوێنی پرۆژەکەو دەست بە بەرهەمهێنانی کارەبا بکاتو لە ساڵی (٢٠٠٨) بەتەواوەتی وێستگەکە رادەستی بەڕێوەبەرێتی کارەبای سلێمانی بکرێت. تا دەست بە بەرهەمهێنانی کاربا بکرێت لەو وێستگەیەو بخرێتە سەر تۆڕی نیشتمانیی کارەبا.

هۆشیار سیوەیلی، وەزیری پێشووی کارەبای هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە کە لە رۆژی (٢٠٠٨/١/٢١) بڵاوکراوەتەوە رایگەیاند: "وێستگەکەی تاسلوجە یەکەی یەکەمی نەسب کراوەو یەکەی دووەمی هەفتەی داهاتوو دەگاتو سێیەمیش دوای ئەوەی دووەم شەحن دەکرێتو دەگاتو بەم نزیکانە دەست بە بەرهەمێنانی کارەبا دەکات».

کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەکە هەمان کۆمپانیایە کە کاری دروستکردنی نەخۆشخانە (٤٠٠) قەرەوێڵەییەکەی سلێمانی وەرگرتووەو تائێستا تەواوی نەکردووە. هەروەک دوای هێنانی (٣٠) موەلیدە کارەباییەکەی وێستگەی (٥١) مێگاواتی تاسلوجە، ئەو کۆمپانیایەی کە موەلیدەکانی بەکۆمپانیای (UI) کۆری فرۆشتووە، کە بایی (٢٥) ملیۆن دۆلارە، ئامادەیی تێدانییە بێتە کوردستانو کارەکانی کۆتایی نەسبکردنو کارپێکردنی موەلیدەکان جێبەجێبکاتو پرۆژەکەش وەک خۆی بە تەواونەکراویی جێهێڵراوە.

سەرچاوەیەکیش لە بەڕێوەبەرێتی کارەبای سلێمانی. سەبارەت بە تەواونەکردنی وێستگەی کارەبای تاسلوجە بە رۆژنامەی وت: "کارەکانی وێستگەکە نزیکەی (٩٠٪)ی تەواوبووە. بەڵام کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەکە فاشیلەو نەیتوانیوە تەواوی کارەکانی بە ئەنجامبگەیەنێتو ئێستا پرۆژەکە بە تەواونەکراویی بە جێهێڵراوەو نەتوانراوە سوودی لێ ببینرێت».

بەپێی ئەو لیستەی لەبەردەستی رۆژنامەدایەو تایبەتە بەو کۆمپانیایانەی کە لە کەرتی کارەبادا کاردەکەن لە پرۆژەکانی ساڵی (٢٠٠٧) ناوی کۆمپانیای (UI ENERGY) کۆری هاتووە. کە پرۆژەی وێستگەی بەرهەمهێنانی وێستگەی (٥١) مێگاواتی کارەبای تاسلوجە دەکاتو گوژمەی پرۆژەکە بە (٤٦) ملیۆن‌و (٧٥٧) هەزارو (١٢٥)دۆلار جێبەجێدەکات. لەکاتێکدا دواتر پرۆژەکە بە (٤٣)ملیۆن‌و (٤٩٥) هەزار دۆلار دراوە بەهەمان کۆمپانیا.

سەرەرای ئەوەی زیاتر لە سێ ساڵ بەسەر ماوەی یاسایی تەواوبوونی پرۆژەکەدا تێپەڕیوەو نەیتوانیوە هیچ بڕە کارەبایەک بەرهەمبهێنێت. لە ئێستادا پرۆژەکە دوو هێڵی (٣٣ کەیڤی) پێ گەیشتووەو لە وێستگەی گۆڕینی کارەبای تاسلوجەوە خۆی کارەبا لە حکومەت وەردەگرێت.


لیستێک بە ناوی کۆمپانیاکانی بیانی وخۆماڵی کە لە سێکتەری کارەبا کار دەکەن لە پرۆژەکانی / ٢٠٠٧

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | [illegible] | [illegible] | [illegible] | | 27.750.000 |
| 2 | [illegible] | [illegible] | [illegible] | | 31.600.482 |
| 3 | [illegible] | Energoinvest | [illegible] | | 2.122.000 |
| 4 | [illegible] | KEC | [illegible] | | 57.835.385 |
| 5 | [illegible] | Power link | [illegible] | | 1.308.000 |
| 6 | [illegible] | Energoinvest | [illegible] | | 7.246.072 |
| 7 | [illegible] | UI ENERGY | [illegible] | | 46.757.125 |
| 8 | [illegible] | [illegible] | [illegible] | | 187.500.000 |
| 9 | [illegible] | KEC | [illegible] | | 57.723.928 |
| 10 | [illegible] | SIEMENS | [illegible] KV 11/33/132 | | 27.750.000 |
| 11 | [illegible] | Iran Transfo | [illegible] | | 600.000 |
| 12 | [illegible] | [illegible] | [illegible] | | 5.500.301 |
| 13 | [illegible] | SIEMENS | [illegible] KV 11/33/132 | 27.482.800.000 | |
| 14 | [illegible] | SIEMENS | [illegible] KV 11/33/132 | 26.847.800.000 | |
| 15 | [illegible] | [illegible] | [illegible] | | 27.750.000 |
| 16 | [illegible] | [illegible] | [illegible] | | 60.000.000 |
| 17 | [illegible] | [illegible] | [illegible] | 300.114.699 | |
| 18 | [illegible] | [illegible] | [illegible] | 8.341.367.000 | |
| 19 | [illegible] | Symbian-Omid | [illegible] | | 5.500.301 |

## دوێنێ تونس‌و ئەمرۆ میسر سبەی لەکوێ‌و لەکێ دەقەومێت؟!

ئەو شەپۆلەی کە لە تونس سەری دەرکردو میسری خستە لەرزە، پەنگ دەخواتەوەو کەس نازانێت لەچ وڵاتێکی ستەمکاری ناوچەکە سەردەردێنێتو چ کۆشکو تەلارێکیش سەروبن دەکات.

میسر وەک گەورەترین‌و بەهێزترین دەوڵەتی عەرەبی ئەمرۆ گەردەلولێک تێی ئاڵاوە کە نە بە رووخانی حکومەتو نەبەگۆڕینی دەمامکو دەموچاوەکان هێوردەبێتەوەو نە بەڵێنەکانی سەرۆکیش حەشاماتەکەی مەیدانی (تحریر) قایل دەکات.

وڵاتێکی (٨٠) ملیۆنیی لە شەو و رۆژێکدا جومگەکانی لەبەریەک ترازان‌و ئەو دەزگا سەرکوتکەرانەی کە تەنیا ناوەکانیان چۆکی هاوڵاتیانی دەلەرزاند، بەرگەی نەعرەتەی گەنجانی شەقامی نەگرتو لەچاو تروووکانێکدا پووکانەوە.

لەو وڵاتە (٨٠) ملیۆنییە نزیکەی (٥٠) ملیۆن مۆبایلی تێدا بەکاردێتو زیاتر لە (١٠) ملیۆن هێڵی نۆرماڵی هەیەو ئینتەرنێتو فەیسبووکو تویتەرو...هتد بە زۆری بەکاردەهێنێت، ئەو تۆرە عەنکەبوتییە رۆڵێکی ئێجگار گەورەو گرنگی لەکۆکردنەوەی گەنجان بینی، کە زۆربەی هەرە زۆریان پەیوەندییان بە ئۆپۆزسیۆن یاخود لایەنە ئیسلامییەکانەوە نەبوو، هەربۆیە یەکەم هەنگاو کە حکومەتی میسر نای، بڕینی هەموو جۆرە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی‌و ئینتەرنێت بوو، توانی بۆ ماوەی رۆژێک وڵات دابڕێت لەدنیای دەرەوە، بەڵام ئەم دابڕینە میسری تووشی ئیفلیجی کردو ژیان تیایدا وەستاو کۆمپانیاکان‌و بانکو فەرمانگەکان لەکارکەوتن.

کاتێک کە شەقام هەستاو دیواری ترسی رووخاند، ئیتر کۆنترۆڵکردنی باروودۆخەکە لەدەست دەردەچێتو حکومەت بوونی نامێنێتو شەقام دەکەوێتە دەست هاوڵاتییان‌و قەدەر.

پرسیاری گەورە کە دەبێت هەموو دەسەڵاتێک بیری لێبکاتەوەو وەڵامی بداتەوە، ئەوەیە ئاخۆ ئەو چەند هەزار کەسەی کە لەسەرەتادا هاتنە سەرشەقام‌و دواتر بوونە دەیان هەزار کەس، ئەو گرو تینە لەکوێ دەهێنن‌و بەردەوامی پێدەدەن؟

ئەی بۆچی حکومەتێکی گەورەو گران دۆش دادەمێنێتو ناتوانێت بەرەنگاریان ببێتەوە؟

ئەی حیزبی فەرمانڕەوا کە زۆرینەی حکومەتو پەرلەمانی بەدەست بوو زیاد لە (٣) ملیۆن ئەندامی هەبوو، بۆ ئەوانیش نەهاتنە سەرجادەو بەرەنگاریان لە حیزب‌و رژێمەکەیان نەکرد؟

نموونەی تونس‌و میسرو پێشتریش حیزبەکەی سەدام هەمووی جێگەی پرسیارو تێرامانن.

لەهەموو ئەو رووداوانەدا ئەڵقەیەکی ون لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن‌و خەڵک بەدیدەکرێت، ئەو ئەڵقە ونە ئەو گوێ نەگرتنەیە کە دەسەڵات بەرەوای نابینێت بۆ خەڵکو لایەنە نەیارەکانی.

کاتێک کێشەو گلەییەکانی خەڵک گەورەو کەڵەکە دەبن، دەسەڵات هەوڵدەدات بەقسەو دروشم بەرامبەرەکەی رازیبکاتو بیخەڵەتێنێت، ئەو پێی وایە کە ئەگەر وتی گەندەڵیی‌و کەموکورتی هەیەو بەرنامەمان هەیە بەدەستەوەیە بۆ چاکسازیی، ئیتر خەڵکو ئۆپۆزسیۆن هەناسەی ئۆخەی هەڵدەکێشن‌و کێشەکان دوادەخرێن‌و لەبیر دەچنەوە.

تا ئەم بیرکردنەوەو تێگەیشتنە سەقەتە لای دەسەڵاتداران بمێنێت، گێلاندنی خەڵک بەرنامەو ئامرازبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو بۆشاییەی نێوان دەسەڵاتو هاوڵاتییان هەر لە فراوانبووندا دەبێت.

رۆژنامە

## عارف تەیفور لەگەڵ لێپرسینەوەی ساختەکاراندا نییە

رۆژنامە

عارف تەیفور، جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پشتگیری لێپرسینەوەی یاسایی ناکات لە ژمارەیەک کارمەندی کوردی پەرلەمانی عێراق کە بڕوانامەی ساختەیان هەیە، پەرلەمانتارێکی عێراقیش، ئاماژە بەوە دەکات: ئەو هەنگاوە جێی شەرمەزارییە بۆ کورد.

بەپێی نووسراوێکی نهێنیی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە کۆپییەکی دەست رۆژنامە کەوتووە، ئاماژە بەوە دەکات کە دەستەی ناوبراو کۆبوونەوەیەکی ئەنجامداوە بۆ تاوتوێی ئەو یاداشتەی یەکەی ئیداریی ئەنجومەنی نوێنەران کە پێشتر لە (٢٠١٠/١١/٢٣)دا ئاراستەی کردبوون‌و لیستی ناوی ئەو کارمەندانەی تیایە کە بەهۆی پێشکەشکردنی بڕوانامەی ساختەوە لەسەرکار لابراون‌و دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران، بڕیاری دا کە رێوشوێنی یاسایی لەدژی ئەو کەسانە بگیرێتەبەر کە ئەو ساختەکارییەیان بەسەردا ساغبووەتەوەو لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار بکرێتەوە، بەڵام لە کۆتایی نووسراوەکەدا کە بەرواری (٢٠١٠/١١/٢٩)ی لەسەرە، ئاماژە بەوە دراوە کە عارف تەیفوری جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، تێبینیی (تحفظ)ی هەیە لەسەر ئەو بڕیارەی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەران.

پشتگیرینەکردنی عارف تەیفور لە لێپێچینەوە لەو کارمەندانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بڕوانامەی ساختەیان هەیە، دوای ئەوە دێت کە ماوەیەک لەمەوبەر رۆژنامە، نووسراوێکی رەسمیی تری یەکەی ئیداریی ئەنجومەنی ناوبراوی بڵاوکردەوە، کە تیایدا ئاماژەی بە ناوی (١٣) فەمانبەری ئەنجومەنی نوێنەران داوە کە بڕوانامەکانیان ساختەو ناڕاستەقینەن، کە لەو ژمارەیەش، (٧) فەرمانبەریان کوردن.

لەوبارەیەوە، د. لەتیف مستەفا، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژەی بەوەدا، کە بەو کارەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، سەرپێچیی یاساو دەسەڵاتەکانی خۆی دەکاتو بە رۆژنامەی راگەیاند: «ساختەکاریی، بەپێی یاسای ئوسولی موحاکەماتی عێراقی تاوانەو دەبوو عاف تەیفور سووربوایە لەسەر پێدانیان بە دادگاو پۆشینی ئەو تاوانەش بەهەمانشێوە تاوانە».

د. لەتیف مستەفا، پێیوایە: لە رووی سیاسیشەوە، ئەو پۆشینەی عارف تەیفور بۆ ساختەکارانی بڕوانامە کایگەریی خراپی هەیەو دەڵێت: «ئەو هەنگاوەی عارف تەیفور، زیان بە بەهای کورد دەگەیەنێتو شەرمەزاییە بۆ کوردو بۆ ئەو حیزبەش کە ناوبراوی لەو پۆستەدا داناوە».

بۆ ئەو مەبەستە رۆژنامە چەندین جار بە تەلەفۆن پەیوەندی کرد بە عارف تەیفورەوە، بەڵام بێ وەڵام بوو.




## ململانێی یەکێتی‌و پارتی، سێ یاسا پەک دەخات

هەنگاو هاشم

هەولێر

بەهۆی «ململانێی نێوان یەکێتی‌و پارتییەوە» سێ یاسای تایبەت بە پێکهێنانی سێ دەستەی هەرێم کاریان پێناکرێت، لەگەڵ ئەوەی کە پێنج مانگ بەسەر دەرچوونی ئەو یاسایانەدا تێپەڕبووە.

ماوەی پێنج مانگە یاسای ژمارەی (٢)ی یاسای دەستەی گشتیی هەرێم بۆ ناوچە کێشەلەسەرەکان‌و یاسای ژمارە(٣)ی دەستەی پاراستن‌و چاککردنی ژینگەو یاسای ژمارە (٤) دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا کە لە پەرلەمانی کوردستاندا لە ساڵی (٢٠١٠) دەرچووە، لە بەرواری ٢٠١٠/٨/٢ لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا جێبەجێنەکراوەو ئەو سێ دەستەیەش پێکنەهێنراون.

لەوبارەیەوە ڤیان عەبدولڕەحیم، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە پێویستە هەر یاسایەک لەدوای بڵاوکردنەوەی‌و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستاندا جێبەجێبکرێت، وتیشی: "هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەم یاسایانە ململانێی نێوان یەکێتی‌و پارتییە کە بێ گوێدانە بەرژەوەندییەکانی میللەت کە پێویستیان بەجێبەجێکردنی ئەم یاسایانە هەیە، هەردوو حیزب لەسەر سەرۆکایەتی ئەو دەستانە رێکنەکەوتوون کە دەیانەوێت نیوە بەنیوە بەشی بکەن".

## پاشماوەی... گۆڕان ئامادەیە گردەکە تەسلیم بکاتەوە

بەگوێرەی زانیارییەکانی رۆژنامە؛ماڵی تالەبانی لە دەباشان (٧٨٠) دۆنمە، ئەو زەوییەی بۆ کەناڵی کوردساتیش تەرخانکراوە (١٨٠) دۆنمە.

لە هەرێمی کوردستان جگە لەوەی موڵکێکی زۆر لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵاتەوە داگیرکراون، هاوکات بەرپرسانی پارتی‌و یەکێتیش سوودمەندبوون لە وەرگرتنی زەوی‌و خانوو و مووچەو خانەنشینی، بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لە نەوشیروان مستەفا رایگەیاند: «تائێستا نەوشیروان مستەفا نە پارچە زەوی، نە خانوویەک، نە هیچ مووچەو خانەنشینییەکی لە حکومەتی هەرێم وەرنەگرتووە، هەروەها ژن‌و منداڵەکانیشی بەهەمان شێوەو ئەو خانووەشی تێیدا دەژین موڵکی خۆی نییە».

لەدوای ئەو راگەیاندنەی سەرۆکی حکومەت، خەڵک چاوەڕوانی کردارو وەرگرتنەوەی هەموو ئەو موڵکە گشتییانەیە کە لەلایەن حیزبەکانی کوردستانەوە لەدوای راپەڕینەوە داگیرکراون، یاخود تەخشان‌و پەخشان کراون.



چاوپێکەوتن

## ئەم حیزبانە هەر فێری ئەوە بوون کە پێیان بڵێیت، قوربان



# ـــردنی ئەو قەیرانە گەورەیەی لە هەرێم هەیە

گۆڕان‌و حیزبەکانی تردا دروست ببێت، ڕاستە ئەوان لە حکومەتدان‌و ئێمە ئۆپۆزسیۆنین‌و لە دەرەوەی حکومەتین، بەڵام خۆ ئێمە دەمانتوانی لەسەر کۆمەڵێک شتی ئەساسی کە پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەی میللەتەکەمان‌و ئێستاو داهاتووی میللەتەکەمانەوە هەیە دەمانتوانی مامەڵە بکەین‌و ڕێکبکەوین، ئەو پەیوەندییە ناتەندروستەی کە لەنێوان بزووتنەوەی گۆڕان‌و پارتی‌و یەکێتیدا دروست بووە، بێگومان ئەوە یەکێکە لەو لایەنانەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان قەیرانە سیاسییەکەی قوڵتر کردووەتەوە.

**KNN: پەیوەندیتان لەگەڵ حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان لە کوردستاندا چۆنە؟**

**نەوشیروان مستەفا:** ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەوان ئاساییە، بێگومان جیاوازی هەمیشە دەبێت لە بۆچووندا، چونکە ئەوان خۆیان ئایدیۆلۆژیەتی سیاسیی خۆیان‌و بەرنامەی خۆیانیان هەیە، ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ بەرنامەی سیاسیی‌و ئایدیۆلۆژیای ئەوان، بەڵام لەسەر کۆمەڵێک شتی زۆر گرنگ لەناو کوردستانی عێراقدا، لەناو پەرلەماندا ئێمە پێکەوە هاوکاری دەکەین، من دەمەوێت لێرەدا ئەوە باس بکەم کە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم، نەک هەر خۆیان نەیانهێشتووەو نەیانویستووە پەیوەندیی لەگەڵ ئێمەدا دروست بکرێت، بەڵکو فشاری زۆریش لە هەموو لایەنەکانی تریش دەکەن بۆئەوەی ئێمە دابڕێنن‌و پەراوێزمان بخەن، زۆرجار فشار لە حیزبەکانی تریش دەکەن بۆئەوەی کە لە ئێمە دوور بکەونەوە، بەڵام بۆ خۆشبەختی، تا ئێستا نەیانتوانیوە ئەو حیزبانەی کە لەناو پەرلەماندا پێکەوە کاردەکەین، وا بکەن درز بخەنە نێوانمانەوە.

**KNN: پێگەی بزووتنەوەی گۆڕان بەرامبەر بە یەکێتی‌و پارتی، چۆن دەبینن؟**

**نەوشیروان مستەفا:** ئێمە پێمانوایە، ڕۆژ بەڕۆژ تەرازووی هێز بەلای ئێمەدا دەشکێتەوەو بەهێزتر دەبین.

**KNN: پێتان دەوترێت ئۆپۆزسیۆنێکی دژن‌و هەمیشە ڕەش بە سپی دەبینن‌و سپی بە ڕەش دەبینن، باس لەوە دەکەن بۆ نموونە هەر پرۆژەیاسایەک کە دێتە پەرلەمان، ئێوە ڕەتی دەکەنەوەو پێی ناڵێن، بەڵێ؟**

**نەوشیروان مستەفا:** ئەمەش یەکێکی ترە لەو قسانەی کە دەخرێتە پاڵ ئێمە کە لە ڕاستیدا هیچ بنەمایەکی نییە، لە پەرلەمانی کوردستاندا ئێمە فراکسۆنێکمان هەیە کە کەمینەیە، ئەوانی تر زۆرینەن، وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەوانە لە ڕێگەی ئەو زۆرینەیەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان پەرلەمانیان داگیرکردووە، من حەز دەکەم، لێرە باسی ئەوە بکەم کە لە چەند مانگی ڕابردوودا هەر کاتێک ویستبێتیان کۆبوونەوەیەک بکرێت، کۆبوونەوەیان پێ کردوون‌و پرۆژەیان هێناوەو بەرنامەی کاریان داناوە، ئێمە دەتوانین یاساکان بکەین بە چەند جۆرێکەوە، جۆرێکیان ئەو یاسایانەن کە پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە، لە بابەتی باج‌و مووچەو کاروباری کشتوکاڵ‌و پیشەسازیی‌و کرێی خانوو و لەشفرۆشی‌و ...هتد، بێگومان لەسەر هیچکام لەو یاسایانەدا، ئێمە گلەییمان نییە، هەر کاتێک ئێمە لەسەر ناوەڕۆکەکەشی ڕازی نەبین کە بە زۆرینە تێدەپەڕێت، ئێمە قبووڵی دەکەین‌و ڕێزی دەگرین‌و بە یاسای وڵاتی خۆمانی دەزانین، بەڵام هەندێک یاسا هەیە کە ئێمە سێ سەوابتی تیا ڕەچاو دەکەین، هەر کامێک لەو سێ سەوابتەی ئێمە تێپەڕی کرد، بێگومان ئێمە ڕازی نابین، یەکێکیان بریتییە لە سەوابتی قەومی، ئێمە پێمانوایە، کۆمەڵێک یاسا هەیە پەیوەندییان هەیە بە سیستمی سیاسیی ئەم وڵاتەوە، پەیوەندییان بە پاشەڕۆژی سیاسیی ئەم وڵاتەوە هەیە، پەیوەندییان بە پاشەڕۆژی نەوەی داهاتووەوە هەیە، پەیوەندییان بە فیکری سیاسیی ئەم حیزبە سیاسییانەوە هەیە، ئەمە دەبێت جۆرێک لە تەوافوقی نیشتمانیی لەسەر بێت، ئەگەر تەوافوقی سیاسیی لەسەر نەبێت، ئێمە بەهیچ جۆرێک قبووڵی ناکەین‌و ئەمسالیش ئەگەر ویستیان بەزۆرینە بیسەپێنن بەسەرماندا، ئەوا دوای چەند ساڵێکی تر کۆمەڵێکی تر دێن‌و هەڵیدەوەشێننەوە، بۆیە ئێمە هەرگیز پێمان خۆش نییە، ئێستا دەستوورێک ڕەزامەندیی لەسەر بدەین‌و پاش چەند ساڵێکی تر ئەو لایەنانەی تر کە لاواز بوون، کۆمەڵێکی تر بێن‌و هەڵیبوەشێننەوە، بەڵکو ئێمە پێمانوایە، پێویستە دەستوورێک دابنێین کە لە ئێستاوە تا دەیان ساڵی تر پێویستی بە دەستکاریکردن نەبێت، هەندێک لە یاساکان دەچێتە ئەم خانەیەوە، خانەی سیستمی سیاسییەوە، بەمانایەکی تر دەچێتە خانەی سەوابتی نەتەوەییەوە، ئەویش مەسەلەی هەڵبژاردن‌و مەسەلەی خۆپیشاندان‌و ئەنجومەنی ئاسایش‌و چەندین شتی ترە، ئەمانە بەشێکن لە سیستمی سیاسیی‌و پێویستە تەوافوقی سیاسیی لەسەر بکرێت، هی دووەممان ئێمە وەکو بەشێک لە دنیا، لە سەردەمێکدا لە خەبات‌و تێکۆشاندا بووین لەپێناو مافی مرۆڤدا، زۆرجار پەنامان بردووەتەبەر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرگریکردن لە مرۆڤی کورد، ئەم حکومەتەی ئێمە وەکو بەشێک لە حکومەتی عێراق‌و خۆشی وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، پابەندە بە کۆمەڵێک ڕێککەوتنی نێودەوڵەتییەوە کە پەیوەندیی بە مافی مرۆڤ‌و دانپێدانان بە مافی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە سەوابتێکی تری ئێمە کە سەوابتێکی جیهانییە، بریتییە لە مافەکانی مرۆڤ، ناتوانین دژی شتێک بین لە سەرتاسەری دنیا قبووڵکراوە، بۆ نموونە مافی خۆپیشاندان مافێکی سەرەتایی مرۆڤە، ئەمە بەشێکە لە مافی مرۆڤ‌و ئێمە ناتوانین ڕەزامەندیی لەسەر ئەمە بدەین، سەوابتێکی تری ئێمە ئەوەیە کە حەز دەکەم لەم مینبەرەوە بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕوون بکەمەوە، ئەویش سەوابتی دینییە، هەرچی شتێک نەگونجێت لەگەڵ سەوابتی دینیی کە دینی ئیسلامە، دڵنیا بن کە ئێمە ڕەزامەندیی لەسەر نادەین‌و ئەوەندەی بۆمان بکرێت هەوڵدەدەین تێنەپەڕێت، چونکە بەلامانەوە شتێکی پیرۆزە.

**KNN: دوا پرۆژەیاسا کە ئێوە دژی وەستاونەتەوە مەسەلەی ئاسایشە کە لە زۆر شوێن باسی ئاسایش دەکەن، هەروەها ئەو مەسەلەیە، خاڵی یەکەمی ئەو بەیاننامەیەش کە ئێوە لە ٢٩ی مانگ بڵاوتان کردەوە بۆچی ئەوەندە تەرکیزتان لەسەر بواری ئاسایش‌و پێشمەرگەیە؟**

**نەوشیروان مستەفا:** من نازانم هەندێک جار موزایەدە بەسەر ئێمەدا دەکەن‌و خۆیان هەڵدەکێشن، ئێمە خۆمان لەوانە بووین کە دەستمان هەبووە لە دروستکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، هەروەها بەدرێژایی نزیکەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو دەستمان هەبووە لە دروستکردنی ئاسایش‌و ...هتد، پێمانوایە کە ئەم دامەزراوانە واتە دامەزراوەی پێشمەرگەو ئاسایش‌و زانیاریی‌و پاراستن، ئەمانە لەو دامەزراوانەن کە زەروورین بۆ نەتەوەی کوردو میللەتەکەمان‌و بۆ هەرێمی کوردستان کە هەبن، ڕەنگە ئەمانە لە ٢٠ ساڵی ڕابردووی حکومڕانیدا گەلێک کاری وایان کردبێت کە پێچەوانەی یاساو مافی مرۆڤ بێت، بەڵام بەگشتی ئەمانە ئاسایشی کوردستانیان پاراستووەو ئەوانە هەموو هەڤاڵ‌و هاوڕێی ئێمەو براو کەسوکاری ئێمەو خۆشەویستی ئێمەن، بەهیچ جۆرێک ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین ئەو دەزگایانە هەڵبوەشێنەوە، یان دەستکاری خراپی بکرێت، بەڵام ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە دوو گۆڕین لە هەموو ئەو دەزگایانەدا بکرێت، گۆڕینی یەکەم: گۆڕینە لە وەزیفەکەیدا، حاڵی حازر بەهۆی دەسەڵاتی حیزب بەسەر ئەم دەزگایانەوە، تەکلیفیان دەکەن کە بڕۆن جاسوسی بەسەر حیزبەکانەوە بکەن، لەکاتی ململانێی سیاسیدا ئەم حیزب دەیکات بەگژ ئەو حیزبداو بۆ مەبەستی تایبەتی حیزبی بەکاریان دەهێنن، ئێمە پێمان وایە کە وەزیفەی ئەم دەزگایانە، دەبێت لە وەزیفەی تەنفیزییەوە سەرچاوە بگرێت، ئەو کارانەی کە ئێستا دەیکەن بەشێکی کاری دادگایە، کاری پۆلیسە، ئێمە پێمانوایە، ئەمانە کارەکەیان کۆکردنەوەی زانیارییە، ئەمانە کارەکەیان ڕاونانی خەڵک‌و گرتنی خەڵک‌و حەپسکردنی خەڵک‌و تۆقاندنی خەڵک نییە، بەڵکو ئەمانە ئەو دەزگایانەن کە زانیاریی کۆدەکەنەوە بە قازانجی ئاسایشی کۆمەڵ، بەوەی ئەمنی کۆمەڵگا پارێزگاری دەکەن لەو خەتەرانەی کە دێتەسەری، نەک خۆیان ببن بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ هاوڵاتی‌و حیزبەکان، بە مانایەکی تر وەزیفەی ئاسایش ئەوە نییە کە خەڵک بگرێت، خەڵک ڕاوبنێت، خەڵک بترسێنێت‌و هەڵبکوتێتە سەر ماڵان، بەڵکو بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاریی، بەهەمان شێوە بۆ دەزگای زانیاریی‌و دەزگای پاراستنیش، هێزی پێشمەرگە مافی ئەوەی نییە لە کاروباری ناوخۆدا تەدەخول بکات، بەڵکو دەبێت سنووری هەرێمی کوردستان بپارێزێت‌و سیستمی سیاسیی وڵاتەکەمان بپارێزێت، نەک ببێت بە دەسکەلا بەدەست حیزبێکەوە بۆئەوەی حیزبێکی تری پێ بترسێنێت‌و بیچەوسێنێتەوە، ئەمە گۆڕینی یەکەمە کە ئێمە بە پێویستی دەزانین کە بکرێت، کە گۆڕینە لە وەزیفەدا، ئەگەر وەزیفەکەی بگۆڕێت باوەڕم وایە کە بۆچوونی هەموو کورد دەگۆڕێت سەبارەت بەم دەزگایانە، گۆڕینی دووەم، بریتییە لەوەی کە پێویستە سەرۆک‌و بەڕێوەبەری ئەم دەزگایانە لە خەڵکی میهەنیی بێلایەن دابنرێن، نەک لە خەڵکی حیزبیی تۆخ کە زۆر موتەحەمیسن، واتا بەگوێرەی کەفائەت‌و لێوەشاوەیی سەرۆکی ئەو دەزگایانە دابنرێت کە دەیان کەسی بەتوانا هەیەو دەتوانن ئەو دەزگایانە بەڕێوەبەرن، لەسەر ئاستی سیاسیش کەس ناتوانێت تاوانباریان بکات بەوەی کە لایەنگری حیزبێک دەکەن.



**KNN: گلەییەکی زۆر لەئەدائی پەرلەمان دەکرێت‌و باس لەوە دەکرێت کە ئەدای سستە، بۆچوونی بەڕێزتان لەوبارەیەوە چییە؟**

**نەوشیروان مستەفا:** هەربۆیە داوامان کردووە، هەڵبوەشێتەوە.

**KNN: لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، لەم دواییانەدا چەند گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوویاندا، یەکێکیان مەسەلەی ڕاپرسییەکەی باشووری سودانە، دەمەوێت ڕای بەڕێزتان سەبارەت بەو ڕاپرسییە بزانین؟**

**نەوشیروان مستەفا:** ئێمە خۆمان وەکو گەلێکی زوڵملێکراو کە بە مافی ئاسایی خۆمانی دەزانین، مافی چارەنووسی خۆمانمان هەبێت، بە مافی ئاسایی خۆمانی دەزانین پاشەڕۆژی سیاسیی خۆمان دیاری بکەین، باشووری سودان ئەو هەلەی بۆ هاتووەتە پێشەوە کە من لەناخی دڵەوە پێم خۆشە کە باشووری سودان نەیتوانی لەگەڵ باکووری سوداندا پێکەوە بگونجێت‌و ساڵانێکی دوورو درێژ شەڕو ململانێی خوێناویی هەبوو لەنێوانیاندا، ئێستا میللەتەکە بە ئاواتی خۆی‌و لەڕێگای دیموکراتییەوە گەیشتووەتە ئەوە، پێموایە ئەوە سابیقەیەکی زۆر جوانە لە یاسای نێودەوڵەتی‌و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان‌و پەیوەندیی نێوان میللەتاندا.


**KNN: سەبارەت بە ڕاپەڕینی گەلی تونس چی دەڵێن؟**

**نەوشیروان مستەفا:** من خۆم لەسەر تونس، شتێکی ئەوتۆم نەدەزانی، هەتا نەڕووخا، نەمدەزانی کە ئەم پیاوە (زین العابدین بن علی) ئەوەندە پیاوێکی خراپە، چونکە بەدرێژایی دەیان ساڵ، کشوماتی بەسەر ئەو وڵاتەدا کشابوو، خەڵک وایدەزانی، وڵاتێکە شامی شەریفە، بەڵام ئەمە وەکو (مدینە اشباح) وابوو، واتە وەکو شاری تارماییەکان کە خەڵک لە تاریکاییدا دەترسێت، بەڵام کشوماتییەکی زۆر بەسەریدا زاڵ بووە، تونسیش لەو بابەتە بوو، وەکو چۆن لە قەبرسانێکدا هەست بەوە دەکەیت خۆڵی مردوویان بەسەردا نیشتووەو کەس دەنگی لێوە نایەت‌و لەپڕێکدا لە هەموو قەبرێکەوە کەللە سەرێک‌و شەبەحێک دێتە دەرەوە، تونس ڕێک وابوو، بێگومان هەر وڵاتێک ستەمکاری تیا بێت، زۆرداری تیابێت، گەندەڵیی تیابێت، درەنگ بێت یان زوو، گۆڕانی بەسەردا دێت‌و ئەوەش یەکەمجار نییە لەمێژووی ناوچەکەدا شتی وا ڕوووبدات، پێش ئەوان لە ئێران ئینقیلابی ئیسلامیی بوو، ڕژێمی شا بە ڕێگای ڕاپەڕین ڕووخا، لە کوردستانی عێراق‌و عێراقدا، ڕاپەڕینێکی زۆر گەورە بوو کە بوو بەهۆی ئەوەی کوردستانی عێراق ئازاد بوو، بەڵام باشووری عێراق کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی بەعسییەکان، ئەمەش پێموایە کارێکی زۆر زۆر گەورەیەو نموونەیەک‌و پێشەنگێکە بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە.

**KNN: زۆر جار باس لە لەیەکچوون، یاخود جیاوازییەک دەکرێت لەنێوان مەسەلەی تونس لەگەڵ کوردستاندا، تۆ تاچەند ئەم جیاوازیی‌و لەیەکچوونانە بە ڕەوا دەبینیت، یاخود تەعلیقت چییە لەوبارەیەوە؟**

**نەوشیروان مستەفا:** لەیەکچوونیش هەیەو جیاوازیش هەیە، بۆ نموونە، ئێمە جیاوازین لەگەڵ ئەواندا‌و پێموایە، ئەوان کارەبایان هەیە، ئێمە کارەبامان نییە، ئەوان جادەو حەدیقەو ڕێگاوبانی جوانیان هەیە، لێرە نییە، لەوێ موئەسەسەی عەسکەری بێلایەنە، لێرە بێلایەن نییە، پێموایە لەوێ زانکۆکانیان ئاستی زانستییان زۆر باشەو لە ئاستی زانکۆکانی فەرەنسادایە، کە لەمانەدا لەیەک ناچین، بەڵام ئەوەی کە لە یەک دەچین، لە گەندەڵیدا پێموایە، ئەگەر بۆڕی ئەوانمان نەدابێت، ئەوا وەکو ئەوانین، لەمەسەلەی سەیتەرەکردنی یەک حیزب بەسەر هەموو جومگەکانی ژیاندا لێرەو لەوێ لەیەک دەچن، لە کۆمەڵێک شتی لەو بابەتانە وەکو بێکاریی‌و نزمە ئاستی گوزەرانی خەڵکدا لەیەک دەچن‌و لە تەزویری هەڵبژاردنیشدا لەیەک دەچن.

*** تەواوی ئەم چاوپێکەوتنە لە سایتی (سبەی)دا بڵاوکراوەتەوە**



چاوپێکەوتن

هەرچی شتێك نەگونجێت لەگەڵ سەوابتی دینیی كە دینی ئیسلامە، دڵنیا بن
كە ئێمە ڕەزامەندیی لەسەر نادەین

لە بەرنامەی ڕووبەڕووی كەناڵی ئاسمانیی KNN دا، نەوشیروان مستەفا باس لە هۆكاری بڵاوكردنەوەی بەیاننامەكەی ٢٠١١/١/٢٩ی بزووتنەوەی گۆڕان دەكات‌و هاوكات ڕایدەگەیەنێت: «ئێمە هەر لەسەرەتاوە جوڵانەوەكەمان نییەتی ئەوەی هێناوە كە جوڵانەوەیەكی هێمنانە بێت، جوڵانەوەیەكی ئاشتییانە بێت، جوڵانەوەیەكی دیموكراتییانە بێت، جوڵانەوەیەک بێت پشت ببەستێت بە خەباتی مەدەنی، هەموو شێوەكانی توندوتیژیمان پێ خراپە».

# نەوشیروان مستەفا: دەسەڵات بەرپرسە لە چارەسەرنەک

سازدانی: هۆشیار عەبدوڵڵا

**KNN: سەرەتا با لەو بەیاننامەیەوە دەست پێبکەین كە بزووتنەوەكەتان لە ٢٠١١/١/٢٩ بڵاویكردەوە، ئەم بەیاننامەیە بۆ؟**

**نەوشیروان مستەفا:** ئێمە وا هەست دەكەین لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا قەیرانێك‌و ئەزمەیەكی قوڵ هەیە كە چەند لایەنێكی هەیە، قەیرانەكە لایەنی سیاسیی هەیە، لایەنی ئابووریی هەیە، لایەنی كۆمەڵایەتی هەیە، لایەنی ڕۆشنبیریی‌و... لایەنی جیاجیای هەیە، ئەم قەیرانە ئێمە پێمانوایە، ئەوەی كە مەسئولە لە دروستبوونی‌و ئەوەی مەسئولە لە چارەسەرنەكردنی، تا ئێستا بە ڕادەی یەكەم‌و لە پلەی یەكەمدا دەسەڵاتە، وەكو چۆن ئەوان سیناریۆی خۆیان هەیە، سیناریۆكەیان بۆ چارەسەركردنی ئەو ئەزمەیەی كە ئێستا لە هەرێمی كوردستاندا لە ئارادایە، بریتییە لە درێژەپێدانی دەسەڵاتی خۆیان، ئێمەش لەلای خۆمانەوە وەک هێزێكی سیاسیی سیناریۆی تایبەتی خۆمان هەیە بۆئەوەی كە چۆن لەم قەیرانە دەردەچیتە دەرەوەو چۆن چارەسەری ئەم قەیرانە دەكەیت، بە چ ڕێگەیەک چارەسەری دەكەین، ئەو بەیانەی ئێمە، بریتییە لە سیناریۆیەكی سیاسیی بۆ چارەسەركردنی ئەو قەیرانە قوڵەی كە چەند ساڵە كوردستانی عێراق بەدەستییەوە دەناڵێنێت، ئەمە وەكو ئەوان باسی دەكەن، نە كودەتایەو نە ئینقیلابەو نە ئاژاوەگێڕییەو نە شتێكی خراپمان كردووە.

ئێوە خۆتان دەزانن لە چەند مانگی ڕابردوودا، لە عێراقدا هەڵبژاردن كرا، چەندینجار هێزە سیاسییەكان داوای ئەوەیان كرد كە حكومەتەكەی مالیكی ببێت بە حكومەتی كاربەڕێكردن (تصریف اعمال) یان حكومەتەكەی حەلبكرێت یان هەڵبوەشێنرێتەوەو حكومەتێكی تەكنۆكرات دابمەزرێت‌و ئەو حكومەتە لەكاربخرێت، چەندجار داوایان كرد كە ئەو پەرلەمانەی لە عێراقدا هەیە، هەڵبوەشێنرێتەوەو سەرلەنوێ هەڵبژاردن بكرێتەوە، كەسیش نەچوو بەگژیاناو كەسیش ئەمەی بە ئینقیلاب‌و بە موئامەرەو بە پیلانی بێگانە ناونەبرد، ئەم بەیاننامەیەی ئێمەش، سیناریۆیەكەو پێمانوایە چاكترین سیناریۆیە بۆ چارەسەركردنی ئەو قەیرانەی كە ئێستا كوردستانی عێراقی تێدایە.

**KNN: كاردانەوەی ئەوانت چۆن بینی، یان هەڵوێستت سەبارەت بە كاردانەوەكەی ئەوان چییە؟**

**نەوشیروان مستەفا:** من بەلامەوە سەیرە دوو حیزب كە خۆیان بە خاوەنی توراسێكی سیاسیی زۆر دەزانن‌و پێیانوایە كە تەجروبەیەكی سیاسیی دوورو درێژیان هەیە لەبواری موعارەزەكردن‌و لەبواری مقاوەمەكردن‌و لەبواری حوكمڕانیدا، بەو زمانە سیاسییە قسە بكەن، لەلای من زمانی سیاسیی هەر ڕێكخراوێكی سیاسیی هێنەرەوەی ئەقلی سیاسیی ئەو ڕێكخراوە سیاسییەیە، ئەم زمانە سیاسییەی كە ئەم جەماعەتە ئەمجارە بەكاریانهێناوە لەم بەیانەدا، بەڕاستی نیشانەی دواكەوتنە لە بیری سیاسیدا، ئەو وشانەی كە بەكاریانهێناوە وەكو تێكدەرو گێرەشوێن‌و ئاژاوەچی‌و كودەتاچی‌و ...هتد، ئەمانە دەچێتە خانەی جنێوی سیاسییەوە، دەچێتە خانەی تەشهیرەوە، ناچێتە خانەی گفتوگۆی سیاسییەوە، من بەداخەوەم كە ئەوانە بەو ڕێگەیە بەرپەرچی بەیاننامەكەی ئێمەیان دایەوە، ئێمە پێمانوابوو كە ئەوانە دادەنیشن لێكۆڵینەوەی لەسەر دەكەن‌و ئەوانیش بەدیلی خۆیانیان دەبێت بۆ گفتوگۆكردن لەوبارەیەوە، سیناریۆیەكی لەوەی ئێمە چاكترو ئاقڵانەتر بەتایبەتی كە ئێستا دەسەڵات بەدەست ئەوانەوەیە، شتێكیان بخستایەڕوو، نەک بەو ئسلوبەی لە بەیاننامەكەیاندا بڵاویانكردووەتەوە.

ئەم زمانە سیاسییەی كە ئەم جەماعەتە بەكاریانهێناوە نیشانەی دواكەوتنە لە بیری سیاسیدا

**KNN: باسی زمانت كرد، قسەیەک لەسەر ئێوە دەكرێت كە زمانی سیاسیی ئێوە یان زمانی ڕاگەیاندنی ئێوە زمانێكی توندە؟**

**نەوشیروان مستەفا:** بەڵێ، وامان پێدەڵێن! بێگومان ئەوە دەسەڵات وامان پێدەڵێت، ڕەنگە هەندێک لە دۆستەكانیشمان وامان پێ بڵێن، بەڵام با ئێستا ئێمە هەق‌و حسابێک لەگەڵ یەكتریدا بكەین، چ بۆشاییەكیان بۆ ئێمە هێشتووەتەوە كاری تیا بكەین، دەسەڵاتی تەشریعی كە بریتییە لە پەرلەمان بەناوی زۆرینەو كەمینەوە دەستیان گرتووە بەسەریداو بەئارەزووی خۆیان دەیسوڕێنن، كەی بیانەوێت كۆی دەكەنەوە كەی بیانەوێت بڵاوەی پێ دەكەن، چ یاسایەكیان بوێت تێیدەپەڕێنن، بەمانایەكی تر، واتا دەسەڵاتی تەشریعییان داگیركردووە، دەسەڵاتی تەنفیزیی كە خۆی لە ئەنجومەنی وەزیراندا دەنوێنێت، بەڵێ قبوڵمانە ئەنجومەنی وەزیران نوێنەری ئەو دوو حیزبەی دەسەڵات‌و چەند حیزبێكی ترە كە بەشدارن لەگەڵیاندا، بەڵام لەخوار وەزارەتەكانەوە، هیچ جێگایەكیان نەهێشتووەتەوە بۆ ئێمە، لەخوار وەزارەتەكانەوە ئێمە وەكو خەڵكی ئەم وڵاتە، من ناڵێم بەشمان هەبێت، بەڵام بەگوێرەی ئەو كەسانەمان كە كەفائەتیان هەیە، پێویستە ڕەچاوی ئێمە بكرێت، بەڵام ئەوان هەرچی لە حیزبەكانی خۆیان نەبێت‌و هەرچی ملیان بۆ كەچ نەكات، هەرچی گومانیان لێ كردبێت كە سەربە بزووتنەوەی گۆڕانە، یان مەیلێكی بەلای بزووتنەوەی گۆڕاندا هەیە، هەوڵیان داوە دەری بكەنە دەرەوە. تەنانەت لەم دواییەدا، ئەو چوار مامۆستایەی كە كاتی خۆی بەڕێوەبەری قوتابخانە بوون‌و ئێستا چوونەتەوە بۆ قوتابخانەكانیان، بەڕێوەبەری قوتابخانەكانیان قبوڵ ناكەن بێنە شوێنیان‌و پێیان دەڵێن، هەتا لە مەڵبەندەوە فەرمانمان بۆ نەیەت، ئێمە دەوروتەسلیمتان لەگەڵ ناكەین، بە مانایەكی تر، دەسەڵاتی جێبەجێكردنیشیان بەڕووی ئێمەدا داخستووەو هیچ مەجالێكی ئەوەمان نییە كە بتوانین ئێمە لەبواری دەسەڵاتی جێبەجێكردندا خزمەتێک بە میللەتەكەمان بكەین.

لە بواری دەسەڵاتی دادوەریشدا خەریكن ئەو دەسەڵاتە بەرەو بەسیاسەتاویكردن دەبەن، ڕقیان لەهەر كەسێک بێت، بیانەوێت لەهەر كەسێک شكات بكەن، دەیكەن‌و ئیعاز دەدەن كە سزابدرێن، بێجگە لەمەش بۆ بەدبەختی كورد، لە كوردستاندا دوو دەسەڵاتی تریش هەیە كە یەكێكیان دەسەڵاتی هێزە چەكدارەكانە، ئەوی تریشیان دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی حیزبییە، دەسەڵاتی هێزە چەكدارەكانیش كە بریتییە لە پێشمەرگەو ئاسایش‌و پۆلیس‌و زانیاریی‌و پاراستن، ئەمانە هەموی لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندایە، هیچ مەجالێكیان بۆ ئێمە نەهێشتووەتەوە كە بەشدارییان تێدا بكەین، دەسەڵاتی ڕاگەیاندنیش نزیكەی چەند سەد كەناڵی ئاسمانیی‌و ناوخۆیی‌و ڕادیۆو ڕۆژنامەو گۆڤاریان هەیە، ئێمە تەنیا یەک تەلەفزیۆنمان هەیەو یەک ڕادیۆمان هەیەو یەک ڕۆژنامەی هەفتانەمان هەیەو یەک سایتی ئەلكترۆنیمان هەیە، لەبەرامبەردا ئەوان لەسەروو ٤٠٠ دەزگای جیاجیای ڕاگەیاندنیان هەیە، لەبەرئەوە ئەوە هیچ مەجالێكمان بۆ نەماوەتەوە نە لە دەسەڵاتی یاسادانان، نە لە دەسەڵاتی جێبەجێكردن، نە لە دەسەڵاتی دادوەریی، واتە غەیری ئەوە، ئێمە ئەگەر قسە نەكەین، چی بكەین؟

**KNN: چاوەڕوانی ئەوە ناكەن، ئەو بەیاننامەیە جۆرێک لە توندوتیژیی لێ بكەوێتەوە؟**

**نەوشیروان مستەفا:** ئێمە هەر لەسەرەتاوە جوڵانەوەكەمان نییەتی ئەوەی هێناوە كە جوڵانەوەیەكی هێمنانە بێت، جوڵانەوەیەكی ئاشتییانە بێت، جوڵانەوەیەكی دیموكراتییانە بێت، جوڵانەوەیەک بێت پشت ببەستێت بە خەباتی مەدەنی، هەموو شێوەكانی توندوتیژیمان پێ خراپە، بگرە ئێمە خۆمان بەشداریمان كردووە لە دروستكردنی ئەو دامودەزگایەی كە ئێستا لە هەرێمی كوردستاندا هەیە، لە بیناكانیدا لە شەقام‌و ڕێگاوبانەكانیدا، بۆیە هەرگیز پێمان خۆش نییە شتێک كە ئێمەو میللەتەكەمان بە ٢٠ ساڵ دروستمان كردووە، لەماوەی دوو سێ ڕۆژدا بڕووخێت‌و تەفروتونا بكرێت، بە تەئكید ئێمە لەگەڵ توندوتیژیدا نین‌و پێمان خۆش نییە، داوامان لە كەسیش نەكردووە توندوتیژیی بنوێنێت، هەروەها ئێمە هیچ ئامرازێكی توندوتیژیشمان بەدەستەوە نییە كە بەكاری بهێنین، ئێمە هێزی چەكدارمان نییە، هێزێكی سیاسین، ئێمە هێزێكی جەماوەریمان هەیە كە بێ چەكە، هیچ دامەزراوەیەكی سەربازیی‌و دامەزراوەیەكی ئیرهابیمان نییە تا بەكاری بهێنین، ئەوە لایەنەكانی ترن كە دامەزراوەی لەو بابەتەیان بەدەستەوەیەو دەتوانن ئیرهابی سیاسیی‌و فیكریی‌و كۆمەڵایەتی بكەن.


**KNN: باس لەوە دەكرا لە پەیوەندیتان بە هێزەكانی ترەوە، یاخود لەشێوازی كاركردنتاندا، كە لانیكەم لە بەغدا جۆرێک لە یەكڕیزیتان هەبێت بەڵام هەرزوو ئەم یەكڕیزییە جۆرێک لە كەلێنی تێكەوت، بۆچوونت لەوبارەیەوە چییە؟**

**نەوشیروان مستەفا:** ئێمە سەبارەت بە یەكڕیزیی كورد، یاخود ڕۆشنتر بڵێم، سەبارەت بەوەی كە پێی دەوترێت ئاسایشی نەتەوەیی، یان ئاسایشی نیشتیمانیی كورد، ئێمە بۆچوونەكانمان لەگەڵ ئەواندا جیاوازە، ئەوان بۆچوونەكانی خۆیان بینا كردووە لەسەر بنەمای دروستكردنی دوژمن، هەندێكجار دوژمنی وەهمی، ئێمە پێمانوایە كە یەكڕیزیی كورد، ئاسایشی نیشتمانی كورد، ئاسایشی نەتەوەیی كورد، لەناو كۆمەڵگای كوردستانی عێراقەوە دەستپێدەكات، ئەگەر ئێمە لێرە لەنێوان خۆماندا بتوانین ئاشتیی كۆمەڵایەتی بەدەستبهێنین، بە مانایەكی تر واتا ستەمی كۆمەڵایەتی نەمێنێت، جیاوازیی نێوان چینەكان كەم ببێتەوە، عەدالەتی كۆمەڵایەتی هەبێت بۆ ئەوەی هەموو چین‌و توێژەكانی كۆمەڵ هەست بەوە بكەن بەشیان هەیە لە سامان‌و دەسەڵاتی ئەم وڵاتەدا، ئەگەر ئێمە بتوانین جۆرێک لە لێكتێگەیشتنی سیاسیمان هەبێت لەسەر ئەوەی كە كێ دوژمنە، كێ دۆستە، كێ ناحەزە، تێگەیشتنی سیاسیمان هەبێت لەسەر ئەوەی كە ستراتیژی جوڵانەوەكەمان چییە؟، چوارچێوەی ستراتیژی جوڵانەوەی كوردستانی عێراق‌و سیاسەتی دەرەكی‌و ناوخۆیی هەرێمی كوردستان‌و مەسەلەی ئازادیی دەربڕین، ئەو مەسەلە گرنگانەی كە پەیوەندییان بە ژیانی خەڵك‌و ئێستاو داهاتووی گەلەكەمانەوە هەیە، بەو جۆرە دەتوانین یەكڕیزی دروست بكەین، ئەو كاتە لە بەرامبەری دەرەوەشدا دەتوانیت یەكڕیز بیت، بەو مە نتیقە ئێمە پێمانوایە، یەكڕیزیی كورد لەناو كوردستانی عێراقەوە دەستپێدەكات، ئەگەر ئێمە بتوانین لێرە لەیەک تێبگەین بۆئەوەی كە چۆن یەكڕیز بین، دەتوانین لە بەغداو لە واشنتۆن‌و لە لەندەن‌و لە تاران‌و لە دیمەشقیش یەكڕیز بین، بەڵام ئەگەر ئەو بیەوێت بەناوی دوژمنی وەهمی‌و هەندێک دروشمی نادروستەوە، لێرە غەدرمان لێ بكات‌و زوڵممان لێ بكات، لەلایەكەوە ئاشتیی كۆمەڵایەتی بخاتە پشتگوێ‌و لەلایەكی ترەوە ئازادیی سیاسیی پشتگوێ بخات، لەلایەكی ترەوە هێزەكانی تر بخاتە پەراوێزەوەو بۆچوونەكانیان بە هەند وەرنەگرێت‌و داوای یەكڕیزیشمان لێ بكات، ئێمە پێمانوایە، یەكڕیزیی بەو شێوەیە دروست نابێت، یەكڕیزیی لەپێشدا لە كوردستانی عێراقەوە دروست دەبێت.

**KNN: پەیوەندییەكانی ئێوە لەگەڵ یەكێتی‌و پارتی بەگشتیی چۆنە؟**

**نەوشیروان مستەفا:** یەكێک لە نیشانەكانی ئەو قەیرانەی كە ئێستا لە كوردستانی عێراقدا هەیە، ڕەهەندێكی سیاسیی ئەو قەیرانە بریتییە لەو پەیوەندییە ناتەندروستەی كە لەنێوان ئێمەو حیزبەكانی دەسەڵاتدا هەیە، ئەم حیزبانە هەر فێری ئەوە بوون كە پێیان بڵێیت، قوربان، فێری ئەوە نەبوون ڕەخنەیان لێ بگریت، بۆیە دەبینین لەوكاتەوەی كە بزووتنەوەی گۆڕان دامەزراوەو فراكسیۆنەكانی كەوتووەتە ئیشكردن بەچاوی دوژمن تەماشای ئێمە دەكەن، لەكاتێكدا ئێمە دوژمنی ئەوان نین، ئێمە لەسەرەتای دروستبوونمانەوە لەگەڵ ئەوەدا بووین كە پەیوەندییەكی تەندروست لەنێوان





دۆخی هەرێم لەبەرامبەر تونس، لەزۆر رووەوە لە یەک دەچن

چاوپێکەوتن

# حکومەتێکی فاشیلمان هەیە

## سەفین مەلاقەرە هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان

**سەفینی مەلاقەرە هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر پێیوایە: باهۆزی گۆڕان هەڵیکردووەو "ئەگەر دەسەڵاتدارانی هەرێم بە خۆیاندا نەچنەوە، دوور نییە ئەوەی لە تونس و میسر روویدا لێرەش دووبارە ببێتەوە".**

**مەلاقەرە، لەم چاوپێکەوتنەی رۆژنامەدا ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات: کە "هەڵسوکەوتی سەرۆکی هەرێم، هەڵسوکەوتی سەرۆکێکی راستەقینەو بێلایەنانە نییەو نەیتوانیوە لە قاڵبی پاراستنی بەرژەوەندیی تەسکی حیزبەکەی خۆی دەربچێت".**



"ئۆرگانیزەکردنی گۆڕان، کارێکی ئاڵۆزو قورسە"

دوورنییە ئەوەی لە تونس و میسر روویدا، هەرێمیش بگرێتەوە

سازدانی: رۆژنامە

**رۆژنامە: جۆرێک لە ناروونیی بە سیاسەتی ئەم قۆناغەی بزووتنەوەی گۆڕانەوە دیارە، وەک هەڵسوڕاوێکی ئەو بزووتنەوەیە، چۆن لێکدانەوەیەکتان لەوبارەیەوە هەیە؟**

* باوەڕناکەم ناڕوونیی بە سیاسەتی گۆڕانەوە دیاربێت، سیاسەتی گۆڕان روون و ئاشکرایە، بەڵام هەندێکجار لەشێوەی مامەڵەکردن لەبەرامبەر گۆڕانکارییەکان، وادەردەکەوێت کە ئەوەی خەڵک لەئێمەی دەوێت و ئەوەی دەسەڵات دەیکات، ئێمە چۆن ئەو هاوسەنگییە رابگرین.

لەماوەی چەند مانگی رابردوودا، بۆ هەموو خەڵکی کوردستان دەرکەوت کە دوو بەرە لەکوردستان دروستبووە، دوو بەرەی زۆر جیاوازو دژ بەیەکن، یەکێکیان بەرەی خەڵک و گەلە، بەرەیەکیشیان بەرەی دەسەڵات و دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەیە، راگرتنی ئەو دۆخەش، لێزانی سیاسیی و رۆڵی هەست بە بەرپرسیارانەی دەوێت، کە دەبێت ئێمە زۆر بە بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ واقیعەکەدا بکەین، بەتایبەتیش دوای ئەو باهۆزەی گۆڕان کە لەتونسەوە دەستیپێکردووەو چ کاریگەرییەکیشی بەسەر میسرەوە دروستکرد، ئەمە وەرچەرخانێکی گرنگە، خەڵک زۆر وروووژاوەو داوا دەکەن، دەستبەجێ مافەکانیان دەستەبەر بکرێن، کە هاوڵاتییانیش لەکوردستان ئەو داوایەیان هەیە، بۆیە رەنگە ئەگەر ئێمە وەک گۆڕان، بەرپرسیارانە مامەڵەو هەڵسوکەوت نەکەین لەگەڵ رووداوەکان، رەنگە لەدەست هەموو لایەک دەرچێت و رووداوەکەی تونس و میسر لەهەرێم دروستببێتەوە.

**رۆژنامە: کەواتە پێتوایە، راپەڕینەکەی تونس و ئەوەی کە لە میسریش روویدا کاریگەریی ناراستەوخۆی بۆسەر دۆخی سیاسیی هەرێم هەبێت؟**

* بەڵێ، کاریگەریی راستەوخۆی بەسەر هەرێمەوە هەیەو هەموو تاکێکی کوردی بەئاگاو موتابعێکی سیاسیی کە بیر لەئایندەی ئەم وڵاتە دەکاتەوە، زۆر بە وردیی چاودێریی بارودۆخی تونس و وڵاتانی تری عەرەبی و ئەفریقی دەکات، کە ئێستا ئەو باهۆزە رووی لەوانیش کردووە. ئەگەر سەیری کەناڵەکانی راگەیاندنیش بکەیت، بەشداریی شەقامی کوردستان ئێجگار زۆرە لەبەرامبەر کاردانەوەو نارەزایی بە سیاسەتە چەوتەکانی دەسەڵات لەکوردستاندا.

**رۆژنامە: لە گوتاری سیاسیی هەردوو لایەنە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمدا، وا رادەگەیەنن کە بارودۆخی هەرێم لەگەڵ تونس و میسر زۆر جیاوازەو بەراورد ناکرێت بە دۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو وڵاتانە؟**

* بێگومان هەر وڵاتێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە. لە تونس کەس تەسەوری نەدەکرد ئەو راپەڕینە وا بەزوویی رووبدات. بەپێچەوانەوە، زۆر دیاردەی لەیەکچوو هەن لەنێوان بارودۆخی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی ئێرەو تونس، لەجۆری قۆرخکردنی دەسەڵات و بێکاریی و خراپیی خزمەتگوزارییەکان، هەروەها لە رووی هەڵبژاردنەوە، لەدوا پرۆسەی هەڵبژاردندا، بن عەلی ٨٩٪ی دەنگەکانی هێناوە کە مەعلومە بە توندوتیژیی و تەزویرو سەرکوت و ئیستبداد ئەو ئەنجامەی مسۆگەرکردووە، باشە دەسەڵاتێک ئەو رێژە زۆرەی دەنگی بەدەستهێنابێت، چۆن راپەڕینی لەدژ دەکەن. سەیری هەڵبژاردنی ئێرەش بکە، چەند نەزیهە؟ چەند غەش و تەزویر دەکرێت؟ چەند خەڵک دەترسێنرێت کە بەزۆر دەنگ بەلایەنی دەسەڵات بدەن؟، بەڵێ، دۆخی هەرێم لەبەرامبەر تونس، لەزۆر رووەوە لە یەک دەچن.

**رۆژنامە: ئەدای حکومەتی هەرێم چۆن دەبینیت بەتایبەت لە رووی مەسەلە خزمەتگوزارییەکانەوە کە هاوڵاتییان دەناڵێنن بەدەست کەمیی کارەباو نەبوونی سووتەمەنی و خزمەتگوزارییەکانی دیکەوە؟**

* بێگومان، من پێش دروستکردنی ئەم کابینەیە، بۆچوونم وابوو کە ئەم کابینەیە زۆر سست و لاواز بێت و بەدەست زۆر گرفتەوە دەناڵێنێت، ئەم حکومەتە نەک هەر بە داواکارییەکانی ئێستای هاوڵاتییان راناگات، بەڵکو حکومەتێکی زۆر فاشیلەو ناتوانێت کاروبارە ئیدارییەکانی خۆشی بەڕێ بکات.

ئەگەر رۆژانە سەیری میدیاکان بکەین، چۆن خەڵک دادو بێدادیەتی بەدەست ئەدای خراپی ئەم حکومەتەوە و نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانییەوە، ئەم دەنگە نارازییەی خەڵک تەنیا لە میدیای ئازادو میدیای لایەنگیری ئۆپۆزسیۆن نییە، بەڵکو زۆرکات لەمیدیاکانی دەسەڵات و دوو حیزبەکەی حکومەتیان پێکهێناوە، ئەو نارەزاییانە دەبیستین و دەبینین کە چۆن هاواریان دەگاتە ئاسمان. پێشم وانییە کە ئەم حکومەتە موئەهەل بێت بۆئەوەی بتوانێت ئەو گرفتانە چارەسەر بکات.

ئەدای سەرۆکی هەرێم، هەڵسوکەوتی سەرۆکێکی راستەقینەو بێلایەنانە نەبووە

**رۆژنامە: حکومەت، چۆن دەتوانێت گرفتی هاوڵاتییان چارەسەر بکات؟**

* زۆر ئاسانە، ئەم حکومەتە نەک هەرخۆی دەتوانێت داهێنان بکات، بەڵکو ئەو پارە خواردنەی کە لە میللەتی دەبات، وازی لێبهێنێت، دەتوانێت هەڵسوکەوتی خۆی بگۆڕێت و خەڵک لێی رازیبێت. بۆنموونە، بەس لە بواری سووتەمەنیدا، بەم زستانە هەم بەنزین و گاز بۆ ئۆتۆمبێل کە هەموو خێزانێک پێویستی پێیەتی، بەڵام حکومەت و دەسەڵاتداران بازرگانی بەبەشە سووتەمەنیی و بەنزینی خەڵکی هەرێمەوە دەکەن کە لەحکومەتی عێراقەوە بۆ هەرێم دێت، نرخی بەنزین لەشارەکانی تر بە (٥٥٠ تا ٦٥٠) دینارە، بەڵام ئەو دوو حیزبە دێن لەکوردستان بە (٧٥٠ تا ٨٥٠) دینار دەیفرۆشنەوە، واتە ئەوە یەکێکە لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی رۆژانە کە دەسەڵاتداران دزیی و فێڵ لەخەڵک دەکەن. سەبارەت بەگرفتی کارەباش، ئەگەر حکومەت دەستی والابێت و بیەوێت ئەم گرفتەی هاوڵاتییان چارەسەربکات و نەیەوێت پارە بۆ حیزبەکانی خۆیان بەرێت، کە هی حکومەت و بودجەی گشتیی خەڵکە بۆ حیزبەکانیان ببات، دڵنیابە دەتوانێت لەماوەی چەند مانگێکدا گرفتی کارەبا بەیەک دوو کۆمپانیای دەرەکیی، یان ناوخۆیی چارەسەر بکرێت.

**رۆژنامە: با بێینەوە سەر دۆخی ناوخۆی بزووتنەوەکەتان، زیاتر لەساڵ و نیوێکە دروستبوون، بۆچی هەنگاوەکانتان بۆ ئۆرگانیزەکردنی بزووتنەوەکە وا بە خاویی دەچنە پێش؟**

* پێدەچێت پەیوەندیی بەوەوە هەبێت کە بزووتنەوەکە خۆی بارێکی گەورەی هەڵگرتووە کە لەقەدەر بزووتنەوەکە گەورەترە، خەڵک چاوەڕوانی دەورێکی گرنگتر لە بزووتنەوەکە دەکات، کە دەبێت خۆی تەئهیل بکات کە ئەو رۆڵە ببینێت، ئەویش رۆڵی ململانێ و فشارخستنە سەر دەسەڵات و رێکخستن و پێشڕەوایەتیکردنی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکە، بۆئەوەی مافەکانیان بەرجەستە بکرێت، هەربۆیە لەکاتێکدا کە ئەم بزووتنەوەیە ئەو ئەرکە گەورە مێژووییەی لەسەر شانە، کارێکی زۆر زەحمەتە مەسەلەی ئۆرگانیزەکردنی بزووتنەوەکەو بەپەلەپەلیش ناکرێت، بێگومان کاری جدییش لەئێستادا بۆ ئەو مەسەلەیە دەکرێت، بەڵام لەدەرەوە واهەست دەکرێت، خاوەو گەرموگوڕیی پێوە دیارنییە، هەربۆیە وەک باسمکرد، مەسەلەی خۆڕێکخستنەوەی گۆڕان، کارێکی ئاڵۆزو قورسەو ئاسان نییە.

**رۆژنامە: باس لە پاشەکشەی بزووتنەوەکەتان دەکرێت لە رووی جەماوەرییەوە، رای تۆ لەم بارەیەوە چۆنە؟**

* نە لە ئاستی جەماوەریی و نە لە ئاستەکانی دیکە، گۆڕان پاشەکشەی نەکردووە، بەپێچەوانەوە، خەڵک زۆر زیاتر دەبینم، خەڵک بەئاگاهاتووەتەوە لەو هەڵسوکەوتانەی دەسەڵات بەمافی هاوڵاتییانەوە دەیانکات.

**رۆژنامە: بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنی مامۆستایان و تەندروستکاران، بۆئێوە دڵخۆشکەر نەبوون؟**

* جارێ تێڕوانینی بزووتنەوەکەی ئێمە بۆ کاری سەندیکایی ئەو توێژانە، زۆر جیاوازە لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنەکانی دیکەی کوردستان بە دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵاتیشەوە، ئەوە رەنگە باسێکی تر بێت، ئەگەر قسەکەش لەسەر ئەوە بێت کە ئەنجامی تەندروستکاران ئاماژە بێت بۆ کەمبوونەوەی جەماوەری بزووتنەوەی گۆڕان و رەوتی گۆڕین لەهەرێمدا، پێموانییە کە وابێت، لەبەر ئەوەی هەردوو

تێڕوانینی بزووتنەوەکەی ئێمە بۆ کاری سەندیکایی ئەو توێژانە، جیاوازە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکە

حیزبە دەسەڵاتدارەکە بەجۆرێک ئەو سەندیکایەو تاکەکانیان قۆرخکردووە کە ئەگەر خاوەنی بیروبۆچوونی سیاسیی جیاوازیش بن، لەبەر بژێویی و نانی رۆژیان کە مووچەخۆرن، سەربەست نین لە مومارەسەکردن و دەربڕینی رای ئازادانەی خۆیان کە خۆت دەزانی ژمارەیەکی سنووردارو دیاریکراو لەو سەندیکایەدان کە وەک هەڵبژاردنی گشتیی نییەو ئەو کەسانەش هەریەکەیان بەتموحی بژێویی ماڵ و منداڵییەوە سەرقاڵەو بەپێچەوانە، پێموایە کە گۆڕان لەبەرەو پێشچووندایە.

**رۆژنامە: لە سنووری پارێزگای هەولێر ئاستی گەشەکردنی جەماوەری گۆڕان چۆنە؟**

* پێموایە زۆر زیاتر بووە لە ٧/٢٥و ٣/٧، چونکە لەپێشدا هاوڵاتییانی هەولێر بەلایانەوە زۆر روون نەبوو کە ئەم بزووتنەوەیە لەداهاتوودا چی دەکات، بەڵام کە ئێستا سەیری ئەدای فراکسیۆنەکەی و هەڵوێستە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکات لە بەرگریکردن لەمافەکانی خەڵک و مەسەلە چارەنووسسازەکانی میللەتەکەمان، ئێستا خەڵک زۆر بە گرنگییەوە چاودێریی ئەو سیاسەتەی گۆڕان دەکات و هەموو بایەکان بەقازانجی گۆڕان شکاونەتەوەو لەهەولێر لە زۆرکات بەهێزترە.

**رۆژنامە: چۆن لە ئەدای سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڕوانن، پێتانوایە کە توانیویەتی لەئاستی ئەو بەرپرسیارێتییە نیشتمانیی و نەتەوەییەی پێیدراوە، رۆڵی سەرۆکی هەرێمی بینیبێت؟**

* ئێمە هەر لەسەرەتای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥وە، رامانگەیاند کە وەک بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ شێوەی حوکمڕانیی پەرلەمانین، نەک سیستمی سەرۆکایەتیی، کە دوو سیستمی جیاوازن، بەڵام سەرۆکی هەرێم کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراو پاشان سوێندی خواردووە کە وەک سەرۆکی هەرێم رەفتار دەکات، بێگومان بەرپرسیارێتی و ئۆباڵێکی گەورەی کەوتووەتە ئەستۆ، کە بەوپێیەی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیشە، بەڵام ئەگەر تەمەشا بکەین، لەماوەی رابردوودا ئەدای سەرۆکی هەرێم، هەڵسوکەوتی سەرۆکێکی راستەقینەو بێلایەنانە نەبووەو شێوەی هەڵسوکەوتی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەو نەیتوانیوە لەو قالبە دەربچێت. ئێستادا کە پارتی میدیای ئازادو ئێمە تۆمەتبار دەکات کە تەرکیزمان خستووەتە سەر سەرۆکی هەرێم و قودسیەتی سەرۆکی هەرێم نەهێڵین، نەخێر، ئێمە وەکو شەخس کێشەمان لەگەڵ کەس نییە، بەڵام تۆ کە بەرپرسیارێتییەکی گەورەت خستووەتە سەرشانی خۆت و قۆرخی زۆر لەکایەی سیاسیی و ئابووریی و ئیداریی و حکومیی کۆمەڵگەکەت کردووە، بێگومان هەر کەموکورتییەک هەبێت، خەڵک باسیدەکات، بۆیە من پێموایە، تا ئێستا دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم وای لێنەکراوە کە دامەزراوەیەکی بێلایەن بێت و خەڵک وەک مەرجەع سەیری بکات، تەنانەت تا ئێستا لەبەشێکی کوردستان وەک مەرجەع سەیری دەکرێت و بەشێکی زۆری خەڵک وەک سەرۆکی پارتی سەیری دەکات.

**رۆژنامە: ئێوە کە لەگەڵ سیستمی سەرۆکایەتیدا نین، ئایا دان بە سەرۆکایەتیی مەسعود بارزانیدا دەنێن وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان؟**

* ئێمە لەپاش ٧/٢٥، دانمان بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا ناو چوینەتە ناو پەرلەمان بەو مانایەیە کە رێزمان لەدەنگی خەڵک گرتووە. بەڵێ، دانمان بەپرۆسەکەدا ناوەو دان بەسەرۆکی هەرێمدا دەنێین، بەڵام دەمانەوێت سەرۆکی هەرێم بە رۆڵی بەرپرسیارانەی خۆی هەڵبسێت و وەک سەرۆکی هەرێم هەڵسوکەوت بکات، نەک لایەنگری لایەک بکات لە دژی لایەکی دیکە.

## باڵیۆزخانەی ئەمریکا و گۆڕان کۆبوونەوە

تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەهەولێر پاشنیوەڕۆی ٢٠١١/١/٣٠ میوانداریی شاندێکی بزووتنەوەی گۆڕانی کردو لە کۆبوونەوەیەکدا لە هەولێر هەلومەرجی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستانو عێراقیان تاوتوێکرد. محەمەد تۆفیق ڕەحیم، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند: "کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بووەو پێشتر ئەوان دەهاتنە سلێمانیو سەردانیان دەکرد، ئەمجارە ئەوان بە پەلەبوونو وەفدێک لە ئێمە سەردانی هەولێری کردووە". وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەوەشی خستەڕوو؛ بەرپرسانی نووسینگەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە هەولێر جەختیان لەسەر هەڵوێستی ئیدارەی واشنتۆن کردووەتەوە لەسەر مافی ئازادیی ڕادەربڕینو دیموکراسییەت. سەبارەت بە تەوەری گفتوگۆکانیان محەمەد تۆفیق، ڕایگەیاند: "سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا گفتوگۆ کراوە".

## خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

# ژمارەی کورسییەکان زیاد دەکات، یان ڕێژەی نوێنەرایەتی؟

**دلێر عەبدولخالق**

بە سیستمی کۆتاوە، لە خولی دووەمو سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، (١١١) پەرلەمانتار نوێنەرایەتی دانیشتووانی هەرێم دەکەن، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانو بەرزبوونەوەی ئاستی نوێنەرایەتی "ئەگەرێکی بەهێز" دەخولقێنێت لە زیادکردنی ژمارەی کورسییەکانی خولی چوارەم.

پشتئەستوور، بە مادەی یەکی یاسای ژمارەی (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، ئەنجومەنەکە لە ژمارەیەک ئەندام پێکدێت، کە لە (١٠٠) کەمتر نەبێتو هەر ئەندامێک نوێنەرایەتی (٣٠) هەزار لە دانیشتووان دەکات، لەو چوارچێوەیەدا ژمارەی ئەندامەکانی ئەو خولە بریتی بوو لە (١٠١) پەرلەمانتار.

بەپێی هەمواری سێیەمی یاسای هەڵبژاردنەکان، ژمارە (٤٧)ی ساڵی (٢٠٠٤)، ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ (١١١) کورسی جێگیر کرا، لەو ناوەندەشدا خولی دووەمو دواتر هەڵبژاردنی خولی سێیەمیش بە هەمان ڕێژە مایەوە، ئەم دۆخە لە کاتێکدایە بەپێی داتاکانی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن ڕێژەی نوێنەرایەتی لە خولی سێیەمدا بۆ هەر پەرلەمانتارێک زیاتر لە (٣٩) هەزار کەس بووە، واتە (٩) هەزار دەنگ زیاتر لەوەی لە یاساکەدا هاتووە.

پرسیار ئەوەیە، لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا، کە بڕیارە لە (٢٠١٣) ئەنجام بدرێت، سیستمی یاسایی‌و سیاسیی هەرێم پەنا بۆ زیادکردنی ژمارەی کورسییەکان، یان زیادکردنی ڕێژەیی نوێنەراتی دانیشتووان دەبەن؟ لە کاتێکدا هەر دوو ڕێگەکە بە هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکاندا تێپەڕ دەبێت.

عومەر نورەدین، ئەندامی لیژنەی یاسایی ئاماژە بەوە دەکات؛ مەرج نییە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووان ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانیش زیاد بکرێت، وتی: "لە دنیادا، ڕێژەی نوێنەرایەتی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێک دەگۆڕێت، بەڵام ناکرێت لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانیش گۆڕانی بەسەردا بێت، چونکە لە مەسەلەی نوێنەرایەتیکردندا گرنگ بەرجەستەبوونی شەرعیەتی دەنگدەرانە لە لایەن خەڵکەوە".

ئەو ئەندامەی لیژنەی یاسای پەرلەمان بە خستنە بەرچاوی خشتەیەکی بەراودکاریی لەنێوان ژمارەی نوێنەرایەتی لە وڵاتانی دەوروبەرو هەرێم، ئاماژەی بەوە کرد؛ بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان زیادبوونی ژمارەی کورسییەکان پێداویستییەکی گەورەی دەسەڵاتی یاسادانان نییە، هەرچەندە دەکرێت لایەنە سیاسییەکان گفتوگۆی وەها دۆخێک بکەن.

> **عەلی قادر: دەکرێت پەرلەمان بڕیار بدات بۆ هەڵبژاردنی (٢٠١٣) ژمارەی کورسییەکان زیاد بکات**


پەرلەمانی کوردستان

لە عێراق (٣٠) ملیۆن لە دانیشتووان، (٣٢٥) پەرلەمانتار نوێنەرایەتیان دەکات، واتە ڕێژەی نوێنەرایەتی (٩٤) هەزار کەس بۆ نوێنەرێک، لە تورکیا (٧٢) ملیۆن لە دانیشتووان (٥٥٠) کەس نوێنەرایەتیان دەکەن، واتە (١٣٠) هەزار کەس‌و نوێنەرێک. لە میسر هەر (١٨٠) هەزار کەس‌و نوێنەرێکە، لە کوەیت بە سێ ملیۆن‌و دوو سەد هەزار کەسەوە (٥٠) پەرلەمانتار نوێنەرایەتی (٦٨) هەزار کەس دەکەن.

لەو چوارچێوەیەدا، نوەردین، پەرلەمانتاری پارتی وتیشی: "ئەگەر بەراوردی ژمارەی نوێنەرایەتی هەرێمو ئەو چەند وڵاتە بکەین، دەبینین ئەوەی هەرێم لە هەموویان کەمترە، کە ئێستا بۆ هەر نوێنەرێک زیاتر لە (٤٠) هەزار کەسە".

لەگەڵ ئەو نموونانەی خراونەتە بەرچاو، دەکرێت لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە بۆ دوو ژمارەی زۆر جیاواز لە ڕێژەی نوێنەرایەتی پەرلەمانی دوو وڵات بکرێت، بۆ نموونە لە وڵاتی چین، هەر پەرلەمانتارێک نوێنەرایەتی ملیۆنێک کەس دەکات، بەڵام لە ئایسلەندا، هەر پەرلەمانتارێک نوێنەرایەتی (٥-١٠) هەزار لە دانیشتووان دەکات!

ئارام جەمال، بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن بە ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان ئاماژە بە هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکاتو دەڵێت: "بەپێی یاسای ژمارە (٤٧)ی (٢٠٠٤) ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمان جێگیر کراوە بۆ (١١١) کورسی، بەپێی یاساش هەر نوێنەرێک نوێنەرایەتی (٣٠) هەزار کەس دەکات، بەڵام ئەوەی لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەرچاو کەوت، ڕێژەی نوێنەرایەتی بۆ زیاتر لە (٣٩) هەزار کەس بەرزبووەتەوە".

بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن ئەوەی خستە ڕوو؛ بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتە، "پێویستە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەموار بکرێتو بۆ نموونە یەک کورسی پەرلەمان نوێنەرایەتی (٥٠) هەزار کەس لە دانیشتووان بکاتو ژمارەی کورسییەکان وەک خۆی بمێنێتەوە، یان ئەگەرێکی تر کە ژمارەی کورسییەکان زیاد بکرێتو ڕێژەی نوێنەرایەتی وەک خۆی بمێنێتەوە.

بەدەر لە (١٠٠) کورسییە فیعلییەکەی پەرلەمان، (١١) کورسی وەک سیستمی کۆتا بۆ نەتەوەو پێکهاتە بە ژمارە کەمەکانی هەرێم دانراوە، بەڵام ئەم خاڵە جێی سەرنجی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانە لە بەرامبەر دەسەڵات، بەوپێیەی بەپێی ئەزموون دەرکەوتووە لیستی دەسەڵات ئەم سیستمەیان بۆ سوودو نفوزی خۆیان بەکارهێناوە.

هاوکات بەرپرسی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم تۆپەکە دەخاتەوە گۆڕەپانی پەرلەمانو زیادکردنی ڕێژەی نوێنەرایەتی، یان کورسییەکانی پەرلەمان بە خواستی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانەوە گرێدەداتو هەردوو حاڵەتەکەش بە تەندروست وەسف دەکات.

عەلی قادر، ڕوونیکردەوە لە ژمارەیەک وڵات (١٠) ساڵ جارێک بە ڕێژەی دانیشتووانو ژمارەی کورسییەکاندا دەچنەوە، هەندێ وڵات هەموو خولێکی پەرلەمان بەپێی ئاماری دانیشتووان گۆڕانکاریی لە کورسییەکان دەکەن، لە هەندێ شوێن ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو حاڵەتە دانراوە، بۆ نموونە هەموو (٢٥) ساڵ جارێک گۆڕان بەسەر ڕێژەی نوێنەرایەتیو ژمارەی کورسییەکاندا دێت، ئەمەش پەیوەستە بەو دەستوورو یاسایانەی لەو وڵاتەدا حوکم دەکەن.

بەرپرسی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم، وتیشی: "بەپێی ڕێوشوێنی زانستیو هەبوونی ئاماری پێویست بۆ زانینی ژمارەی دانیشتووانی هەرێم، دەکرێت پەرلەمان بڕیار بدات بە حوکمی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان بۆ هەڵبژاردنی (٢٠١٣) ژمارەی کورسییەکان زیاد بکات".

# دەیان کورد لە یۆنان سزای قورس دەدرێن

**ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال**

دەیان هاوڵاتیی کوردو عێراقی لە وڵاتی یۆنان "بەتۆمەتی کاری قاچاخچێتی" دەستگیر دەکرێنو سزای (١٢-٢٥) ساڵ زیندانییان بەسەردا دەسەپێنرێت، بەرپرسی سلێمانی فیدراسیۆنی پەنابەرانیش، بە ئەرکی حکومەتی هەرێمی دەزانێت بەدواداچوون بۆ ئەو کێشەیە بکات.

ڕازیار سەرداری (٣١)ساڵ، دانیشتوویەکی شاری هەولێرەو لە مانگی تەممووزی ساڵی ڕابردووەوە ڕێی تورکیای گرتووەتەبەر بەو مەبەستەی بگاتە یۆنانو لەوێشەوە بۆ وڵاتانی دیکەی ئەورووپا، ئەو کە یەکێکە لە دەستگیرکراوە کوردەکانو وەک خۆی دەڵێت: "لەگەڵ (٣٥) هاونیشتمانیی دیکەیدا لە زیندانێکی شاری کۆمۆتینی دەستبەسەرن".

ڕازیار، کە (٦) مانگە دەستگیرکراوەو چاوەڕێی دادگاییکردنیەتی، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بۆ ڕۆژنامە لە زیندانەوە، ئاماژەی بە خراپیی گوزەرانیان کردو بڕیاری حوکمدانیشیانی بە نایەکسانییو "غەدر" دەزانێتو وتی: "ئێمە دەمانەوێت لەم ڕێیەوە بچین بۆ ئەورووپا، بەڵام لە یۆنان دەستگیرکراینو ئەوانەی تا ئێستاش دادگاییکراون، حوکمێکی زۆر دراون، کە هەندێکیان دەگاتە (٢٥) ساڵ زیندانی، ئەوەش غەدرێکی زۆرە کە لێمان دەکرێت".

بەپێی وتەی ئەو گەنجە، نزیکەی (٨٠) کەس کە زۆربەیان کوردی شارەکانی هەولێرو دهۆکو سلێمانیو موسڵن، دەستگیرکراونو بەشێکیان دادگاییکراونو بڕیاری زیندانیکردنیان دەرچووە، هەروەک ڕەتی دەکاتەوە کە بەهۆی ئاژاوەیەک، یان شەڕو کێشەی دیکەوە دەستگیرکرابنو وتی: "گرفتی ئێمە، هەر ئەوەیە کە سنوورمان بەزاندووەو نایاساییینو هیچ کێشەیەکمان لەسەر نییە، بەڵام ئەوە گرفتەکەیە کە تۆمەتی قاچاخچێتیمان دراوەتە پاڵ، ئەوەش غەدرێکی گەورەیە، چونکە ئەو هەموو کەسە چۆن قاچاخچین کە دەستگیرکراون".

ئەو، لەگەڵ ئەوەی کە باسی لەوەکرد، پەیوەندییان بە فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراقو سەفارەتی عێراق کردووە لە یۆنانو کێشەکەیان تێگەیاندوون، بەڵام خوازیارە لە کوردستانەوە هەوڵی چارەسەری کێشەکەیان بدرێت، وتیشی: "داوا دەکەین، لایەنە فەرمییەکانی کوردستانو حکومەتی هەرێم لەسەر ئەو ناعەدالەتییە بێنەدەنگو بەدەم کێشەکەمانەوە بێن".

لای خۆیەوە ئامانج عەبدوڵڵا، بەرپرسی ئۆفیسی سلێمانی فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراق، سەرباری ئاماژەکردن بۆ بەردەوامیی هەڵمەتی گرتنو ناردنەوەی پەنابەرانی کورد لە وڵاتانی ئەورووپا، ئەوە دەخاتەڕوو، کوردە دەستگیرکراوەکانی یۆنان کە "مافی پەنابەرییو کارتی مانەوەیان نییە، دەستگیردەکرێنو دەخرێنە کەمپە ناچارییەکانو زیندانو سزای دارایی دەدرێن". ئەوان پەیوەندییان بە ئۆفیسی سەرەکیی فیدراسیۆنی پەنابەران کردووەو بۆ ڕۆژنامە وتی: "بەدواداچوونیان بۆ دەکەینو ڕاوێژکاری یاساییمان بۆ داناونو هەوڵی کارئاسانییان بۆ دەدەین".

لەلایەکی دیکەوە، سالار مەحمود، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو: تا ئێستا هیچ داوایەک نەهاتووەتە بەردەستیان کە باس لە دەستگیرکردنی ئەو کوردانە بکات "تا بزانین سەڵاحیەتی کارکردنی ئێمەی تێدایە یان نا، جگە لەوەش ئێمە ناتوانین تەدەخول لە شتێک بکەین کە پەیوەندیی بە یاسای وڵاتێکەوە هەبێت کە هاوڵاتییەکانو هەر کەسێک ئامادەبێت بچێتە ژێر حوکمی ئەو یاسایە، مامەلە بکات".

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ، باس لەوەش دەکات کە هەر کەیسێکی لەو بابەتە، پێویستە بخرێتە بەردەست لیژنەکەیان، وتیشی: "دەرگای ئێمە واڵایەو تا ئەو شوێنەی توانای یاسایی ئێمەیە، ئامادەین بەدواداچوون بکەینو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگاداربکەین".

بەڵام، ئامانج عەبدوڵڵا، دەڵێت: "بەداخەوە، حکومەتی هەرێم بێدەنگیی هەڵبژاردووە بەرامبەر ئەو توندوتیژییو دیپۆرتکردنەوانەی بەرامبەر پەنابەرانی کورد دەکرێن، ئێمە لەگەڵ پەرلەمانتارەکانی کوردستانو بەغدا کۆبووینەوەو داوامان کرد، لە ڕێی حکومەتەوە فشار بخەینە سەر بەغدا بۆ ڕاگرتنی ئەو هەڵمەتانە".

لەبارەی کێشەی کوردەکانی یۆنانیشەوە، وتی: "پێویستە حکومەتی هەرێم، دەستبەجێ لیژنەیەک لە کەسانی یاساییو لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان پێکبهێنێتو لەڕێی باڵیۆزخانەکانی وڵاتانو عێراقەوە، بەدواداچوون بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بکەن".



> **ئەوانەی تا ئێستا دادگاییکراون، حوکمێکی زۆر دراون، کە هەندێکیان دەگاتە (٢٥) ساڵ زیندانیی**

کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان

کەمال جەمال: تائێستا نزیکەی (٤)هەزار سکاڵا لە دەستەکەمان تۆمارکراوە، بەڵام فەرمانگە حکومییەکانی کەرکوک هاوکاریمان ناکەن

# یەکلایی نەکردنەوەی کێشە موڵکدارییەکان، هەڕەشە لە ئارامیی کەرکوك دەکات

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

لیستی عێراقییە دژایەتی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکانی سنووری پارێزگای کەرکوک دەکات‌و ئەو هەڵوێستە نارەزایی نوێنەرانی کوردی لە بەغدا لێدەکەوێتەوەو پەرلەمانتارێکی کوردیش پێیوایە، نەگەڕاندنەوەی زەوییەکان بۆ خاوەنەکانیان، هەڕەشە لە ئاشتی‌و ئارامیی کەرکوک دەکات.

لە دانیشتنی ٢٠١١/١/١٨ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا پەرلەمانتار عومەر جبوری، لە لیستی عێراقییە، بەیاننامەیەکی خوێندەوە لە بارەی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی جوتیاران لە پارێزگای کەرکوک‌و دژایەتی لیستەکەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان دووپات کردەوەو داواشی لە ئەنجومەنی نوێنەران‌و حکومەتی عێراق کرد جێبەجێکردنی هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستانە دوابخرێت‌و لیژنەیەکی تایبەتیش پێکبهێنرێت، دانیشتنەکەی ئەنجومەنی نوێنەران لە کاتێکدایە کە لە (١/١٣) عەشایەرە عەرەبەکانی کەرکوک یاداشتێکیان ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق کردو داوای هەڵنەوەشاندنەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکانی کەرکوک دەکەن، کوتلەی عێراقییە پشتگیریی لەو داواکارییەی کردو هاوکات ئەو هەڵوێستە نیگەرانیی پەرلەمانتارانی کوردی لێکەوتەوە.

خالید شوانی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کەرکوک، داوای لە ئەنجومەنی نوێنەران کرد بڕیارەکانی مەجلیسی قیادەی سەورە، هەڵبوەشێنرێتەوە، وتیشی: "داوا لە حکومەتی فیدراڵ‌و وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەین پەلە بکەن لە سڕینەوەو پووچەڵکردنەوەی ئەو گرێبەستە کشتوکاڵییانەی کە ماون، چونکە نەگەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەنەکانیان‌و نەسڕینەوەی بڕیارەکانی لیژنەی کاروباری باکوور، هەڕەشە لە ئاشتی‌و ئارامیی پارێزگای کەرکوک دەکات".

هەروەک پەرلەمانتار شۆڕش حاجی لە لیستی گۆڕان، پێیوایە: کێشەی ئەو گرێبەستانە ئاڵۆزەو پەیوەندیدارە بەو سیاسەتە شۆڤێنیانەی کە ڕژێمی پێشوو گرتبوویەبەر بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکان، بۆیە پێویستە هەموو لایەک بە گیانی برایەتیی‌و گەڕان بە دوای چارەسەردا مامەڵە بکەن، لەسەر بنەمای دادوەریی‌و دەستوور.

پرۆسەی بەعەرەبکردن‌و داگیرکردنی زەوی کشتوکاڵیی لە کەرکوکدا، بە چەندین قۆناغ دەستپێکردووە، بە شێوەیەک کە لە ماوەی (٤٠) ساڵی ڕابردوودا (یەک ملیۆن‌و ٢٠٠ هەزار) دۆنم زەوی کشتوکاڵیی پارێزگاکە بەر ئەو پرۆسەیە کەوتوون‌و تائێستا نەگەڕاونەتەوە دەستی خاوەنە ڕەسەنەکانیان.

قۆناغی یەکەم: بریتیی بوو لە دەرچوونی بڕیارێک لەلایەن (**مجلس قیادە ثورة**)، بەپێی ئەو بڕیارانەش گوندەکان وێرانکران‌و دواتر دەستکرا بە سڕینەوەی زەوییەکان لە ناوچەی بەشیر، پاشان لە ساڵی (١٩٩٥)دا هەموو ئەو زەوییانەی کە بە ناوی کوردو تورکمانەوە بوون، وەرگیرانەوە، ئەم بڕیارە (٩٠٠) هەزار دۆنم زەوی گرتەوە لە سنووری پارێزگای کەرکوک.

> **پرۆسەی بەعەرەبکردن‌و داگیرکردنی زەوی کشتوکاڵیی لە کەرکوکدا، بە چەندین قۆناغ دەستپێکردووە**

بەپێی بەڵگەنامەکان تەنیا لە چوار بڕیاری (**مجلس قیادە ثورة**)دا کە لە ساڵی (١٩٧٥) تا ساڵی (١٩٩٥) ڕووبەری (١)ملیۆن‌و (١٩٣)هەزارو (١٦٤)دۆنم زەوی کشتوکاڵیی کوردو تورکمان، دەستی بەسەرداگیراوەو لە خزمەتی پرۆسەی بەعەرەبکردنی ناوچەکەدا بەکاربراوەو دراون بە عەرەبی هاوردە، بڕیارەکانیش ئەمانەن، (بە بڕیاری ژمارە (٣٦٩) لە ١٩٧٥/٣/٣١ ڕووبەری (١٣١)هەزارو (٥٥٥)دۆنم، بە بڕیاری ژمارە (٨٢٤) لە ١٩٧٦/٧/٢٨ ڕووبەری (٣٨)هەزارو (٢١٨)دۆنم ، بە بڕیاری ژمارە (٩٤٩) لە ١٩٧٧/٨/٢٣ ڕووبەری (١٢٣) هەزارو (٣٩١) دۆنم، بەبڕیاری ژمارە (٩٣١) لە ساڵی (١٩٩٥) ڕووبەری (٩٠٠)هەزار دۆنم زەوی دەستیان بەسەردا گیراوە).

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، دەستەیەک پێکهێنرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریی‌و گەڕاندنەوەی موڵکە دەستبەسەرداگیراوەکان بۆ خاوەنەکانیان، بەڵام لە ماوەی (٨) ساڵی ڕابردوودا ئەو دەستەیە تائێستا تەنیا (٥٪)ی ئەو سکاڵایانەی چارەسەرکردووەو لە کۆی (٤٥)هەزار کێشەی موڵکداریی لەو شارە، تائێستا (٣) هەزار کێشە چارەسەرکراون.

هەروەک بەپێی بڕگەی (ا)مادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە، کە دواتر گۆڕا بە مادەی (١٤٠) "پێویستە حکومەتی عێراق سەرجەم کێشە موڵکایەتییەکانی ناوچە بارگرژەکان چارەسەر بکات، بە شێوەیەکی خێراو بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ کەمکردنەوەی ئەو ستەمەی کە ڕژێمی بەعس لەو ناوچانەی کردووەو گۆڕانکاریی بەسەر دیمۆگرافیای ناوچەکاندا هێناوە بە تایبەت کەرکوک"، هەروەک تێیدا هاتووە "بەپێی یاسای دەستەی باڵای چارەسەرکردنی کێشەی موڵکایەتی، پێویستە حکومەت لە ماوەیەکی دیاریکراودا سەرجەم ڕاگوێزراو و هاوردەو دوورخراوەکان بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆیان‌و چارەسەری کێشەکانیان بکات‌و بە شێوەیەکی دادگەرانە قەرەبوویان بکاتەوە".

مەهدی موبارەک، سەرۆکی لیژنەی سڕینەوەی ئاسەواری هەڵوەشاندنەوەی گرێبستەکان لە لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: "دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس داوامان لە لایەنە پەیوەندیدارەکان بە تایبەتی وەزارەتی کشتوکاڵ کردووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ڕژێمی پێشوو، دواتریش دەستەی چارەسەرکردنی موڵکداریی پێکهێنراو ئەو مەسەلەیە ئاراستەی ئەو دەستەیە کرا، بەڵام ئێمە پێمانوایە ئەو دەستەیە ناتوانێت ئەو کێشانە یەکلایی بکاتەوە، چونکە کارەکانیان سست‌و لاوازەو تا ئێستا (٥٪)ی کێشەکانیان یەکلایی نەکردووەتەوە".

وتیشی: "ئێمە لە لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) تائێستا نزیکەی (٦٠-٧٠) گرێبەستمان هەڵوەشاندووەتەوە، بەڵام گەڕاندنەوەی زەوییەکان بۆ خاوەنەکانیان پێویستی بە بڕیاری ترە".

هاوکات، کەمال جەمال، سەرۆکی لقی (١)ی دەستەی سکاڵای موڵکداریی لە کەرکوک ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، تائێستا نزیکەی (٤)هەزار سکاڵا لە دەستەکەمان تۆمارکراوەو خەڵکێکی زۆریش سکاڵا تۆماردەکەن، بەڵام فەرمانگە حکومییەکانی کەرکوک هاوکاریمان ناکەن، ئەوەش کێشەی بۆ دروستکردووین‌و کارەکان سست دەکات".

بەپێی چەند زانیارییەک لە دوایین ڕێنمایی دەستەی چارەسەرکردنی موڵکدارێتی عێراقدا "مامەڵەی پێدانی قەرەبوو بۆ ئەو جوتیارانە جێبەجێدەکرێت کە دەیانەوێت لە بەرامبەر وەرنەگرتنەوەی زەوییەکانیان قەرەبوو بکرێنەوە، بەرپرسانی کوردی ئیدارەی کەرکوک جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە ڕەتدەکەنەوە. ئەمیر خواکەرەم، سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای داقوق پێیوایە، ئەو بڕیارە درێژەپێدانی سیاسەتی تەعریبی ڕژێمی بەعسەو پێچەوانەی ناوەڕۆکی مادەی (١٤٠)ە، دەستەی موڵکدارێتی عێراق دەیەوێت بۆ بڕێک پارەی کەم، جوتیارانی کورد چەواشە بکات.

وتیشی: "ئێمە لە ئەنجومەنی قەزای داقوق، دەستدەکەین بە هەڵوەشانەوەی ئەو گرێبەستە کشتوکاڵییانەی بەعس بۆ هاوردەکان دروستیکردوون‌و بە هیچ شێوەیەک بەو بڕیارە ڕازی نابین".



دیمەنێک لە شاری کەرکوک

## ئەندامێکی کوتلەی عەرەبیی:

# ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، کەرکوکیان بێبەش کرد

سازدانی : ڕێباز محەمەد

ئەندامێکی کوتلەی عەرەبیی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بەپێویستی دەزانێت کە لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراقدا، ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، کەرکوکییەکیان بکردایەتە وەزیر، بەڵام کەرکوکیان بێبەش کرد.

محەمەد خزر، ئەندامی کوتلەی عەرەبیی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێیوایە: بەهۆی ناکۆکیی لایەنە سیاسییەکانی کوردەوە، کەرکوک بێبەشکرا لە وەرگرتنی پۆستێکی وەزارەت‌و بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: "حەزمان دەکرد، ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، کەرکوکییەکی کوردیان بکردایەتە وەزیر لە کابینە نوێیەکەی نوری مالیکی‌و سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکانیان، دەبوایە کارێکیان بکردایە کە زیاتر خزمەت بە شاری کەرکوک بکەن، هەروەکو چۆن لیستی عێراقییە، تورکمانێکی وەکو نوێنەری تورکمانی کەرکوک‌و عەرەبێک وەکو نوێنەری عەرەبی کەرکوک، کردووەتە وەزیر بۆ خزمەتکردنی شارەکە".

لەبارەی کێشەکانی ئێستای کەرکوکەوە، ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە، ئەو ماڵە عەرەبانەی کە ڕوویان لە شاری کەرکوک کردووە، هۆکاری ئەوەیە کە بارودۆخی شارەکانی خۆیان ناسەقامگیرە، هەرکاتێک بارودۆخی ناوچەکەیان ئارام ببێتەوە، دەگەڕێنەوە شوێنی نیشتەجێبوونیان.

خزر، ئەوەی ڕەتکردەوە کە هاتنی ئەو ماڵە عەرەبانەی خوارووی عێراق بۆ کەرکوک، هۆکارێکی سیاسیی لە پشتەوە بێت‌و وتی: "لە کەرکوک، مادەی(١٤٠) هەیە کە دیاریکردووە، کێن ئەوانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە یان بمێننەوە، ئێمە بە ئاقارێکی سیاسی دانانێین بۆ تەعریبکردنەوەی کەرکوک".

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، تا ئێستا (٢١)هەزارو (٢٥٠)خێزانی عەرەبی هاوردەی پارێزگای کەرکوک، مامەڵەیان کردووە بۆ وەرگرتنی چەکی قەرەبوو، کە تا ئێستا (١١)هەزارو (٢٥٠)خێزانی عەرەبی شاری کەرکوک چەکی قەرەبوویان وەرگرتووەو بەو هۆیەوە (١٠)هەزار خێزانی عەرەبی هاوردە، چەکی قەرەبوویان وەرنەگرتووە، بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانیی چەند لایەنێکی سیاسیی‌و ڕۆشنبیرانی شارەکەیە، نەگەڕانەوەی ئەو خێزانە عەرەبانەیە کە قەرەبووکراونەتەوە، بەڵام ئەو ئەندامەی کوتلەی عەرەبیی ڕەتیدەکاتەوە کە خێزانی عەرەب هەبێت چەکی قەرەبووی وەرگرتبێت‌و نەگەڕابێتەوە شوێنی خۆی‌و دەڵێت:



> **هیچ کێشەیەك لەنێوان نەتەوەکانی کەرکوك نییە، گرفتی سەرەکیی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی شارەکەدایە**

"ئەوانەی قەرەبووی مادەی (١٤٠)یان وەرگرتووە، گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان".

محەمەد خزر، لەبارەی مادەی (١٤٠)ەوە وتی: "ئێمە وەکو کوتلەی عەرەبیی، پێمانوایە کە مادەی (١٤٠) مادەیەکی مردووە، چونکە کاتی دەستووریی تەواو بووە، بەڵام لایەنی کوردی دەڵێن، بەپێی دەستوور کاتی ماوە، کە ئەم جۆرە جیاواز ڕوانینە بۆ مادەی(١٤٠)، بووەتە گرفتی سەرەکیی لە نێوانماندا".

ئەو ئەندامەی کوتلەی عەرەبیی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: هیچ کێشەیەک لەنێوان نەتەوەکانی کەرکوک نییە، گرفتی سەرەکیی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی شارەکەدایە کە ئەوان بوونەتە هۆکاری ئاڵوزیی لەنێوان پێکهاتەکانی شاری کەرکوکدا لە دەرەوەی ئەو ناکۆکییەی لەنێوان لایەنەکانی کەرکوک هەیە، پێکهاتەکانی کەرکوک پێکەوە کاردەکەن.

ناوبراو، باس لەوەش دەکات کە خەڵکی کەرکوک لە ناو بازاڕەکان پێیان وتووە، ئێوە بوونەتە هۆکاری کێشە لەنێوان پێکهاتەکانی شارەکە، بۆیە محەمەد خزر، بڕوای وایە، ئەم قسانە ئەوە دەسەلمێنن کە لایەنە سیاسییەکان ناکۆکییەکانیان دروستکردووە.

لەماوەی ڕابردوودا، ئەنجومەنی سیاسیی عەرەبیی کە پێکهاتبوو لەچەند ئەندامێکی کوتلەی عەرەبیی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک‌و چەند سەرۆک هۆزێکی عەرەب کە داوایان دەکرد، گیانی هاوڵاتییانی عەرەب بپارێزرێت، هاوکات داوای چوونە دەرەوەی دەزگای ئاسایشی یەکێتی‌و پارتییان کرد بۆ دەرەوەی کەرکوک، لە بەرامبەردا هەوڵدان بوو بۆ دروستکردنی دەزگای ئەمنیی نیشتمانیی کە لەلایەن بەغداوە سەرپەرشتی بکرێت، بەڵام ئەم داوای ئەنجومەنی سیاسیی عەرەبیی، لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتی کوردییەوە ڕەتکرایەوەو بە داوایەکی تۆمەتبارکردن ناویهێنرا.

محەمەد خزر، لەم بارەیەوە وتی: "جۆرە ڕێککەوتنێک لە ٢٠١٠/١٢/٢ هەبووە کە فەرمانگەیەکی ئەمنیی نیشتمانیی لە کەرکوک دروست بکرێت، کە هەموو پێکهاتەکانی تێدا بەشداربن بەو جۆرەی ئەم دەزگایە لە بەغداوە سەرپەرشتی بکرێت‌و ئەو دەزگایانەی لە دەرەوەی کەرکوکەوە هاتوون، بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، چونکە ئاسایشی یەکێتی‌و پارتی لە کەرکوک نارەسمیین، بۆ ئەوەی کەرکوک لە بارودۆخی گرژیی‌و تۆمەتبارکردنی یەکتر قەتیس نەمێنێت، چاکتر وایە هەوڵەکان چڕ بکرێنەوە بۆ دروستکردنی دەزگای ئەمنیی نیشتمانیی لە کەرکوک".

راپۆرت

## بۆ دابینکردنی کارەبا، حکومەت پەنا بۆ ئاوی دووکان دەبات

بۆ چارەسەرکردنی کەمیی کارەبا، حکومەت پەنا بۆ ئاوی بەنداوی دووکـان دەباتـەوە، ئەوە لە کاتێکدا ڕێژەی ئاوەکەی کەمیکردووە. سەرچاوەیەک لە بەنداوی دووکان بە سایتی سبەی ڕاگەیاند: کە ئاستی ئاوی بەنداوی دوکان کەمبووەتەوە، بەڵام فەرمانیان پـێـکـراوە بـە کـارپـێـکـردنی توربایینەکانی بەنداوی دووکان بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا. سـەرچـاوەکـە بـاسـی لە گرنگیی ئەو ئاوە کردوو وتی: بە هۆی دواکەوتنی بارانبارینەوە ئاو گرنگیی زیاتر بووەو نابێت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا پشتی پێ ببەسترێت، وتیشی: "کارپێکردنی توربایینەکان لەم کاتەدا زیان بە ئاستی ئاوەکە دەگەیەنێت، چونکە خۆی دابـەزیـوە، بەڵام لایەنی بەرپرس لەژێر فشاری خەڵکدا بۆ چارەسەری کێشەی کارەبا فەرمانی کارپێکردنی داوە".

# کۆدەنگییەک بۆ هەموارکردنەوەی یاسای خۆپیشاندان پێکدێت

راپۆرتی: ئەلەند مەحوی

ڕێـکـخـراوەکـانـی کۆمەڵگەی مەدەنیو لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن پـرۆژەیـاسـایـەکـی هـاوبـەش بۆ هەموارکردنەوەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان ئامادە دەکەن، پێشبینیش دەکـرێـت ژمـارەیـەکـی زۆرتـری پەرلەمانتاری دەسەڵات پشتیوانیی بکات.

پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (١١)ی ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٣دا یاسای ڕێکخستی خۆپیشاندانی پەسەندکردو لـە ٢٠١٠/١٢/٨دا سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئیمزای لەسەر کرد، ئەمەش لەکاتێکدا بوو، کە لیستەکانی ئۆپۆزسیۆنو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تێبینی زۆریـان لـەسـەر برگەو مادەکانی هەبوو، بەو هۆیەشەوە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان لە دژی یاساکە خۆپیشاندان کرا.

### (٣) پرۆژەیاسا ئامادەیە

هەریەکە لە فراکسیۆنەکانی گۆڕانو کۆمەڵ، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مـەدەنـی بەجیا (٣) پرۆژەیاسایان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان ئامادە کردووە، بەڵام پێدەچێت پێش ناردنیان بۆ پەرلەمان یەکبخرێن.

بورهان ڕەشید، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گـۆڕان جەخت لەوە دەکـاتــەوە؛ کە فراکسیۆنەکەیان پرۆژەیاسایەکی بۆ هەموارکردنەوەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان ئامادە کردووەو تیایدا داوای گۆڕانکاریی لە چەند خاڵێکی یاساکەدا کردووە.

لای خۆشیانەوە فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستان پـرۆژەیـاسـایـەکـیـان بـۆ هەمان مەبەست ئامادە کردووەو سەرگوڵ ڕەزا، پەرلەمانتاری ئەو لیستە بۆ ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: "پشتیوانیی هەموارکردنەوەی یاسای ڕێکخستنی خـۆپـیـشـانـدان دەکـەیـنو لـەو بارەیەشەوە سەرقاڵی داڕشتنی پرۆژەیەکین".

### سـەرۆک، ئـیـمـزاکـەی نەکێشایەوە

سـەرۆکـایـەتـی دادگـای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی ڕۆژی ٢٠١١/١/١٩ بـڕیـاریـدا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێکی پارێزگاری سلێمانی بۆ ڕێگرتن لە خۆپیشاندانێکی گرووپی (٤٠٠)، کە داوایان لە پارێزگاری سلێمانی کردبوو مۆڵەتیان پێبدات خۆپیشاندانێک لە دژی تەواونەکردنی نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی ئەنجام بدەن.

ئـەم ڕووداوە یەکەم بەڵگەی بـەرجـەسـتـەبـوو کـە لـەدوای پـەسـەنـدکـردنـی یـاسـاکـەوە مەترسییەکانی ئۆپۆزسیۆنو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەلماند، کە ترسیان هەبوو یەکە ئیدارییەکان مۆڵەت بەو خۆپیشاندانانە بدەن، کە لە دژی خۆیان دەکرێت.



مەسعود بـارزانـی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دواین دیداری خۆیدا لەگەڵ ژمارەیەک لە قوتابیانی زانکۆکان بەڵێنیدا؛ "ئەگەر دەرکەوت حکومەت، یان دەسـەڵات خەڵک لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان قەدەغە بکات، بەخوا من ئیمزای خۆم لەم یاسایە دەکێشمەوە، بەڵام ڕاستییەکە ئەوە نییە، ئەمە بۆ ڕێکخستنە، تۆ مۆڵەت وەربگرە ئەگەر پێت نەدرا، ئەوکات گلەیی بکە، ئەگەر بیانووەکە بە هۆکارێکی ئەمنییەوە نەبوو، ئەوکات شەرتبێ منیش دەچمە سەرشەقامو هەموو شتێک دەکەین".

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، جگە لەوەی یاساکەی ڕەت نەکردەوەو پشتیوانیی لیستی کوردستانیی کرد لە پەسەندکردنی یاساکەدا، دوای ڕێگرییەکەی پارێزگاری سلێمانیش ئیمزاکەی خۆی نەکشاندەوە.

### "مۆڵەتو سزاکان" جێگەی نارەزایین

هەرسێ فراکسیۆنی گـۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو لەگەڵ فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەموارکردنەوەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانەدا داوای گۆڕینی مۆڵەت وەرگرتن دەکەن بۆ ئاگادارکردنەوە.

بورهان ڕەشید؛ کە ئەندامیشە لـە لـیـژنـەی یـاسـایـی پـەرلـەمـان وتـی: "لە پـرۆژە هەموارەکەماندا دەمـانـەوێـت مـۆڵـەت وەرگـرتـن بۆ خۆپیشاندان نەمێنێتو ببێتە ئاگادارکردنەوە، یان دیاری بکرێت کە چ جۆرە خۆپیشاندانێک مۆڵەتی بۆ وەربگیرێت".

بە بـڕوای ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گـۆڕان پێویستە لە ناوهێنانی هێزەکانی پۆلیس لە یاساکەدا ڕوونبکرێتەوە کە کام هێزەی پۆلیس دەگرێتەوە، چونکە ناوبراو دەڵێت: ئەو زاراوەیـەش زۆر هێز دەگرێتەوە، جگە لەوەی کە پێویستە چاو بە جۆرو بڕی سزاکاندا لە یاسای خۆپیشاندان‌دا بخشێندرێتەوە.

لای خۆشیانەوە فراکسیۆنی یەکگرتوو وێڕای پشتیوانیکردن لە هەموارکردنەوەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان، جەخت لەسەر لابردنی مۆڵەت وەرگرتن دەکەنەوە.

سەرمیر سەلیم، پەرلەمانتاری یەکگرتوو بۆ ڕۆژنامە جەختی لەوە کردەوە؛ کە پێویستە مۆڵەت وەرگرتن لە یاساکەدا نەمێنێتو بکرێت بە ئاگادارکردنەوە، جگە لـەوەی کە سزاکان زیـاد لە قەبارەی خۆیان دانراونو پێویستە هەموار بکرێتەوە.

یەکێکی تـر لـەو خـاڵانـەی کە زۆرترین گفتوگۆی لە پەرلەمان لەسەر کرا، بوونی خۆپیشاندانی لەناکاو بوو لەناو یاساکەدا، بەڵام لیستی کوردستانیی کە زۆرینەی پەرلەمان پێکدەهێنێت، ئەو خاڵەی ڕەتکردەوەو هەر لە بنەمادا نەیهێشت بچێتە یاساکەوە.

سەرگوڵ ڕەزا، پەرلەمانتاری کۆمەڵ لەم بارەیەوە وتی: "زۆربەی خۆپیشاندانەکان لەناکاوەو دەبێت لە هەموارکردنەوەی یاساکەدا بخرێتە چوارچێوەی یاساوە".

### یەکخستنی پـرۆژەکـانو دەنگە جیاوازەکان

چـــاوەڕوان دەکـرێـت لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانو ڕێکخراوەکانی کـۆمـەڵـگـەی مـەدەنـی بۆ هەموارکردنەوەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان، پرۆژەیاساکانیان یەکبخەنو هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگی زیاتری لیستی دەسەڵاتیش بدەن.

سەمیر سەلیم؛ لەم بارەیەوە وتی: "هەرسێ فراکسیۆنەکەی ئۆپۆزسیۆن بیرمان لەوە کردووەتەوە لە دوای دەستپێکردنەوەی پشووی زستانەی پەرلەمان، بە یەکەوە پرۆژەیاسایەک بـۆ هـەمـوارکـردنـەوەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکەین".

لەکاتی گفتوگۆکانی پرۆژەیاسای خۆپیشاندان لە پەرلەمانی کوردستان ژمارەیەک لە پەرلەمانتاری لیستی دەسەڵات نارازیبوون لە یاساکەو بەو هۆیەشەوە دەنگیان بە پەسەندکردنی یاساکە نەدا، بۆ هەموارکردنەوەشی پێشبینی دەکـرێـت ژمارەیەکی زیاتر لە پەرلەمانتارانی دەسەڵات پشتگیریی هەموارکردنەوەی بکەن.

عـەبـدولـسـەلام بـەروەری، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانیی بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـانـد: "نـەک یاساکان، تەنانەت دەستووریش دەشێت هەموار بکرێتەوە"، ناوبراو جەختیشی لەوە کردەوە؛ کە بۆ خۆی یەکێک بووە لەو پەرلەمانتارانەی کە تێبینیی هەبووە لەسەر هەندێک لە برگەکانی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان.

# ئەمسالیش حکومەت کێشەی کارەبای پێ چارەسەر ناکرێت

## پێویستی خەڵک (٢٦٠٠)مێگاواتەو حکومەتیش (١٢٠٠)ی دەداتە هاوڵاتییان

راپۆرتی: بەهادین یوسف

بـۆ یـەک ڕۆژ دابینەکردنی گازوایل بۆ وێستگەکانی کارەبا، حـکـومـەت (٩٧٠) هـەزار دۆلار غەرامەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا دەکات، لە کاتێکدا حکومەت (٥٠٪)ی کارەبای خەڵکی پێ دابین ناکرێتو ئەمسالیش ناتوانێت کێشەکە چارەسەر بکات.

لـە کـۆبـوونـەوەی هەفتەی ڕابردووی نێوان لیژنەی پیشەسازییو وزە لـە پـەرلـەمـانـی کوردستان لەگەڵ هـەردوو وەزارەتـی کارەباو وەزارەتـی سامانە سروشتییەکان، دەرکەوت بەپێی گرێبەستی حکومەت لەگەڵ کۆمپانیاکانی دروستکردنی وێستگەکانی کارەبا، حکومەت خۆی خستووەتە ژێـر بارێکی قورسی غەرامەوە، بە جۆرێک ئەگەر حکومەت بۆ یەک ڕۆژ نەیتوانی گازوایل دابین بکاتو ئەوەش بووە هۆی وەستانی وێستگەکانی کارەبا، ئەوا بڕی (٩٧٠) هەزار دۆلار دەداتە ئەو کۆمپانیانە.

عەبدوڵڵای مەلا نوری، ئەندامی لیژنەی پیشەسازییو وزە وتی: "بۆمان دەرکەوت کێشەی کارەبا لە هەرێمیکوردستان قووڵەو حکومەت لە کەمیی کارمەندو گواستنەوەو دابەشکردنی کارەبا گرفتی هەیە"، هەروەک پێیوایە: "حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـان ئـەو گرێبەستانەی ئەنجامیداون، شکستیان خواردووەو گرێبەستەکانی لەگەڵ کەرتی تایبەت گەلێک قورسن".

یاسین ئەبوبەکر، وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لـە کۆنگرەیەکی ڕۆژنـامـەوانـیـدا ئاشکرایکرد؛ بەهۆی دابینەکردنی گـازوایـلـەوە دوو وێـسـتـگـەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەکار کەوتوون، بـەوەش (٢٥٠) مێگاوات کارەبا لە تۆڕی نیشتمانیی کەمیکردووە".

### بە (٥٠٠) مێگاواتەکەش چارەسەر نابێت

بەپێی ڕاگەیاندنەکانی وەزارەتی کـارەبـای حکومەتی هـەرێـم لە مانگەکانی سەرەتای ئەمسالدا (٥٠٠) مێگاوات کارەبا بۆ تۆڕی نیشتمانیی زیاد دەکات، لە کاتێکدا ئێستا حکومەت (٥٠٪)ی کارەبای نیشتمانیی بۆ دابین دەکرێت.

دیار بابان، وتەبێژی وەزارەتـی کارەبا پێشتر بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: "لـە ئێستادا (١٢٠٠) مێگاوات بەرهەممان هەیە، سالی ڕابـردوو پێویستی کارەبا بۆ هەرسێ پارێزگاکە نزیکەی (١٧٠٠) مێگاوات کارەبا بوو. ئەمساڵ گەیشتووەتە (٢٣٠٠) مێگاوات کارەبا. لە سالی ڕابردووەوە نزیکەی (٥٠٠) مێگاوات پێویستی کارەبا زیـادی کـردووە، بـەڵام لە کاتێکدا ئێمە نزیکەی (١٠٠-١٥٠) مێگاوات کارەبا بەرهەممان زیادی کردووە. بۆیە ئێمە لەخوار ئاستی خواستی هاوڵاتییانەوەین، بۆ بەرهەمهێنانی کـارەبـا نـزیـکـەی (٩٠٠-١٠٠٠) مێگاوات کەمترمان هەیە". بەڵام وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێم دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرایکرد؛ کە پێشبینی دەکرێت ئاستی پێویستی کارەبای هەرێم بـۆ(٢٦٠٠) مێگاوات بەرزبێتەوە، بەوپێیەش حکومەت (١٤٠٠) مێگاوات کەمتری لە پێویستی خەڵک بە کارەبا هەیە.



لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیشدا دیار بابان، ئاشکرایکردووە: "پێشبینی دەکەین یەکەی سێیەمی دهۆک لەنێوان (١٠ تا ١٥) مانگی دوو بە بەرهەمهێنانی (١٢٥) مێگاواتی کارەبا بکەوێتە کارو لە کۆتایی مانگی دوو یان سەرەتای مانگی سێ یەکەیەکی تر لە چەمچەماڵ دەکەوێتە کـار، کە لە ئێستادا لە تەواوبووندایە، ئەویش (١٢٥) مێگاوات کارەبا دەخاتە سەر تۆڕی کارەبای هەرێمو یەکەی چوارەمی دهۆک لە سەرەتای مانگی سێ دەکەوێتە کارو ئەو یەکەیەش بەهەمان شێوە (١٢٥) مێگاوات کارەبا زیاد دەکات. یەکەی شەشەمی چەمچەماڵ لە کۆتایی مانگی سێو بەخشینی (١٢٥) مێگاوات کارەباو پـرۆژەی وێستگەی (١٥٠) مێگاواتی، کە لەسەرەتای مانگی چوار تەواو دەبێت، هەردوو یەکەی پێنجەمو شەشەم لە دوای مانگی نۆ تەواو دەبن، کە ئەوانیش (١٢٥) مێگاوات کارەبا دەخەنە سەر تۆڕی کارەبای هەرێم.

**عەبدوڵڵا مەلا نوری: حکومەتی هەرێم ئەو گرێبەستانەی ئەنجامیداون، شکستیان خواردووە**


بـە زیـادبـوونـی ئـەو (٥٠٠) مێگاواتەش ناتوانرێت چارەسەری کێشەکە بکرێت، چونکە هێشتا زیاتر لە (٥٠٠) مێگاوات لە خوار ئاستی پێویستی خەڵکەوەیە، سـەرەڕای ئـەوەی پێشبینی دەکـرێـت ئاستی داواکاریی کارەبا زیاد بکات.

### غەرامە بۆ کۆمپانیاو پارە لە خەڵک

لەگەڵ ئـەوەی حکومەت خۆی خستووەتە ژێـر بارێکی قورسی غـەرامـەکـردنـەوە لـە بـەرامـبـەر کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، بـەڵام بـەردەوام نرخی یەکەکانی کارەبا لەسەر خەڵک زیاد دەکات، بە جۆرێک بە وتەی وەزیری کارەبا ساڵی (٢٠٠٩) وەزارەتی کارەبا (٦٩) ملیار دینار داهاتی کارەبای هەبووە، کە ئەو بڕە پارەیە لە خەڵکەوە هاتووە بۆ حکومەت، سەربارێ ئـەوەی لە ساڵی (٢٠١٠)دا ئەو ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە بۆ (١١٣) ملیار دینار، لەگەڵ ئەوەی بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو نرخی کارەبای مولیدە ئەهلییەکان زۆر زیادی کردووە، ساڵی ڕابردوو بۆ هەر ئەمپێرێک کارەبای مولیدە (٦,٥٠٠بۆ ٧٠٠٠) دینار لە هاوڵاتییان وەردەگـیـرا، لە کاتێکدا ئەمساڵ نرخەکە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووەو لە هەندێک گەڕەک بۆ هەر ئەمپێرێک کارەبا (١٠ بۆ١١) هەزار دینار لە هاوڵاتییان وەرگیراوە.

### تورکیاش بڕی

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم: بە هۆی نوێنەکردنەوەی گرێبەستی نێوان حکومەتی عێراقو حکومەتی تورکیا تایبەت بە دابینکردنی بڕی (١٥٠) مێگاوات کارەبا بۆ پارێزگای دهۆک، ڕۆژی (٢٠١١/١/٢٥) کـاتـژمێر (٢)ی دوای نیوەڕۆ بڕە کارەبای هاتوو لە تورکیاوە بە تەواویی بڕدرا، ئەمەش دوای ئەوەی لە مانگی تەمموزی (٢٠١٠)وە وەزارەتـی کارەبای هەرێم هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئـەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە ڕێگەی وەزارەتی کارەبای عێراقییەوە گرێبەستەکە نوێ بکاتەوە، بە گەڕانەوەی ئەو بڕە کارەبایە بڕە کارەبای هاوڵاتییان (٢- ٣) کاتژمێر زیاد دەکات.



د. کامەران مەنتک: پێشمەرگە لە دۆخێکی وەک ئەوەی تونس و میسردا دژ بە میللەت ناوەستێت

# بڕیاربەدەستانی کورد، کەرکوکیان بە قەدەر سپاردووە

## چاودێران دەڵێن؛ یەکێتی و پارتی هیچ ستراتیژو نەخشەڕێیەکیان بۆ گەڕانەوەی ناوچەدابڕاوەکان بۆ سەر هەرێم نییە

پشتیوان سەعدوڵڵا

شارەزایانی سیاسیی، ڕەخنە لە بڕیاربەدەستانی کورد دەگرن کە هیچ ستراتیژو پلانێکیان نییە بۆ یەکلاییبوونەوەی کێشەی ناوچەدابڕاوەکانو گەڕاندنەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

دوای ئەوەی لیستەکەی مالیکیو عەلاوی، مەرجە (١٩) خالییەکەی ئیئتیلافی کوردستانییان ڕەتکردەوە، لەکارنامەی حکومەتی نوێی عێراقیشدا، هیچ پابەندبوونێکی کۆنکرێتی بە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠و یەکلاییبوونەوەی کێشەی ناوچەدابڕاوەکانی تێدا نییەو لەهەمانکاتیشدا بڕیاربەدەستانی کورد، هیچ پلانێکی ستراتیژییو نەخشەڕێیەکیان نییە بۆ گەڕاندنەوەی ناوچەدابڕاوەکان بۆسەر هەرێم.

د. لەتیف شێخ مستەفا، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو شارەزای یاسای دەستووریی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەم چوار ساڵە، لە چوار ساڵی ڕابردوو خراپترە، چونکە لە ڕابردوودا ڕێککەوتننامەی بەهێزتر لەوەی ئێستا کرابوو، هەروەها حکومەتی عێراق پابەندبوو بە جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)، بەڵام لە بەرنامەکەی نوری مالیکیدا، زۆر بە لاوازیی باسی ئەو مادەیە کراوەو لە هەمانکاتدا ئاماژە بە مادەی(١٤٢) کراوە کە پێچەوانەی مادەی (١٤٠)ە.

د. لەتیف وتیشی: "دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە کە نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکەن، خاوەنی ستراتیژو پلان نین بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و یەکلاییکردنەوەی کێشەی کەرکوک، ئەوەی بەلایانەوە گرنگ نەبێت، مادەی (١٤٠)ە، ئەوان تەنیا بۆ مەسەلەی بەدەستهێنانی پۆستو پارە هەولدەدەنو ئەو مادەیەیان لەبیر نییە".

بڕواشی وابوو کە دوو حیزبەکە سوود لە هێشتنەوەی ئەو کێشانە دەبینن، بۆئەوەی هەمیشە ئیدامە بە زالبوونی خۆیان بدەن بەسەر کایەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستانو هەمیشە مانەوەی ئەو کێشەیە دەکەنە وەسیلەیەک بۆ ترساندنی خەڵک، کە گوایا هەموو حکومەتەکانی عێراق دوژمنی کوردنو ئەمان دڵسۆزی میللەتەکەیانن.



لەلایەکی ترەوە، د. نەجمەدین کەریم، پەرلەمانتاری شاری کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، بە ڕێککەوتن دەبێت لەگەڵ بەغداو مادەی(١٤٠) ئەساسی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکو ناوچەدابڕاوەکانە، ئێمە لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانیی ڕێککەوتنمان هەیە کە دەبێت مادەی(١٤٠) لە ماوەی دوو ساڵدا جێبەجێ بکرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێت هەولبدەین بۆئەوەی پێکهاتەکانی کەرکوک دژایەتیی جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠) نەکەنو پێویستە بەرنامەیەکی زۆر ڕوونمان هەبێت بۆ لایەنەکانی عەرەبو تورکمان، چونکە هەوڵو کۆششی ئێمە لە ساڵانی ڕابردوودا بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەو پێکهاتانە بەشێوەی پێویست نەبووە، واتە دەبێت لە عێراق یەک گوتاری ڕوونمان هەبێتو هەروەها پێویستە لەناوخۆدا بە جدیی کاری بۆ بکەین.

جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)و چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوک، بە ڕای د.لەتیف شێخ مستەفا، لە دوو ڕووانگەوە زیانی هەیە، "لە ئاستی ناوخۆدا زیانی بۆ دیموکراسیو مافی هاوڵاتییان هەیە، چونکە ئەو دوو حیزبە خەلک هەلدەخەلەتێننو دەیانەوێت خەڵک چاوپۆشیی لە هەموو کەموکوڕییەکانیان بکەن، جگە لەوە بە هێشتنەوەی ئەم کێشەیە، بەشێکی زۆری خاکی هەرێمی کوردستانمان لەدەستدەچێت کە گەورەترین زیانە کە بە کورد دەگات، ئەوەش دەچێتە خانەی تاوانەوە بەرامبەر بە میللەت".

# ئایا لەکاتی نارەزاییەکانی جەماوەردا، دەسەڵات هێزی چەکدار بۆ پشتیوانی لە خۆی بەکاردێنێت؟

## چاودێران لە هەولێر: پێشمەرگەو ئاسایش، فەرمان لە حیزبەوە وەردەگرن

ڕاپۆرتی: بەرزان عەلی حەمە

چاودێرانی سیاسیی بە بایەخەوە لە بێلایەنیی سوپای تونسو میسر دەڕوانن کە لەدژی خواستەکانی گەل نەجەنگان، بەڵام پێشبینی ناکەن لە دۆخێکی لەو شێوەیەدا، هێزی چەکدار لەهەرێمی کوردستاندا، بێلایەن بێت.

زەین عابدین بن عەلی، سەرۆکی پێشووی تونس، مانگی ڕابردوو لەدوایین ساتەکانی فەرمانڕەواییەکەیداو پاش ئەوەی لەهێزەکانی ئاسایشو پۆلیس بێهیوا بوو، فەرمانی دەرکرد کە سوپا کۆنترۆلی دۆخەکە بکات، بەڵام سوپای ئەو وڵاتە بەرەی میللەتی هەلبژاردو سەرۆک بەناچاری هەڵاتو پاش دامرکاندنەوەی ئاگری شۆڕشەکەش، فەرماندەکانی سوپا بەڵێنی پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشەکەشیان بەمیللەت دا.

لە دواساتەکانی بێهیوابوونی حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسریش لە هێزەکانی پۆلیس، سوپای ڕژاندە سەر شەقامەکانی قاهیرە، بەڵام سوپای میسریش ڕێگەیان بەخۆیان نەدا خۆپیشاندەران بدەنە بەر گوللە، وەک ئەوەی پۆلیس کردی.

گەلی میسر، بەهۆی ئەوەی کە سوپای وڵاتەکەیان لەساڵانی (١٩٦٧-١٩٧٣) دژ بە دەستدرێژییەکانی ئیسرائیل وەستانەوەو بەرگرییان لەگەڵو نیشتمان کرد، خۆشەویستی زۆریان بۆ ئەو سوپا (٣٤٠) هەزار کەسییەی وڵاتەکەیان هەیە، ئەمە لەبەرامبەر ڕقو تووڕەییان بۆ بەشی زۆری ئەو (٣٣٠) هەزار پۆلیسو ئەمنەی کەخۆیان لەچینی کەمخوێندەوارو هەژارن، کەچی بۆ پاراستنی ڕژێم هیچ کەمتەرخەمییەک ناکەن.

تا ئێستاش سوپای میسر نەچووەتە سەنگەری دژ بەخواستەکانی گەلەوە، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کە لەدۆخێکی لەو جۆرەدا لەهەرێمی کوردستان، هێزەکانی پێشمەرگە کە ئەرکیان پاراستنی سنوورەکانە، چۆن مامەلە لەگەڵ هاونیشتمانانیان دەکەن؟



بە پێچەوانەی دەستووری عێراقو یاسای حیزبەکان لە هەرێم، یەکێتیو پارتی هێزی چەکداریان هەیە.
فۆتۆ: ڕۆژنامە

سۆزان ئەحمەد، کچە خوێندکارێکی زانکۆی سەلاحەدینەو بەنیگەرانییەوە لە بێلایەنیی هێزی پێشمەرگە دەڕوانێتو بۆ ڕۆژنامە دەڵێت: میسرو تونس لەئێمە باشترن، چونکە سوپا بێلایەنەو دەنگی ئازاد تیرۆر ناکرێت، ئێمە لەوڵاتێکداین لەهەموو شوێنێک زیاتر پێویستمان بەئازادییە.

هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەهەرێمی کوردستان، هێزی پێشمەرگەیان خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوەو بە ویستی خۆیان بەکاریاندەهێنن، تەنانەت مەترسی دەکرێت کە لەهەندێک ڕووداودا کە بەقازانجی ئەو دوو حیزبە نەبێت، کاری نایاسایشیان پێبکەن.

ڕێبین ڕەسوڵ، نووسەرو ڕۆشنبیر، وێڕای ئەوەی کە بەراوردکردنی تونسو میسر بەهەرێمی کوردستان بە دروست نازنێت، بەڵام نایشارێتەوە کە هێزە بەرگرییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سوپای ئەو وڵاتانەدا جیاوازیی زۆریان هەیەو تا ئێستاش لەهەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگە لەژێر کۆنترۆلی حیزبدایە.

ڕێبین، بۆ ڕۆژنامە دەڵێت: "ئێمە لەکوردستان، لەواقیعدا سوپایەکمان نییە، هێزی پێشمەرگەیەکمان هەیە کە سەر بەحیزبەکانن، هێزەکانی پێشمەرگە هەڵگری بیروڕاو عەقیدەی ئەو حیزبانەن، نەک بیروڕاو عەقیدەیەکی نیشتمانی کە سەر بەوەزارەتی بەرگریی بنو فێربکرێن کە سوپا بۆ بەرگریکردنە لە سنوورەکانی دەرەوە، نەک دەستێوەردانە ناوخۆییەکان".

خەڵکی کوردستان، لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا زۆر بەڕوونی هەستیان بەدەستێوەردانی هێزی پێشمەرگە کردووە بەقازانجی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، بەڵام چاودێرانی سیاسیی جەخت دەکەنەوە کە پێشمەرگە ناچارکراوە، ئەگەرنا ئامادە نییە دژی گەل بجەنگێت.

د.کامەران مەنتک، مامۆستای سیاسەت لە زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە، هێزی پێشمەرگە ئامادە نییە لەدۆخێکی وەک ئەوەی تونسو میسردا دژ بە میللەت بوەستێتو دەڵێت: باوەڕم وایە، ناکرێت سەنگەر لەخەڵکی کوردستان بگرن، ئەگەر ئەوەش بکەن بۆ ماوەیەک دەبێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات کە لەئێستادا سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەیە لەچەند لیوایەکدا، بەڵام زانیارییە بەدەستهاتووەکان ئاشکرای دەکەن کە جارێکی تر یەکێتیو پارتی کۆنترۆلی ئەو لیوایانەیان کردووەتەوەو لەنێوان خۆیاندا دابەشیانکردووە.

ڕێبین ڕەسوڵ، جەخت لەوەدەکاتەوە کە هێزی پێشمەرگە تا ئێستاش سەر بەحیزبەکانو فەرمان لەسەرۆکی حیزبەکانی خۆیان وەردەگرن، تەنانەت حیزبە بچووکەکانیش فەوجی بچووکیان هەیەو ئیسلامییەکانیش هەیانەو هەر کەسەیان فەرمان لە سەرکردایەتیی خۆی وەردەگرێت، بۆیە ئەگەر ئێمە تووشی کێشەیەکی ناوخۆیی ببین، پێشمەرگە بێلایەن نابێتو بەرگریی لە حیزبەکەی خۆی دەکات، بەرگریی لەو لایەنە دەکات کە مووچەی دەداتیو ژیانو چەکی بۆ دابین کردووە.

لیستی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان، لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٩)دا، پڕۆژەیاسایەکی بۆ قەدەغەکردنی حیزبایەتی لەناو هێزە چەکدارەکاندا پێشکەشی پەرلەمان کرد، بەڵام بەوهۆیەی کە پڕۆژەی ئۆپۆزسیۆنە، تا ئێستا پەسەندنەکراوەو بە هەڵپەسێراویی ماوەتەوە.

کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێییەکان لەپەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە هێزەکانی پێشمەرگەش ڕۆڵەی ئەم میللەتەنو ئەگەر دۆخەکە بگاتە ئەوەی کە ئایا لەگەڵ ئێشو ئازاری میللەتەکەیاندان، یان حیزبەکەیان، بەدڵنیاییەوە پێشمەرگە لایەنگریی بۆ مافی گەلەکەی هەلدەبژێرێت.

ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان، بۆ ڕۆژنامە وتیشی: "واقیع گۆڕاوەو هیچ کەسێک ئامادە نییە بکەوێتە گیانی نەتەوەکەی خۆی، بۆ ئەوەی حیزبەکەی لێی ڕازی بێت".

بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەو پەرلەمانتارەوە، مەسعود عەبدولخالق، ڕۆژنامەنووسو چاودێری سیاسیی، بەهۆی تەداخولی حیزبەوە، پێشمەرگە بە بێلایەن نازانێت، بۆ ئەم مەبەستەش شەڕی ناوخۆ بەنموونە دەهێنێتەوە.

ئەو چاودێرە سیاسییە، بۆ ڕۆژنامە وتی: "پێشمەرگە مولکی حکومەتو دامەزراوەی یاسایی نییە، مولکی حیزبە، لەبەرئەوەش بەرگریی لەحیزبەکەی خۆی دەکات، وەک چۆن پێشتریش لەشەڕی ناوخۆییدا ئەگەرچی هەڵەش بوو، بەڵام ئەو هەر کردی، یان لەناو خۆپیشاندانەکاندا لەناوخۆ ئەوەمان زۆر جار بینیوە".

مەسعود عەبدولخالق، هۆشداریی دەدات لەمەترسییەکانی بێلایەننەبوونی هێزی پێشمەرگەو باس لەوەدەکات، هەرکاتێک ئەو دوو هێزە سیاسییەی کە ئێستا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، ناکۆکییان تێبکەوێت، هێزی پێشمەرگە دژ بەیەک بەکاردەهێننەوە، تا هێزی پێشمەرگە لەدەستی ئەو دوو حیزبە بێت، کوردستان موعەرەزە بۆ ناقانوونیو بۆ یاخیبوونو بۆ هەموو شتێک.

ڕاپۆرت

## کۆمسیۆن ڕەخنە لە بڕیاری دادگای فیدراڵیی دەگرێت

لە بەیاننامەیەکدا کە دوێنێ بڵاویکردووەتەوە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ڕەخنە لە بڕیاری دادگای فیدراڵیی دەگرێت سەبارەت بە بەستنەوەی دەستە سەربەخۆکان بە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوەو دەڵێت: "نامانەوێت بکەوینە مشتوومڕەوە لەگەڵ دادگاکە، بەڵام تێبینی زۆرمان هەیە لەسەر مەترسییەکانی ئەو بڕیارەو کاریگەرییەکانی لەسەر سەربەخۆیی و بەهای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئاماژەی بەوەشداوە؛ کە بە بەڵگەوە سەبارەت بەو پرسە دەچێتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران وەک مەرجەعی کۆمسیۆن.

## مام ڕۆستەم لە وەڵامی بەیاننامەکەی دەسەڵاتدا:

# ئەو زمانە بۆ سەدام و موبارەک و بن عەلییەکان نەچووەسەر

**لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەدا، مام ڕۆستەم، هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان ڕەخنە لە وەڵامەکانی یەکێتیو پارتی دەگرێتو دەڵێت: "ئەو زمانە بۆ سەدام حسێنو حوسنی موبارەکو دیکتاتۆرەکانی دونیا نەچووەتە سەر، بە فریای ئەوانیش ناکەوێت".**

**لە بارەی بەیاننامەی بزووتنەوەکەشیان، بە پرۆژەیەکی مەدەنی دەزانێت کە لەپێناو چاکسازییو خزمەتگوزارییەکانی خەڵک خستوویانەتە ڕوو.**

سازدانی: ڕۆژنامە



**ڕۆژنامە: هاوشانی ئەو شەپۆلی خۆپیشاندانو نارەزاییە هەرێمایەتییەی لە ناوچەکەدا هەیە، ئێوەش لە بەیاننامەیەکدا ڕووبەڕووی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی بوونەوەو داوای گۆڕانکاریی لە پەرلەمانو حکومەت دەکەن، لەڕێی ئەو پەیامەوە دەتانەوێت چی بڵێن؟**

* لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە، جەماوەری ئێمە داوای بەرنامەو جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خەڵک دەکەن، لەکاتێکدا داواکارییەکانی ئێمە وەک ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان پشتگوێ دەخرێتو زۆرینە یاساکان بە ئارەزووی خۆی دادەڕێژێت، ناتوانین چیتر ئەو واقیعە قبووڵ بکەین، واتە کاتێک لە پەرلەمان دژایەتی داخوازییەکانی ئێمە درێژە دەکێشێت، لەڕێی ئەو پەیامەوە ویستوومانە بە پرۆژەیەک کۆمەڵانی خەڵکو حیزبەکان ئاگادار بکەینەوە، کە پرۆژەیەکی مەدەنیو واقیعییە، لە بەرامبەریشدا پارتیو یەکێتیش دەتوانن بە پرۆژە وەڵاممان بدەنەوە، نەک بە زمانی زبرو هەڕەشەو گوڕەشە، بە تایبەت دەزانن ئەو هەڕەشانە کاریگەریی لەسەر ئێمە نییە، چونکە هەموو تەمەنی خۆمان لەپێناو خەڵکی کوردستان سەرفکردووەو ئێستاش بۆ خزمەتی خەڵک دریغی ناکەین.

لێرەوە بەیانەکەی گۆڕان لەبەر گۆڕانو چاکسازییو دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکانی خەڵکە، نەک وەک ئەوەی ئەوان دەڵێن؛ بۆ کودەتاو ئاژاوەگێڕیی، پێشتریش کە لە یەکێتی هاتینە دەرەوەو گۆڕانمان دروستکرد، هەمان قسەیان دەکرد، ئێمە دەبابەو تەیارەو کۆپتەرو پارەو پولمان نییە، ئەوەی هەیە کۆمەڵێ خەڵکین بووینە ئۆپۆزسیۆنو داواکانی خەڵک لە پەرلەمانی کوردستانو بەغدا دەخەینە بەرچاو، بۆیە پێویست بە وەڵامی زبر ناکات، چونکە ئەو زمانە بۆ سەدام حسێنو حوسنی موبارەکو دیکتاتۆرەکانی دونیا نەچووەتە سەر.

**ڕۆژنامە: داواکانی ئێوە لە سۆنگەی بەرگریکردنە لە مافەکانی خەڵکی کەمدەرامەتو فەقیرو هەژاری کوردستان؟**

* بەڵێ وایە، ئەگەر وا نەبێت هەموو ئەوانەی ئێستا لەناو گۆڕانن، پێشتر لەناو یەکێتیو پارتیو حیزبەکانی تر پۆستو پلەو مووچەی چاکمان هەبووە، بەڵام کە پەنامان بردە بەر گۆڕان بۆ بەرگریکردن لە خەڵکو گۆڕانکاریی بووە لە هەرێمی کوردستان، (٢٠) ساڵە خزمەتگوزارییەکان وەک پێویست نین، تا پێش (٢٠٠٣) دەمانوت؛ دۆخێکی تایبەتەو کاریگەریی شەڕی ناوخۆیە، بەڵام لە (٢٠٠٣)وە بەو بودجە زۆرەی هەرێمەوە ئەو دووحیزبە بۆچی ناتوانن خزمەتی خەڵک بکەن؟!

ناکرێت لێرە قسە نەکەین، لە پەرلەمان قسە نەکەین، ڕێگەی بەیاننامەشمان لێبگرن، ئەی خۆ پەنا نابەینە بەر شەڕی پارتیزانی، ئێمە داوای مەدەنیمان پێشکەشکردووەو ئەوانیش دەتوانن وەڵام بدەنەوە، بەڵام وەڵامی لاوازو هەڕەشەئامێز نیشانەی ئەوەیە وەڵامیان پێ نییەو خەڵک لەسەر هەقە، بێگومان هەر خەڵکیش سەردەکەوێت.

**ڕۆژنامە: بەوپێیەی یەکێکن لە پێشمەرگە دێرینەکانی هەرێمی کوردستان، بۆچوونتان بەرامبەر بەیاننامەکەی پێشمەرگە دێرینەکانو کەمئەندامانی سەنگەرو خۆپیشاندانیان دژی داواکارییەکانی گۆڕان چۆنە؟**

* هەقە لەبری ئەوەی پارتیو یەکێتی پێشمەرگە بێننە سەرجادەو بەیانیان پێ دەربکەن، بە بژێویی ژیانی پێشمەرگەو مووچەکانیاندا بچنەوە، هەقە پێشمەرگە دێرینەکان داوای خزمەتگوزاریی بۆ پێشمەرگەی کۆنو کەمئەندامو زیندانیی سیاسیی بکەن، ئەوەی لێرە ڕوودەدات سەیرە دەسەڵات دژی ئۆپۆزسیۆن خۆپیشاندان دەکات، کە لە دنیادا نموونەی کەمە!

**ڕۆژنامە: پێتانوایە؛ ئەوەی لە بەیاننامەکەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکاندا هاتووە بیروبۆچوونی چەند کەسێکی نزیکە لە یەکێتی، یان ئیرادەیەک لە دەرەوەی پێشمەرگەوە بەسەر کۆمەڵەکانی پێشمەرگەدا سەپاوە؟**

* ئەوەی من ئاگادارم، وتوویانە؛ ئەوەی نەیەت بۆ خۆپیشاندانەکە، مووچەی نادەینێ، مووچە دەبڕین، دووری دەخەینەوەو لە ئیمتیازەکانی بێبەشی دەکەین، لەبەرئەوە ڕاپێچکراون، تا ئەوەی ئەو دوو حیزبە گەندەڵییەکانی خۆیان بە خۆپیشاندانی ئەوان داپۆشن، بەڵام خەڵک هۆشیارەو دەزانێت کێ پێشمەرگەو فەرماندەی کۆنو خەباتی کردووەو کێش مزایەدە بە خەباتی ئەوانەوە دەکات.

**ڕۆژنامە: لە کاردانەوەی پەیامەکەی گۆڕاندا، پارتیو یەکێتی دەیانەوێت لە شەقامی بگەیەنن؛ "گۆڕان" دەیەوێت ئارامیی هەرێم بشێوێنێت، ئایا ئێوە خۆتان بە پارێزەری خەڵکو ئارامییو ئاسایشی هەرێم نازانن؟**

* خەڵک دەزانێت کێ خەباتی کرد، لە شەستەکانەوە کێ بەرگریی لە ماڵو منداڵی خەڵکی کوردستان کردووە، کێن ئەوانەی شۆڕشیان کردووەو کێن ئەوانەی بەرامبەر حیزبی بەعس وەستاونەتەوەو شەڕی پارتیزانییان کردووە، خەڵک دەزانێت کێ بەرنامەی ڕاپەڕینی داناو کێش پێشڕەویی کرد، واتە هەموو خەڵک دەزانێت ئێمە ئاڵاهەڵگری بەرگریکاری خەڵکین، نەک ئەوانەی موزایەدە بە دۆلارو پلەو پۆستەوە دەکەن.

**پێشمەرگە دێرینەکان هەڕەشەیان لێکرابوو و بەزۆر ڕاپێچکرابوون بۆ خۆپیشاندانەکە**

---

# هەر فەرمانبەرێک زیاتر لە (٤) ملیۆن دیناری لای حکومەتە

## پەرلەمانتارێکی گۆڕان: دەست لە مافی خووراوی فەرمانبەران هەڵناگرین

ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

هەر فەرمانبەرێکی ئیدارەی سلێمانی زیاتر لە (٤) ملیۆن دیناری لە لای حکومەتەو حکومەتیش بەپێی ئەو ڕێنماییانەی دەریکردووە، ئامادەنییە ئەو مووچە خووراوەیان پێ بداتەوە، پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕانیش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە دەست لە مافی خووراوی فەرمانبەران هەڵناگرن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێنمایی ژمارە (٢٥) لە بەرواری ٢٠١٠/١٢/٢٩دا بڕیاری دا، کە بە مەبەستی یەکخستنەوەی مووچەی فەرمانبەرانی (ئیدارەی سلێمانی پێشوو) لەگەڵ فەرمانبەرانی دامودەزگاکان لە پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک، یەک پلەی وەزیفی بدات بە سەرجەم ئەو فەرمانبەرانەی کە لەسەر یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠)ی هەموارکراو پێش ساڵی (٢٠٠٣) دامەزراون، بڕیارەکەش لە ٢٠١١/١/١–وە جێبەجێ دەکرێت.

عەزیمە نەجمەدین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەی بۆ ڕۆژنامە شیکردەوە؛ کە بوونی ئەو کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە دوو ئیدارەیی لە کوردستان هەبوو، مووچەی هەموو عێراق بەپێی یەک سیستمو بەپێی ساڵی خزمەتو بڕوانامە یەک مووچە لە هەموو عێراقدا دارێژرا بە هەرێمی کوردستانیشەوە، "بۆیە لە (٢٠٠٣)وە ئەو سیستمی مووچەیە لە ئیدارەی هەولێر بە فەرمانێکی وەزارەتی دارایی سنووری هەولێر بە هۆی بەرزکردنەوەی یەک پلەی فەرمانبەران مووچەی فەرمانبەران، زیادکرا، بەڵام لە سلێمانی ئەو پلە بەرزکردنەوە نەکرا، ئەمە بووە هۆی جیاوازیی لە مووچەی فەرمانبەرانی هەولێرو دهۆک لە فەرمانبەرانی سلێمانی، هەر بۆیە ئێمە لە فراکسیۆنی خۆمان ئیشمان لەسەر کردووەو چەندین جار سەردانی وەزارەتی داراییمان کردووەو وەزعەکەمان تێگەیاندوون".

لە ئێستادا (١٢) پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان یاداشتێکیان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرزکردووەتەوەو تێیدا داوایان لە حکومەت کردووە؛ قەرەبووی جیاوازیی مووچەی فەرمانبەرانی سلێمانی بە بەراورد لەگەڵ مووچەی فەرمانبەرانی تری کوردستانو عێراق بکرێتەوە.

هەروەک عەزیمە نەجمەدین، وتی: "ئەوەی ئێمە داوامانکردووە مافی ڕەوای فەرمانبەرانە، چونکە بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان هەر فەرمانبەرێک زیاتر لە (٤) ملیۆنی کەوتووەتە لای حکومەت، بۆیە بە ڕەوای نابینین ئەو مەبلەغە پارەیەی فەرمانبەر تیابچێت".

شارەزایەکی ئابووریی بە مافی فەرمانبەرانی دەزانێت کە حکومەت ئەو بڕە قەرەبووەیان بۆ بگەڕێنێتەوە، هەرچەندە ڕەشبینیشە بەرامبەر بە پێدانەوەی ئەو قەرەبووە.

هاوار شێخ ڕەئوف، شیکردنەوەیەکی ئابووریی بۆ مەسەلەکە کردو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوای (٢٠٠٣) کە مووچەی فەرمانبەران لە سەرجەم عێراقدا بەپێی سیستمی ڕاژەی شارستانی ساڵی (١٩٦٩) دەستکاریی کرا، لە سلێمانی هەڵەیەک لە جێبەجێکردنیدا ڕوویدا، کە بەهۆیەوە بەشێکی زۆری فەرمانبەران کە پێش ساڵی (٢٠٠٣) دامەزرابوون مووچەی ڕاستەقینەی خۆیان بۆ نەبەسترا، بەڵکو کەموکوڕیی هەبوو لە بەستنی مووچەکەیان، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی کە لەو ساڵەوە تائێستا فەرمانبەرانی سلێمانی لە ئیستیحقاقی خۆیان کەمتر مووچە وەربگرن، بەم پێیەش بەشێکی زۆر لە پارەی فەرمانبەران دەکەوێتە لای حکومەت، چ ئەوانەی کە تائێستا لە دەوامدا ماون، چ ئەوانەی کە خانەنشین بوون، بەڵام لەو کاتەدا داوامیان کردووە، چ ئەوانەش کە بە هەر هۆکارێکەوە لە وەزیفەدا نەماون، وتیشی: "ئەم فەرمانبەرانە هەموویان مافیان لەسەر حکومەت هەیەو بەپێی مەنتیقو دادپەروەریی پێویستە حکومەت خۆی بە بەرپرسیار بزانێت لە ئاستی ئەو کێشەیەداو ئەو بڕە فەوتاوەی مووچەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە.

بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٢٥) کە حکومەت بۆ ئەو مەبەستە دەریکردووە، تەنیا ئامادەیە کە هەڵەکەی ڕاست بکاتەوە لە ئێستاوە بۆ داهاتوو، بەڵام بە وتەی هاوار؛ "لە خاڵی (٨)دا ڕێنماییەکە باس لەوە دەکات کە بە هیچ جۆرێک جیاوازیی مووچە خەرج ناکرێتەوە، واتە هیچ فەرمانبەرێک قەرەبوو ناکرێتەوە، بەرامبەر بەو مووچە فەوتاوە، بۆیە گەشبین نیم، پێموایە؛ حکومەت ئەو مووچە فەوتاوە ناداتەوە، چونکە لە ڕێنماییەکەدا بە ئاشکرا باسی لەوە کردووە".

ئەو ئابووریناسە پێی وابوو؛ کە ئەگەر نیازێکی واش لە ئارادابێت، پێدانەوەی ئەو بڕە قەرەبووە بەسەریەکەوە بۆ حکومەت ڕەنگە زۆربێت لە ئێستادا، بۆیە "دەتوانێت بە شێوەی بەش بەش لەگەڵ مووچەی مانگانەدا بە چەند مانگێک، یان چەند ساڵێک بۆ فەرمانبەرانی بگەڕێنێتەوە".

**عەزیمە نەجمەدین: ئەوەی ئێمە داوامانکردووە مافی ڕەوای فەرمانبەرانە، چونکە بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان هەر فەرمانبەرێک زیاتر لە (٤) ملیۆنی کەوتووەتە لای حکومەت**

عێراقی

**بوشرا عوبەیدی: ئەنجومەنی نیشتمانی تا ئێستا سێ ناوی هەیە**

# وەزارەتی نەوت: بە رێککەوتنی نێوانمان، دەبێت وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم رێ لە بەقاچاخبردنی نەوت بگرێت

**کاروان عومەر**

عاسم جیهاد، وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، ئاشکرای دەکات کە بەپێی ئەو رێککەوتنەی لەنێوان وەزارەتەکەی‌و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمدا کراوە، دەبێت وەزارەتەکەی هەرێم بنکەی پۆلیس دابنێت بۆ رێگرتن لە بەقاچاخبردنی نەوتی خاو.

عاسم جیهاد، ئاماژە بەوەش دەدات کە رێککەوتوون لەسەر کاراکردنی پاڵاوتگەکانی هەرێم‌و هاوتاکردنی نرخی سووتەمەنی هەرێم لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراقدا.



پاش ئەوەی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان سەردانی بەغدای کردو لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی نەوتی ناوەند کۆبووەوە، ئەو کات رێککەوتنێک راگەیەنرا سەبارەت بە دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێم لە رێگەی هێڵەکانی گواستنەوەی نەوتی عێراقەوە بە رێژەی (١٥٠)هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، کە داهاتەکەی دەچێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەتی عێراقی‌و بەغداش پارەی گرێبەستی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتی هەرێم دەدات‌و لەوبارەیەوە عاسم جیهادی وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە، بە رۆژنامەی راگەیاند: "یاداشتێکی لەیەک تێگەیشتن لەنێوان وەزیری نەوتی عێراق‌و وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان ئیمزاکراوەو بەپێی ئەو رێککەوتنەش، پاڵاوتگەکانی هەرێمی کوردستان کارا دەکرێن‌و دابینکردنی پێداویستییەکانی هەرێم لە سووتەمەنی بەهەمان نرخ کە بۆ پارێزگاکانی تری عێراق دانراوە".

بەقاچاخبردنی نەوتی هەرێمیش یەکێکی تر بووە لەو کێشانەی کە لەنێوان وەزارەتی نەوت‌و سامانە سروشتییەکاندا باسی لێوەکراوەو وەک وتەبێژی وەزارەتی نەوت ئاماژەی پێدا، هەردوولا رێککەوتوون لەسەر ئەوەی کە ژمارەیەک رێوشوێن بەمەبەستی رێگرتن لە بەقاچاخبردنی نەوتی خاو و بەرهەمەکانی بگیرێتەبەرو لەسەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێویست کراوە کە لای خۆیەوە ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، لە رێگای دامەزراندنی چەند بنکەیەکی پۆلیس کە ئەرکی رێگرتنە لە بەقاچاخبردنی نەوتی خاوو بەرهەمەکانی، بەڵام سەبارەت بە داهاتی پێشتری بەقاچاخبردنی نەوتی هەرێم، عاسم جیهاد وتی: "لە میانی ئەو دانوستاندنانەدا تاوتوێی داهاتی نەوتی بەقاچاخبراو لە هەرێمی کوردستان نەکراوەو هیوادارین کە بەقاچاخبردنی نەوتی هەرێم لە داهاتوودا روونەدات، چونکە نەوت سامانێکی سروشتیی گشتییەو پاراستنی ئەرکێکی نیشتمانییە".

ئەمەش لە کاتێکدایە کە بەشێوەیەکی فراوان باس لە ئەگەری وردبینیکردنی گرێبەستەکانی نەوتی هەرێم نەکراوە کە پێشتر وەزارەتی نەوتی عێراق لەسەردەمی حسێن شەهرستانیدا جەختی لەسەر دەکردەوە.

وتەبێژی وەزارەتی نەوتیش، لەوبارەیەوە وتی: "حکومەتی ناوەندی، هیچ داواکارییەکی پێشکەش بە لایەنی کوردی نەکردووە بە مەبەستی وردبینیکردن یان پەسندکردنی بۆندە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان".

## پەرلەمانتارێکی گۆڕان لە بەغدا، داوای باشکردنی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ گەشتیارە کوردەکان دەکات

**رۆژنامە**

پەرلەمانتارێکی عێراق لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، داوای ئەوە دەکات کە یاسایەکی تایبەت بە گەشتیارانی عێراقی هەڵبوەشێنرێتەوە کە ئەستەمی خستووەتە بەردەم هاتنەوەیان بۆ عێراق.

لە دانیشتنی شەممەی رابردووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، هەڤاڵ کوێستانیی، ئەندامی ئەو ئەنجومەنە لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، داوای کرد، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هاوڵاتییە عێراقییانەدا بگۆڕدرێت کە لەدەرەوەی وڵاتەوە دێنەوە عێراق‌و هەرێمی کوردستان، کە ئێستا بەپێی یاسای ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٧٨)ی مامەڵەی بیانیانی سەردەمی بەعس کاردەکرێت‌و هەر هاوڵاتییەکی عێراق لەدەرەوە بگەڕێتەوە، لە پاسپۆرت‌و مانەوە (١٠)رۆژی دەدرێتێ‌و دواتر داوای مانەوەی سێ مانگ دەکات‌و دواتری داوای ماوەی یەک ساڵ دەکات‌و دەبێت تەزکیەی ئاسایشیش ببات.

بەپێی مادەی (١٨)ی دەستوور، هەموو هاڵاوتییەکی عێراقی بۆی هەیە دوو رەگەزنامەی هەبێت‌و بەپێی مادەی (١٤)ی هەمان دەستووریش، عێراقییەکان یەکسانن‌و نابێت جیاوازییان بکرێت.

لەوبارەیەوە، هەڤاڵ کوێستانیی بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو رێوشوێنانە سەرئێشەی ناپێویست بۆ هاوڵاتییانی کوردو عێراقی دروست دەکەن کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ وڵات»، روونیشی کردەوە کە لیژنەی تایبەت بەو پرسە لە پەرلەماندا بەدواداچوون بۆ ئەو کێشەیە دەکات.

# دەستپێشخەرییەکەی بارزانی، روو لە شکستە

## سەبارەت بە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، دەوڵەتی یاسا پابەند نابێت بە رێککەوتنەکانی هەولێرەوە

**راپۆرتی: علی ناجی- بەغدا**

ناکۆکییەکان لەسەر ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، دەستپێشخەرییەکەی بارزانی بەرەو شکست دەبەن‌و ئەندامێکی ئیئتیلافی عێراقییەش، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لایەنە سەرەکییەکانی بەغدا نایانەوێت ئەو دەستپێشخەرییە جێبەجێ بکەن.

پاش سێ مانگ لە سازدانی یەکەم کۆبوونەوەی سەرجەم کوتلە سیاسییەکانی عێراق لە شاری هەولێرو خستنەڕووی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم کە لەنێویاندا پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، یەکێک لە پێشنیازەکان بوو، تا ئێستا کێشەکان لەسەر ئەو ئەنجومەنە بەردەوامن، بەتایبەت لەسەر هەیکەلی ئەو ئەنجومەنە کە کێشەی سەرەکیی نێوان ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتیی نوری مالیکی‌و ئیئتیلافی عێراقییە بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوییە.

لەوبارەیەوە، خالید ئەسەردی ئەندامی وەفدی دانوستانکاری ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، ئاماژەی بەوەدا، کە ئەو رێککەوتنەی لەنێوان لایەنەکاندا کراوە، لەسەر ئەو ئەنجومەنە باس لەوە نەکراوە کە ئەو ئەنجومەنە لەناو پەرلەماندا دەنگی لەسەر دەدرێت، بەڵکو پێکهاتەی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە هەڵدەبژێرن‌و تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: "بەم دواییە، هەندێک پرسی پەیوەندیدار بە ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان کە ئامانج لێی ئاڵۆزکردنی گۆڕەپانی سیاسییەو ئەوە یەکلایی بووەتەوە کە ئەو ئەنجومەنە لە هەر سێ سەرۆکایەتیی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران‌و پەرلەمان‌و جێگرەکانیان‌و سەرۆکی کوتلە سیاسییەکان پێکدێت".

هاوکات، ئەندامێکی ئیئتیلافی عێراقییە، دەوڵەتی یاسای بە پشت هەڵکردن لە لە رێککەوتنی هەولێرو دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم تۆمەتبار دەکات.

ناهیدە داینی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ئیئتیلافی عێراقییە، بە رۆژنامەی راگەیاند: "رێککەوتنەکەی هەولێر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان، جێبەجێکارو راوێژکاریش بێت‌و لە پەرلەماندا دەنگی لەسەر بدرێت وەک هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی تری عێراق".

هاوکات، هەندێک لە بەرپرسانی عێراقییە، لە رێگەی لێدوانی جیاجیاوە ئاماژەیان بەوەدا کە هەریەک لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان‌و ئەنجومەنی باڵاو رەوتی سەدر، لەگەڵ ئەوەدان کە لەناو پەرلەماندا دەنگ لەسەر سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان بدرێت‌و پەرلەمانتارێکی رەوتی سەدریش ئەو زانیارییانە پشتڕاست دەکاتەوە.

ئەمیر کینانی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کوتلەی ئەحرار (سەدرییەکان) بە رۆژنامەی راگەیاند: "ئێمە لەناو پەرلەماندا دەنگ لەسەر جێگیرکردنی ئەیاد عەلاوی دەدەین لە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنەکەداو بەهەمانشێوەش پێکهاتەی ئەنجومەنەکە پێویستی بەدەنگدانە لە پەرلەمانداو دەبێت هەموو دامەزراوەیەکی عێراقی لە رێگەی یاسایەکی پەرلەمانەوە دابمەزرێنرێت".

لەلایەکی ترەوە، ئەندامێکی ئیئتیلافی تەوافوق، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کوتلە سەرەکییەکان پشتیان لە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم کردووە.

خالید عەلوانی ئەندامی ئیئتیلافی تەوافوق لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە؛ کە کوتلە سەرەکییەکان لەسەر ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان رێکناکەون‌و دەستی دەستی بە دەرەنجامەکانی دەستپێشخەرییەکەی بارزانی دەکەن.

ئەمەش لەکاتێکدایە کە پسپۆڕانی یاسایی ئاماژە بە ئاڵۆزیی پێکهاتەی ئەنجومەنی نیشتمانیی بۆ سیاسەتە ستراتیژییەکان دەکەن.

بوشرا عوبەیدی، پسپۆڕی یاسایی عێراقی، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە ئەو ئەنجومەنە تا ئێستا سێ ناونیشانی هەیەو ئەگەر ئەو ئەنجومەنە وەک دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن‌و یاسادانان‌و دادوەریی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەوە نادەستوورییەو ئەگەر لەچوارچێوەی سێ سەرۆکایەتییەکەی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران‌و پەرلەمانیشدا بێت، پێویستی بە هەمواری دەستوورو دەرکردنی یاسایەو ئەگەر وەک دەستەیەکی سەربەخۆش دابنرێت، پێویستە لە پەرلەماندا دەنگی لەسەر بدرێت.



## زمانی کوردی دادگایی دەکرێت

چاوپێکەوتن

ڕۆژنامە: دادگاییکردنی (١٥١) سیاسیی بەناوبانگی کورد لە دیاربەکر بەردەوامە.
ئەم دادگاییە لە تشرینی یەکەمی ساڵی پاردا دەسپێکردوو دواتر وەستێنراو لە (١٣)ی مانگی پێشوو دەستپێکردەوەو تائێستاش بەردەوامە.
لەم دادگاییەدا چەندین پارێزەرو چاودێریی بیانی ئامادەن، لەنێویاندا چوار نوێنەری بەریتانی کە بڕیارە دواتر کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانیی ڕێکبخەن لە بارەی دادگاییکردنەکەو چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا.
هەر لە ئێستاوە ئەم چاودێرانە بەڕێوەچوونی دادگاکەیان بە سەلمێنەری سەرکوتکردنەوەی کوردەکان لە قەڵەمداوەو بڕیاریشە بەمزوانە ڕاپۆرتێک لەسەر دادگاییەکە بڵاو بکەنەوە، هەروەک جۆی رایان، وتی؛ ڕێگرتن لە قسەکردنی سیاسییە کوردەکانیان بە زمانی دایک بە "پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە قەڵەم دا".

## پشکۆ نەجمەدین، نووسەرو ڕووناکبیر:

# ئەم دەسەڵاتە بە ئاسانی توانای خۆگونجاندنی نییە لەگەڵ دۆخی سەردەمدا

**نووسەرو ڕووناکبیر پشکۆ نەجمەدین، سەرەڕای ڕەخنەکانی لە ئۆپۆزسیۆن پێیوایە؛ لە زۆر بواردا کاری خۆی کردووەو چالاکو بزێوەو پێداگریی لەسەر زۆر مەسەلەش کردووە، سەرەڕای ئەوە تائێستا نەچووەتە سەر ڕاستەڕێی خۆی.**



سازدانی: بەهادین یوسف

**ڕۆژنامە: ئۆپۆزسیۆن کە دیاردەیەکی تازەیە لە کوردستان تا چەند دەسەڵات توانیویەتی بە شێوەیەکی دروست مامەڵەی بکات، بە پێچەوانەوە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن چۆن دەبینیت لە ماوەی ڕابردووی کارکردنیدا؟**

* دەسەڵات یاخود ئەو هێزە سیاسییانەی لە وڵاتی ئێمەدا دەسەڵات بەڕێوە دەبەن، سترەکتۆریان، مێژووی سەرهەڵدانو فراژووبوونیان، ڕێگاو شێوازی بە دەسەڵات گەیشتنیان، ئاسایيو نۆرماڵو تەندروست نین، مامەڵەو ئەدایان لە کایە جیاوازەکاندا وەک پێویست نینو بۆ ئەوەی ئێمە لە خەیاڵی سیاسییدا نەژین، بەراوردکردنی کاری دەسەڵات لە کوردستاندا، "بەپێی ئەو خەسڵەتە تایبەتانەی خۆی"، بە فۆرمو پێکهاتەو ئەدای دەسەڵات لە وڵاتانی مۆدرندا، کارێکە دوور لە واقیعی سیاسییو کۆمەڵایەتیو کەلتووریی سیاسیی خۆجێیی.

دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆن، لە زەوینەیەکی هاوبەشی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەوە پەیدابوونەو گەشەیان کردووە، ئەوان هەڵگری کۆمەڵێک ڕەگەزی سیاسییو فەرهەنگیی هاوبەشن، وەلێ جیاوازییەکانیشیان دەبینرێن، ناتەندروستیی مامەڵەی نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆن، دیاردەیەکی دوولایەنەو پەیوەندیی بە لێکتێنەگەیشتنو دردۆنگیی ئەم بۆ ئەوی دیکەیان هەیەو فۆبیای دۆڕاندنی دەسەڵاتیش، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت!

> **ئەو ئازادییەی لە کوردستان هەیە دیاریی هیچ حیزبێك نییە**

ئەزموونی دەسەڵاتو ئەزموونی ئۆپۆزیسیۆنبوون، کەمتەمەنو پرۆسەی دیموکراتییش، لە وڵاتانی هاوشێوەی کوردستاندا، جارێ هەر تارماییەو لە زەوینەی واقیعدا، چوارپەلی لە زەویدا نییە!

ساتێک حاڵی دەسەڵات ئەوە بێت کە دەیبینینو دەیناسین، ساتێ ڕیشە مێژووییەکەی ئەقڵو بینینی ئۆپۆزیسیۆن لە پرۆسەی شکڵگرتنی خۆیدا، خزمایەتییەکی "هاوخوێنی"ی لەگەڵ دەسەڵاتدا هەبێت، دەبێت ئۆپۆزیسیۆنیش لە کەلێنو کەلەبەر لێوانلێوبێت! ئێمە نابێت ئۆپۆزیسیۆن وەکو هێزێکی سیاسیی بناسین کە ڕکبەرو وێرانکەری دەسەڵاتە، بەڵکە دەبێت هێزێک بناسین فیکرو فەلسەفەو دنیابینییەکی جیا لە دەسەڵاتی، بۆ کایەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت! من ئۆپۆزیسیۆنێک دەبینم کە خۆی لە بازنەی تەسکی ڕکابەریی دەسەڵاتی سیاسیدا جەڕاندووەو هەموو سەرمایەکانی لەو بوارەدا بە کار دەبات! ئیدی ڕوونە کە من ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە ماوەی ڕابردوودا وەکو پێویست نەبینمو تەمەننای کاری باشتری بۆ بخوازم.

**ڕۆژنامە: تاچەند ئۆپۆزسیۆنی کوردستان چووەتە سەر ڕاستەڕێی کارکردنی خۆی، یان بڕواتان وایە بە ئەرکی خۆی هەستابێت؟**

* ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستاندا، لە زۆر بواری کاری خۆیدا وەکو ئۆپۆزیسیۆن، چالاکو بزێو کاری کردووەو لەسەر زۆر مەسەلەی گرنگ پێداگریيو کێشمەکێشی کردووە، بەڵام هێشتا زۆری ماوە بۆ ڕاستەڕێو بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی تەندروستی کارکردن کە متمانەی بەشێکی زۆری خەڵک وەر بگرێت!

ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن، ئەرکێکی فرەڕەهەندە، سەختو پڕ لەمپەرە، درێژمەودایەو پشوویەکی زیاتری گەرەکە، لە چەند مانگو چەند ساڵیشدا بە ئاکام ناگات!

**ڕۆژنامە: جەدەلێک دروستبووە لەسەر سەرەتاکانو سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنو ئیسلامییەکان خۆیان بە لە پێشتر دەزانن لە گۆڕان، پێش دروستبوونی گۆڕان حیزبە ئیسلامییەکان ڕۆڵو ئەرکی ئۆپۆزسیۆنیان بینیوە، بەتایبەت لە کابینەکانی حکومەتدا بەشداربوونو وەزارەتیان وەرگرتووە؟**

* جەدەلێکی بێماناو بێئەنجامە! حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان "یەکگرتووی لێ دەرهاوێ"، لە سەرەتای ئەزموونە سیاسییەکەی کوردستاندا، ئۆپۆزیسیۆنێکی توندڕۆی چەکدار بوونو دژی هەر جۆرە سازانو پێکەوە هەڵکردنێکی دیموکراتییانە بوون لە سیستمێکی حوکمڕانیی خۆجێییدا! پراکتیزەکردنی سیاسەتی شەڕئامێزانەی ئەوان، شانبەشانی شەڕی پارتيو یەکێتی لە نەوەتەکانی سەدەی پێشوودا، پرۆسەی سیاسیی لە کوردستاندا ئیفلیج کرد! پاشتریش، کە هاوکێشە سیاسییو سەربازییەکان لە ئێراقو نێوچەکەدا گۆڕدران، هێزە ئیسلامیستە توندڕۆکانی کوردستان "بە شەقی زەمانە"، بوونە ئۆپۆزیسیۆنی بەشدار لە حکومەتدا! ئەمەش جۆرێکە لە پارادۆکسی نەخشەی سیاسیی لە وڵاتی ئێمەدا!

ڕاستە حیزبە ئیسلامییەکان بەشدارییان لە کابینەکانی حکومەتدا کردووە، دیسانیش بە بەرنامەو ئاگێندایەکی دیکە، لە کەناڵو کایەکانی دیکەدا، ئۆپۆزیسیۆن بوون! ئۆپۆزیسیۆنبوونی ئەوان، بە بەشداریکردن، یاخود نەکردنیان لە حکومەتدا پێوەست نییە، بەڵکە ئەوان تێگەیشتنێکی دیکەیان بۆ چەمکو مانای ئۆپۆزیسیۆن هەیەو کاریشی بۆ دەکەن!

**ڕۆژنامە: لە ئێستادا ئۆپۆزسیۆن هەر کارێک بکات لەلایەن دەسەڵاتەوە بە موزایەدە ناو دەبرێت، بە نموونە لە ڕەتکردنەوەی یاسای خۆپیشاندانو پشتگیریی کەمپەینەکانی ڕەتکردنەوەدا، ئایا بە ڕاستی ئۆپۆزسیۆن موزایەدەچییە، یان دەسەڵات نایەوێت بچێتە ژێرباری داواکانی ئۆپۆزسیۆنەوە؟**

* دارشتنی پرسیارەکە گشتگرەو جۆرێک لە ئیشکالاتی تێدا هەیە! وێڕای ناتەندروستیی مامەڵەی نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆن لە زۆر بواردا، دیسانیش پێم وا نییە، دەسەڵات هەموو کارو داوایەکی ئۆپۆزیسیۆن بە "موزایەدە" ناودێر بکات، لە ڕاستیشدا هەموو پرۆژەو داواکانی ئۆپۆزیسیۆن "موزایەدە" نین.

ئەوی کە ئۆپۆزیسیۆن تازەکوورەو کەمئەزموونە، دەشێت هەندەک جارانیش، خواستو پرۆژەگەلێک بخاتە ڕوو کە وەک "موزایەدە" ببینرێنو قابیلی جێبەجێکردن نەبن!

یەکێک لە ئیشکالاتە جیددییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە وڵاتی ئێمەدا، دیدو بۆچوونو ڕووبەڕووبوونەوەیەتی لەگەڵ قەیرانە سیاسيو کۆمەڵایەتییەکاندا، دەمەوێت بڵێم: هەندەک جاران، ئۆپۆزیسیۆن لە بری ئەوەی بەشێک بێت لە چارەسەی قەیرانەکان، خۆی ماکی خولقاندنی قەیرانەکانو قەبەکردنیانە! ئەمەش نەک هەر بە "موزایەدە" هەژمار دەکرێت، بگرە خەندەقی پەیوەندییو مامەڵەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدا قووڵتر دەکاتەوە.

**ڕۆژنامە: ئایا دەسەڵات بە فیعلی دەیەوێت بواری ئازادیی بەرتەسکبکاتەوە یان فراوانبوونی ئازادیی بیروراو دەربڕین مەترسیی بۆ دەسەڵات دروست دەکات، سەرەڕای ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا پارتی دیموکراتی کوردستان چەندین سکاڵای لەسەر میدیاکانو نووسەران تۆمار کردبوو، بەڵام دواتر بڕیاری کشانەوەی ئەو سکاڵایانەی دا، بە ڕای ئێوە فشارەکانی کاریگەرییان هەبووە، یان پارتی خۆی گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە بە تۆمارکردنی سکاڵاش نەیتوانی دەمکوتی میدیاو نووسەران بکات؟**

* قسەکردن لەسەر دۆخی ئازادیيو ئازادیی ڕادەربڕین، دەسەڵاتو ئازادیی نووسینو فیکرو بۆچوون دەربڕین، دەسەڵاتو میدیای ئازاد، ڕوانینی هەر یەک لە ئۆپۆزیسیۆنو دەسەڵات بۆ ئازادییە کەسەکيو گشتییەکان، دیاردەی دەبڵهەلوێستی "کە دەکاتە دەبلمۆراڵی" لە هەمبەر کێشەکانی ئازادیی، لە کن دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆن، تەوەر گەلێکن دەشێ هەمەلایەنترو قووڵتر تاووتوێ بکرێنو لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بخوێنرێنەوە!

ئەگەر لە دەستپێکی پرسیاری ئێوە ئەنجامێک هەڵبهێنجێنین، دەشێ هەموو لایەکمان لەسەر ئەوە کۆک بین، کە لە کوردستاندا "ئازادیی"یەک هەیەو ئەم ئازادییەش دیاریی چ حیزبو دەسەڵاتێک نییە بۆ ئێمە، هیچ هێزو لایەنێکیش مافی ئەوەی نییە ئەم "ئازادیی"یە وەکو دەستکەوت بە ئێمە بفرۆشێتەوە! ئازادیی، مافی سروشتیی هەموو تاکێکەو هەموومان وەکو مرۆڤ، شایستەی مومارەسەکردنی ئازادیی خۆمانین!

لە کوردستاندا، ئازادیی سیاسیی، ئازادیی ڕێکخراوبوون، ئازادیی ڕۆژنامەگەریی "بە فەوزاکانییەوە"، ئازادیی هەڵبژاردن "بە خروقاتەکانییەوە"، ئازادیی ڕادەربڕین "بە لەمپەرە کەلتووری، ئایینيو سیاسییەکانییەوە"، ئازادییەکانی تاک "بە کەموکورتییەکانییەوە"و ئازادیی میدیا "بە نائازادییەکانییەوە" بوونیان هەیە، دەیانبینینو مومارەسەیان دەکەین!

دۆخی ئازادییو فەوزاکانی، ئازادیيو گرفتو لەمپەرەکانی لە وڵاتی ئێمەدا، لە پرۆسەیەکدا دەبزوێن کە کیسەڵڕۆیەو لە سۆنگەی کۆمەڵێک فاکتەرو هەلومەرجی ناتەندروستی فەرهەنگی، کەلتووریی، سیاسیيو کۆمەڵایەتیدا، بە ئاسانی ڕێک ناخرێنو ڕێڕەوێکی دروستیان بۆ نابینرێتەوە.

داخۆ دەسەڵات خوازیاری بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانە؟

دەبێ ئەم پرسە شی بکەینەوەو پارچەپارچەی بکەین.. مەبەستمان لە دەسەڵات چییە؟ حیزبە دەسەڵاتدارەکانو سەرۆکەکانیان؟ حکومەتو دەسگاکانی؟ دەسەڵاتی میدیای حیزب، کە کارکردی لەسەر فەزای ئازادیی هەیە؟

داخۆ دەسەڵات مافی ڕێکخستنی ئازادییەکانی لە چوارچێوەی یاسادا هەیە؟ ئەگەر وەهایە، یاساکان کامانەنو کەموکوڕییەکانیان لەکوێدان؟

داخۆ ئێمە خوازیاری ئازادییەکی ڕەهای بێ مەرجو بەندین؟ ئەم جۆرە ئازادییە لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا بوونی هەیە.

دەسەڵات فشار بۆ ئازادیی دینێت! ئەمە دروستەو هەستی پێ دەکەین، بەڵام داخۆ لەم فشارهێنانەی دەسەڵاتەوە بۆ ئازادیی، دەبێت بەو ئەنجامە بگەین کە ئێمە دەسەڵاتێکی دژەئازادیمان هەیە؟! یاخود ئەوە خوێندنەوەی سەقەتی دەسەڵات، یاخود بەشێکە لە دەسەڵات، بۆ چەمکو سنوورەکانی ئازادیی؟ هەر وەک بەشێک لە هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵاتیش بە مەزهەبيو عەلمانییەوە "ئەگەر هێزی عەلمانیمان هەبن" خوێندنەوەی سەقەتو نالۆژیکییان بۆ ئازادیی هەیە!

من، بەپێی ئاشنایيم لەگەڵ کارەکتەرو خەسڵەتە تایبەتەکانی پێکهاتەی مێژوویی، کەلتووريیو سۆسیۆلۆژیی هێزە سیاسییەکانی دەسەڵاتی کوردی، دەتوانم لەوە تێبگەم کە ئەم دەسەڵاتە، وا بە ئاسانی توانای بینو خۆگونجاندنی لەگەڵ دۆخی سەردەمدا نییە، هەر بۆیە مامەڵەکردنی لەگەڵ زۆر دیاردەو دەرکەوتی سیاسيو فەرهەنگیدا "لەوانیش مەسەلەی ئازادیيو ئازادیی ڕادەربڕین"، دەشێ لەگەڵ پێداویستیی قۆناخەکەدا جووت نەبێتو هاوتای خەیاڵدانی سیاسیی ئێمە، یەک نەیەتەوە! دەسەڵات فشار دینێتو هێزەکانی نێو کۆمەڵی کوردستانیش دژەفشار دەخولقێنن، ئەگەر میتۆدو میکانیزمێکی مۆدرنو گونجاو بۆ ململانێی نێوان جەمسەرەکانی ئەم هاوکێشەیە ببینرێنەوە، ئەگەر هەوڵو تێکۆشانەکان لە زەبرو هەڵویستفرۆشتن خاڵی بکرێنەوە، دەشێ لەگەڵ زەمەندا، بازنەکانی ئازادیی فراوانتر بکرێنو لەمپەرەکانی هەڵبگیرێن!

> **لە ڕاستیشدا هەموو پرۆژەو داواکانی ئۆپۆزسیۆن "موزایەدە" نین**

ئازادیی خۆپیشاندانو ئەو هەڵاو نارەزاییەی لە واژۆکردنی یاساکە لە شەقامی کوردیدا لێی کەوتنەوە، دەشێ نموونەیەک بێت بۆ باش مامەڵەنەکردنی ئۆپۆزیسیۆن دەرهەق بە یاسایەک کە کەلێنو کەلەبەری تێدانو پێویستی بە هەموارکردن هەیە! یاسایەک کە مافی خۆپیشاندانی لە ئێمە زەوت نەکردووە، بەڵکە بە جۆرێک مەرجداری کردووەو لەوەش زیاتر هەندەک ئیشکالاتی دیکەی هەیە.. لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا، تۆ ناتوانیت هەر سات گەرەکت بوو، هەر چۆن ویستت خۆپیشاندان بکەیت! لە وڵاتانی دنیای مۆدرنیشدا، ئەم یاساو ڕێسایانە هەن، دەشێ ئەوەی لای ئێمە پێویستی بە هەموارکردن هەبێت.

ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە ئۆپۆزیسیۆن ئەگەر پێویستی بوو قەیران دەخولقێنێت، یاخود قووڵتری دەکاتەوە، کەچی لە حاڵەتێکی تردا، کە کێشەو کۆنفلیکتێک لە کایەی ئازادیی نووسیندا، لەنێوان هەندێک مەلای ناحاڵيو نووسەراندا دێتە گۆڕێ، ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامیی چەپڵە بۆ ناحاڵییەکانی خۆی لێ دەداتو "گۆڕان"یش کە وەکو بزووتنەوەیەکی "سێکۆلار!" لە کۆمەڵی ئێمەدا خۆی پێناسە دەکات، نەک هەر خۆی لێ نەبان دەکات، بگرە پرۆژەی ڕۆشنبیرانیش بۆ ڕێکخستنی ئازادیی، بە لە قالبدانی ئازادیی "مەلاکان" دەناسێنێتو پێی وایە، بێدەنگنەبوونی نووسەران لە فەتواکانی مینبەرو مەلاکان، ئاو لە ئاشی دەسەڵات دەکات! بزووتنەوەی گۆڕان، ناخوازێت لەگەڵ هێزە ئیسلامیستە هاو ئۆپۆزیسیۆنەکانیدا قەیران بخولقێنێت، یاخود قووڵی بکاتەوە! ئەمەیە دەبلمۆراڵیی ئۆپۆزیسیۆن! ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ چەمکی سیاسەتو مۆراڵو پەیوەندییەکانیان! چەمکی میکافیلیانەی ئەخلاقو سیاسەت، کە ئێستا هەندەک لە نووسەرانی ئێمە، داهێنانی تێدا دەکەن، لە دەسەڵاتی وەردەگرنەوەو بۆ ئۆپۆزیسیۆنی حەڵاڵ دەکەن!

من، بە گشتیی لەسەر دۆخی ئازادیی، دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆن قسەم کرد، ئێستا ئەگەر لەسەر دوا بەشی پرسیاری ئێوە قسەیەک بکەم، دەبێ بڵێم، جێگای خۆشحاڵيیو هیوابەخشە کە کۆمەڵی ئێمە زیندووەو لە ئاست هەر هەنگاوێک بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان، بزووتنو پەرچەکرداری هەیە، کشاندنەوەی داوا یاساییەکانی "پارتی"ش لەسەر هەندەک لە نووسەرانو ڕۆژنامەکان، بەرهەمی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە بوو کە دێت دەسەڵاتی خۆی بە کار دەبات!



تۆماس لیپمان: کوان ئەو سەرکردە کاریزیمیانەی کە دەتوانن ڕەفاهیەتو دیموکراسی ڕاستەقینە بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە بگوێزنەوە؟

## گەلی میسریش لە سەرۆکی دیکتاتۆر ڕاپەڕین

# خۆپیشاندانەکان پەیوەندیی هاوڵاتییانو دەسەڵات دەگۆڕێت لە ناوچەکەدا

ڕاپۆرتی: شاڵاو فەتاح

پرۆتێستو خۆپیشاندانی هاوڵاتییانی میسر، پێش تەواوکردنی هەفتەیەک بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی حکومەتو فشارێکی ئێجگار زۆریشی لەسەر حوسنی موبارەک، سەرۆکی ئەو وڵاتە دروستکردووە.

هەرچەندە فشارێکی ئەمنیو سەربازیی زۆر خرایە سەر هاوڵاتییان، بەڵام لە ئێستادا خۆپیشاندەران بە ژمارەیەکی زۆرتر دێنە سەر شەقامەکانی قاهیرەو شەوانیش مەیدانی تەحریر چۆڵ ناکەن.

پسپۆڕان پێیانوایە؛ هۆی مانەوەی موبارەک، لەسەر حوکم ئەو پشتگیرییە نێودەوڵەتییەیە کە بۆ موبارەک هەیەو گومانی خۆرئاوایە لە دەسەڵات گرتنە دەستی ئیسلامییەکان.

### ئاکامەکانی بەردەوامی خۆپیشاندان

محەمەد بەرادعی، سەرۆکی پێشووی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتییو براوەی خەڵاتی نۆبلی ئاشتی، وەک بەدیلێکی سەرسەختی موبارەک، دەبینرێتو هەمووان پشتگیریی دەکەن، بەرادعی بە ئاشکراو لەناو هاوڵاتییاندا داوایکرد موبارەک، دەستلەکاربکێشێتەوەو بڕواتە دەرەوەی وڵات، لە هەنگاوێکدا بۆ هێورکردنەوەی خۆپیشاندەران عومەر سلێمان، بەرپرسی دەزگای موخابەرات کرایە جێگری سەرۆک، ئەمەش تا ئەو ترسە بڕەوێتەوە کە بنەماڵە دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە. بەڵام لە ئێستادا خۆپیشاندانەکان تەنیا لە میسردا نین، بەڵکو لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا خۆپیشاندەران دەچنە بەردەم باڵیۆزخانەی وڵاتەکەیانو داوای دەستلەکارکێشانەوەی موبارەک، دەکەن.

هەرچەندە پێشتر ئۆباما، لە وتارەکەی خۆیدا لە قاهیرە پەیمانی بە سەرکردە لاوەکانی میسر دا کە پشتگیریی حەزی ئەوان بکات بۆ دیموکراسی، بەڵام هێشتاش پێگەی ئەمریکا نادیارەو پسپۆڕان پێیانوایە؛ ئەمریکا دەیەوێت موبارەک، لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە.

خۆپیشاندەرانی میسر لە هەنگاوێکدا نامەیەکی کراوەیان بۆ باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکا ناردو داوایان لێکرد پەیوەندییەکانی لەگەڵ موبارەک، بپچڕێنێت.

لە ئێستادا کۆپتەرەکان بەسەر هاوڵاتییاندا دەسووڕێنەوەو ئۆفیسی زۆرێک لە کەناڵە ئاسمانییەکان داخراون لەوانەش: ئەلجەزیرە، بەڵام تاکە شتێک کە ڕێگەی لێناگیرێت وەستانی خۆپیشاندانی هاوڵاتییانە.

### کێشەکانی خۆپیشاندان

خۆپیشاندانەکە ڕاستەوخۆ چەند کێشەیەکی دروستکردووە، کە دەریدەخات دەسەڵات لە میسردا بە تەواویی شکستی هێناوە، یەکێک لە کێشە گەورەکانی بەردەم خۆپیشاندەران بریتییە، لە دروستبوونی زیانێکی ئابووریی گەورە بە هۆی مۆڵەقی دۆخی ئێستای میسرەوە. ئەم دۆخە نەک هەر زیانی لە بازاڕو بۆرسەی میسری داوە، بەڵکو لە بازاڕەکانی جیهاندا ڕەنگیداتەوەو بووەتە هۆی فشار دروستکردن، یەکێکی دیکە لە کێشەکان ئازادبوونی چەندین زیندانییە کە هەندێکیان هۆکاری دەستگیرکردنیان ئاشکرا نییەو دوور نییە تۆماری تاوانیان هەبێت. ئەمەش بووەتە هۆی دروستکردنی ترس لەسەر شەقامەکانی قاهیرە.

تاڵانییو دزینو شکاندنی کەلوپەلە مێژووییەکان یەکێکی دیکەیە لە ترسە هەرە گەورەکان، ئەم کێشەیە دوورنییە ببێتە هۆی لەدەستچوونی چەندین کەلوپەلی مێژوویی ئەوتۆ کە بێهاوتان لە مێژووی میسرو جیهاندا، هەرچەندە سوپا ئێستا هاتووەتە سەر شەقامەکان، بەڵام بێلایەنانە کار بۆ پاراستنی دۆخی ئەمنیی دەکەن.

### میسرو گرنگیی بۆ ناوچەکە

میسر هەمیشە وڵاتێکی گرنگ بووە لە ناوچەکەداو لە ئێستاشدا گرنگییەکی زۆری لە یەکلاییکردنەوەی چەندین کێشەی ناوچەکەدا هەیە، شوێنی جوگرافیو زۆریی ژمارەی دانیشتووانو گرنگیی مێژوویی ئەو وڵاتە بووەتە هۆی ئەوەی خۆرئاوا بە چاوێکی گرنگ لە میسر بڕوانێت. میسر لە دوای جەمال عەبدولناسرەوە، بە هێزێکی ناوچەیی زۆر گرنگ لە قەڵەمدراوەو باڵانسی زۆرێک لە کێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقای ڕاگرتووە، سەرکردایەتی میسر زۆربەی کات میانگیر بووە لە کێشەی سودان، ئەسیوبیا، ئیسرائیل فەلەستین، لوبنانو زۆر کێشەی تر، بەڵام دارمانی سیاسییو بێتوانایی سەرکردایەتی ئەم وڵاتە وایکردووە، کە هاوڵاتییانی ناوچەکە دۆخێکی خراپیان لە ڕووی سیاسییو ئابوورییەوە بۆ دروستبێت.

سەرکردایەتیی میسر لەدوای دەسەڵات گرتنە دەستی حوسنی موبارەکەوە، هێندەی تر بەرەو دیکتاتۆرییەت چووەو لە دوایین هەوڵیشیدا موبارەک، دەیویست جەمال موبارەکی، کوڕی ئامادە بکات بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی. ئەم هەنگاوانە توڕەیی جەماوەری (٨٠) ملیۆنی میسری خرۆشاندو هەردوای ئەوەی جەماوەری تونس توانییان دیکتاتۆرەکەیان وەدەرنێن، میسر بووە دووەمین وڵات کە زۆرترین نارەزاییو خۆپیشاندانی تێدا دروستبێتو تائێستاش بەردەوامە، بەڵام گرنگیی میسر کێشەیەکی دیکەی بۆ دروستکردووەو بەڕای پسپۆڕان بە هۆی گرنگیی جیۆپۆلەتیکی میسرەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی نیگەرانە لە گۆڕانی سەرکردایەتیی ئەم وڵاتەو دەیەوێت گرەنتی حوکمێکی باشتر بکرێت لە میسردا، لەگەڵ ئەوەشدا توڕەیی زۆری جەماوەر ئەو بڕوایەی لای خۆرئاوا دروستکردووە کە گۆڕان لە میسردا شتێکی حەتمییەو هێندە هەیە جۆری گۆڕانەکە کێشەی لەسەرە.


### ڕای پسپۆڕان لەسەر داهاتووی ناوچەکە

بە مەبەستی توێژینەوە لە دۆخی ناوچەکە، ڕۆژنامە چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند پسپۆڕێکی نێودەوڵەتیی ناوچەکە کردو پرسیاری دەربارەی داهاتووی ناوچەکەو گومانی


## چاوپێکەوتنی ڕۆژنامە لەگەڵ چەند پسپۆڕێکی نێودەوڵەتیو ناوچەکە



باراخ میکایل



جۆیڵ هێرست



تۆماس لیپمان



خۆرئاوا دەربارەی گۆڕانی ئێستا ئاراستەکردن، بە گشتیی بۆچوونی ئەوان دەربارەی نیگەرانیی خۆرئاوا لە دوو خاڵدا کورتدەبێتەوە؛ داهاتووی ناوچەکەو سەرکردە نوێیەکان نادیارن، ئەمەش دوور نییە ببێتە هۆی دروستبوونی پشێویی لەدوای ڕۆیشتنی دەسەڵاتی کۆن. دووەمیش؛ ترسی دیکتاتۆریەتی ئیسلامیی لە ناوچەکەو پچڕانی پەیوەندییەکانو مەترسیی دروستکردن لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆرئاوا لە ناوچەکە هەیە، گەڕانەوەی سەرکردەکانی ئیخوانو هاتنە ناو جەماوەرەوە ئەم ترسەی زیادکردووەو حوسنی موبارەکیش، ژیرانە ئەم ترسەی خۆرئاوا دەقۆزێتەوەو هەمیشە ناوی ئەوان دەبات.

**باراخ مایکڵ**، پسپۆڕی بواری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو مامۆستای زانکۆ، توێژەری پەیمانگەی فراید لە ئیسپانیا پێیوایە؛ شۆڕشەکان بەردەوامدەبن، بەڵام دڵنیا نییە بتوانن باس لە سەحەری شۆڕش بکەن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقا، ئەم خۆپیشاندانانە دەیسەلمێنن کە خەڵکی توڕەن، نەک تەنیا لە دەسەڵات، بەڵکو لە دۆخی ئابوورییو کۆمەڵایەتیشیان، لەبەر ئەوە گۆڕانیان دەوێت، بەڵام هەموو وڵاتێک تونس نییە، بە تایبەت میسر کە بەشێکە لە هاوکێشەیەکی هەرێمیو کە دەستلەکارکێشانەوەی موبارەک، قورستر دەکات. کێشەکانی ئیسرائیل- فەلەستین، جیابوونەوەی سودان، بەهێزبوونی ئەسیوبیا، ئەو کێشانەن کە وا دەکەن موبارەک، زیاتر پشتگیریی بکرێت بۆ مانەوە.

بە شێوەیەکی فەرمیی، ئەمریکاو ئەوروپا سوورن لەسەر ڕێزگرتنی دیموکراسییو مافەکانی مرۆڤ، بەڵام لە واقیعدا ئەوان دەیانەوێت موبارەک، بهێڵنەوە، چونکە بەدیلێکی باش بۆ ئەو نابینن، لەبەر ئەوە گەر دۆخەکە لەبار بێت، ئەوان پێیان باشترە ئەو ڕژێمە بەردەوامبێت، نەک گۆڕانێکی گەورە ڕووبدات.

**تۆماس لیپمان**، نووسەرو ڕۆژنامەنووس، توێژەری بواری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو ئیسلام لە واشنتۆن دەڵێت: گەشبین نیم، ڕەنگە چەند سەرکردەیەکی نوێ لە میسرو تونس هەبێت، بەڵام دواتر چی ڕوودەدات، کوا ئەو هەلی کارانەی کە دەبێت هەبێت بۆ ئەو لاوانەی لەسەر جادەن؟ هۆکاری ئەوەی کە لە سعودیەو کوەیتیش ئەو جۆرە خۆپیشاندانانە نابینرێت ئەوەیە، کە هەلی کار زۆر بۆ لاوانی خوێندەوار هەیە، بەڵام ئەمە لە میسرو تونسو جەزائیر وانییە، بەڵام واز لەم شاگەشکەبوونەی ئێستای میسر بێنینو سەیری واقیعی هەرێمەکە بکەین بزانین چی دەبینین، ئیفلیجیی سیاسییو دابەشبوونی تائیفیی لە لوبنان، لە سوریا هەموو شتێک تیجارەتە، لە یەمەن کەمیی ئاو کێشەیە، هاوڵاتییانی میسر ژمارەیان لە ئاستی سەرچاوە ئابوورییەکەیان زیاترە، سەرکردایەتییەکی بێشەرعیەت لە فەلەستین، ململانێیەکی دیکەی تائیفیی لە عێراق، دابەشبوونی سودان، وەستانی ئابووریی و سیاسیی مەغریبو جەزائیرو لیبیا، ئێستا دەبێت پرسیاری ئەوە بکرێت؛ کوان ئەو سەرکردە کاریزیمیانەی کە دەتوانن ڕەفاهیەتو دیموکراسی ڕاستەقینە بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە بگوێزنەوە؟ من نایانبینم.

**جۆیڵ هێرست** پسپۆڕیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانو دیموکراسی لە ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکان لە واشنتۆن، پێیوایە: پەیوەندیی نێوان حکومەتو هاوڵاتییان بە تەواویی دەگۆڕێت، ئەم خۆپیشاندانانەی شەقام بەردەوامبێت، یاخود نا، حکومەتەکان بڕووخێن یان نا، ئەوانەی لە دەسەڵاتدان پێشتر هەستیان بە توانای بێپایانی خۆیان بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا دەکرد، بەڵام ئێستا مامەڵەی خۆیان دەگۆڕن، ئاراستەی گۆڕانەکە بەرەو سەرکوتکردنی زیاتر بێت (وەک لە ئێران ڕوویدا)، یان کرانەوە بێت، ئەوە پەیوەندیی بە فشاری نێودەوڵەتییەوە هەیە.

جۆیڵ هێرست دەڵێت: هیوادارم شۆڕشەکە دیموکراسی بێنێت بۆ ناوچەکە، یەکێک لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی ئەوەیە حکومەت بەرمەبنای قەناعەتی هاوڵاتییانە، پێموایە؛ ئەوە ڕوونە کە زۆرێک لە حکومەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەمشێوەیە نین، بەڵام ئەوەش گرنگە کە بزانین دیموکراسی تۆلێرانسی دینییو سیاسییە، سەربەستی تاکو جیابوونەوەی دەسەڵاتەکانە، لە تونس گۆڕان بەرەو حکومەتێکی زیاتر- ئیسلامیی ڕوویداوە، کە نیگەرانمان دەکات لەوەی ستەمکارییەک بە جۆرێکی تر بگۆڕێت، گەر حکومەتەکان بگۆڕێن، پێویستە حکومەتە نوێیەکان ئەوەیان لەبیربێت کە دەسەڵات گرتنە دەست چییەو هەوڵبدەن ئازادیی بۆ هەمووان دابین بکەن.

هیلاری کلنتۆن، هیوای خواستووە کە ئاکامی پرۆتێستەکەی میسر هەڵبژاردنێکی پاکو ئازادانە بێت. خۆرئاوا بەردەوامبێت لە دەستوەردانە ناو چەند کێشەیەکی ئەم هەرێمەوە، گەر هیچ گۆڕانێک ڕوونەدات، ئەوە خۆرئاوا فشاری زیاتر دەخاتە سەر حکومەتەکان بۆ ریفۆرمی سیاسیی، گەر حکومەتی نوێ دروستبن، ئەوە خۆرئاوا هەوڵدەدات لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردندا یارمەتی تەکنیکییان بداتو هاوکارییان بکات بۆ دروستکردنی ناوچەی عەرەبی ئازاد، بەڵام زۆربەی شتەکان دەکەوێتە سەر حکومەتەکان، ترسی خۆرئاوا ئەوەیە کە ئەوەی (٣٠) ساڵ لەمەوپێش لە ئێران ڕوویدا لەم ناوچەیەش ڕووبدات، کە دێتە سەر گۆڕانی حکومەت پرسیارەکە ئەوەیە؛ ئایا جێگرەوەکان دیموکراسی ڕاستەقینە دەهێننو هاوڵاتییان ئازاد دەکەن، یاخود ستەمکارێک جێگەی ئەوانەی پێشوو دەگرێتەوە؟ ئایا دژایەتیکردنیان بۆ خۆرئاوا زیاد دەکەن، یاخود پەیوەندییەکی باشی لەگەڵدا دروستدەکەن؟

دەربارەی سەرکردایەتی نوێی ئەم ناوچانە جۆیڵ هێرست، پێیوانییە: هیچ یەکێک لە ئیسلامییو پۆپۆلیستەکان بەدیلێکی باش بن، دەبێت دەوڵەتی عەلمانیو دەزگایی گرنگ دابمەزرێت، کە نوێنەرایەتی تەواوی خەڵک بکاتو ڕێز لە گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات بگرێتو مافەکانی مرۆڤ دابین بکات بە مافی ئازادیی دینیشەوە.

نێودەوڵەتی

## عێراقیە: ئێمەش وەک کورد داوای لیژنەی یاسایی دەکەین

ئەرشەد ساڵحی، ئەندامی تورکمانی ئیئتیلافی عێراقیە رایگەیاند: "هێشتا ئیئتیلافەکەی سوورە لەسەر وەرگرتنی سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو پێیوایە؛ سەرۆکایەتیکردنی ئەو لیژنەیە مافو بەشی عێراقیەیە. دوێنێ ساڵحی، لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەشدا؛ کە هەر لە سەرەتاوە وەک عێراقیە هەوڵی وەرگرتنی پۆستی سەرکۆی لیژنەی یاساییمان داوەو لە هەمان کاتیشدا ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانیەکانیش داوای هەمان پۆست دەکاتو لەوبارەیەشەوە کێشە لەنێوان عێراقیەو ئیئتیلافە کوردییەکەدا هەیە.




# هیومان رایتس ووچ: کەمینەکان بەدەست ململانێی نێوان هەولێرو بەغداوە گیریان خواردووە

رۆژنامە

لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا رێکخراوی نێودەوڵەتی چاودێری مافی مرۆڤ (هیومان رایتس ووچ) باس لە عێراق دەکات وەک وڵاتێک کە دۆخی مافی مرۆڤ تێیدا زۆر لاوازە، لەم راپۆرتەدا باس لەوە دەکرێت پێشێلکردنی مافی "رۆژنامەنووس، زیندانی، ئاوارەکان، کەمینە ئێتنیو ئاینەکان، ژن، کەمئەندامان" پیادە دەکرێت، لەم راپۆرتەدا بە گشتیی باسی دۆخی ناعەدالەتیی سیاسییو کۆمەڵایەتی عێراق کراوەو هێرشکردنە سەر هاوڵاتییانو پێکهێنانی حکومەتی عێراقو ئاوارەبوونی عێراقییەکانیش وەک سێ کەیس لە قەڵەمدراون، کە تیایدا پێشێلکاریی دژی مافی مرۆڤ روویداوە، دواتریش باس لە دۆخی ئەشکەنجەدانی ناو زیندانو زۆریی ژمارەی زیندانییەکان کراوە.

### خەتەنەکردنی مێینە لە هەرێم

بەشێکی دیکەی راپۆرتەکە تایبەتە بەو توندوتیژییانەی دژی ژنان ئەنجام دەدرێنو لە نێویاندا کوشتن لەسەر "شەرەف"و خەتەنەی مێینە باسکراوە، لەم راپۆرتەدا هاتووە: "خەتەنەکردن بە تایبەت لە ناوچە کوردییەکانی عێراقدا ئەنجام دەدرێت"، لە راپۆرتەکەدا باس لەوە دەکرێت کە بەپێی داتایەکی تشرینی دووەمی (٢٠١٠)ی وەزارەتی تەندروستی (٤١٪)ی کچان لە ناوچە کوردنشینەکاندا خەتەنە دەکرێن، هەرچەندە لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەتی پەرلەمانی هەرێم سەرگەرمی پرۆژە بڕیاری رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی خێزانییە دژی ژنان، کە خەتەنەش وەک بەشێک لە تەندروستی لەقەڵەم دەدات، بەڵام هێشتا حکومەتی هەرێمی کوردستان خەتەنەکردنی مێینەی بەپێی یاسایەک قەدەغە نەکردووە.

### توندوتیژیی دژی رۆژنامەنووسان

لە راپۆرتەکەدا هاتووە، لە ساڵی (٢٠١٠)دا عێراق یەکێک بوو لە ترسناکترین وڵاتانی جیهان بۆ رۆژنامەنووسان. تیرۆری رۆژنامەنووسان لە لایەن پەڕگیرو بکوژە نەناسراوەکانەوەو دەڵێت: "لە (٤ی ئایاری ٢٠١٠)دا چەند کەسێک هێرشیان کردە سەر (سەردەشت عوسمان)ی (٢٣) ساڵانو پاش رفاندنو ئەشکەنجەدانی، کوشتیان، هاوڕێو خێزانی سەردەشت پێیانوایە؛ سەردەشت لەبەر نووسینی چەند بابەتێکی رەخنەگرانە لە پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمو سەرکردەکانیان کوژرا" هێزە ئەمنییەکانی پەیوەندیدار بە حکومەتو حیزبە سیاسییەکان، رۆژنامەنووسان دەتۆقێننو هەڕەشەیان لێدەکەنو سزایان دەدەن، ئەمە جگە لەوەی بە شێوەیەکی یاسایی سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکەن، لەسەر بابەتی رەخنەگرانە.

### پێشێلکردنی مافی کەمینەکان

هێزە چەکدارەکان بەردەوامن لە پێشێلکردنی مافی کەمینە ئاینییو ئێتنییەکان، ئەو هێرشانەی پێش هەڵبژاردنەکانی (٧)ی ئازاری ساڵی پار کرانە سەر مەسیحییەکانی موسڵ بە سیاسیی لە قەڵەم دەدرێن، ناوچەجێناکۆکەکانی باکووری عێراق لە رووی ئاینییو ئێتنییەوە فرەجۆرن. هەرچەندە بەرپرسانی عێراقو کورد ئەو هێرشانەیان ئیدانە کردو لیژنەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کەیسەکە دروستکرد، بەڵام بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتوون، پێگەی کەمینەکان لە ناوچەجێناکۆکەکاندا مەترسیدارە بەهۆی ئەو ململانێیەی لەنێوان حکومەتی بەغداو هەرێمی کوردستان لەسەر خاوەندارێتی ئەو ناوچانە دروستبووە، کە لە سنووری سووریاوە بۆ ئێران درێژ دەبێتەوە. سەرکردەی کەمینەکان سکاڵای ئەوەیان کردووە؛ کە هێزە ئاسایشەکانی هەرێم دەستیان هەبووە لە تۆقاندنو رەشبگیرو توندوتیژیدا، لە دژی ئەوانەی کە بەربەرەکانێی دەسەڵاتی ئەوانیان کردووە لەو ناوچانەدا، لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا کەمینەکان یارمەتی ئەوتۆیان لە لایەن دەوڵەتەوە پێنەگەیشتووە، کە لە ترسو تۆقاندن بیانپارێزێت.

### سوریا، کوردەکان دەچەوسێنێتەوە

لەم راپۆرتەدا سوریا بە یەکێک لەو وڵاتانە دادەنرێت کە مافی مرۆڤی بە شێوەیەکی ئێجگار بەرفراوان تێدا پێشێل دەکرێت، راپۆرتەکە باس لەوە دەکات؛ دەسەڵاتدارانی سوریا پارێزەران زیندانیی دەکەنو ئۆپۆزسیۆن ئەشکەنجە دەدەنو توندوتیژیی بەکاردەهێنن بۆ چەوساندنەوەی کوردەکان، لە راپۆرتەکەدا باسی کەیسی دەیان چالاکوانی کورد دەکرێت کە رووبەڕووی زیندانیکردنو ئەشکەنجەدان بوونەتەوە، بە هۆی بوونی پەیوەندیی سیاسییان بە پارتێکی کوردیی وەک پەکەکەوە، یاخود کۆمەڵە کوردییەکانی ناو سوریاوە.

# کورەونبووەکان دەگەڕێنەوە باشووری سودان

شاڵاو فەتاح

یەکەمین ئەنجامە سەرەتاییە فەرمییەکانی ریفراندۆمی باشووری سودان دەریخست کە زیاتر (٩٩٪)ی هاوڵاتییانی سودان دەنگیان بە جیابوونەوەو سەربەخۆیی داوە، بەم هۆیەشەوە کورەونبووەکانی سودان دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان.

چان ریک مادوتی، جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی رێکخەری ریفراندۆم لە لێدوانێکدا بۆ رۆیتەرز وتی: "رێژەی دەنگدان بەجیابوونەوە (٩٩,٥٧) بووە"، ئەمە جگە لەوەی (٩٩٪)ی هاوڵاتییانی باشوور بەشدارییان لە دەنگداندا کردووەو (٦٠٪)ی ئەو هاوڵاتییە باشوورییانەی لە باکووری سودان دەژین، بەشدارییان کردووەو (٥٨٪)ی ئەوانیش دەنگیان بە جیابوونەوە داوە".

لەدوای دەیان ساڵ لە شەڕو ململانێ باشووری سودان دەبێتە خاوەنی خۆیو وڵاتێکی نوێ لە نیوەی ئەمساڵدا رادەگەیەنێت، ئەمەش لەدوای فشارێکی دیاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بۆ سەر باکوورو حکومەتی ناوەندی، ئەم ریفراندۆمەش کە لە (٩)ی کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە دەستیپێکرد، بەشێک بوو لەو رێککەوتننامە ئاشتییەی لەنێوان باکوورو باشووردا مۆر کرابوو لە ساڵی (٢٠٠٥)دا، سیلڤا کییری، سەرۆکی باشوور کە پێشبینی دەکرێت رابەرایەتی وڵاتەکەی بکات لەدوای سەربەخۆبوون، داوای لە هاوڵاتییانی باشوور کردووە کە لە چەندین ساڵ توندوتیژییو جەنگی چەند ساڵەی باکوورییەکان خۆشببن. بە هۆی جەنگە ناوخۆییەکانەوە نزیکەی (١,٩) ملیۆن خەڵک کوژراونو (٥٠٠) کەنیسەش تێکدراون.

لەگەڵ تەواوبوونی ریفراندۆمەکەدا بزووتنەوە چەکدارییەکانی دارفوریش ئامادەیی خۆیان بۆ گفتوگۆو راگەیاندنی ئاگربەست دەربری، لە هەمانکاتدا بەرپرسانی باڵای باکووریش ئامادەیی خۆیان بۆ باشکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکادا دەربریو ئەو هەنگاوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە داوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عومەر بەشیر، کردبوو، بەرز نرخاند.

لەکاتێکدا ئەم وڵاتە نوێیە بەهۆی جەنگی ناوخۆی بەردەوامەوە بە تەواوەتی وێرانبووەو لە ئێستاشدا وڵاتەکە بەدەست نەبوونی دەستی کارو کەسانی پرۆفیشناڵەوە دەناڵێنێت، هەربۆیە لە هەنگاوێکدا چەند هاوڵاتییەکی باشووری سودان کە چەند ساڵێکیان لە دەرەوەی وڵات بەسەر بردبوو، بڕیاری گەڕانەوەیان دا، چەندین کەسی پرۆفیشناڵ کە پێشتر لە ترسی جەنگو کوشتار وڵاتیان جێهێشتبوو، روویان کردبووە ئەمریکاو کەنەدا، ئێستا لەدوای ریفراندۆمو سەربەخۆبوونی وڵاتەکەیان دەگەڕێنەوە، بەشێک لەم کۆچبەرانە پێشتر لە میدیای جیهانیدا بە "کورەونبووەکان" ناوبرابوونو زۆرێکیان بە هۆی باری نالەباری ناوچەکەوە گیانیان لەدەستداو ئەوانی دی کۆچیان کرد بەرەو دەرەوەی وڵات.

ئەم دەوڵەتە نوێیە چەند کێشەیەکی گەورەی لەبەردەمدایە بۆ چارەسەرکردن، جگە لە کێشەی خاکو میلیشیاکانی سەر سنوور، دەوڵەت هەر لە سەرەتاوە دەبێت لەگەڵ کێشەی هەژارییدا رووبەڕوو ببێتەوە، (٩٠٪)ی باشوورییەکان داهاتی رۆژانەیان کەمترە لە دۆلارێکو (١٠٪)ی منداڵان پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی (٥) ساڵان دەمرن.

دۆخی دەوڵەت بە جۆرێکە کە عومەر حەسەن ئەلبەشیری، سەرۆکی باکوور بە ئاشکرا لێدوانی داوە؛ "باشوورییەکان خۆیان پێ بەڕێوە نابرێت". بەڵام باشوورییەکان سوورن لەسەر ئەوەی کە کێشەکان پەیوەندیی بە سیستمی ناوەندیی باکوورەوە هەیەو ئەوان دەتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن، ئەمە جگە لەوەی تەواوی سیستمی تەندروستی پێویستی بە تازەکردنەوە هەیە، سیستمی پەروەردەی ئەم دەوڵەتە نوێیە پێویستی بە تازەکردنەوەیەکی ریشەیی هەیە، ئەو یارمەتییەی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییو رێکخراوە ناحکومییەکانیشەوە پێشکەش بە سودانییەکان کراوە، بووەتە هۆی زەرەردان لە بزنسە بچووکەکانی ئەو وڵاتە، ئەمە جگە لەوەی ئەم وڵاتە پێویستی بە حوکمی یاسا دەبێتو بۆ ئەمەش پێویستییەکی زۆری بە یارمەتی دەرەکیی هەیە، بەڵام هەر لە ئێستاوە لە لایەن ئەمریکاوە چەند پرۆژەیەکی گەورە وەک رێگەوبان ئامادەکراوەو سودانییە گەڕاوەکانیش وەک خۆیان دەڵێن؛ "بە سۆزێکی ئێجگار زۆرەوە" دەیانەوێت ریفۆرم لە سیستمی وڵاتەکەیان بکەنو بەرەو باشتری بەرن.

پێشتر کۆماری سودان گەورەترین وڵاتی ئەفریقیو دەیەمین گەورە وڵاتی جیهان بوو، کە لە چەندین پێکهاتەی جیاواز پێکهاتبوو، دیارترینیان مەسیحیو ئەنیمیستەکانی باشوورو موسڵمانەکانی باکوور بوون، لەدوای چارەسەری ئەم کێشەیەش هێشتا کێشەی دارفورو میلیشیاکانی سەرسنوور لەبەردەم هەردوو وڵاتدا ماوە، بەهۆی دابەشبوونی سودانەوە لەنێوان موسڵمانو مەسیحیو عەرەبو ئەفریقی، ئەمە جگە لە بوونی چەندین میلشیاو کەسێکی دیکتاتۆری وەک عومەر حەسەن ئەلبەشیرەوە، کێشەی سودان لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەنگیدایەوەو لەپاش شەڕی ناوخۆو فشاری زۆر وڵاتەکە بەم ئاکامە گەیشتو دابەشبوو.

ململانێ بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە تەواوی جیهاندا پەرەیسەندووەو لەدوای رووخانی بلۆکی سۆڤیەتەوە، تائێستا (٣٣) وڵاتی نوێ لەسەر نەخشەی جیهان دروستبوون، لە سەدەی بیستو یەکیشدا هەریەکە لە وڵاتانی تەیموری خۆرهەڵات، مۆنتینیگرۆ، سربیاو کۆسۆڤۆ دروستبوون. زۆرینەی ئەم جیابوونەوەو سەربەخۆبوونەش لەبەر بوونی چەند پێکهاتەیەکی کەلتووریی جیاواز روودەدات، باشووری سودانیش دوایین نموونەی ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە بە زۆر بەیەکەوە لێکنراونو لە رووی دینیو ئێتنیو کەلتوورییەوە لێکجیاوازن.

بەڵام باشووری سودان بە کۆتا ئەڵقەی ئەم زنجیرەیە دانانرێتو لە بابەتێکی گۆڤاری بەناوبانگی تایمی ئەمریکیدا ناوی (دە) شوێن کە زۆرترین چانسی سەربەخۆییان هەیە، هاتووە، لەو بابەتەدا هاتووە: باشووری سودان بڕیاری جیابوونەوەی دا، ئەو شوێنانەی کە زۆرترین هەوڵو مەیلی جیابوونەوە هەیەو دەکرێت ببنە وێستگەی دروستبوونی وڵاتێکی نوێ، ئەمانەن: (سکۆتلەندە، باسک، تبت، باشووری ئۆسیتیا، کوردستان، کیوبک، سەحارەی خۆرئاوا، کۆماری کاسکەیدیا، پادانیا، کۆماری ڤێرمۆنتی دووەم)، لەم راپۆرتەدا باس لەوە دەکرێت کە وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەت تورکیا، هەوڵێکی زۆری بۆ تواندنەوەی ئێتنی کورد کردووە لەناو نەتەوەی تورکدا، بەڵام هێشتا کوردەکان لە هەوڵێکی بەردەوامدان بۆ سەربەخۆبوون.

> (٩٠٪)ی باشوورییەکان داهاتی رۆژانەیان کەمترە لە دۆلارێک

ئابووری

**هەرێمی کوردستان دابەشکراوە بەسەر زیاد لە پەنجا بلۆکداو دەیان کۆمپانیای بیانیش مافی گەڕانو دۆزینەوەی نەوتو گازیان بەدەستهێناوە**

# دۆزینەوەی کێڵگەیەکی گاز لە کوردستان، وەبەرهێنەران نائومێد دەکات

ئامادەکردنی: شاڵاو فەتاح

ڕۆژی چــوارشــەمــە (٢٦)ی کانوونی دووەم کۆمپانیای هێریتەیج ئۆیلی بەریتانی ڕایگەیاند؛ کە کێڵگەیەکی گازیی گـەورەی لە هەرێمی کوردستان دۆزیـوەتـەوە، هەواڵەکە نەبووە هۆی دڵخۆشکردنی وەبەرهێنەران، بگرە نائومێدبوونی خۆیان ڕاگەیاند.

کێڵگە گازییەکە لە ناوچەیەکی نزیک بازیان کە ناسراوە بە (میران وێستی یەک) لەسەر نەخشەی وزەی هەرێم دۆزرایــەوە. هێریتەیج ئۆیل ڕایگەیاند: دۆزینەوەکە سوودێکی گەورەی بۆ کۆمپانیاکەو هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان دەبێتو دوورنییە لە پـڕۆژەی گـەورەی نابوکۆدا بۆ گـواسـتـنـەوەی گـازی سروشتی بەکاربهێنرێت، بەڵام وەبەرهێنەرانو شیکاروانان نائومێدبوونی خۆیان لە دۆزینەوەکە دەربڕی.

شیکاروانێک لـە ئاربوتنۆت سیکیوریتیز لـەو بـارەیـەوە وتی: «پێمانوابوو جیۆلۆجیای میران وێست، ئـاڵـۆزەو ئـەم دۆزیـنـەوەیـەش ئەو ئەگەرەی پشتڕاستکردەوە»، پیتەر هیچنس، لە دەزگـای لێکۆڵینەوەی پـانـمـوری گـۆردنـیـش ئـەوەی دووپاتکردەوە؛ کە «بازاڕەکانی جیهان چاوەڕێی دۆزینەوەی نەوتیان دەکرد که کڕینو فرۆشتنی ئاسانە، بەڵام گاز هەم گرانەو هەم گواستنەوەو مامەڵەکردنی ئاسان نییە».


هـەرچـەنـدە گـازی سروشتی کێڵگەکە بە (١٢,٣) ملیارسێجا خەملێنراوە، کە دەکاتە شەشەمین کێڵگەی گـەورەی عـێـراق، بەڵام بازاڕەکانی جیهان پێیانوایە؛ بەرهەمی ئەم کێڵگەیە قورس دەبێت بۆ فرۆشتن.

تۆنی بوکینگهامی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری هێریتەیج پێیوابوو؛ کە دۆزینەوەکە «ئاستی جیهانی» هەیەو پـەرە بە کارەکانی کۆمپانیاکەیان دەدات لە عێراقدا، پێش ئەم دۆزینەوەیە هەرێمی کوردستان بە سەرچاوەیەکی سەرەکیی پرۆژەی نابوکۆ دادەنراو ئەم دۆزینەوەیەش دوورنییە ببێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ پرۆژەکە.

پـرۆژەی نابوکۆ، یەکێکە لەو پرۆژانەی کە هەرێمێکی جوگرافی فـراوان دەگرێتەوەو هەریەکە لە کیشوەرەکانی ئەفریقا، ئاسیاو ئەوروپا دەبڕێت، پرۆژەکە زیاد لە (٢٠٠٠) میل دەبڕێت لە ئەرزڕۆمی تورکییەوە بۆ بۆمگارتن ئەندێر مارچ لە نەمسا. بۆرییە گازییەکانی پرۆژەکە لە ئەرزڕۆمی تورکیاوە دەستپێدەکەنو لە نەمسا کۆتاییان دێت، بەڵام سەرچاوەکانی پرۆژەکە لە ئاسیاو ئەفریقادان، بۆرییەکان دوای ئەوەی تورکیا دەبڕن، بە بولگاریادا دەڕۆنو پاشان سنوورەکانی ڕۆمانیا دەبـڕن بۆ هەنگاریاو دواجاریش نەمسا، پرۆژەکە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی گـازی جیاواز لە ڕوسیایەو دەرهێنانی کارتی گازە لە دەستی ئەو وڵاتەدا.

لەئێستادا چەندین کۆمپانیای دۆزینەوەی نەوتو گاز لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەنو ناوچەکەیان دابەشکردووە بۆ چەندین کەرتی جیاواز کە تەواوی پارێزگاکانی هەرێم دەگرنەوەو میران وێستی یەکیش کەرتێکە نزیکی بازیانە لە پارێزگای سلێمانی.

شایانی باسە بەپێی هەندێ سەرچاوەی ئاگادار کە پارەیەکی خەیاڵی لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە دراوە بە لایەنی پەیوەندیدار بەرامبەر بە مافی گـەڕان لەو بلۆکانەی کە هەرێمی کوردستانی بـەسـەردا دابەشکراوەو تائێستا کۆی ئەو پارانە ئاشکرا نەکراون کە بە چەندین ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.




# بەشداربووانی کۆمپانیایەکی نیشتەجێبوون داوای قەرەبوو دەکەن

## شەش مانگ لەکاتی دیاریکراو دوادەکەوێت

ڕاپۆرتی: ئەکرەم تۆفیق

بەشداربووانی کۆمپانیای هیرۆن، لە تەواو نەبوونی خانووەکانییان لە کاتی خۆیدا نیگەرانن، بەڕێوەبەری پرۆژەکەش، هۆکارەکەی بۆ گۆڕان لە سیستمی ئەندازیاریی‌و کوالێتی خانووەکانو دواکەوتنی پارەدانی زۆرێک لە هاوڵاتییان دەگەڕێنێتەوە.

کۆمپانیای هیرۆن، کە مافی دروستکردنی خانووی پێبەخشراوە لە خۆرهەڵاتی شـاری سلێمانی، (١٣٠٠) بەشداربووی هەیە بەپێی ئەو بەڵێننامەیەی کە لە نێوان ئەو کۆمپانیایەو بەشداربووەکانیدا پـڕکـراوەتـەوە؛ پێویست بـوو لە مـاوەی (١٨) مانگدا خانووەکان تەواو بکرێنو ٢٠١٠/٩/١ تەسلیمی هاوڵاتییان بکرێت، بەڵام لە ئێستادا بەپێی وتەی خاوەن کۆمپانیاکە تەنیا (٦٠٠) خانوو تەواو بوونو بڕەکەی تری لە مانگی تەمموزی ئەمساڵدا تەواو دەکرێت، کە نزیکەی شەش مانگ بەسەر وادەی




نێو بەڵێننامەکەدا تێپەڕدەبێت، ئەمەش نیگەرانیی لای بەشداربووانی ئەو پرۆژەیە دروستکردووە.

هاوڵاتییەکی بەشداربووی ئەو پرۆژەی نیشتەجێبوونەی کۆمپانیای هیرۆن، کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: ماوەی دووساڵ دەبێت بەڵێننامەمان لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەدا بەستووە بۆ دروستکردنی خانوو بە ماوەی (١٨) مانگ، بـەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا سەقفی خانووەکان تێکراوەو تـەواونـەبـووەو کاتێک سەردانی کۆمپانیاکەمان کـرد پێیانوتین؛ «حـکـومـەت کـارەکـەی ئێمەی دواخستووە لەکاتێکدا بەڵێننامەکەی ئێمە پەیوەندیی بە حکومەتەوە نییە، بەڵکو کۆمپانیا لێی بەرپرسیارەو تەنیا ماف لەنێوان ئێمەو کۆمپانیادایە».

لەکاتێکدا کە لە بەڵێننامەکەدا هاتووە: لە کاتی بوونی هەرگرفتێکدا لەنێوان کۆمپانیاو بەشداربووان پێویستە داوا لە دادگا تۆمار بکرێت، ئەو هاوڵاتییە وتی: «ئێمە داوامان تۆمار نـەکـردووە، چونکە هیچ ئومێدێکمان بە داوا نییە، لەبەرئەوەی کۆمپانیا هی بەرپرسەو بەرپرسیش واتە حکومەت».

هاوکات لە بەڵێننامەکەدا هاتووە: لـە کاتی بـوونـی کێشە لەلایەن کۆمپانیاوە پێویستە (٢٠٪)ی نرخەکە دابشکێنرێت، لەو بارەیەشەوە ئەو هاوڵاتییە وتـی: «کۆمپانیا ئـامـادەی ئەوە نییە ئەو بەڵێنە جێبەجێ بکات».

هاوڵاتییەکی دیکەش کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت پێیوایە؛ تەواو نەبوونی خانووەکان گرفتی زۆری بۆ بەشداربووان دروستکردووەو وتـی: «زۆرێـک لە بەشداربووان کرێچین، کە ئەمەش بۆ هاوڵاتییانی کەمدەرامەت زۆرە کرێی دە مانگی دیکە بدات».

هاوکات بەرپرسانی کۆمپانیای هیرۆنیش، ئۆباڵی دواکەوتنی بەشێک لە پرۆژەکەیان دەخاتە ئەستۆی گۆڕانکاریی سیستمی ئەندازیاریی‌و دواکەوتنی هاوڵاتییان لە پێدانی پارەکانیان.

هونەر عومەر، بەڕێوەبەری کۆمپانیای هیرۆن بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «زۆرێـک لە هاوڵاتییان پارەیان بەپێی بەڵێننامەکە نەداوەو پارەکەیان دواکەوتووە، هۆکارێکی دیکەی ئەو دواکەوتنەش ئەوەیە، بەهۆی گۆڕانکاریی بووە لە سیستمی ئەندازیاریی‌و کوالێتی بیناکانەوە».

سـەبـارەت بـەو بـڕیـارەی کە لە بەڵێننامەکەدا هـاتـووە؛ گەر کەمتەرخەمیی لە هەر لایەکدا بکرێت (٢٠٪) غەرامە دەکرێت، بەڕێوەبەری کۆمپانیای هیرۆن وتـی: «ئەگەر دادگا بڕیار بدات ئێمە ئەو غەرامەیە دەدەین».



## ئێران (٩٠) دۆلار لە گەشتیارانی هەرێمو هەرێمیش پارە لە گەشتیارانی ئێران وەرناگرێت

ڕاپۆرتی: ئەحمەد باڵەکی



بەرپرسانی ئێران، بڕی (٩٠) دۆلار لەبری ڤیزای گەشتیارانی هەرێم بۆ وڵاتەکەیان وەردەگرن، بـەڵام هەرێم هیچ پارەیەک لە گەشتیارانی ئێران وەرناگرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە ســاڵــی (٢٠١٠)و بەتەنیا لە مەرزی حاجی ئۆمەرانەوە، (٣٠٠)هەزار گەشتیار لە هەردوولا هاتوچۆیان کردووە.

ڕێژەی گەشتیارانی هەرێم بۆ ئێرانو بەپێچەوانەوە بە مەبەستی گـەشـتـوگـوزارو چـارەسـەری نەخۆشیی، ماوەی چەند ساڵێکە ڕوو لە بەرزبوونەوەیەو لە ساڵی (٢٠١٠)دا بەتەنیا لە مەرزی حاجی ئۆمـەرانـەوە، وەک بەرپرسی یەکەمی ئـەو مـەرزە ئاماژەی پێدەدات، (٣٠٠)هەزار کەس بووە.

ڕائـیـد ئـیـدریـس عـومـەر کەورینی، بەڕێوەبەری نشینگەو پاسپۆرتی حاجی ئـۆمـەران، لـەوبـارەیـەوە بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «ڕێـژەی گەشتیارانی نـێـوان هـەرێـمی کوردستانو ئێران بە بـەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابـردوودا، (٤٠٪بۆ٥٠٪)زیـادی کردووەو هەمووساڵێک لەکاتی بۆنە ئایینیی‌و نەتەوەییەکاندا، ڕێــژەی گەشتیارانی هەرێم بەشێوەیەکی بـەرچـاو زیـاد دەکات». ئەو بەرپرسە، هۆکاری ئەو زیادبوونەشی گەڕاندەوە بۆ ئەو ئاسانکارییەی لەلایەن هەرێمەوە بۆ گەشتیارانی ئێران دەکرێت.

بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە بۆ هاتنەناوەوەی گەشتیارانی بیانی، بەتایبەتی ئێرانی، لە هەرێم کاری پێدەکرێت، هەر گەشتیارێک کە لە ئێرانەوە دێتە هەرێمەوە، بۆی هەیە ماوەی (١٠)ڕۆژ بمێنێتەوە بەبێ وەرگرتنی ڤیزا، ئەمە لەکاتێکدایە که هەر گەشتیارێکی هەرێم ڕوو لە ئێران بکات، بڕی (٩٠)دۆلاری بۆ ڤیزای لێوەردەگیرێت کە پێشتر (٤٢)دۆلار بووەو ئەوەش وەک بەڕێوەبەری نشینگەو پاسپۆرتی حاجی ئۆمەران ئاماژەی پێدا: «بـووەتـە مـایـەی نـاڕەزایـی گەشتیارانی ئێمەو ئەگەر کەسێک ناچار نەبێت، ناچێت بۆ ئێرانو داواکارین کە ڤیزای گەشتیاران کەم بکرێتەوە، یان هەرنەمێنێتو ئـەو داوایـەمـان لەبەرپرسانی ئێرانیش کردووە».

هـاوکـات لـەگـەڵ نەبوونی بینای پێویست بۆ پێشوازیی لە گەشتیاران لە مـەرزی حاجی ئۆمەران، یەکێکی تر لە کێشەکانی ئەو مەرزە، بڕینی کارەباکەیەتی لەلایەن ئێرانەوە بەوپێیەی لەبری کـارەبـای نیشتمانیی هەرێم، کارەبای لە ئێرانەوە بۆ هێنراوەو لەوبارەیەوە ڕائید ئیدریس عومەر کەورینی، وتی: «زۆرکات ئێران کارەبامان لێدەبڕێتو کاری گەشتیاران دەوەستێنێت، بەڵام بڕیارە کارەبای نیشمانیی بگاتە مەرزی حاجی ئۆمەران».

ئابووری

## عەبدوڵا مەلا نوری: گرێبەستی لەم شێوەیە لە دونیادا وێنەی نیە

ئەندامێکی لیژنەی پیشەسازیی و وزەو سەرچاوە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە حکومەتی هەرێم پلانی چارەسەرکردنی کارەبای نیەو بە گوێرەی ئەو گرێبەستانەش بێت کە کردویەتی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، زیانی گەورە بە داهاتی گشتی دەگات. عەبدوڵای مەلا نوری وتی: گرێبەستەکان لە بەرژەوەندی حکومەتدا نەکراونو لە ناوەرۆکی گرێبەستەکاندا ئاماژە بەوەدراوە، کە ئەو برە گازوایلە دابین نەکرا یاخود بری بەرهەمهاتوو لەو کارەبایەی کە لە کەرتی تایبەت بەرهەم دەهێنرێتو نەتوانێت بگوازێتەوە، ئەوا حکومەت دەبێت سزای مادی بە بری (٩٧) هەزار دۆلار بدات بە کۆمپانیای کارەبا بەرهەمهێنەرەکە، ئەم جۆرە گرێبەستی لەم شێوەیە بۆ یەکەمجارە دەکرێتو لە دونیاشدا وێنەی نیە.

ڕاڤەی بودجەیی

عەلی حەمەسالح

# کارەبا لە بێپلانیی حکومەتدا

بە رەچاوکردنی ئەو هەنگاوانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناونیو بەنیازە بیاننێت، ئاسۆیەک نابینم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا.

لەماوەی رابردوودا، بەبێ بوونی پلانو بەبێ رەچاوکردنی ئەو هەنگاوانەی کە کێشەی کارەبایان پێ چارەسەر دەکرێت، بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستانو لە سەرووی هەموویانەوە سەرۆکی حکومەتو وەزیری کارەبا، لێدوانیان لەبارەی چارەسەرکردنی ئەم گرفتەوە داوە.


چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا پێویستی بە تەرخانکردنی بودجەی پێویستە، ئەستەمە بەبێ تەرخانکردنی بودجە بتوانرێت کارەبا لە کوردستاندا چارەسەر بکرێت، حکومەت ئەوەندە لێدوانی داوە لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەی کارەباوە، ئەوەندە پلانو بەرنامەی دانەناوە، چۆن؟

بەپێی ئەو بەدواداچوونەی کە کردوومە بۆ کێشەی کارەبا لە کوردستان، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئاسانەو تەنیا بەرنامەی دەوێت، ئەو بودجەیەش کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە پێویستە، بودجەیەکی زۆر نییە کە لە توانای حکومەتی هەرێمدا نەبێت.

### کێشەی کارەبا

لە هەرێمی کوردستاندا، لە هەر سێ بواری بەرهەمهێنانو گواستنەوەو دابەشکردنی کارەبادا گرفت هەیە، بەڵام گەورەیی گرفتی کارەبا لە بەرهەمهێنانی کارەبادایە. حکومەتی هەرێم چی کردووە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا؟

بودجەی هەرێمی کوردستان لە چوار ساڵی رابردوودا، (٣٥) ترلیۆنو (٨٠٩) ملیار دینار بووە، بەتەرخانکردنی (٢٪)ی ئەم پارەیە بۆ دامەزراندنی وێستگەی غازیی کارەبا، کێشەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کوردستاندا چەرەسەر دەبوو، چونکە دامەزراندنی وێستگەیەکی کارەبای غازیی (٥٠٠) مێگاواتی، (٣٥٠) ملیار دینارە.



### قەبارەی کێشەکە

ئێستا هەرێمی کوردستان پێویستی بە (٢٢٠٠) مێگاوات کارەبایەو توانای بەرهەمهێنانی کارەباش لە وێستگەکانی کارەبادا نزیکەی (١٢٥٠) مێگاواتە، واتە بە بەرهەمهێنانی (١٠٠٠) مێگاوات کارەبای دیکە، کێشەی کارەبا لە ئێستادا چارەسەر دەبێت، ئایا بەرهەمهێنانی ئەو برە کارەبایە ئەستەمە؟ بێگومان نەخێر، وێستگەی کارەبای هەولێری غازیی کە هی کەرتی تایبەتەو خاوەنەکەی کۆمپانیای ماس گلۆبەلە، بە سەرمایەی (٣٥٠) ملیار دینار پرۆژەکە دامەزراو حکومەتیش (٣٠٠) دۆنم زەوی پێداوە، پرۆژەکەش کە لە چوار یەکەی بەرهەمهێنانی کارەبا پێکدێتو هەر یەکەیەکیشیان توانای بەرهەمهێنانی (١٢٥) مێگاوات کارەبای هەیە، لە ساڵی(٢٠٠٨)دا حکومەتی هەرێم وەک پرۆژەیەکی وەبەرهێنان مۆڵەتی دامەزراندنی ئەم وێستگەیەی داو هەر لەو ساڵەداو لە بودجەی گشتیی، ترلیۆنێکو (٨٠٠) ملیۆن دینار وەک بودجە درا بە یەکێتیو پارتی، واتە دەتوانین بڵێین بەو پارەیەی کە درا بە یەکێتیو پارتی لە یەک ساڵدا، دەتوانرا (١٠) یەکەی (١٢٥) مێگاواتی بەرهەمهێنانی کارەبای پێ دابنرێتو توانای بەرهەمهێنانی (١٢٥٠) مێگاوات کارەبایان هەبێتو گرفتی کارەباش چارەسەر ببێت، ئەگەر بەرپرسانی باڵای یەکێتیو پارتی بڵێن، ئەو ژمارەیە راست نییەو ئەو ئەندامانەی مەکتەب سیاسیی خۆشمان کە واپان وتووە، بەهەڵەدا چوون، ئەوا بەڵگەی دیکە هەیە کە وێنەیەکی لای ئێمەیە، هەر لە ساڵی(٢٠٠٨)دا حکومەتی هەرێم (٧٤٨) ملیارو (٢٣٨) ملیۆن دیناری داوەتە بەخشین، واتە بەو پارەیەی کە داویەتییە بەخشین، دوو وێستگەی گەورەی بەرهەمهێنانی کارەبا وەک ئەوەی ئێستای هەولێر کە خاوەنەکەی وەک کەس ئەحمەد ئیسماعیل-ە پێ دادەنراو (٤٨) ملیار دیناری دیکەشی دەمایەوە کە پارەی دروستکردنی (٣٠) بینای قوتابخانەی (١٨) پۆلی سەردەمیانەیە. ئیدی حکومەتی هەرێم دەتوانێت بڵێت، بەهۆی نەبوونی بودجەی پێویستەوە گرفتی کارەبامان چارەسەر نەکرد. ئەو (٧٤٨) ملیار دینارەی کە بە بەخشین دراو تەنیا چەند کەسو گرووپێک لێی سوودمەند بوون، پێویست بوو، یان چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا؟ ئایا نەدەکرا یەکێتیو پارتی لە نیوەی ئەو پارەیە خۆشبوونایە کە لە گیرفانی خەڵکی کوردستان دەری دەکەن تەنیا بۆ یەک ساڵ، بۆ ئەوەی کێشەی کارەبایان پێ چارەسەر بکردایە؟



کوردستان خاوەنی سووتەمەنی زۆرە بەڵام کارەبای نییە.

فۆتۆ: فەریق هەڵەبجەیی

### پرۆژەکانی کارەبا لە بودجەی پار ساڵدا

ناونیشانی کابینەی شەشەمی حکومەت "کردار شەرتە"یە، کام کردار؟! بودجە دەبێت بەشێوەیەک دابرێژرێت ئەولەوییەت لەبەرچاو بگیرێت. ئەولەویەتیش ئەوەیە کە بایەخ بەو کەرتە بدرێت کە کۆی هاوڵاتییان لێی سوودمەند دەبن، ئایا حکومەتی هەرێم وای کردووە؟

ئەگەر راپرسییەک لەنێو هاوڵاتییانی کوردستاندا بکرێت، ئەولەوییەت لای هاوڵاتییان کارەبایە، بەڵام ئایا لای حکومەت وابووە؟

حکومەتی هەرێم لە بودجەی(٢٠١١)دا لە (١١) ترلیۆنو (٤٣٢) ملیار دینار، تەنیا (٣٠) ملیارو (٧٦٢) ملیۆن دیناری تەرخانکردووە بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی کارەبا کە (٠٢٪)ی بودجە دەکات، ئایا لە هەرێمێکدا کە تەژییە لەقەیرانی کارەبا، (٠٢٪)ی بودجە بەسە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا؟! ئەو (٣٠) ملیار دینارەش کە تەرخانکراوە بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی کارەبا، تایبەت نین بە بەرهەمهێنانی کارەبا، بەڵکو بۆ دروستکردنی بیناو پرۆژەی دامەزراندنی چەند هایدرۆ پاوەرێکی بچووکن، حکومەتی هەرێم ئەگەر لە ساڵی رابردوودا (٣٪)ی بودجەی تەرخانبکردایە، دەیتوانی وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی (٥٠٠) مێگاواتی کارەبا دابنێت.

پێم سەیرە! کە گوێم لەو وتەیە دەبێت کە دەڵێت، حکومەتی هەرێم بایەخی بە کەرتی کارەبا داوە، بەڵام بەداخەوە بودجەی پێویستمان لەبەردەستدا نییە تاوەکو کێشەی کارەبا چارەسەر بکەین، ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان چەند خەرجییەکی حکومەتدا... پێنج ئەوەندەی ئەم پارەیەی کە حکومەتی هەرێم بۆ پرۆژەکانی کارەبا تەرخانی کردووە لە ساڵی(٢٠١٠)دا، لە ساڵی(٢٠٠٩)دا بە رێکخراوەکانی داوە، ئایا ئەو هەموو رێکخراوە بۆ ئێمە گرنگن کە زۆرینەیان پاشکۆی حیزبن، یان چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا؟، زیاتر لە دوو ئەوەندەی ئەو پارەیەی بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی کارەبا تەرخانکراوە، لە ساڵی(٢٠١٠)دا بۆ ئۆتۆمبێل خەرجکراوە، بەوپێیەی (٦٦)ملیارو (٧٩) ملیۆن دینار بۆ کڕینو چاکردنەوەو کرێی ئۆتۆمبێل خەرجکراوە.

### کڕینی کارەباو چەند هەڵەیەک

لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێم لەو بودجە گەورەیەی لە بەردەستیدایە نەیتوانیوە تەنیا (١٪)یشی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا دابنێتو وەبەرهێنەرێک وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبای داناوەو حکومەت لە بودجەی گشتیی کارەبای لێدەکڕێتو بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشی دەکات، ئەوەی جێگای سەرنجە، بەپێی بەڵگەنامەیەک کە وێنەیەکی لەبەردەستی ئێمەدایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی(٢٠٠٩)دا بڕی (١٨٩) ملیارو (٧٨١) ملیار دیناری داوەتە راکێشانی وزەی کارەبا **(نفقات استيراد الطاقة الكهرباء)**، واتە بەو پارەیەی کە حکومەت لە (٢)ساڵدا دەیداتە راکێشانی وزەی کارەبا، وێستگەیەکی (٥٠٠) مێگاواتی بەرهەمهێنانی کارەبای پێ دادەمەزرێت، ئایا ئەمە چ بیرکردنەوەیەکە کە رێگای بەوە داوە!! واتە ئەو پارەیەی کە حکومەتی هەرێم لە دوو ساڵدا داویەتییە کڕینی وزەی کارەبا، دەتوانرا وێستگەیەکی (٥٠٠) مێگاواتی بەرهەمهێنانی کارەبای پێ دابمەزرێت.

بەپێی ئەو گرێبەستەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەڕێز ئەحمەد ئیسماعیل-دا کردوویەتی، ئەگەر هاتوو بەهۆی ئەوەی کە حکومەتی هەرێم نەیتوانی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا دابین بکاتو هەر یەکەیەکی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەباش بەهۆی دابیننەکردنی سووتەمەنییەوە کاریان نەکرد، ئەوا پێویستە حکومەتی هەرێم پارەی وزەی کارەباکە بدات وەک ئەو کاتەی کە سەرجەم یەکەکانی بەرهەمهێنانی کار دەکات، واتە ئەگەر بەهۆی دابیننەکردنی سووتەمەنییەوە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا کاریان نەکرد، ئەوا حکومەت پێویستە کرێی کارەبا بدات بە ئەحمەد ئیسماعیل وەک ئەو کاتەی کە کار دەکەن.


### هاوڵاتی، بە (٣) رێگا کرێی کارەبا دەدات

لەگەڵ ئەوەی وەک پێویست کارەبا لە کوردستاندا نییە، بەڵام هاوڵاتییانی کوردستان بە سێ رێگا کرێی کارەبا دەدەن، چۆن؟

رێگای یەکەم: هاوڵاتییانی کوردستان کرێی کارەبا بەشێوەی راستەوخۆ دەدەن لە رێگای ئەو پسوڵانەی کە بۆیان دێتەوەو ئەم بڕەپارەیەش کە وەک کرێی کارەبا هاوڵاتییان دەیدەنە کرێی کارەبا، بڕێکی زۆرەو تەنیا لە ساڵی (٢٠٠٩)دا (١٠٠) ملیارو(٢٥) ملیۆن دینار بووە.

رێگای دووەم: حکومەتی هەرێم وەزارەتێکی هەیە بەناوی وەزارەتی کارەباوەو لەبنەڕەتدا ئەم وەزارەتە بۆ ئەوە دامەزراوە کە کارەبا بۆ هاوڵاتییان دابین بکات، ساڵانە لەپێناوی دابینکردنی کارەبادا بۆ هاوڵاتییان، بودجەیەکی زۆری هاوڵاتییان بۆ ئەم وەزارەتە تەرخانکراوە، ئەم وەزارەتە لە ئێستادا (١٥) هەزارو (٩٣٦) فەرمانبەری هەیە، تەنیا بودجەی بەکاربردنی ئەم وەزارەتە کە توانای دانانی وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبای نییە لە پار ساڵدا، (١٠٤) ملیارو (١٥) ملیۆن دینارە.


رێگای سێیەم: حکومەتی هەرێم ساڵانە بڕێک پارەی زۆر لە بودجەی گشتیی هاوڵاتییانی کوردستان دادەتە ئەو وێستگانەی بەرهەمهێنانی کارەبا، وەک ئەو (١٨٩) ملیار دینارەی کە لە بودجەی گشتیی ساڵی (٢٠٠٩)دا خەرجکرا بۆ هێنانی وزەی کارەبا.



(٠٢٪)ی بودجەی کوردستان، بۆ پرۆژەکانی کارەبا تەرخانکراوە

ئەو پارەیەی کە لەیەك ساڵدا دراوەتە یەکێتیو پارتی، کێشەی کارەبای پێ چارەسەر دەکرا

بەدواداچوون



> د.گۆران عەبدوڵڵا: ئامێرێک لە ساڵی (٢٠٠٦) کڕابێت و بەکارنەهێنرابێت چۆن سوودی لێ دەبینرێت



ئەو نەخۆشخانەیەی کە چەند قۆناغێکی کۆلێجی پزیشکی چاوەڕێن تیایدا خزمەت بکەن
فۆتۆ: ئاکام

## بە (٣) ساڵ تەنیا (١٧٪)ی کارەکانی ئەنجامدراون

# ڕۆژ بە ڕۆژ گەندەڵییەکانی «٤٠٠ قەرەوێڵەییەکە» ئاشکرا دەبن

بەدواداچوونی: شارا عەبدولڕەحمان

گەندەڵییەکانی پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی لە سلێمانی، تادێت ئاشکراتر دەبێت و گرووپی (٤٠٠)یش کە بۆ فشار خستنە سەر حکومەت لەو بارەیەوە دروست بووە، کێشەکە دەگەیەنێتە داواکاری گشتیی و داواش دەکات بەرپرسانی پێشوو و ئێستای تەندروستی ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە.

پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی لە ساڵی (٢٠٠٤)ەوە دەست بەکارکردن کراوە تێیداو تائێستاو دوای تێپەڕبوونی (٧) ساڵ بەسەر ئەو بەروارەدا، تەنیا (٤٧٪)ی کارەکانی تەواو بووە، بۆیە بە بڕیارێکی نوێی حکومەت بڕە پارەیەکی تر کە زیاتر لە (٧٧) ملیۆن دۆلارە، بڕیارە لە ئەمڕۆوە کارکردن تێیدا دەستپێبکاتەوەو تا (٢) ساڵی تر بخایەنێت.

### پوختەی مێژوویی و دارایی پرۆژەکە

* لە سەرەتاداو لە ساڵی (٢٠٠٤)دا کە بڕیار لە دروستکردنی نەخۆشخانەکە درا، بڕیار بوو لە (٧٣٠) ڕۆژدا بە تێچووی (٥٧) ملیۆن و (٣٦٥) هەزارو (٨٥٨) دۆلار جێبەجێ بکرێت.

* لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٨/٢٥ گرێبەستەکە لەلایەن سەرۆکی دەزگای پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی هەرێم (هێرش محەڕەم) ئیمزا کرا.

*لە ڕۆژی ٢٠٠٤/١٠/٢٣ لەلایەن وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم، (د.محەمەد خۆشناو) ئیمزا کرا.

* لە ڕۆژی ٢٠٠٤/١٢/١١ بە فەرمانی نهێنیی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٨٤) بڕی (٥) ملیۆن دۆلار بۆ پرۆژەکە خەرج کرا.

* لە ڕۆژی ٢٠٠٥/١/١٩ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی ژمارە (٨٤٥/١/١) بۆ دەستنیشانکردنی (محەمەد عەبدوڵڵا ساڵح) وەکو سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاریی نەخۆشخانەکە دەرکرد.

* ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٦ بە فەرمانی نهێنیی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٢٠)، بڕی (٣) ملیۆن و (٧٠٠) هەزار دۆلار بۆ پرۆژەکە خەرجکراوە.

* ڕۆژی ٢٠٠٥/٨/٢٤ فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە (١١١٢٤/١/١) دەرچووە بە دەستنیشانکردنی (هێمن خالید شەفیق) بە سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاریی نەخۆشخانەکە.

* لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٤/٦ بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٤٤١/٥/١) بڕی (١٠) ملیۆن و (١٠١) هەزارو (١٩٧) دۆلار بۆ پێشینەی ئامێرە پزیشکییەکان سەرفکراوە.

* لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/٢٤ بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٥٠٢)، بڕی (٥) ملیۆن دۆلاری تر بۆ پێشینەی ئامێری پزیشکی خەرجکراوە.

* لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/٢٧ بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢١٧٤)، بڕی (١) ملیۆن و (٧٦٠) هەزار دۆلاری تر بۆ پرۆژەکە خەرجکراوە.

> ئەو لێدوانەی وەزیری تەندروستی هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە

### پرۆژەکە بە نایاسایی درا بە کۆمپانیا کۆریەکە

بیرۆکەی دروستکردنی پرۆژەی نەخۆشخانەی (٤٠٠) قەرەوێڵەیی دەگەڕێتەوە بۆ کاتی سەردانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی بۆ کوردستان لە ساتی جێبەجێکردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراک، لەو کاتەدا بەرپرسانی کورد داوای نەخۆشخانەیەکی گەورەیان کرد، دیزاینی نەخۆشخانەکەش لە لایەن ئەو ڕێکخراوەوە برایە دەرەوەی کوردستان و پاش وەرگرتنەوەشی تەندەری بۆ ئامادە کرا، لەنێو کۆمپانیاکاندا کۆمپانیای (یو ئای) کۆری بە پلەی چوارەم دەهات، بەڵام لە لایەن بەرپرسانی حکومەتی هەرێم-ئیدارەی سلێمانی ئەو پرۆژەیە بە نایاسایی درا بەو کۆمپانیا کۆریەو نەدرا بە کۆمپانیاکانی پلە یەکەم، دووەم، سێیەم، ئەویش دوای دوو ساڵ پرۆژەکەی بە تەواونەکراویی بەجێهێشت و پارەکەشی برد.

سۆران عومەر، ڕۆژنامەنووسی ئاگادار لە بەڕێوەچوونی پرۆژەی نەخۆشخانە (٤٠٠) قەرەوێڵەییەکە بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە لە ڕێگەی دیبلۆماتێکی ئەمریکییەوە لە بوونی پەیوەندیی و بەرژەوەندیی لەگەڵ چەند بەرپرسێکی کورددا، پرۆژەی نەخۆشخانە (٤٠٠) قەرەوێڵەییەکە دراوە بەو کۆمپانیا کۆریە، کە پرۆژەکەی بە ناتەواویی بەجێهێشت و پارەکەشی برد».

### گرووپی (٤٠٠) داوای شەفافیی دەکات

بە مەبەستی دروستکردنی فشار لەسەر حکومەتی هەرێم بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە، ژمارەیەک ڕێکخراو و کەسایەتی سەربەخۆ گرووپێکیان بە ناوی (گرووپی ٤٠٠)ەوە پێکهێناوەو داوا دەکەن هەرچی زووە کارکردن لە نەخۆشخانەکەدا دەستپێبکاتەوەو شەفافیی لە خەرجکردنی ئەو بودجە زەبەلاحەدا پیادە بکرێت، کە لە دروستکردنی ئەو نەخۆشخانەیەدا خەرجکراوە.

د.گۆران عەبدوڵڵا، ئەندامی گرووپی (٤٠٠)، لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو بەڵگانەی لەسەر دروستکردنی ئەو نەخۆشخانەیە دەستمانکەوتوون، دەیسەلمێنن کە گەندەڵییەکی زۆر کراوە لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەدا، هەر ئەوانەش هۆکاری ئەوەن کە هەتا ئێستا ئەو نەخۆشخانەیە تەواو نەکراوە، بۆ ئەو مەبەستەش گرووپەکەمان لە (١/٢٥)دا خۆپیشاندانێکی لە بەردەم نەخۆشخانە تەواو نەکراوەکە ڕێکخست، ئێستاش بەنیازین سەردانی داواکاریی گشتیی بکەین و هەموو ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستماندایە بیخەینە بەردەمیان، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی یاسایی بکرێنەوە».

گرووپی (٤٠٠) بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی کە کردوویانە ئەوەیان بۆ ئاشکرا بووە، کە ئەو پارەیە بەپێی گرێبەستەکە بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەکە تەرخانکراوە، زیاترە لە (٥٧) ملیۆن دۆلار، تائێستا (٢٥) ملیۆن دۆلارو (٥٦١) هەزارو (١٩٧) دۆلاری لێ خەرجکراوە، واتە (٣١) ملیۆن (٨٠٤) هەزارو (٦٦١) دۆلار لەو پارەیە ماوەتەوەو نازانرێت چۆن خەرجکراوە.

هەربۆیە گۆران وتی: «ئێمە لە گرووپەکەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە دەبێت حکومەتی هەرێم بە بەڵگە پێمان بڵێن؛ ئەو پارەیە لەچیدا خەرجکراوە، چونکە ئەگەر ئەو پارەیە مابێتەوە لە بودجە ئەساسەکەدا، واتای چییە کە دووبارە پارەی تری بۆ خەرج بکرێتەوە».

### پارە بۆ کرینی ئامێر خەرجکراوە

لەلایەکی ترەوەو بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لەسەر دروستکردنی ئەو نەخۆشخانەیە کەوتووەتە بەردەست، لە ساڵی (٢٠٠٦)دا، بڕی (١٠) ملیۆن و (١٠١) هەزارو (١٩٧) دۆلار تەرخانکراوە بۆ پێشینەی کڕینی ئامێری پزیشکیی، هاوکات خەڵکیش نێردراوە بۆ کۆریا بۆ بینینی خولی ڕاهێنان لەسەر ئەو ئامێرە پزیشکییانە، ئەمانە لە کاتێکدان کە نەخۆشخانەکە تەواو نەبووە، تا ئەم کارانە بکرێن.

ئەندامەکەی گرووپی (٤٠٠) وتی: «پرسیار لێرەدا ئەوەیە؛ ئایا ئەو ئامێرانەی کە کڕدراون لە کوێن؟ ئامێرێک کە لە (٢٠٠٦)ەوە کڕدرابێت و ئێستا (٥) ساڵی بەسەردا تێپەڕبێت ئێستا چۆن سوودی لێ دەبینرێت، لەکاتێکدا ئێستا ئامێری پێشکەوتووتر داهاتووە، ئەمە جگە لەوەی کە دوور نییە تێکچووبێتن، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم وەڵامی ئەو پرسیارانەمان بداتەوە».

سەبارەت بە کڕینی ئەو ئامێرانە ڕۆژنامە پەیوەندیی کرد بە هێمن خالید، ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، ئەویش لە وەڵامدا وتی: «بەڵێندەرە کۆنەکەی پرۆژەکە بایی یەک ملیۆن و پێنجسەد دۆلار ئامێری پزیشکیی هێنابوو، ئێستا لە مەخزەنەکانی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانیدایە».

### پێویستە وەزیری تەندروستی داوای لێبووردن بکات

لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە ماوەی ڕابردوودا ڕایگەیاند؛ د.تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم وتی: «ئەو کۆمپانیا کۆرییەی کە بۆ یەکەمجار نەخۆشخانە چوارسەد قەرەوێڵەییەکەی پێدرا، ئێستا خراوەتە لیستی ڕەشەوەو لە کوردستان نەماوەو هەڵاتووە».

بەڵام گرووپی چوارسەد، ئەو لێدوانە بە ناڕاست دەزانن، هەروەک د.گۆران وتی: «ئێمە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ نوێنەری کۆمپانیا کۆرییەکە ئەوەمان زانی کە ئەو لێدوانەی وەزیری تەندروستی هیچ بنەمایەکی ڕاستیان نییە، چونکە ئەو کۆمپانیایە ئێستا لە کوردستان لە چەند بوارێکی تردا کارەکانی ئەنجام دەداتو بە هیچ جۆرێک نەخراونەتە لیستی ڕەشەوە، بۆیە وەزیری تەندروستی دەبێت، یان داوای لێبووردن بکات لە وتنی ئەو قسە ناڕاستە، یاخود بەدواداچوونی جدیی بۆ ئەو مەوزوعە بکات، بە باشیشی دەزانین کە بەرپرسیارانی تەندروستی کابینەکانی پێشوو ئێستاش ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی یاسایی بکرێنەوە».

### بە (٣) ساڵ تەنیا (١٧٪)ی کارەکانی ئەنجامدراون

کۆمپانیای (یوئای) کۆری کە جێبەجێکاری پرۆژەکە بوو، لە مانگی شوباتی (٢٠٠٨)دا نامەیەکی ناردووە بۆ دەستەی سەرپەرشتیاریی نەخۆشخانەکە، کە تێیدا هاتووە؛ (٣٠٪)ی کاری بیناسازیی پرۆژەکە تەواو بووە.

لە ئێستاشداو بەپێی وتەی ئەندازیاری پرۆژەکە (٤٧٪)ی کارەکان تەواو بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە (٣) ساڵی ڕابردوودا تەنیا (١٧٪)ی پرۆژەکە تەواو بووە.

هێمن خالید، وتی: «تا ئێستا (٤٧٪)ی کارەکانی ئەو پرۆژەیە تەواو بووەو (٢) ساڵ و (٧٧) ملیۆن و (٤٧٨) هەزار دۆلاری تری بۆ تەرخانکراوەتەوە، هەر بۆیە گرێبەستمان لەگەڵ چەند بەڵێندەرێکی نوێدا کردووەو بڕیارە لە (٢/١)ەوەوە دەست بەکارکردن بکرێتەوە لە نەخۆشخانەکەدا».

> بایی ملیۆن و نیوێک دۆلار، ئامێری پزیشکیی کڕدراون بێ ئەوەی بەکاربهێنرێن


پەروەردەو خوێندن

## مامۆستایانی سەردەم، داوای قەرەبوو دەکەن

**رۆژنامە:** لیستی مامۆستایانی سەردەم، داوا لە حکومەتی هەرێم دەکات، قەرەبووی مووچەی (٧) ساڵی رابردووی مامۆستایانی پارێزگای سلێمانی بکاتەوە.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە رێنمایی ژمارە (٢٥) لە رۆژی (٢٠١٠/١٢/٢٩)دا، بڕیاریدا کە بەمەبەستی یەکخستنەوەی مووچەی فەرمانبەرانی ئیدارەی سلێمانی پێشوو لەگەڵ فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، یەک پلەی وەزیفی بدات بەو فەرمانبەرانەی کە پێش ساڵی (٢٠٠٣) دامەزراون، بڕیارەکەش لە (٢٠١١/١/١)وە جێبەجێدەکرێت.
م. سەنگەر فایەق، وتەبێژی لیستی مامۆستایانی سەردەم بە رۆژنامەی راگەیاند: حکومەتی هەرێم پارەیەکی زۆری فەرمانبەرانی خواردووەو دەبێت قەرەبوویان بکاتەوە، بۆیە ئێمە بەنیازین دەستبکەین بە هەڵمەتێکی ئیمزاکۆکردنەوەو دواتریش پەنادەبەینە بەر چالاکی تری وەک مانگرتنو خۆپیشاندان، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ لیستەکانی مامۆستایاندا قسەمان کردووە.
وتیشی: «بەنیازین سکاڵا لە دژی وەزارەتی دارایی تۆماربکەین».

## تێزو تیۆرە پەروەردەییەکان!

**شنۆ عوسمان**



**خوێندکاران: ئێمە نەوەی تازەین، دژی سیستمی تازەین..**

ئایا لەهەرێمی کوردستان تیۆرەمەعریفییەکان کامانەن کە پەروەردە بەڕێوەدەبەن؟ ئەو مامۆستاو خوێندکارو پەروەردەکارانەی رەخنە لە سیستمی پەروەردە دەگرن، ئەلتەرناتیڤیان کامەیە؟

زانستی پەروەردە لەو تێزو تیۆرانە پێکدێت کە ئاماژە بە ئاراستەکردنی شێوازی پەروەردەکردنو مامەڵەکردن لە ژیانی منداڵدا دەکەن، بەشێوازێکی تر، تیۆرەکانن کە هاوکاریی پەروەردەکاران دەکەن لەناو خێزانو باخچەی ساوایانو قوتابخانەکاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانو فێرکردنو پەیوەندیکردنو لەسەر ئەو ئاستە تیۆرییانە، زانستی پەروەردە دارێژراوەو هەمیشە لەنوێبوونەوەو خۆتازەکردنەوەدایە.

لەکۆمەڵگەی ئێمەدا، بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییو کۆمەڵایەتییەی کە گوزەرانمان پێیدا تێدەپەڕێت، تا ئێستا ئاشکرا نییە، پشت بە کام تیۆری مەعریفی بەستراوەو دەبەسترێت، چی لەخزمەت پرۆسەی پەروەردەی مرۆڤدایە؟

لەم بۆشاییە تیۆرییەی کە هەیە، هەوڵێکی جدیی نابینرێت بەرامبەر دیاریکردنی قوتابخانەو تێزە پەروەردەییەکان کە بکرێنە بناغەی کاری پەروەردەیی، ئەمڕۆ لە دنیادا وڵاتان، یان کۆمەڵگاکان هەوڵیانداوەو بەردەوام هەوڵیش دەدەن، لە رێگای پەیمانگا جیاوازەکانیانەوە شێوازی تیۆرەکان پراکتیزە بکەن، بەڵام بەداخەوە، لەهەرێمی کوردستان زۆر ئەستەمە بتوانیت ئەو تیۆرانە دیاری بکەیت کە شێوازی پەروەردەکردن لە رووی زانستییەوە بەڕێوەدەبەن، هەربۆیە دواجار شڵەژانی پەروەردەیی بەرۆکی ئەم کۆمەڵگەیەی گرتووەو لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە سیستمی پەروەردە جگە لەوەی لەبەردەم گلەییو گازەندەی کۆمەڵگادایە، پشکی لاوازیشی هەیە لەگەشەپێدانی کۆمەڵایەتیداو خێزانەکانو قوتابییانو مامۆستایان تارادەیەکی زۆر نارازین لە سیاسەتی پەروەردەیی.

خۆپیشاندانی گەنجانی خوێندکار بۆ جێبەجێ نەکردنی یاسا نوێیەکە، یان سیستمە نوێیەکەی ئەم وەزارەتە، ناکرێت شیکردنەوەی بابەتیی بۆ نەکەین، کاتێک بەدەنگی بەرز دەیانوت: "ئێمە نەوەی تازەین، دژی سیستمی تازەین... ".

ئایا نەوەی نوێ، هەمیشە لە بەربەرەکانێو ململانێی نەوەی کۆندا نییە؟ بۆچی نەوەی تازە لەپەروەردەدا داوای گەڕانەوە بۆدواوە دەکات؟ دەشێت هۆکارەکانی لە چاوی لێکۆڵەرانو مامۆستایانو خێزانی خوێندکارانو خودی قوتابییانەوە بەجیاواز شیکردنەوەی بۆ بکرێت، بەڵام ئەم گەڕانەوەیە بۆ دواوە، مانای نائومێدیی ئەم نەوە نوێیەیە بەداهێنانێکی پەروەردەیی کە خوێندنەوە بۆ گشت ئاستە جیاوازەکانی فێربوونو پەروەردەکردن بکات. مانای ئاماژەیەکی سامناکە لەسەر پەروەردەی ئەم کۆمەڵگەیە، بە ئێستا رازی نینو ئومێدیشیان بەئایندە نییەو دوێنێش باوی نەماوە! چونکە ئەوەی نوێیە ئەمەیە کە بینیویانەو پێیانوایە، زانستو پەروەردەکردن، ئازاری ئەوان دەداتو بەرژەوەندییان ناپارێزێت.

کەواتە، وەزارەتی پەروەردە بەو ئەزموونەی لە فەشەلی کابینەکانی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەریگرتووە، زۆر گرنگە پلانی ئایندەی بۆ فەلسەفەی پەروەردەو تیۆری نوێو ئاشکرای پەروەردەیی هەبێت بۆ لەمەودواو چیتر پرۆسەی پەروەردە بە ئاراستەیەکی نازانستیو هەڕەمەکیدا گوزەر نەکاتو تەنیا ئەوەندە بەس نییە کە دەوترێت سیستمی سویدییە، ئایا ئەگەر واشبێت، ئەو زەمینەیەی بۆ کۆمەڵگەی سویدی خۆشکراوە، ئایا دەتوانن هەمان زەمینەش بۆ منداڵو لاوی کورد خۆشبکەن؟

ئەم بابەتە، بەدیوێکی تریشدا بەرۆکی سیستمی سیاسیی دەگرێتەوە، کە بەداخەوە لای ئاساییە، قوتابی بووەتە سەنتەری تاقیگەو پرۆگرامی وڵاتانی لەسەر تاقیدەکەنەوە.

پاڵپشت بەم مەسەلەیە، تیۆرەکانی پەروەردە گرنگن بۆ ژیانی کۆمەڵگە، چونکە ئاستی پێشکەوتوویی ئاستی فەشەلو سەرکەوتنی خۆی دیاری دەکاتو ئەگەر ئەم شێوازە لە پەرشو بڵاویی پلانی پەروەردەیی بەردەوامیی هەبێت، دەکرێت بڵێین، چاوەڕێی کێشەی پەروەردەییو نارەزایی زیاتر بین.

# ململانێی یەکێتیو پارتی، کۆنگرەی مامۆستایان پەکدەخات

**راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا**



بەپێی چەند زانیارییەک، بەهۆی کێشەو ململانێی نێوان یەکێتیو پارتییەوە، تائێستا ناوی ئەندامانی لیستی مامۆستایانی کوردستان بۆ کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایان لە بازنەی سلێمانی، نەنێردراوە بۆ لیژنەی باڵای هەڵبژاردن.

لە رۆژی ٢٠١٠/١٢/٢ دا، پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی کۆنگرەی دوانزەیەمی رێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بەڕێوەچوو، بڕیارە (٤/١٦) کۆنگرە ببەستێتو بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی تەنفیزیی رێکخراوەکە (١/٢٠) وەکو دوا کات دانرا بۆ لیستەکان، تا ناوی ئەندامانی کۆنگرە رەوانەی لیژنەی باڵا بکەن. هاوکات بەپێی چەند زانیارییەکی رۆژنامە کە لە سەرچاوەیەکی ئاگاداری یەکێتیی مامۆستایانەوە دەستی کەوتووە، لەسەر ژمارەی کاندیدەکانیان لە بازنەی سلێمانی کێشە لەنێوان یەکێتیو پارتیدا دروستبووەو مامۆستایانی یەکێتی (١٦)نوێنەرو پارتی (١٥)نوێنەریان دەبنە ئەندامی کۆنگرە، بەڵام تائێستا یەکێتی بەو ژمارەیەی پارتی رازی نەبووەو بەو هۆیەشەوە تائێستا ناوەکانیان بۆ لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان نەناردووە.

ئەو سەرچاوەیە وتیشی: «پارتی سوورە لەسەر ئەوەی کە لە سلێمانی (١٥)کاندیدی بچنە کۆنگرەو هەڕەشەی ئەوەی کردووە؛ ئەگەر یەکێتی بەوە رازی نەبێت، ئەو کاتە ژمارەی کاندیدەکانی یەکێتی لە هەولێر کەمدەکاتەوە».

هەر ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی خستەڕوو، یەکێتیو پارتی لەسەروبەندی هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایاندا بەشێوەیەکی نایاسایی چەند ئەندام لقێکیان کردووە بە کارگێڕی لقو بوونەتە ئەندامی کۆنگرە، لەنێو ئەو کەسانەدا کۆمەڵی ئیسلامییو سۆشیالیستو زەحمەتکێشان پشکیان بەرکەوتووەو هەریەکەو ئەندامێکی کۆنگرەیان بەرکەوتووە، پێدانی کورسییەکی کۆنگرە بە لایەنەکانی تر، تەنیا بۆ ئەوەیە رازییان بکەنو لەئاستی گەندەڵییو کەموکوڕییەکاندا بێدەنگبنو هەڵوێستیان نەبێت.

هەروەها دوو مامۆستای شۆڕشی یەکێتیو دوو مامۆستای شۆڕشی پارتییان کردووە بە ئەندامی کۆنگرە، جگە لەوەش (١٠) کەسایەتی پەروەردەیی کە سەر بە یەکێتیو پارتین دەبنە ئەندامی کۆنگرە.

هاوکات م.عەبدولواحید محەمەد، وتەبێژی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی تەنفیزیی، دەبوو سەرجەم لیستەکان لە (١/٢٠)دا ناوی ئەندامانی کۆنگرەیان رەوانەی لیژنەی باڵا بکردایە، بەڵام تائێستا چەند لیستێک ناوەکانیان ناردووەو لیستی مامۆستایانی کوردستان ناوی چەند بازنەیەکیان ناردووە، بەڵام ناوی چەند بازنەیەکیان نەناردووە.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئێمە دوو رۆژی تر چاوەڕوان دەکەینو لیستەکان ئاگاداردەکەینەوەو دوای ئەوە لیستەکان خۆیان بەرپرسیاردەبن.

# سەرپەرشتیارێکی کارگێڕیی لە پەروەردەی سلێمانی: سیستمی پەروەردە، سەرپێیانەو بەبێ بەشداریی پسپۆڕ هەموارکراوەتەوە

**سازدانی: رۆژنامە**

**سەرپەرشتیارێکی کارگێڕیی لە پەروەردەی سلێمانی، پێیوایە: سیستمی نوێی پەروەردە بە پەلەو بەشێوەیەکی سەرپێییو بەبێ بەشداریی پسپۆڕ و شارەزای بواری پەروەردە هەموارکراوەتەوە م. شەفیق حەمەڕەشید، کە ماوەی (١٥)ساڵە سەرپەرشتیارە لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا، باس لەوە دەکات کە کێشەکە بەوە چارەسەر ناکرێت، سیستمەکە بۆ خوێندکاران روونبکرێتەوە بەڵکو پێویستە پێداچوونەوە بە سیستمەکەدا بکرێت.**

**رۆژنامە: هۆی نارەزاییەکانی خوێندکاران، چییە؟**


* گۆڕان لە پەروەروەردەدا پەیوەندیی بە فەلسەفەی پەروەردەو ژینگەی پەروەردەییەوە هەیە، سیستم گۆڕا، بەڵام ژینگەکە وەکو خۆی ماوەتەوەو زەمینەی بۆ نەڕەخسێنراوە، بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە لە کابینەی پێنجەمدا بە گومڕاییو بێباکییەوە زۆر بە کرچوکاڵی سیستمی پەروەردەیان گۆڕی، سیستمەکەش تا ئێستا بە کرچوکاڵی هاتووەو تا ئێستا بە تەواویی جێگیرنەکراوە، چونکە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا، بەشێک لە گۆڕانکارییەکان رەتکراونەتەوە، دیسان هەموارکردنەوەی سیستمەکە بەپەلەو بەشێوەیەکی سەرپێییو بەبێ بەشداریی پسپۆڕو شارەزای بواری پەروەردە ئەنجام درا، بەڵکو کۆمەڵێک خەڵک بەشدارییان کردووە کە پلەی بەرزیان هەبووە، بەڵام پسپۆڕی پەروەردە نەبوونو زۆربەیان ئەو خەڵکانەن کە حیزب دایناون، پێش بڵاوکردنەوەی هەموارکردنەکە، بە بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردەمان راگەیاند کە کۆمەڵێک کەموکوڕیی تێدایەو کەموکوڕییەکان چارەسەر بکەن، دواتر بڵاوی بکەنەوە، بەڵام کەس گوێی لێ نەگرتین.

**رۆژنامە: کەواتە، کەموکوڕیی لە هەموارکردنەوەکەشدا هەیە؟**

* کێشەکە ئەوەیە کە ئەم گۆڕانکارییانە بە نەزانیی کراونو کەموکوڕییان تێدایە، زەمینەو ژینگەی پەروەردەیی نەڕەخسێنراوە بۆ ئەو گۆڕانکارییانە، کەچی وەزارەت گۆڕانکارییەکان فەرزدەکات، ئەمەش کێشەی نادادپەروەریی لە پێدانی نمرەدا لەلایەن مامۆستایانەوە دروست دەکات، چونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر مامۆستا هەیە، تا ئێستاش لە کوردستاندا چەند ژینگەیەکی پەروەردەیی هەیەو خوێندن لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکانو گوندەکاندا لەیەکتر جیاوازە، بۆ نموونە مامۆستایەک کە لە خوێندنگەیەکی نموونەییدا وانە دەڵێتەوە، لە پێدانی (٣٠) نمرەی هەڵسەنگاندندا جیاوازە لە مامۆستایەک کە لە لادێیەکدا وانە دەڵێتەوەو تەنانەت هەندێک مامۆستا بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان نمرە دادەنێن.

**رۆژنامە: ئەو نادادپەوەرییەی کە تۆ باسی دەکەیت لەئەستۆی مامۆستادایە، یان سیستمی پەروەردە؟**

* بەپێی سیستمی نوێ، کاری مامۆستا بریتییە لە تاقیکردنەوەی بەردەوامو چەندین کێشە بۆ مامۆستا دروستبووە، وەزارەتی پەروەردە مامۆستای وا شپرزەکردووە کە نەتوانێت هەقی خۆی بە بابەتەکە بداتو فریای ئەوە نەکەوێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە نمرە بە خوێندکاران بدات، چونکە پرۆگرامەکان زۆرنو کاتی دەوام کەمەو تاقیکردنەوە زۆربووە، ئەوەی کە هۆکاری ئەم کێشانەیەو تاوانبارە، ئەوانەن کە ئەم سیستمەیان دانا.




**رۆژنامە: پێتوایە، نەبوونی پسپۆڕی پەروەردەیی لە کایەکانی وەزارەتی پەروەردەدا، سەرچاوەی کێشەکانە؟**

* ئەو خەڵکانەی کە لەم هەرێمەدا پەروەردە بەڕێوەدەبەنو بڕیارەکان دەردەکەن، کەسانی پەروەردەیی نینو شارەزا نینو لەسەر بنەمای مەحسوبییەتو مەنسوبییەت ئەو پۆستانەیان دەستکەوتووە، بۆیە بەدڵنیاییەوە ئەوە هۆکاری سەرەکیی کێشەی پەروەردەیە لە کوردستاندا، ئەمڕۆ بڕیارێک دەردەکەن، سبەینێ رەتدەکرێتەوەو دەیگۆڕن، وەزارەتی پەروەردە لە بارودۆخێکدایە، خۆشی نازانێت چی دەکات، بێسەروبەرەییەکی زۆر لە دامودەزگاکانی پەروەردەدا هەیە.

**رۆژنامە: بە بڕوای ئێوەیە، ئەو کێشانەی کە ئێستا رووبەڕووی پەروەردە بوونەتەوە، بە روونکردنەوە چارەسەر دەکرێن، وەک ئەوەی کە بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە ئاماژەی بۆ دەکەن؟**

* لێرەوە بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە ئاگادار دەکەمەوە کە ئەمساڵ تەنیا قۆناغی (١٠) خۆپیشاندانیان ئەنجام دا، ساڵانی داهاتوو قۆناغەکانی (١١،١٢)ی خوێندکاران دەرژێنە سەر شەقامەکانو نارەزایی دەردەبڕن، بۆیە کێشەکە بەوە چارەسەر ناکرێت، سیستمەکە بۆ خوێندکاران روونبکرێتەوە، بەڵکو پێویستە پێداچوونەوە بە سیستمەکەدا بکرێت، هەروەها پێویستە ژینگەی پەروەردە برەخسێنرێتو جگە لەوە پێویستە گۆڕانکاریی لە پۆستەکانی وەزارەت لە سەرەوە بۆ خوارەوە بکرێتو خەڵکانی شارەزا دابنێن، دەبێت وەزارەتی پەروەردە، ئەمساڵ ئەو کێشەکانە چارەسەر بکات، چونکە ئەگەر کێشەکان چارەسەر نەکرێن، نارەزاییەکان زیاتر دەبن.



مەریوان نەقشبەندی: بودجەی وەزارەتی ئەوقاف بۆ ئەمساڵ، ناگاتە سێ ملیار دینار
که بودجەیەکی زۆر کەمەو لەناویشیدا یەک دینار بۆ مەسیحیو ئێزدییەکان تەرخان نەکراوە

بەدواداچوون

# مەسیحیو ئێزدییەکان، داوای جیابوونەوە دەکەن لە وەزارەتی ئەوقافی هەرێم

راپۆرتی: بەرزان عەلی حەمە

هەولێر

هەردوو بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کاروباری مەسیحییەکانو کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم، بەهۆی "پێنەدانی بودجە"ی تایبەت بە بەڕێوەبەرێتییەکانیان، داوا دەکەن لە وەزارەتی ئەوقاف جیا بکرێنەوەو بکرێنە دەستەی سەربەخۆ.

لە دانیشتنێکدا کە هەفتەی رابردوو وەزیری ئەوقافو هەردوو بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مەسیحیو ئێزیدییەکان لەگەڵ لیژنەی ئەوقافی پەرلەمانی کوردستان ساز کرابوو، هەردوو بەڕێوەبەرێتییەکە داوایانکرد، لە وەزارەتی ئەوقاف جیابکرێنەوەو بودجەی تایبەتیشیان پێبدرێت.

بەپێی زانیارییەکانی (رۆژنامە)، مەسیحیو ئێزدییەکان گلەیی زۆریان لە وەزیری ئەوقاف هەیەو پێیانوایە، تەنیا وەک "نوێنەری مسولمانەکان" خۆی نیشان دەدات، نەک سەرجەم ئاینەکانی کوردستان، ئەمەش لەکاتێکدایە کە لە رۆژی دەستبەکاربوونییەوە لە کابینەی شەشەم، کامیلی حاجی عەلی، وەزیری ئەوقاف بەشداریی هیچ مەراسیمێکی مەسیحیو ئێزدییەکانی نەکردووەو تا ئێستاش بەشێوەی رەسمیی هیچ پیرۆزباییەکی بەسیفەتی وەزیری ئەوقاف لێ نەکردوون، لەکاتێکدا پیرۆزبایی بۆ مسولمانەکان ناردووە.

خەیری بوزانی، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف، بەڕێوەبەرێتییەکەی تەنیا بە "دەزگایەکی ئیعلامی" پێناسە دەکاتو رەخنەی ئەوە لە وەزارەتەکەی دەگرێت کە تا ئێستا هیچ بودجەیەکیان بۆ دابین نەکردوون، هەروەک دەڵێت: "یان بودجەمان بۆ دابین بکرێت، یان وەزارەتی ئەوقاف بەم شێوەیەی ئێستا نەمێنێتەوەو ببێتە دەستە، واتە دەستەی کاروباری مەسیحییەکانو دەستەی کاروباری ئێزدییەکان، بەڵام هیچ وەڵامێکی ئەوان نەبوو".

خەیری بوزانی دەڵێت: لەبەر نەبوونی بودجە، نەمانتوانیوە هیچ شتێک پێشکەشی ئێزدیو مەسیحییەکان بکەین.







خالید جەمال ئەلبێرت، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مەسیحییەکانیش لە وەزارەتی ئەوقاف، باس لەوە دەکات، مادام ئەوان بەڕێوەبەرێتییەکی گشتییان لە وەزارەت هەیە، پەیڕەوکارانی ئاینەکانیان داوای ئیشیان لێ دەکەن، بەڵام دەڵێت: "منیش ناتوانم ئیش بۆ کەنیسەیەک بکەمو ئەوی تر بەجێبهێڵم".

هەروەها دەڵێت: پێشنیازمان کردووە، ئەگەر لە وەزارەتی ئەوقاف بودجەمان بۆ دابین ناکرێت، باشترە ببین بە دەستەیەکو بخرێینە سەر ئەنجومەنی وەزیران.

خالید، ئاماژە بەوە دەکات کە جیابوونەوەکەیان تەنیا لە وەزارەتی ئەوقافەو بەهۆی "نەبوونی بودجەوەیە".

لە کابینەی پێنجەمداو لەساڵی (٢٠٠٨)دا، وەزارەتی ئەوقاف هەردوو بەڕێوەبەرێتیی کاروباری مەسیحییەکانو ئێزدییەکانی دامەزراند، بەڵام تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، هیچ بودجەیەکیان پێنەدراوەو لای خۆشیەوە، مەریوان نەقشبەندیی، چالاکوانی ئاینی، ئاماژە بەوە دەکات کە هەر لەوبارەیەوە قسەی بۆ تەلەفزیۆنی روسیاش کردووەو ئەو بابەتە بووەتە جێگەی سەرنجی ئەوانیش، مەریوان پێیوایە: "تا ئێستا چەندینجار ئەو دوو بەڕێوەبەرێتییەی مەسیحیو ئێزدییەکان وەکو هێمای پێکەوەژیانی ئاینیی بەکارهێنراوە، ئەو بودجەیەی کە بۆ وەزارەتی ئەوقاف تەرخان دەکرێت، مەفروزە بۆ هەموو ئاینەکان تەرخان بکرێت، چونکە وەزارەتی ئەوقاف تەنیا هی مسولمانەکان نییە".

بەپێی زانیارییەکانی مەریوان، ئەو بودجەیەی کە بۆ وەزارەتی ئەوقافیش دانراوە لەمسالدا، ناگاتە سێ ملیار دینار، "ئەمەش بودجەیەکی زۆر کەمەو لەناویشیدا یەک دینار بۆ مەسیحیو ئێزدییەکان تەرخان نەکراوە".

هەربۆیە مەریوان نەقشبەندیی، پێیوایە: ئەمەش تەنگژەیەکی گەورەی دروستکردووە بۆ هەر دوو ئاینەکەو خەڵکانی سەر بەو ئاینانە داوای پرۆژە لەبەڕێوەبەرە گشتییەکانیان دەکەن لە وەزارەتی ئەوقاف، ئەوانیش هەست بەوە دەکەن کە دوو بەڕێوەبەری کارتۆنین.

بە بۆچوونی مەریوان نەقشبەندیی، ئەگەر مەسیحیو ئێزدییەکان لەوەزارەتی ئەوقاف جیاببنەوە، تەنگژەی گەورەی ئاینیی لە کوردستان سەر هەڵدەداتو بەشێک لە مەلا توندڕەوەکان زیاتر دەستیان کراوە دەبێت بۆ تەکفیرکردنی ئەوان "ئەمەش وا دەکات، دابڕانێکی ئاینیی دروست ببێت".

لای خۆشیەوە، خالید جەمال ئەلبێرت، وتی: "دەبێت وەزیر ئەوە بزانێت کە وەزارەتی ئەوقاف وەزارەتی ئەوقافی ئیسلامیی نییە، بەڵکو وەزارەتی هەموو ئاینەکانە، ئەوەمان بەخۆیشی وتووەو دەبێت ئەو تەقەبولی ئەوە بکات کە ئێمەش لەو وەزارەتەدا لەگەڵیداین، راستە ئەو سەر بەحیزبێکی ئیسلامییە، بەڵام هەر برای ئێمەیەو ئێمە بە رۆحێکی برایانەوە کار دەکەین".

سەبارەت بەجیابوونەوەی ئەو دوو بەڕێوەبەرێتییەش لە وەزارەتی ئەوقافو مەترسیی سەرهەڵدانی جیاوازیی ئاینی، د.سەباح بەرزنجی، ئەندامی لیژنەی ئەوقافو ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی، ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەوان هیچ ڕێگرییەکیان نییە بۆ دامەزراندنی ئەو دەستە سەربەخۆیانە "دامەزراندنی ئەو دەستە سەربەخۆیانەش، هیچ جیاوازییەکی ئاینی دروست ناکات، چونکە ئەوان تەنانەت کەنیسەکانیشیان سەربەخۆنو لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ئەوقافدا نین، شوێنە ئاینییەکانی ئێزدییەکانیش بەهەمانشێوە سەربەخۆنو لەژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی ئەوقافدا نین، بەڵام مزگەوتەکان وانینو هەموویان لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ئەوقافدان".

د.سەباح بەرزنجی، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوجیابوونەوەیە شتێکی ئیدارییەو هیچ جیاوازییەکی ئاینی دروست ناکاتو پێش ئەوەی ئەو دوو بەڕێوەبەرێتییەش دروست بکرێن، وەزارەتی ئەوقاف هەر هی کاروباری ئاینییو ئیسلامیی بووە.

هەوڵماندا بۆچوونی وەزیری ئەوقافیش وەربگرین، بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکان نەدرانەوە.

# تا کەی لە حەسرەتی براکەم ژیان بەسەر بەرم؟

کوردە عومەر*

ئەگەر ئەتەکێت وابێت کاتێک هاوڵاتییەک نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکێک دەنووسێتو دەڵێت: بەرێز، ئەوا من ئەوە بەپێویست نازانمو نە ئێوەو نە خەڵک هەڵناخەڵەتێنمو درۆش لەگەڵ خۆم ناکەم، چونکە ئێوە تا ئەوپەڕی (....) لەلای منو لەوەش خراپتر ئێوە بکوژی براکەمو چەندین گەنجی تری ئەم وڵاتەن، ئێوە بەرپرسن لە مەرگی کەسەکانمان، ئێوە ئەگەر جاران دوو کەسی پیرۆزو ئەفسانەیی بوون بۆ خەڵک، ئەگەر جاران رەمزی شۆڕشگێڕیی بوون بۆ تێکۆشەران، ئێستا هەتا سەر ئێسقان نەویستراو و جێگەی شەرمەزارین بۆ زۆرێک لەو خەڵکەی کە خاوەنی رابردووی جوانو خەباتن.

ئەگەر نارەوا بێت من قسە بە ئێوە بڵێم، بۆچی رەوایە ئێوە خوێنی من برێژن، ئەگەر پێتانوابێت من بێرێزیتان بەرامبەر دەکەم، بۆچی رەوایە ئێوە حیسابی سەگێکیش بۆ دایکو باوکی ئەو بێسەروشوێنانە ناکەن کە چەندین ساڵە لە حەسرەتی کورەکانیان دەتلێنەوە.

ئێوە لەپێناو کورسیو پارە، شەڕێکی نەگریستان هەڵگیرساندو لاشەی زۆر کادیرو لایەنگری یەکترتان دەرخواردی سەگ دا، کۆمەڵێک گەنجتان کردە قوربانیی تەماعو لوتبەرزیی خۆتان،ماڵی زۆر کەستان کاولکرد، خەڵکتان دەربەدەر کرد، ئەوانەی بەسەر خەڵکدا هاتنو تێپەڕبوون دەبێتە رابردوو، مرۆڤیش بەتێپەڕبوونی کات برینەکانی سارێژ دەبن، ئەو دەردەی هیچ دەرمانێک چارەی ناکات چاوەڕوانییە، ئێوە وەک سەرکردەی دوو حیزب بەرپرسیارن لە ونبوونی ئەو کۆمەڵە خەڵکە.

من لە ئێوە دەپرسم: (جەلال تاڵەبانیو مەسعود بارزانیی) ئەو خەڵکەی لەپێشو لەدوای کارەساتو شەرمەزارییەکەی (٣١)ی ئاب بێسەروشوێن بوون، لەسەر دەستی هەردوولاتان وەک حیزب، کێ بەرپرسە لە ونبوونیان؟ کێ چارەنووسیان دەزانێت، ئەگەر پێتانوایە ئێوە زۆر بێتاوانن؟ کێ ئەو گرفتە چارەسەر دەکات؟ بۆچی چارەنووسیان ئاشکرا ناکەن؟ لە پەرلەمان رێگریی دەکەن ئەو بابەتە باس بکرێت، حکومەتێکی فشەڵو لەسەرەوە قۆزو لەبنەوە ئاڵۆزمان هەیە کە دەسەڵاتی نییە پرسی وا بخاتە روو، دادگایەکی حیزبیو گوماناویی کە هیچ کەسێک باوەڕی بە بێلایەنییەکەی نییە.

هەردووکتان بۆ دووەم جارە دەبنەوە بە سەرۆک، چاوتان لە سێیەمو چوارەم بێت، کۆتا جاریشە هەتا هەناسەتان لەبەر دەبڕێت دەتانەوێت هەر سەرۆک بن، خۆتان بە خودان نا، خودای ئەو خەڵکە دەزانن، خەڵک بە خوڵامو قەرزاری خۆتان دەزانن، دەبێت ئێوە سەرۆک بن، ئێوە نا کورەکانتان، ئەوان نا نەوەکانتان.

دەسەڵاتتان قۆرخکردووە، هەموو جادەو کۆڵانەکانی کوردستان بە مولکی خۆتان دەزانن، بەئارەزووی خۆتان ناوی کەسانی حیزبیی بەسەر شوێنە گشتییەکاندا بڵاودەکەنەوە، وەک ئەوەی ئێوە زۆر خۆشەویستبن لای خەڵک، ئەگەر پێتانوایە هێڵی سوورم بەزاندووە، تەنیا داوابکەن ئەدرێسی خۆمتان بۆ بنێرم، یان بمنێرنە لای براکەم کە لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە لە ئێمەتان سەندووەو شوێنبزرتان کردووە، یان بەدەردی سەردەشت عوسمانم ببەن، بەڵام دڵنیابن ئێوە چیتر پیرۆز نینو ئەفسانە نینو رەمزێک نین بۆ نیشتمانپەروەریی، شەرمەزارین بۆ کوردستان، رۆژانە دەیان دایکو باوکی بێسەروشوێنەکان لەسەر بەرماڵ دوعاتان لێدەکەن کە....، بەڵام دوعاو ئامین چارەسەری کێشەکە ناکات.

من لێرەوە داواتانلێدەکەم دان بە هەڵەکانتاندا بنێنو چارەنووسی ئەو خەڵکە ئاشکرا بکەنو وەک دوو حیزبو دوو کەسی ئازا وەرنە ژێر باڵی ئەو هەقیقەتەو کۆتاییەکی عادیلانە بۆ ئەو تاوانە دانێن.

* خوشکی بێسەروشوێنێکی شەڕی ناوخۆ



# سیدەکان داوای پەرلەمانتارانی گۆڕان دەکات

راپۆرت: دیار باڵەیی

## تا ئێستا خانووەکانی ناحیەی سیدەکان تاپۆ نەکراون

تائێستا خانووەکانی ناحیەی سیدەکان تاپۆ نەکراون، لە نەخۆشخانەو قوتابخانەو ئاگرکوژاندنەوەو مزگەوتی پێویست بێبەشنو بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکانیش ئاماژە بەوە دەکات، کە بەدواداچوون بۆ کێشەو کەموکورتییەکانیان دەکەن.

ناحیەی سیدەکان سەر بەقەزای سۆرانەو لە ساڵی (١٩٣٢) کراوەتە ناحیەو لە (١٥٨) گوند پێکهاتووەو ژمارەی دانیشتووانی (١٥) هەزار کەس دەبێت.

دووریی ئەم ناحیەیە لە سەنتەری پارێزگای هەولێرەوە، کاریگەریی سلبیی هەبووە لەسەر کەمیی خزمەتگوزاریی لەو ناحیەیەدا لەوانە؛ نەبوونی ژمارەی پێویستی فەرمانگەو شوێنی پێویستی وەک (قوتابخانەو نەخۆشخانەو ئاگرکوژێنەوەو مزگەوت)و بەشێکی زۆری شەقامو کۆڵانەکانیشی قیرتاو نەکراون.

ئەسکەندەر رەشید، دانیشتووی گوندی (شکەنە)ی سەر بە ناحیەی سیدەکان، ئاماژە بەوە دەکات؛ کە تائێستا خانووەکانیان تاپۆنەکراونو شەقامو کۆڵانەکانیش قیرتاو نەکراون، وتیشی: "بە (١٥٨) گوند تەنیا یەک ئاگرکوژێنەوەو بنکەی تەندروستیمان هەیە، کە پێداویستیی هاوڵاتییان پڕناکاتەوە.

وێڕای کەمیی خزمەتگوزاریی، ئەسکەندەر ئاماژەی بۆ کێشەیەکی تری ئەو دەڤەرە کرد، کە ئەویش تۆپبارانکردنی جاربەجاری ئێرانە، کە هاوڵاتییانی ئەو ناوچەیە دەتۆقێنێت، ئەویش بەهۆی هەڵکەوتەی ناچەکەیانو نزیکیی لە سنووری ئێرانەوە.

ئەو هاوڵاتییە داواشی لە فراکسیۆنی گۆڕان کرد بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە کێشەو گرفتەکان، سەردانی ناوچەی سیدەکان بکەن، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە کێشەکانی ئەم ناوچەیە ئاگاداربنو بەداوداچوونی بۆ بکەن.

هەروەها ئەمیر حەمد ئەمین کە هاوڵاتییەکی تری دانیشتووی گوندی شێوەشارانی سەر بە ناحیەکەیە، وتی: گوندەکەیان تائێستا قوتابخانەی نییەو منداڵەکانیان دەچنە سیدەکان بۆ خوێندنو نەخۆشخانەکەشیان دەرمانی پێویستی لێ نییە، وتیشی: "ساڵی پار دایکم دووپشک پێوەیدا نەخۆشخانەکە دەرزی نەبوو لێی بدەن".

سەبارەت بەو کێشانەش ئەحمەد قادر، بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان بە رۆژنامەی راگەیاند: بەدواداچوونی کێشەکانیان دەکەنو قۆناغ بە قۆناغ گرفتەکان چارەسەردەکەنو "پرۆژەی ئاو و جادەو کارەبامان لەبەردەستدایە".

هاوکات ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەدا، کە لە بەرنامەیاندایە وەک پەرلەمانتارانی گۆڕان سەردانی ناحیەی سیدەکان بکەن.

بورهان رەشید گوڵە، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: "لە بەرنامەماندایە سیدەکانو چەند شوێنێکی تر بەسەربکەینەوەو لە نزیکەوە گوێ لە کێشەو گرفتەکانیان بگرینو بیکەینە راپۆرتێکو بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەرزی بکەینەوە، بۆ ئەوەی کێشەکانیان بۆ چارەسەربکرێت".

بەدواداچوون

## ١٨ هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوەو ١٢٠یش برینداربوون

ئاری سابیر: بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی هاتوچۆی کۆیە لەماوەی (١٢) مانگی ساڵی ڕابردوودا لە سنووری قەزای کۆیە (٣٠٦) ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویانداوە، بەو هۆیەوە (١٨) هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوەو (١٢٠) هاوڵاتی دیکەش برینداربوون.

مقەدەم شۆڕش کاکە بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی کۆیە ڕایگەیاند: "لەو ماوەیەشدا بەهۆی جێبەجێنەکردنی ڕێنماییەکانی هاتوچۆو نەبوونی مۆڵەتی شۆفێریی، هەزاران شۆفێر بە بڕی (١٠٩) ملیۆن دینار سزادراون‌و دەستبەسەر دەیان ئۆتۆمبێل‌و ماتۆڕسکیل‌و جام ڕەش‌و پەردەداردا گیراوە".

زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لەهەرێمی کوردستان، کە بە (٨٠٨) هەزار ئۆتۆمبێل دەخەملێندرێت، لەگەڵ خراپیی ڕێگاوبانەکان‌و پابەندنەبوونی شۆفێران بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆوە، هۆکاری سەرەکی زیادبوونی ڕووداوەکانی هاتوچۆن، کە بەهۆیانەوە هەزاران هاوڵاتی دەبنە قوربانیی.

## بۆرییەکانی ئاوی خواردنەوەی "شۆڕش" وشك دەکەن

**ڕاپۆرتی: ئەکرەم تۆفیق**

لەم وەرزی زستانەدا کە باران دەشت‌و دەرو جادەو بانەکانی تەڕکردووە، بەڵام بۆرییەکانی ئاوی خواردنەوەی ناحیەی هەژارنشینی شۆڕش وشک‌و برنگن، بە وتەی هاوڵاتییانیش؛ لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا دوو سەعات ئاویان پێدەگات.

محەمەد ڕەشید، هاوڵاتییەکی دانیشتووی گەڕەکی پیریادییەکانە لە ناحیەی شۆڕش، دەڵێت: نازانین کەی ئەم کێشەیەی ئێمە چارەسەر دەکرێت، کە (١٥) ڕۆژجارێک دوو سەعات ئاو دابەش دەکرێت، کە ئەوەش ڕێژەیەکی زۆر کەمەو بەشی یەک ڕۆژ دەکات، لەدوای ئەوەوە دەبێت بە تانکەر ئاو بکڕین کە بۆ هەر تانکەرێکیش بڕی (٢٥) هەزار دینارە، کە ئەمە بۆ خەڵکی هەژار زۆرە.

رزگار جەبار، گەنجێکی دانیشتووی هەمان گەڕەکە دەڵێت: "(١٨) ساڵە چاوەڕوانین، کەچی بە (١٨) ڕۆژ جارێک ئاو بە پچڕپچڕیی دەگاتە گەڕەکەکەمان".

ڕۆژنامە لەگەڵ چەندین کەس لە دانیشتووانی گەڕەکەکانی ناحیەی شۆڕش گفتوگۆی کرد، هەموویان داوای خزمەتگوزاریی زیاتریان دەکردو داواکاربوون حکومەت چارەسەری ئاوی خواردنەوە بکات.

لەو بارەیەوە، تاهیر نەجمەدین، لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی شۆڕش، ئەوەی ڕەتکردەوە؛ کە (١٥) ڕۆژ جارێک ئاو بە گەڕەکی پیریادییەکان بگات، وتیشی: هەموو هەفتەیەک ئاو دەگات بە هەموو گەڕەکەکان، بەڵام بە هۆی ئەوەی سەرچاوەی ئاوی شۆڕش لە دووکانەوە دابین دەکرێت زۆرجار کێشەی بۆری شکان ڕوو دەدات، ئەوەش دەبێت بە هۆی دواکەوتنی ئاو لە کاتی دیاریکراودا.

تاهیر نەجمەدن، وتیشی: لە کاتی ئاساییدا دەبێت دووجار لە هەفتەیەکدا ئاو بگات بە هەموو گەڕەکێک.

## ماوەی چوار ساڵە (١٧) مۆلیدەکەی قەزای کۆیە کار ناکەن

### بەڕێوەبەرێتی دابەشکردنی کارەبا: لە تواناماندا نییە گازوایلیان بۆ دابین بکەین

**ڕاپۆرتی: ئاری سابیر**

ئەگەرچی ماوەی چەند ساڵێکە (١٧) مولیدەی جۆری سەقەر لە قەزای کۆیە دانراون‌و سەدان هەزار دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، بە بیانووی "نەبوونی سووتەمەنی" ئەو مولیدانە کار ناکەن، لەکاتێکدا دانیشتووانی سنوورەکە بەدەست کێشەی کارەباوە دەناڵێنن.

ئاسۆ ئەحمەد، هاوڵاتییەکی دانیشتووی کۆیە باسی لەوە کرد؛ ساڵانە کێشەی کارەبا لە سنوورەکە سەرهەڵدەداتەوەو ئەو مولیدانەش کاریان پێ ناکرێت، وتیشی: "دانانی ئەو مولیدانە لە قەزای کۆیە بۆ ئەوەبوو لە کاتی سەرهەڵدانی کێشەی کارەبای نیشتمانیی کاریان پێ بکرێت‌و کارەبای کۆیە دابین بکەن، بەڵام سەرەڕای بەردەوامیی کێشەکە، ماوەی چەند ساڵێکە ئەو مولیدانە کار ناکەن بەبیانووی ئەوەی سووتەمەنیی نییە".

ئاسۆ، لە درێژەی قسەکانیدا بۆ ڕۆژنامە باسی ئەو تانکەرە سووتەمەنییانەی کرد کە لە سنووری شارەکەی پڕ دەکرێن‌و بە بەرچاویانەوە تێدەپەڕن، بەڵام "سوودیان بۆ شاری کۆیە نییە"، ئەو پرسیاری کرد کە "ناتوانرێت دوو تانکەر سووتەمەنیی بۆ ئەو مولیدانە دابین بکرێت؟".

شاری کۆیە کە ناوەندی قەزاکەیە، لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرە (٦٠) هەزار کەس تیایدا نیشتەجێن.

پرۆژەی دانانی (١٧) مولیدەی یەک میگاواتی جۆری سەقەر، لە ساڵی (٢٠٠٦) لەسەر بودجەی ئیدارەی پێشووی سلێمانی لە لایەن کۆمپانیای سەقەری لوبنانی جێبەجێ کراوە، کە توانای هەیە کارەبا بۆ نیوەی دانیشتووانی کۆیە دابین بکات.



لەو بارەیەوە، سەرچاوەیەک لە وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نەیویست ناوی بنووسرێت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: "ئەو پرۆژەیە یەکێکە لەو پرۆژانەی لە کاتی دوو ئیدارەیی لە لایەن ئیدارەی سلێمانی بەبێ پلان‌و بێ بەرنامە ئەنجام دراوە، بەبێ ئەوەی بیر لە ئەرک‌و خەرجیی مولیدەکان بکرێتەوەو ئێستا خەڵکی کۆیە باجەکەی دەدەن".

ئەو سەرچاوەیە، وتیشی: "جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی لەو شێوەیە کە سەدان هەزار دۆلاری تێدا خەرج کراوەو پێویستی بە دیراسەیەکی باش هەیە لەلایەن کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لە سەرجەم ڕووەکانەوە، دەبێت هەموو ئەگەرەکان لەبەرچاو بگیرێت‌و بزانن بڕی چەند گازو ڕۆنی دەوێت".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، ئەگەر سەرجەم موەلیدەکان کاریان پێ بکرێت توانای بەرهەمهێنانی (١٤) میگاوات کارەبای هەیە، بۆ هەر میگاواتێکیش لە کاتژمێرێکدا (٢٠٠) لیتر گازوایلی دەوێت.

سەبارەت بە کارپێنەکردنی ئەو موەلیدانە ئەندازیار لوقمان حەوێز، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی دابەشکردنی کارەبای کۆیە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: "ئەو موەلیدانە تائێستا سەر بە بەڕێوبەرێتی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای سلێمانین‌و پەیوەندییان بە کارەبای کۆیەوە نییەو ئەگەر کاریان پێ بکرێت تەنیا توانای دابینکردنی کارەبای بەشێک لە دانیشتووانی قەزای کۆیەی هەیەو پێویستی بە گازێکی زۆرە لە توانای ئێمەدا نییە گاز بۆ ئەو موەلیدانە دابین بکەین".

# پێنجوێن لە جیهان دادەبڕێت

**ڕاپۆرتی: خالید مەحمود**

"ئینتەرنێت هۆکارێکی پێشکەوتووی سەردەمییەو سیمایەکی شارستانییەو لە هەموو قوژبنێکەوە بە جیهانتەوە دەبەستێتەوە، بەڵام بۆ ئێمە دەبێت (٩٠) کیلۆ مەتر ڕێگە ببڕین تا پێی دەگەین".

ئەوەی سەرەوە وتەی عەزیز محەمەد، مامۆستا، (٤٣) ساڵە کە وەک ڕۆشنبیرێکی قەزای پێنجوێنە، عەزیز دەڵێت: ماوەی ساڵێکە کۆمپانیایەک بە ناوی (زانیار نێت) ژمارەیەک مۆدیۆمی (ئەو ئامێرەی ئینتەرنێت بە کۆمپیوتەر دەگەیەنێت) دابەشکردووە، هەریەکەمان بڕێک پارەی لێسەندووین، بەڵام هیچ سوودمان لێ نەبینیوە.

عەزیز محەمەد، یەکێکە لەو دەیان کەسەی دانیشتووی قەزای پێنجوێن، کە کۆمپانیایەک دەستخەڕۆی کردوون‌و ئینتەرنێتی بۆ دابین نەکردوون، پێنجوێنیش وەک قەزاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان هەمان کێشەی ئینتەرنێتی هەیە.

یەکێکی تر لە دانیشتووانی قەزاکە لە بارەی خراپیی هێڵی ئینتەرنێتەوە بە ڕۆژنامەی وت: زۆر دڵمان خۆشبوو بەوەی ئینتەرنێتمان بۆ دێت، بەڵام دڵمان بەو خۆشییە نەگەیشت، شاباز عومەر، فەرمانبەر، (٤٠) ساڵ هەروەها دەڵێت: ئەگەر بمانەوێت وێنەیەک لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بنێرین بۆ کەسوکارمان لە دەرەوەی وڵات، یان لە شارەکانی کوردستان‌و عێراق دەبێت بچینە سلێمانی‌و (٩٠) کیلۆ مەتر ببڕین.

شاباز، فەرمانگەی گەیاندنی پێنجوێنیش لەو بارەیەوە بە "کەمتەرخەم" دەزانێت، هاوکات کەمال محەمەد حسێن، بەڕێوەبەری گەیاندن لە پێنجوێن بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەسەر داوای هاوڵاتییان چەندین جار کۆمپانیاکەمان ئاگادارکردەوە.

بە وتەی بەڕێوەبەری گەیاندن؛ لە ڕێگەی کۆمپانیای زانیارنێتەوە (٧٥) جیهازی مۆدیۆم کە بۆ هەر مۆدیۆمێک بڕی (٧٥) دۆلار لە هاوڵاتییانی بەشداربوو وەرگیراوەو براوە بۆ پێنجوێن، بەڵام لە مانگی (٢٠١٠/٢)وە هێڵەکان نەماون.

کەمال محەمەد، باسی لەوەشکردو وتیشی: "چەندین جار کۆمپانیای زانیارمان ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام سوودی نەبووە، نە ئەوەی چاکی بکەنەوە، نە ئەوەی مۆدیۆمەکان وەربگرنەوە".

بەڕێوەبەرەکە وتیشی: لە ڕێگەی ڕۆژنامەکەی ئێوەوە پێشنیاز دەکەم وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن خۆیان هەستن بە دانانی ئینتەرنێت بەشێوەی دابینکردنی هێڵی تەلەفۆن لە کاتێکدا داهاتیشی بۆ حکومەت دەبێت‌و پێدەچێت بۆ هاوڵاتییانیش هەرزانترو باشتر بکەوێت".

سەبارەت بەگلەیی‌و گازندەی ئەو هاوڵاتییانەی کە مۆدیۆمیان وەرگرتووە لە کۆمپانیای زانیار، ڕۆژنامە پەیوەندیی کرد بە کۆمپانیای ناوبراوەوە، بەڵام وتیان "حاجی سەرچڵ" گەشتی دەرەوەی هەرێمی کردووە.



بۆچوون

**ئاشتی عەزیز: چیدی هیچ تێزێک لە لایەن ئێوەی دیکتاتۆر لە ژێر هەر ناوێکدا نابێتە بڕوا لای ئێمە**

# دیکتاتۆرەکان دەڵێن؛ سەگەکەت برسی بکە، دوات دەکەوێت...!



ئاشتی عەزیز ساڵح *

مێژووی جیماوی دیکتاتۆرییەت کە لە بەردەستماندایە لە هەزارەها نموونەی هاوشێوەدا خۆی دووبارەکردووەتەوە، نموونەکانیش ئەزموونێک پشتراست دەکاتەوە کە هیچ قۆناغێک لە ژیانی مرۆڤدا بەبێ دروستکردنی نموونەی خراپی دیکتاتۆریک بەڕێنەکراوە، واتا چەند قۆناغە کۆمەڵایەتیو سیاسییو ئابوورییەکان گرنگ بووە لە ژیانی مرۆڤدا، ئەو کاتانەی کۆمەڵگەکان سەرقاڵی رووبەڕووبوونەوەو ململانێی بوون لەپێناو مانەوەو ژیاندا لە کاتی دابەشکردنی پارچەیەک نانیشدا هەمیشە خۆسەپێنەرێک راست بووەتەوەو بەشی خۆیو ئەوانی تریشی بێشەرمانە خواردووە، ئەوەندەش مرۆڤ سەرقاڵی رووخاندنی دیکتاتۆرەکانو لە خەمی ئازادیدا بووە.

هەر بۆیە رەفتاری دیکتاتۆرەکان ئاسان دەناسرێتەوە، چونکە بەکردارياندا دیارە کە رەنگدانەوەی هزرە سەپێنراوەکەیانە کاتێک دەیانەوێت ئەو بڕوایە بسەلمێنن کە چەند سەگەکان برسی بن، ئەوەندە باشتر دوات دەکەون.

لە بەرامبەردا ئەزموونی (ئازادیی) مرۆڤ پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێت، بەڵکو ئەو هاوکێشەیە بە تەواوی پێچەوانە دەکاتەوەو دەڵێ؛ چەند سەگەکان برسی بکرێن، ئەوەندە پەلاماری دەستی دیکتاتۆرەکان دەدەنو دەیگەزن، واتە لە هیچ کاتو سەردەمێکدا ئەگەرێک نایەتە کایەوە کە گریمانەی ونبوونی (پەرچەکردار) بسەلمێنێت، تەنیا لە یەک حاڵەتدا نەبێت گریمانەی پەرچەکردار بوونی نامینێت، کە ئەویش لە دەرهاویشتە نەخۆشەکانی هزری دیکتاتۆرییەتدایە.

چونکە ئەوان بەم خەیاڵە دەیانەوێت رابکەن لە راستییەک، کە پەرچەکردارەکان رەنگدانەوەی کردارەکانن، واتا بە روونتر دەتوانین بڵێین؛ چ مۆدێلێک لە پەرچەکردار ببینین جێگەی سەرسووڕمان نییە، بپرسین بۆ ئەم جۆرە هەڵوێستە دەبینرێت، یان پرسیار بکەین هێشتا زووە بۆ ئەم جۆرە لە پەرچەکردار؟ ژیرانەتر ئەوەیە هزری دیکتاتۆرییەت بەرلەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە بکاتو بگەڕێتەوە بۆ ئەو کردارانەی کە سەرچاوە بوون بۆ دروستبوونی دۆخێک. باشترین نموونەی زیندوو لە ئێستادا، گەر سەیری وڵاتێکی وەک تونس بکەین و واقیعی هەڵچوونەکان تەماشا بکەین، دەبینین سەرەتا خۆپیشاندانەکان بۆ داواکردنی نان بوو، خۆپیشاندەران سیمبولی نانیان بەکارهێنا، دواتر درێژەی کێشا بۆ باسکردن لە بێکارییو کەمیی داهاتو بژێویی خەڵک، تا گەیشتە قۆناغی داواکردنی داواکاریی سیاسییو کەشفکردنی دۆسییە گەندەڵەکانی سەرۆکو خێزانەکەی، کەواتە دەپرسین؛ ئەو دۆخە چۆن دروست بوو و گرنگە بگەڕێین بە دوو وەڵامی دروستکراودا، یان ئێمەش زۆر بە سادەی بڵێین؛ ئایا پرسیارە بەردەوامە سادەکانی خەڵک ئەو رۆژەیان دروستکرد، کاتێک میللەت پرسیی.........

بۆچی مرۆڤێک کار نییە بیکات، لە بەرامبەردا مرۆڤێکیش هەزارەها پۆستو کار بە خۆی دەبەخشێتو ناتوانێت هیچ کامیشیان بە باشی جێبەجێ بکات؟! مرۆڤێک نانێک نییە بیخواتو مرۆڤێکیش چەندەها تەن زێڕو زیوی حەشار داوە لە بانکەکانی وڵاتانی تردا؟ کە ئاکامەکەشیان بە بلۆککردنی داهاتە گەندەڵەکانیان کۆتایی دێت، یان فریا ناکەون داهاتەکانیان سەرف بکەنو بەر لەوە کۆتایی بە ژیانیان دەهێنرێت؟ لێرەدا دەمەوێت بڵێم؛ هەرچەندە کردارەکان بچووک بنو

هەرچەندە نارەزایییەکان بە نارەوا لە قەڵەم بدرێن، بەڵام رۆژگارێک دێت کە دەیسەلمێنێت کێ دەتوانێت حوکم بدات، کامە رەوایەو کامە نا، ئەویش ئەو رۆژەیە کە هەموو نارەزایییە بچووکەکان دەچنە پاڵ یەکترو دەبنە نێوەندێکی کۆنکرێتی کە هیچ دیالۆگێک نامێنێت لەنێوان کردارو پەرچەکرداردا، واتە دەشێت لە قۆناغێکدا نان بۆ میللەت گران بکرێت، بەڵام ئەو داوای هەرزانکردنی نان نەکات، بەڵکو داوای جێهێشتنی کورسییەکەیان لێبکات، چونکە دیکتاتۆرەکان بە تەمەنی دەسەڵاتیانو خۆسەپاندنیان سەرەتا بە رێکخستنی درۆکانیان دەست پێدەکەنو دواتر بە پاساو هێنانەوە بۆ درۆکانیانو لە کۆتایشدا بە تێکەڵاوبوونی راستیو درۆ میللەت سەرقاڵ دەکەن کە دەبنە دوو دیو بۆ یەک دراو.

بەڵام میللەت بە پێچەوانەوە لە هەموو ئەو ماوەیەی کە لە ژێردەستەیی دیکتاتۆرێکدا دەبێت، ژانەکانو ئازارەکانی کۆدەکاتەوە، کە دواتر کۆی ژانەکانی وای لێدەکات سەرچاوەی راستەقینەی ئازارەکەی نەزانێت لە کوێدایە، هەر بۆیە هەموو چارەسەرکردنێکی رووکەشیی رەتدەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەی دیکتاتۆرەکان ژیرن لەوەی لە کەیدا ئومێد دەدەن بە میللەتو لە کەیشدا چاوەڕوانیان دەکەن هەروەها لە کەیدا لێیان دەسەننەوە، بەڵام بە درێژایی مێژووش میللەت سەلماندوویەتی کە زۆر ژیرترە لە هەڵبژاردنی چرکەساتی بانگەشەکردنی بێئومێدیی بە رووی دیکتاتۆرداو زۆر راشکاوانەو بێ گوێدانە ئاراستەی ئاکامەکان رای دەگەیەنێت، چیدی هیچ تێزێک لە لایەن ئێوەی دیکتاتۆر لەژێر هیچ ناوێکدا نابێتە بڕوا لە لای ئێمەی میللەت.

* ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

# نان و ئازادیی



د. محەممەد ئەمین گەناوی *

لە رووی بایۆلۆژییەوە، مانەوە لە ژیان ئامانجی سەرەکیی هەموو زیندەوەرانە لەوانە مرۆڤیش، واتە بوونو پەیداکردنی خۆراکی پێویست بۆ بەردەوامبوون لە ژیان.

توانای پەیداکردنی خۆراکو جۆری خۆراکو ئاستی خۆراک، هەمیشەو ئێستاش پێوەربوونو پێوەرن بۆ توانا، جۆری ژیانو ئاستی ژیانی هەر تاکو کۆمەڵێک، ئامانج بووەو ئامانجە بۆ هەوڵەکانی مرۆڤ لە هەموو کاتو شوێنێک، نەک تەنیا بۆ زیاترکردنو باشترکردنی نان، بەڵکو بۆ زیاتر دەستبەسەراگرتنو کۆنترۆڵکردنی نانیش لەلایەن دەسەڵاتدارو دەسەڵاتخوازانەوە.

بەدرێژایی مێژووی کۆنو نوێ، دەستبەسەراگرتنی نان لەلایەن دەسەڵاتدارو دەسەڵاتخوازانەوە وەکو چەکێک بەکارهاتووە، بۆ چەسپاندنو سەقامگیرکردنی دەسەڵات، بۆ نموونە؛ ئەگەر فیرعەونەکانی میسر نانی سەدان هەزار کرێکارو خەڵکیان لەبەردەستدا نەبوایە، ئەوان نەیاندەتوانی ئەم سەدان هەزار کرێکارە ناچار بکەن کە بۆ نانو لەبەر مانەوە لە ژیان هەتا ئەگەر ژیانی بەردەییش بێت، گەورەترین بەرهەمی سەرسوڕهێنەری جیهانیی کە دروستکردنی ئەهرامەکانە، دروستبکەن.

بەهەمانجۆر لە هەموو شارستانییەکانی تری جیهان هەم لە رۆمو فارسو چینو هیندو ئیسلامەوە تا رۆژی ئەمڕۆش نان کلیلی دەسەڵاتو هێزیان بووە، بەپێچەوانەشەوە.

هەر لەبەرئەوە لە زۆر شوێنو کاتدا نان بووەتە وەسیلە بۆ کوشتنی ئازادیی، واتە مرۆڤەکان ئامادەبوون، یان ناچاربوون بۆ دابینکردنی نانو مانەوە لە ژیان واز لە ئازادیی بهێنن، بەتایبەتی لەو شوێنانە کە هەستی مرۆڤدۆستییو بیری بەرزنرخاندنی مرۆڤ لاواز بێتو فەرهەنگی سیاسییو کۆمەڵایەتیی نزمە.

نان جگە لەوەی کە پێویستییەکی بایۆلۆژییە بۆ مانەوە لە ژیان، لەهەمانکاتیشدا بڕیاردەری جۆرو فۆرمو دۆخی سیاسییو کۆمەڵایەتییو فەرهەنگیی بووە لەناو هەر کۆمەڵگەیەکداو لەهەمانکاتدا بوونی نان کە بەگشتیی مەبەست لێی (بژێویی) مرۆڤەکانە، پێوەر بووەو پێوەرە بۆ دیاریکردنی چینەکانی هەر کۆمەڵێکو ئاستی توانای دەسەڵاتدارەکان، چ لەسەر ئاستی میللیو پەیوەندییە جیهانییەکان هەتا دیبلۆماسیش.

هەرکاتێک نانو ئازادیی بەیەکەوە هاوڕێک نەبوون، ئەوا یەکێکیان دژی ئەوەی تریان دەبێت، واتە یان ئازادیی بێ نان، یان نان بێ ئازادیی، نموونەی ئەم حاڵە لە زۆر شوێنو کاتدا هەبووەو هەیە.

لەهەر حاڵێکدا، یان لەهەر کۆمەڵگەیەکدا نان هەبوو، بەڵام ئازادیی نەبوو، ئەوا لەم حاڵەتەدا، یان لەو کۆمەڵگەیەدا تاکەکان ئیرادەو ویستی ئینسانیی لەدەستدەدەن، ئەگەر ئازادیی هەبوو لەوانە؛ ئازادییە فەردییەکانو سیاسییەکان، بەڵام نان نەبوو، ئەوا تاکەکان بەهای مرۆییو ئازادیی لەدەستدەدەن.

لەبەرئەوە نان بێ ئازادیی ناتوانێت بەهای ئینسانیی رابگرێت، ئازادیش بێ نان ناتوانێت پارێزگاریی لە بەها مەعنەوییەکان بکات، کەواتە ئازادییو نان، تەواوکەری ژیانێکی تەندروستو بەهادارن بۆ تاکو کۆمەڵو میللەتان، لەهەر کۆمەڵگەیەکدا مرۆڤەکان، یان تاکەکان لە نانو ئازادیی بێبەشکران، ئەوا دەرگای هەموو تاوانەکان دەکرێتەوە دژی تاکو کۆمەڵ، لەوانە؛ تاوانی ئابووریی، سیاسیی، پێشێلکردنی هەموو مافو بەهاکانی مرۆڤو مرۆڤایەتیی.

بەدرێژایی مێژوو، خەباتو راپەڕینی مرۆڤ دژی ستەمو زوڵم هەمیشە بەو ئامانجە بووە کە نانێکی هەقو شەرەفمەندانە بەدەستبهێنرێت، هەتا ئەگەر ئازادیی ئامانجی سەرەکیش نەبووبێت، بەڵام پەیامی ئازادیی هەڵگرتووە، بۆ نموونە کە دەڵێین لەم رۆژانەدا هەمیشە لە هەواڵەکان گوێبیست دەبین لەبارەی شۆڕشی برسییەکان لە تونس بۆ نان، لە رێی هەلی کاری یەکسان بۆ هەمووان، ئەوا بۆخۆی پەیامێکی ئازادییش لەگەڵ پەیامی نانێکی هەقو شەرەفمەندانەدا هەڵدەگرێت، ئیتر گارانتیکردنی بوونی نانو ئازادیی بەیەکەوە لەئەستۆی گەلی شۆڕشگێڕدایە.

لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین کە خەبات بۆ نان دەتوانێتو دەشێتو شانسی ئەوەی زیاترە کە ئازادییش لەگەڵ خۆی بهێنێتو فەراهەم بکات، لە چاو ئەوەدا کە خەبات بۆ ئازادیی بێت، چونکە زۆر ئەزموون نیشانیداوە کە خەبات بۆ ئازادیی، خودی ئازادیی مەرج نییە کە نانو خۆشگوزەرانیی ئابووریی فەراهەم بکات بۆ هەمووان.

بۆ نموونە؛ شۆڕشەکانی ئازادیی لە سەدەی رابردوو لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، لەوانە؛ زۆربەی وڵاتانی عەرەبیو ئێرانو ئەورووپای رۆژهەڵاتو لای خۆشمان شۆڕشو راپەڕینی (١٩٩١) دژی بەعس، کەم، یان زۆر ئەم شۆڕشانە کە ئازادیشیان هێنابێت، واتە هەتا ئەگەر دیکتاتۆرێک جێی دیکتاتۆرێکی تریشی نەگرتبێتەوە بەناوی ئازادییەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئازادیی نەبووەتە مەرج بۆ خۆشگوزەرانییو دابینکردنی نان بۆ هەمووان.

بۆیە پێویستە لەسەر هەموو ئاستێک کار بۆ ئەمە بکرێت کە نانو ئازادیی بەیەکەوە هاوڕێک بوونیان هەبێت لە کۆمەڵدا، وە ببێتە بەرنامەی کاری سیاسییو هەتا فەرهەنگییو کۆمەڵایەتیی، بەجۆرێک کە هەمووان بەشداربن لە کارو بەرپرسیارێتیدا، ئەوکات نە هیچ گەلو نە هیچ کۆمەڵێک سەرنەویشتی خۆی ئەدا، نە نادیارێکو نە هیچ سەرۆکێک، ناچار بە هەڵاتن دەبێت...

* مامۆستای زانکۆی سلێمانی




# ئەنفلۆنزای دیکتاتۆرەکان



مەحمود عەبدوسەمەد

ناوبەناو پەتایەکی سروشتیی دەکەوێتەوە لە تێکڕای دەڤەرێکداو تەشەنە دەکات، ئایدز دەکەوێتەوەو ژمارەیەکی زۆر خەڵک دەکوژێت، دەردێکی کشتوکاڵیی دێتو کێڵگەو باخەکان دەگرێتەوە، لەم ساڵانەی دواییشدا چەند جۆرێکی ئەنفلۆنزا لە جیهاندا کەوتەوە، ئەنفلۆنزای بەراز، مشک، پەلەوەرو هەریەکەیان ژمارەیەکی زۆریان لە ئاژەڵو مەڕوماڵاتو پەلەوەر کوشت...

ئەوەی شایانی باسە زۆربەی زۆری ئەم پەتا کوشندانە لە وڵاتانی دواکەوتووی خۆرهەڵاتو ئیسلامیدا دەکەونەوەو چارەسەریشیان ئەو داو و دەرمانو رێنوێنیانەیە کە ناوەندە پزیشکییەکان ئاراستەی خەڵکی دەکەن، بەڵام ئەمجارەیان ئەنفلۆنزای دیکتاتۆرو رژێمە سەرکوتکەرەکانیان کەوتووەتەوە هەر لە خۆرهەڵاتدا، بەڵام بە دەرزیو دەرمان چارە ناکرێت.

لەو رۆژەوە سەرۆکی تونس (بن عەلی) سەری خۆیو خانەوادەکەی هەڵگرتووە لە ترسی تۆڵەی رەشو رووتی بەشخووراوی تونس خۆی کوتاوەتە بندەستی رژێمێک، کە رەنگە مامۆستایەتی دەیان دیکتاتۆری وەک (بن عەلی) بکات.

پەتاکە بە شێوەیەکی زۆر خێرا گەیشتە کۆشکە عاجیەکانی سەرانی دیکتاتۆرییەت.

سوێند بخۆ لەو رۆژەوە هیچ دیکتاتۆرێک نە تێری خواردووەو نە تێر خەوتووە، رژێمی میسر تووش بووە، شێت بووە، جادەکانی خوێناویی کردووە، عەقلی لەدەستداوە، رەنگە ئەو تووشی شێتیی(.....) بووبێت، رژێمی ئەردەنی ئاقڵانە مامەڵەی کرد لەوانەیە ئەمجارەیان سەری نەخوات، سەری حەریریشی خوارد، نازانم بوتەفلیقە، چی لێ بەسەردێت، جارێ مەعلوم نییە لە کوێی دیکە سەرهەڵدەدات.

دیکتاتۆرەکان ئەقڵیان پێ ناشکێت کە ئەنفلۆنزای دیکتاتۆرییەت نییەو بە چەکوشی سەرکوتکردن چارەسەر ناکرێت، چارەسەری ئەنفلۆنزای ئەوان هەر بە (دیموکراسییو مافی مرۆڤو عەدالەت) دەکرێت، ئیختیاری زۆرەملێو سەپاندنی دیموکراسیی زوو دۆڕاوە، سەری هەزاران لەو کەڵلەپووتانەی خوارد، کەچی هاوچەشنەکانیان عارو عیبرەت ناگرن، تا سەعاتی سفری راپەڕینی گەل زەنگ لێدەدات، ئەوسا هەرکامیان وەک (بن عەلی) شانسی هەبێت دزەی بۆ دەکات خۆیو منداڵەکانی دەردەکاتو چەند ساڵە چی کۆکردووەتەوە لێی نائومێد دەبێتو دەبێت پەنا بەرێت بۆ هاوسۆزێکی خۆی، بەڵکو لە(شوقەیەک)دا جێی بکاتەوەو هەرکامیان شانسی نەبێت، ئەوا بە دەردەکەی (شاو شیکۆو سەدام)ی لای خۆمان دەچێتو چی ناوە بەیەکەوەو چی دزیوە بۆ خەڵک دەبێتو سەریشی تیا دەچێت، بەڵکو ئەم ئەنفلۆنزایە کپ نەبێتەوە تا دوا رژێمی ئۆتۆریتارو سیۆکراسییو دامودەزگاکانیان ریشەکێش دەکاتو ئێمەش بەڵکو ئەم ساڵە بە (ساڵی ئەنفلۆنزای دیکتاتۆریی) ناوزەند بکەین لە ساڵنامەی مرۆڤایەتیی چەوساوەو مەزلوومەکاندا تۆمار بکرێت.

بەدواداچوون

## پەیمان عەبدولکەریم: نەبونی پلانی تۆکمە هۆکاری زیادبونی بێکارییە

ڕۆژنامە: ئەندامێکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی لەپەرلەمانی کوردستان هۆکاری زیادبوونی بێکاریی بۆ نەبونی پلانی تۆکمە دەگەڕێنێتەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوەو بەقەیرانی هەڵاوسانی ئابوریشی لەقەڵەم دەدات.

پەیمان عەبدولکەریم ڕاگەیاند: لەهەرێمی کوردستاندا تائێستا پلانە نیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بێکاریی‌و ئەو سەرلێشێواوییەی کە هەیە لەنێو گەنجان بەهۆی نەبونی کارەوەیە.

بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە بەدەیان سەفارەتی وڵاتان لەهەرێمی کوردستاندا هەیە و کاتێک ناوەندێکی کار دەکرێتەوە لەجیاتی کرێکاری ناوخۆیی، کرێکاری دەرەوە دەهێنن و لەبەرامبەریشدا حکومەتی هەرێم دەستەوستانە.

وتیشی لە ڕووی پەروەردەییەوە ئێستا ٨٠ هەزار قوتابی لە ١٢ ئامادەیین‌و چاوەڕێدەکەن بچنە زانکۆ، بەڵام زانکۆکان ٢٠ هەزار وەردەگرن.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەردەستدان، لەساڵی ٢٠٠٤ەوە تائێستا زیاتر لە ٥٢ هەزار بێکار لەهەرێمی کوردستاندا تۆمار کراوە.

## سکاڵا لەسەر خۆپیشاندەرانی بەردەم کونسوڵخانەی ئێران تۆماردەکرێت

هەنگاوهاشم- هەولێر

سکاڵای یاسایی لەسەر چەند کەسێک تۆمار دەکرێت کە بەشدارییان لە خۆپیشاندانی شەممەی ڕابردووی بەردەم کونسولگەری ئێران لە هەولێر کردووەو بەڕێوەبەری پۆلیسیش دەڵێت: «لێکۆڵینەوە لەو بارەوە دەکەین‌و کەسیش دەستگیرنەکراوە».

پاش ئەوەی شەممەی



ڕابردوو خۆپیشاندانێک دژی لەسێدارەدانی گەنجانی کورد لە ئێران بۆ بەردەم کونسوڵخانەی ئەو وڵاتە لە هەولێر ئەنجامدراو تێیدا هێرشکرایە سەر باڵەخانەی کونسوڵخانەکە، تابلۆی ئاگادارییەکانی ئەو کۆنسولگەرییەیان شکاندو سکاڵای یاسایی لەسەر ئامادەکارانی ئەو خۆپیشاندانە تۆماردەکرێت.

لەوبارەیەوە عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە؛ کە چەندین کەس لە ئامادەکارانی خۆپیشاندانەکەی شەممەی ڕابردوو سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوەو لەئێستادا پۆلیس‌و ئاسایش لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە دەکەن، وتیشی: «دەستگیرکردنی ئەو کەسانە بەپێی یاساو بڕیاری دادگا دەبێت‌و تائێستا کەس دەستگیرنەکراوە».

## (٣) مانگ بەسەر کاتی یاسایی پارکی گەورەی کۆیە تێدەپەڕێت

### تەنیا (٣٠٪)ی پرۆژەکە تەواو بووە

ڕاپۆرتی: ئاری سابیر

پرۆژەی پارکی گەورەی کۆیە، ساڵی (٢٠٠٩) دەستکراوە بەجێبەجێکردنی‌و بڕیاربوو ساڵی (٢٠١٠) تەواو بکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەی ماوەی سێ مانگ بەسەر کاتی دیاریکراوی پرۆژەکەدا تێپەڕیوە، تەنیا (٣٠٪)ی پرۆژەکە تەواو بووە.

ئاکام عومەر (٢٣) ساڵ، گەنجێکی دانیشتووی کۆیەیە نیگەرانە لەوەی کە ئەو بودجە زۆرەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو بۆ قەزای کۆیە تەرخانکراوە، نەتوانراوە وەک پێویست خزمەتی هاوڵاتییانی پێبکرێت.

سەبارەت بە تەواونەبوونی پارکی گەورەی کۆیە، ئەو گەنجەی کۆیە وتی: «لە ساڵی (٢٠٠٩) کە دەستکرا بە کارکردن لە پرۆژەی دروستکردنی پارکی گەورەی کۆیە، بەرپرسان بەڵێنیاندا لەکاتی دیارکراوی خۆیدا تەواوبکرێت، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمیی لایەنی جێبەجێکار، تەنیا سیاجی پارکەکە تەواوبووە، سەرجەم نەمامەکانی کە چێنرابوو، وشکبووە».

پرۆژەی پارکی گەورەی کۆیە کە دەکەوێتە سەر ڕێگای (کۆیە_ سلێمانی)، لەلایەن وەزارەتی شارەوانی بڕی (٤٩٢)هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکراوەو کۆمپانیای (ڕاکۆ) لە ٢٠٠٩/١١/٥ دەستیکردووە بە کارکردن تێیدا، پارکەکە (٣٣٠)ڕۆژ بۆ تەواوکردنی دانراوەو بڕیاربوو لە ٢٠١٠/١٠/٥دا تەواوبکرێت، بەڵام دوای تێپەڕبوونی (٣)مانگ بەسەر وادەی دیاریکراوی خۆیدا، تەنیا (٣٠٪) کارەکانی تەواو بووە.

بەڵێن ئاودێر، لێپرسراوی بەشی باخچەکان لە شارەوانیی کۆیە، سەبارەت بە کێشەی تەواونەکردنی پارکی کۆیە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دواکەوتنی پرۆژەی پارکی گەورەی کۆیە، هۆکارەکەی بۆ هەڵەیەکی کۆمپانیاکە دەگەڕێتەوە، ئەو نەمامانەی کە هێنابووی‌و چاندبووی لە پارکەکە، لەگەڵ ژینگەی کوردستان نەدەگونجاو وشکبوون، زیانەکەی لە ئەستۆی کۆمپانیاکەدایە».

ناوبراو وتیشی: «پارکی گەورەی کۆیە بەشێکی تەواوبووە، بە چەند قوناغێک سەرجەم بڕگەکانی جێبەجێدەکرێت».



# فراکسیۆنی گۆڕان: بەشێکی قەزای شەقڵاوەو ناحییەکانی داگیرکراون

ڕاپۆرتی ڕۆژنامە

فراکسیۆنی گۆڕان لە ڕاپۆرتێکدا کەموکوڕییەکانی قەزای شەقڵاوەو ناحیەکانی دەخاتەڕوو، ئاماژە بەوەش دەکات کە چەندین شوێن لەلایەن بەرپرسانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە.

### ناوەندی شەقڵاوە

لەو ڕاپۆرتەدا کە لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمدا ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانیان کرووە، هاتووە: لە ناوەندی قەزای شەقڵاوەدا، بڕیارێک لە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێرەوە بە ژمارە (٧٠٣٢) لە (٢٠٠٨/٨/٥) ئاراستەی سەرۆکایەتیی شارەوانیی شەقڵاوە کراوە، بەپێی بڕیارەکە خاوەن مولک بۆی هەیە بە درێژایی (٢٠م) لەوبەرو ئەوبەری شەقامی نێوان (ئۆتێل میدیا)و (ئۆتێل شەقڵاوە) بکات بە شوێنی گەشتیاریی، یان ناوەندی بازرگانی، بەڵام وەک هاوڵاتییان ئاماژەیان پێدا، ئەم بڕیارە بۆ بەرپرسان‌و ئەو کەسانەی پشتگیریی حیزبییان هەیە ئاسایی جێبەجێ دەکرێت‌و ئەو کەسانەش کە پشتگیریی حیزبییان نەبێت، لە سوودوەرگرتن لە بڕیارەکە بێبەش دەکرێن.

ڕاپۆرتەکە لە هەندێک بڕگەیدا پشتی بە لێدوانی هاوڵاتییانی ناوچەک بەستووە، هاتووە: خەڵکانێک لە شەقڵاوە دەتوانن باڵەخانەو شوقەی نیشتەجێبوون‌و ئوتێلی گەورە لەسەر ڕووبەری زەویی فراوان دروست بکەن، بەڵام بۆ خەڵکی ئاسایی یاسای (١٠٠م) بۆ (١) دۆنم زەوی جێبەجێ دەکرێت، واتە لە ڕووبەری یەک دۆنم زەویدا، تەنیا بۆیان هەیە (١٠٠م) بکەن بە بینا.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە کە هەریەک لە (کاردۆ محەمەد پیرداود، پێشەوا تۆفیق مەغدید، د.جەعفەر عەلی ڕەسوڵ) لە سەردانێکی مەیدانی ٢٠١٠/١٢/٢٩دا ئامادەیان کردووە، «گەراجێکی گشتیی بووەتە گرفتێکی سەرەکیی شوفێران‌و هاوڵاتییانیش لە قەزاکە»، کە پێشتر گەراجی گواستنەوەی هاوڵاتییان لە شارەکەدا هەبووە، بەڵام دوای فرۆشتنی بە هاوڵاتییەک، لە کاتی ئێستادا شۆفێران بەبێ گەراجی ڕەسمیی ماونەتەوە، بۆیە خۆیان شوێنێکیان بەبڕی (٤٠٠,٠٠٠) هەزار دینار مانگانە بەکرێ گرتووە، کە هیچ تایبەتمەندییەکی تێدا نییە بۆ گواستنەوەی هاوڵاتییان.

نەبوونی پارکێکی گشتیی بۆ هاوڵاتییانی قەزاکە، یەکێکی ترە لە گرفتی هاوڵاتییان لەو شارەدا. وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: پێشتر پارکێکی گشتیی هەبووە، بەڵام دراوەتە بەرپرسێکی حیزبیی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە هاوڵاتییانەوە دراوە بە پەرلەمانتارەکان «سێ خانووی نەخۆشخانەی شەقڵاوە کە موڵکی گشتیین، بە پێچەوانەی یاسا بە هاوڵاتییان فرۆشراون»و هەورەها خانووی ڕەسمیی قایمقام لە شەقڵاوە، بە بەرپرسێکی پارتی فرۆشراوە.

### ناحیەی هەریر

سەبارەت بە ناحیەی هەریر، ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بە «بچووکیی نەخۆشخانەی (هەریر) کردووە کە گرفتێکی گەورەی بۆ دانیشتووانی ناحیەکە دروستکردووە. هەروەک (بەشێکی زۆر) لە خەڵکەکە داوای دروستکردنی پارکێکی گشتییان دەکرد. نەبوونی تاپۆ گرفتێکی تری خەڵکی ناحیەکە بوو».

بەپێی ڕاپۆرتەکە، یەکێک لە گرفتەکانی دیکەی بەشێک لە کاسبکاران‌و خەڵکی بێ ئیشی سنوورەکە، بریتیبوو لە داخستنی کارگەی (لەقوتونانی دۆشاوی تەماتە) لە سنووری ناحیەکە کە بە هۆیەوە سەدان کرێکار بێکار بوون.



### ناحیەی باسرمە

بەو پێیەی چەند ساڵێکە (باسرمە) کراوەتە ناحیە، پێویستی زیاتری بە جێبەجێکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاریی هەیە، وەک: قیرتاوکردنی شەقامەکان‌و کۆنکرێتکردن‌و دروستکردنی شۆستە بۆ ناو گەڕەکەکانی ناحیەکە. دروستکردنی دوو باخچەی ساوایان بۆ مەرکەزی ناحیەکە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، بینایەکی تایبەت بە نەخۆشخانەی هاوڵاتییان کە موڵکی گشتییە، لە ساڵی (١٩٩١)ەوە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە داگیرکراوەو کراوە بە بارەگای ناوچەی (باسرمە)، بۆیە هاوڵاتییان داواکاربوون بیناکە چۆڵ بکرێت.

### ناحیەی بالیسان

یەکێک لە گرفتە بنچینەییەکانی ناحیەکە، نەبوونی تۆڕی ئاوی پاکە بۆ خواردنەوە، بەپێی ڕاپۆرتەکە خراپیی ڕێگای سەرەکیی (بالیسان)و زۆربەی گوندەکانی دەوروبەری، گرفتێکی دیکەی خەڵکی ناحیەکەو دەوروبەریەتی.

### ناحیەی کۆڕێ

ڕاپۆرتەکە، داوای دروستکردنی کتێبخانەیەک دەکات بۆ ناحیەکە، هەروەک داوای دروستکردنی پارکێکی گشتیی دەکات بۆ شارۆچکەکە. هاوڵاتییانی، داوای دروستکردنی هۆڵی وەرزشی‌و یاریگاش دەکەن.

بەپێی ڕاپۆرتی پەرلەمانتاران، گەیاندنی خزمەتگوزاریی قیرتاوو ئاو و ئاوەڕۆ بۆ گەڕەکەکانی: (کۆڕێی نوێ، شێخ باوەکر) کە ژمارەیان زیاتر لە (٣٥٠) ماڵ دەبێت، پێویستە.

ڕاپۆرتەکە، ئاماژەی بەوەش داوە کە بینای پۆستەو گەیاندن لەو شارۆچکەیە، جگە لە بەڕێوەبەری فەرمانگەکە کە ماڵی بردووەتە ناو بیناکەو هەر خۆی (بەڕێوەبەرو فەرمانبەرو پاسەوانیشە)، هیچی دیکەی لێ نییە.

**مادەی ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ی یاسای ئەحزاب: بوونی هەر هێزێکی چەکدار لەلایەن حیزبەکانەوە قەدەغەکراوە**

## وەزارەتێک لە مۆمو هاوڵاتییەک لە پەپوولە



هەستیار قادر

قەدەری ئەم کوردە وایە شەمو پەروانەی نێو ئەدەبیانی بۆ کایەکانی تری تەوزیف بووە، هەمیشە ئەم میللەتە دەبێت هەقخووراوو سووتماکی کەمتەرخەمیی و لاموبالاتی سەرکردەکانی خۆی بێت، ئەمجارە شەمی مەعشوق بووەتە وەزارەتێک بە ناوی کارەباوەو پەروانەی عاشقی کارەباش هاوڵاتییە کە رۆژانە لە سووتاندایە.

ئەمە کفرێکی مۆدێرن نییە لە سەدەی بیستویەکدا لەبری فێرکردنی چەمکەکانی جیهانگیریی و ئینتەرنێت و فەیسبووک و شۆرشی ئەلەکترۆنی لەم وڵاتەدا هەر لە سەرتاوە منداڵەکانم بە چەمکەکانی سەرە موحاویلەو ئۆڤەرلۆد فێر بکەم، چۆن تێی بگەیەنم چی پانتاییەک جیاوازیی لەنێوان موەلیدەی ئەهلیی و کارەبای حکومیدا هەیە؟، قور بەسەریی نییە منداڵێکی ئەم وڵاتە لەبری بیرکردنەوە، لە داهاتووی لە قالبی تاریکستانی بێکارەبایی بدەیت، ئیدی چۆن تێی بگەیەنم کە ئەم بێکارەبایی و تاریکستانەی ئەم وڵاتە جیاوازە لە سەردەمی تاریکیی ئەوروپا، ئەوان بە فیکرو ئێرە بە ناخزمەتگوزارییەک تاریک بووە؟

دوو ساڵ لەمەوبەر لە چاوپێکەوتی بەرپرسی یەکێک لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی گازی هەرێمدا منی خستە ئەو خەیاڵەی کە (٢٠١٠)، نەک کێشەی کارەبا لە سایەی وێستگەکان چارەسەر دەبێت، دەتوانین هەم کارەبا، هەم گازیش بدەینە وڵاتانی دراوسێ، سەیر نییە لەم وڵاتە وەزارەتێک بە کۆلێک بودجەوە وڵاتێک بە ئۆقیانووسێک نەوتو گازی سروشتی و دنیایەک کۆمپانیای وەبەرهێنەوە دوای (١٨) ساڵ نەتوانرێت (٢٤) سەعات رووناکیی بخرێتە ماڵی هاوڵاتییانەوەو بیکاتە چراخان؟!!.

تاریکیی دوو رەهەندی ئیجابیی و سلبیی هەیە، سلبیەتی یەکەمیان ناچاربوونە بۆ خەوتن و قەناعەت هێنانە بە دەستگرتن بە کڵاوەوە، ئەگەر مابێت دووەمیشیان ئیجابیی و تا هێندێکیش رۆشنبیر مەودایەو وەک دەوترێت تاریکیی ماڵی خوێندنەوەیە پاش خوێندنەوە تێگەیشتن و دواتریش رەخنەو هەتا دوایی، بەڵام رەخنە لە کام فەزاو کۆمەڵگەدا، ئەوەی رەخنە لە بێکارەبایی بگریت و گوێت لێنەگیرێت و گوێت لێبگیرێت و بە قسەت نەکرێت و بە قسەت بکرێت و بکرێتە منەت بەسەرتەوە غافڵ لەوەی کارەبا سەرەتاییترین خزمەتگوزاریی هاوڵاتییە، کە دەبوو چەندین ساڵ لەمەوبەرو حکومەت دابینی بکردایەو لەژێر لێوەوە باسی بکردایە، نەوەک رەخنە لە دواکەوتنی بگرن.

من پێشنیار دەکەم کارەبای من و ئەوانی ترو بەرپرسانیش ببردرێت، با لەمەودوا لەبری خەمی هەیەو نییەی کارەباو چووانمان بە لاس فیگاس و لەندەن، خۆمان بە ئەفغانستان بچووێنین، کە پێموایە؛ کارەبای ئەوان بە متمانەترە.

hastyar78@yahoo.com

**ئەمە کوفرێکی مۆدێرنە لەبری فێرکردنی ئینتەرنێت بە منداڵەکانم فێری سەرەمحاویلەیان بکەم؟**

## هێزە چەکدارەکان لە هەرێم



هیوا جەمال

حیزبە دەسەڵاتدارەکان هەرێمی کوردستانیان کردووە بە پێگەیەکی سەربازیی و دەستیان بەسەر هێزە چەکدارەکاندا گرتووە، بەوهۆیەشەوە تائێستا هەرێمی کوردستان خاوەنی هێزێکی نیشتمانیی نییەو پێویستی بە کۆششێکی زۆر هەیە بۆ بۆئەوەی ئەم هەرێمە لە چەک دابماڵرێت.

تەنیا یەکێتی و پارتی سەدان هەزار چەکداریان بە جۆرەها ناوەوە هەیەو دەکرێن لەبەرژەوەندیی خۆیان بە جۆرەها شێوە بەکارییان بێنن و ئەگەری ئەوە هەیە هەموو لەحزەیەک لەحاڵەتی بوونی ناکۆکیی سیاسیی و بیرورای جیاوازدا بۆ خۆیان بەکاریان بێنن.

ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) چەندین جۆر هێزی چەکدار هەن، لەوانەش:

١. هێزی پێشمەرگەو زێرەڤانی
٢. هێزەکانی ئاسایش
٣. هێزەکانی دژەتیرۆر
٤. هێزەکانی پاراستن و زانیاری
٥. هێزەکانی پاسەوانی هەرێم
٦. هێزەکانی ناوخۆ (پۆلیس بەهەموو جۆرەکانی، هێزەکانی (پۆلیسی بەرگریی، پاسەوانی بەرپرس و ماڵەکان و باخەکانیان، هێزەکانی پاسەوانی سەرکردایەتی و ناوچە داگیرکراوەکانی ژێردەستی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە).
٧. ئەوانەی کە مۆڵەتی چەکهەڵگرتنیان پێیە
٨. ئەو چەکدارانەی مۆڵەتی چەکهەڵگرتنیان پێ نییە

ئەگەر بەخێرایی چاوێک بە خاوەندارێتیی ئەم هێزانەدا بخشێنین، ئەوا پارتی و یەکێتی، پشکی شێریان بەردەکەوێت، یان دەتوانین بڵێین، زۆرینەی رەهای ئەم هێزانە لەژێر دەسەڵاتی ئەم دوو حیزبەدان.

بۆئەوەی وڵاتێک لە وڵاتی سەربازییەوە ببێتە وڵاتێکی دیموکراسیی، پێویستە بە یاسا کاروبارەکانی رێکبخرێت، گرەنتیش بۆ بەردەوامیی ئەو دیموکراسییەو دروست نەبوونی دیکتاتۆر، بێلایەنیی هێزە ئەمنیی و سەربازییەکانە، زیاتریش هەندێک لە وڵاتان کردوویانەتە یاسا کە نابێت وەزیرە ئەمنییەکان حیزبی بن و پێویستە بێلایەن بن، وەک لەدوایین بریاری حکومەتی نوێی تونسدا دەرچوو.

چۆن دەتوانین بیسەلمێنین کە هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی چەکدارە، تەنانەت سەربازیش نییە، چونکە ئەگەر هەرێمێکی سەربازیی بێت، ئەوا بەیاسا رێکخراوە، بەڵام هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی کە هێزی چەکداری زۆرو فرە جۆری هەیە، نەتوانراوە بە یاسا رێکبخرێت.

لێرەدا، بەکورتی وەبیرتان دەهێنینەوە کە چۆن دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، دەستیان بەسەر هێزە چەکدارەکاندا گرتووەو بەشیان کردووە:

* هێزی پێشمەرگە (کە لە سلێمانی لەژێر رکێفی یەکێتی و لە هەولێرو دهۆک لە ژێر رکێفی پارتیدان)، پاسەوانی هەرێم، وەزارەتێکیان بۆ داناوە، ئێستا دراوە بە یەکێتی و جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیرەکەیەتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.

* هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ، ئێستا دراوە بە پارتی و کەریم سنجاریی، وەزیرەکەیەتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

* ئاسایشی گشتیی هەرێم/ سلێمانی، هی یەکێتییەو حاکم قادر، بەرێوەبەری گشتییەیەتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییە.

* ئاژانسی پاراستنی هەرێم، هی پارتییەو مەسرور بارزانی، بەرپرسەیەتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتییە.

* دەزگای زانیاریی کە دەزگایەکی هەواڵگریی و ئەمنی حیزبیی ناشەرعییە، لەژێر رکێفی یەکێتیدایە.

* دەزگای دژەتیرۆر لە سلێمانی، بەرپرسەکەی لاهوری شێخ جەنگی، برازای سکرتێری گشتیی یەکێتییە.

* بەشیی دژەتیرۆر لە هەولێر کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، وەزیرەکەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتییە.

هەر بەرپرسێک ژمارەیەک پاسەوانی تایبەتی خۆی هەیە کە لە (٣)وە بۆ زیاتر لە (٢٥) پاسەوان دەروات، جگە لەوەش پاسەوانی ماڵ و گەرەک و باخەکەی هەیە کە ئەمانە دەبێت سەر بەو حیزبە بن کە بەرپرسەکەیان تیایدایە، لەم هەرێمەدا، هیچ حیزبێک هێندەی یەکێتی و پارتیی دەسەڵاتدار بەرپرس و پاسەوانیان نییە. بۆنموونە، هەر حیزبێکیان لە ئێستادا زیاترە لە (٥٠) ئەندامی سەرکردایەتییان هەیە، ئەوە جگە لەو هەموو لق و مەڵبەندەو بەرپرسە کۆنەکان و خانەنشینکراوەکان... تاد.

* هەردوو سەرۆک و سکرتێری حیزبە دەسەڵاتدارەکان، لەهەرشوێنێک شوێنی حەوانەوە، یان ماڵیان هەبێت، لیوای چەکدارییان بۆ تەرخان کردووە و پاسەوانییان دەکەن، بەتایبەت بارەگا سەرەکییەکەیان، کەس نازانێت چەند پاسەوانیان هەیەو بە چ یاسایەک دەبێت ئەوەندەیان هەبێت.

* لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە، لە دوای راپەرینەوە تا ئێستا، بەردەوام مۆڵەتی چەکهەڵگرتن دەدرێت بە خەڵکی ئاسایی بە جۆرەها بیانوو، ئەوەش وایکردووە کە بەشێکی زۆر لە خەڵک، بە مۆڵەت چەکیان هەڵگرتووەو زۆرتر لەمانەش بەبێ مۆڵەت چەکدارن.

بوونی ئەم هێزە چەکدارانە لەکاتێکدایە بە پێی یاسای ئەحزابی ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ بوونی هەرهێزێکی چەکدارو میلیشیا لەلایەن حیزبەکانەوە قەدەغەکراوە، هەروەها لە مادەی (١٢)ی رەشنووسی دەستووری هەرێمدا هاتووە: هەرێمی کوردستان بەپێی برگەی پێنجەم لە مادەی (١٢١)ی دەستووری فیدراڵی، هێزێکی پێشمەرگەی بەرگریکاری هەیە بۆ پاسەوانی هەرێم، کە پێکهاتەو ئەرکەکانی بە یاسا رێک دەخرێن و نابێت میلیشیای چەکدار لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا پێکبهێنرێت.

ئەوەی بەکورتی پێویستە بوترێت، ئەوەیە کە دەبێت پەرلەمانی کوردستان تەنیا خۆی بە یاسای ئاسایشەوە سەرگەرم نەکات، بەڵکو پێویستە بەپێی بەرنامەیەکی چروپر، هەولبدات هەرێمی کوردستان لە هەرێمێکی چەکدارییەوە بکاتە هەرێمێکی دیموکراسیی و مەدەنیی.

**گرەنتی بۆ بەردەوامیی ئەو دیموکراسییەو دروستنەبوونی دیکتاتۆر، بێلایەنیی هێزە ئەمنیی و سەربازییەکانە**

## «وەرە بیە بە پارتی، بۆ دامەزراندن باشە»



هێمن مامەند

(١٩) ساڵە حیزب بووەتە خۆراکی رۆژانەو لە ئاو و نانیش پێویستتریان کردووە، هەموو شتێک بووەتە حیزب و حیزبیش بووەتە هەموو شتێک، حیزبیش واتە یەکێتی و پارتی، حیزب بووەتە ئاو و لە هەموو خوانێکدا هەیە، ئەگەر حیزبیی نەبیت و لە حیزبیشدا پارتی، یان یەکێتی نەبیت، هاوڵاتیی پلە دوو سێی ئەم هەرێمەیت و لە هیچ فەرمانگەیەک کارت ناروات، لە یەکەمی یەکەمەکانیش بیت نابیتە قوتابی، یان خوێندکاری ماستەر، لە هەولێر ئەگەر بێت و حیزبیی نەبیت و لە حیزبیشدا پارتی نەبیت، سی ساڵ مامۆستا بیت ناکرێیت بە بەرێوەبەرێکی قوتابخانە، لە سلێمانیش یەکێتی نەبیت شای مامۆستایان بیت، ناکرێیت بە بەرێوەبەر.

ئەگەر بروانامەی دکتۆرات لە باشترین زانکۆکانی ئەوروپاو ئەمریکا هەبێت و پەنجا ساڵ لە ئەوروپا بیت و پسپۆرێکی ناوداریش بیت، بتەوێت بێیتەوە کوردستان، ئەگەر بچیتەوە هەولێر نەبیت بە پارتی، هیچ پۆستێکت پێ نادرێت و ئەگەر بچیتەوە سلێمانیش یەکێتی نەبیت، ناتکەن بە پاسەوانیش.

لە هەولێر ئەگەر پارتی نەبیت، باشترین دکتۆرو کارمەندی تەندروستیی بیت نابیتە پزیشکی دادوەریی، چونکە ئەوێ شوێنێکی هەستیارەو مووچەکانیشیان دەبڵ مووچەیە، ئەم پرسیارەم ئاراستەی دکتۆر یاسین کەریم، بەرێوەبەری گشتیی پزیشکی دادوەریی کرد، وتم؛ دەڵێن ئەوەی پارتی نەبێت لای خۆتان وەریناگرن، سەرێکی هێناو برد وتی: «بەخوا گوناهی ئێمە نییە، گۆڕان و یەکێتی خۆیان نایانەوێت بێن بۆ پزیشکی دادوەریی».

لێرە وایە ئەمە وڵاتی حیزبە، حیزب دەستی خستووەتە هەموو کونەبەرێکەوە، حیزب بووەتە مۆتەکەو لە هەموو ماڵێکدا بوونی هەیە، ئەوانەی رقیشیان لە حیزب بێت، لە برسان و لەبەر خاتری دامەزراندن، بوون بە پارتی و یەکێتی، هەندێکیشیان لەبەر خاتری ئیمتیاز لە حیزب تێوەگلان، هاورێیەکی سەردەمی خوێندنم لە قۆناغی ئامادەیی کە ئێستا پلەیەکی حیزبیی هەیەو بە دلسۆزیی پارتی و رێبازەکەی دادەنرێت، سوێندی خوارد کە ئەو پارتی نییە، بەڵام لەبەر خاتری دامەزراندنی (تعین)ی خۆی و خێزانەکەی بووەتە پارتی.

ئەوەی کە لێرەدا دەمەوێت باسی بکەم، مەسەلەی بە پارتیبوونە، بۆ ئەوەی لە دوارۆژ دابمەزرێیت، هەفتەی رابردوو خەرمانی خوشکم کە لە قۆناغی یەکەمی پەیمانگای تەکنیکییە بۆ جاری چوارەم پێیراگەیاندم کە نوێنەرەکەیان لەپەیمانگا داوای لێکردووە ببێت بە پارتی، خەرمان پێیوتم؛ بۆ جاری چوارەمە نوێنەری پارتی لە پەیمانگاکەمان پێم دەڵێت وەرە ببە بە پارتی و کلێشە پربکەوە، منیش هەر چوار جارەکە وەڵامم ئەوە بووە کە ئێرە جێگای خوێندن و فێربوونە، نەک حیزبایەتی، بەڵام ئەو پێیوتم؛ بۆ دوارۆژی خۆت بۆ دامەزراندن باشە، سەیرکە چۆن حیزب فێری نەوەکانی دەکات کە لە رێگای ترس و برینی نان و بێکارییکردن و دانەمەزراندنی، دەیەوێت ئەم وڵاتە هەمووی بکات بە حیزب، ئاخر چۆن کارەسات نییە، کادیرێکی گەنج ئەمە بیرکردنەوەی بێت، بە حیسابی ئەم کادیرە گەنجەی پارتی بێت، تا دوو ساڵی تریش کە خوشکەکەم و چەندین لاوی ئەو وڵاتە لە زانکۆو پەیمانگا دەردەچێت، هەر بەو سیستمەی ئێستا ئەوەی نەبێتە پارتی، دانامەزرێت، ئاخر چ مەنتقێکە هەرەشە لە ژیانی قوتابییەکی هەژار بکەیت کە بە هەژاریی و کرێکاریی باوکەکەی خۆی گەیاندووەتە پەیمانگا، ئەگەر نەبێت بە پارتی کە تەخەروجی کرد دانامەزرێت.

«ئەوەی لەگەڵ پارتی و یەکێتی نەبێت، شێتە»

هەر لەبارەی حیزبیبوونەوە، ناسیاوێکمان هەیە کە لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە خۆی و کورو کچەکانی هەموویان دامەزراون و بێ ئەوەی دەوامیش بکەن و هەروەها پارچە زەوییەکی باشیشی وەرگرتووە کە ئێستا بایی (١٠) دەفتەر دۆلارە، هەمیشە ئەوەی لەسەر زارە «ئەوەی نەبێتە یەکێتی و پارتی شێتەو خوا گێلی کردووە»، ئاخر حیزب لەم وڵاتەدا بووەتە ئیمتیازو پارە کۆکردنەوە، ئەو کە لە رێگای حیزبەوە (١٠)ساڵە خۆی و منداڵەکانی مووچە وەردەگرێت و زەوی وەرگرتووە، دڵنیام ئەگەر زەوییەکەی لێبسەننەوەو کورو کچەکانی فەسڵ بکەن لەبەر ئەوەی دەوام ناکەن، هەرگیز شەکری وا ناشکێنێت.

**لە هەولێر ئەگەر پارتی نەبیت، باشترین دکتۆرو کارمەندی تەندروستیی بیت نابیتە پزیشکی دادوەریی**

بۆچوون

ئەمین جاف: کەمتەرخەمی بە بزووتنەوەی گۆڕانو درەنگوەختی بە بەیاننامەکەیانەوە دیارە

## کەس لە یاسا دەرنەچێت ... دەست بۆ موڵکو ماڵی گشتیی مەبەن!



ئارام شێخ محەممەد

بەردەوام لەکاتی هەموو خۆپیشاندانێکدا، بەتایبەت لە خۆپیشاندانەکانی وڵاتانی دیکتاتۆرو ئەوانەی کە ئیدعای دیموکراتیی دەکەن، دەسەڵاتداران داوا لە خەڵک دەکەن پەیڕەوی یاسا بکەنو دەست بۆ موڵکو ماڵی گشتیی نەبەن، ئەم داواکارییە داواکاریی سەرەکیی دەسەڵاتەکەی بن عەلی بوو، ئێستاش لە میسر بەردەوام ئەم قسەیە بە خەڵک دەوترێت، بەڵام پرسیاری گرنگ لەسەر ئەم دوو قسەیە ئەوەیە: ئایا بەڕاستی کە ڕۆژی توڕەیی خەڵک هاتە پێشەوە وەک ئەوەی لە تونسو ئێستا لە میسر دەیبینینو پێشتر لە زۆر شوێنی دنیادا لەبەرامبەر دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکاندا بینیومانە، کە دەسەڵات لەکاتی بەسەرچوودا بە خەڵکیی دەڵێن؛ یاساو موڵکو ماڵی گشتیی بپارێزن، ئایا ئەمە بەڕاستیی وایە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێت بڵێین؛ بەدرێژایی مێژووی دەسەڵاتدارێتی حاکمڕانو سەرانی دیکتاتۆرو دەستەوتاقمەکانی دەوروبەریان لە هەر شوێنێکی دنیادا بووبێتو ماوەی تەمەنی دەسەڵاتدارێتییان هەرچەندێک بووبێت، ئەوەی حسابیان بۆ نەکردووە، ئەو شتەیە کە ناوی یاسایە، یان ئەگەر یاسایەکیش بوونی هەبووبێت تەنیا لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ئەواندا بووەو تەنیا ئەوە یاسا بووە کە بەرژەوەندیی ئەوانی پاراستووەو بەپێچەوانەوە ئەگەر فرسەتیشیان لەبەردەستدا بێت، یاسایەک لە شەوو ڕۆژێکدا دەردەکەن، یان زۆرجار بینیومانە دیکتاتۆرەکان بێ گوێدانە هیچ پرەنسیپێکی یاساییو تەنانەت دەستوریش بەئارەزووی خۆیانو لەپێناوی مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، یاسایان بۆخۆیان بەکارهێناوە، ئەمە تا ئاستی دەستووریش ڕۆیشتووەو ئەگەر پێویست بووبێت دەستوور بەخێرایی هەموارکراوە، تا سەرۆک بتوانێت لە حوکم بمێنێتەوە بۆ خولێکی ترو ئەگەریش پێویست بێت، بۆ هەتاهەتایە، تا ئەوکاتەی هێزی خەڵک لەسەر کورسی لای دەباتو هەرچی پەیوەندیشی بە ئاستە نزمەکانەوە هەیە، لە هیچ وڵاتێکی دیکتاتۆردا یاسا بەسەر دیکتاتۆر خۆیو بنەماڵەکەیو دەستەوتاقمەکەی جێبەجێ نەکراوەو لەڕاستیدا بەشێک لە توڕەیی خەڵک لە خۆپیشاندانی گەورەو ڕاپەڕینەکاندا لە دژی ئەو هەموو پێشلێکارییە کە بەردەوام دەسەڵاتو دەسەڵاتداران بەرامبەر بە یاسا دەیکەنو دەیانەوێت تەنیا یاسا بەسەر هاوڵاتییاندا جێبەجێبکەنو خۆشیان لە سەروو یاساوەبنو کەس نەتوانێت هیچ کامیان لەپێش یاسادا بەیەکسانیی لەگەڵ هاوڵاتییاندا ببینێتەوە.

یەکێکی تر لە ئیدعاکانی دەسەڵاتداران ئەوەیە کە پاساو دەهێننەوە بەوەی پارێزەری موڵکو ماڵی گشتینو پێیان خۆش نییە موڵکو ماڵی گشتیی تووشی زەرەرو زیان بێتو نابێت هاوڵاتییان دەستی بۆ ببەن، چونکە ئەوە موڵکی هەموانەو دەبێت هەرچییەک بووە بپارێزرێتو لەژێر ئەم بیانووەدا زۆرجار هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش بەردەبنە گیانی خەڵکی بێتاوانو سەرکوتیان دەکەن، لەپێناوی ئەوەی موڵکو ماڵی گشتیی پارێزراوبێت.

ئەم ئیدعایەش وەک ئیدعای پاراستنی یاسا، دیسان ئیدعایەکی پوچە، چونکە سیستمی حوکمڕانیی وڵاتە دیکتاتۆرەکانو ئەوانەی کە ئیدعای دیموکراسیی دەکەن، ئەوەی سەلماندووە کە ئەوە دەسەڵاتدارانن لەمجۆرە ڕژێمانەدا کە بێ حساب موڵکو ماڵی گشتییان بۆخۆیانو بنەماڵەو دەوروبەرەکانیان بردووەو دەبەنو کەسیش نەیتوانیوە لێیان بپرسێتەوە کە ئەو هەموو پارەو پولەیان لەکوێ بووە، لەکاتێکدا خەڵک ئەوەی بیرە کە کاتێک ئەوان هاتوونەتە سەر دەسەڵات، لە یەکەمجاردا چۆن بوونو ئێستاش چۆنن، ئەوە دەسەڵاتدارانن لەمجۆرە سیستمانەدا هەمیشە موڵکو ماڵی گشتیی لە خزمەتی خۆیانو خێزانو بنەماڵەو دەوروبەرەکانیاندایەو خەڵکیش مەحرومە لێی، هەر بەڕاستیی موڵکو ماڵی گشتیی بۆ ئەوانێکی کەمو گشتیش لێی بێبەش، ئیتر چۆنو بۆچی لەپڕ بوونە خەمخۆری موڵکو ماڵی گشتیی، کاتێک ئاپۆڕای خەڵک لەتاو ئەوە دەڕژێنە سەر جادەکان کە موڵکو ماڵی ئەوان بە بەرچاویانەوە دەدزرێتو ژیانێکی خۆشگوزەرانو بەرز بۆ تاقمێکی کەمو مەینەتییەکی گەورە بۆ زۆرینەی خەڵک دەکەنە دیاریی، ئەمجۆرە ئیدعایانە لە ڕۆژانی توڕەییدا، لەپێناوی سەرەوەریی یاساو گەڕاندنەوەی موڵکو ماڵی گشتییە بۆ جێگەی خۆیو ئیتر لەکاتی بەسەرچوودا ئەمجۆرە ئیدعایانە دادی دەسەڵاتداران نادات، وەک ئەوەی لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوو لە تونسو میسر بینیمان.

## وریابن، بینا بەرزەکانتان دەڕووخێن!



مەهدی ئەبوبەکر

کاتێک لە ڕۆژنامەیەک یان لە تەلەفزیۆنێکەوە، بە بەرپرسێک دەڵێت: گەندەڵیی وڵاتی دارزاندووە، خەڵکی بەدەست کەمیی خزمەتگوزاریی، خراپیی باری تەندروستی، سەقەتیی سیستمی خوێندنو دەیان شتی ترەوە گیرۆدەبوون، جەنابی بەرپرس، لە جیاتی ئەوەی باسی بەرنامەی حکومەت بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بکات، یەکەو ڕاست، دەڵێت: ئێوە چاوتان ئەو هەموو ئاوەدانکردنەوەیە نابینێت کە لە وڵاتدا دەکرێت. کاتێک دەپرسیت، کام ئاوەدانی؟ بەبێ سێو دوو کردن دەڵێت: ئەدی ئەو هەموو بینا بەرزانەی دروست دەکرێن، بنیاتنانو ئاوەدانکردنەوە نین؟

جەنابی مەسئول، بێئاگایە لەوەی کە ئەو بینا بەرزانە بوونەتە مۆتەکەی سەر سینگی هاوڵاتییان، کاتێک بینایەکی بەرز دروست دەکرێت، خەڵکی بەقەد قورساییو بارستایی ئەو بینایە، بینیان دەگیرێتو ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت، نایەڵن یەک بینای بەرز لە کوردستاندا دروست بکرێت.

مەسەلەکە ئەوە نییە کە ڕقیان لە بینای بەرز بێت، یان فۆبیای بەرزیان هەبێت، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە، باش دەزانن کە ئەو بینایانە بە پارەی میللەتو بەخوێنی ئەوان دروست دەکرێنو دەمێکە لەوە تێگەیشتوون کە ئەو بینایانە موڵکی مەسئولەکانی حیزبو حکومەتنو تەنیا بۆ خێروخۆشی ئەوانەو بایی یەک قران سوودی بۆ ئەمان نییە.

خەڵکی زۆرباش دەزانن، ئەو پارەیەی ئەو بینا سەرکەشانەیان پێ دروست دەکرێت، دەبوو دەسەڵات لە دروستکردنی بینای قوتابخانە، چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان، کارەبا، ئاو، تەندروستی، باشکردنی گوزەرانی خەڵکیو دروستکردنی هەلی کاردا، خەرجی بکردنایە.

دەزانن، مەبەستەکە ئاوەدانی نییە، بەڵکو ئەوەیە مەسئولەکان تا پێیان دەکرێت موڵکیان هەبێتو بینایان هەبێت، تا پارەکانیان لە ماڵو بانکەکاندا نەبن، چونکە بە گوێرەی بۆچوونی ئەوان، پارە

**ئەو پارە ڕەشەی مەسئولەکان بەناشەرعیی دەستیان دەکەوێت، لە دروستکردنی ئاپارتمانو بیناکاندا سپی دەکەنەوە**

متمانەی نییەو ئەگەر شتێک ڕوویدا، پارە لەناو دەچێت، بەڵام موڵکو بیناکان بۆ هەتاهەتایی دەمێننەوە.

فەلسەفەی ئاوەدانیو ئاوەدانکردنەوە لای دەسەڵاتی کوردیی، دروستکردنی بینای بەرزە، چونکە تەنیا بیناکان پارێزەری موڵکو ماڵی بەرپرسەکانن. لای دەسەڵات کێشە نییە، ئەو بینایانە بۆچی بەکاردەهێنرێن، خوای دەکرد دەکرانە سەنتەرێک بۆ فرۆشتنی سوژن، یان بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی پارەی تەزویر، یان مۆڵێک بۆ فرۆشتنی ناڵو ئاوزەنگی ئەسپو ماین، یان هەر بە بەتاڵو حەتاڵی دەمانەوە! ئەوەی لای دەسەڵات مەبەستە، دروستکردنی بیناکانە، چونکە چەند ئامانجێکی پێ دەپێکێت، لەوانە، ئەو پارە ڕەشەی مەسئولەکان بەناشەرعیی دەستیان دەکەوێت، لە دروستکردنی ئاپارتمانو بیناکاندا سپی دەکەنەوە.

لای بیانییەکان، خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن کە گوایە وڵاتیان ئاوەدانکردووەتەوە، ئەوە نییە هەر وەفدێک ڕوودەکاتە ئەم وڵاتە، بە شاردا دەیگێڕنو بینا بەرزە زەبەلاحەکانی نیشان دەدەنو لەناوخۆشدا وەکو دەستکەوتی ئاوەدانیی، بەخەڵکی دەفرۆشنەوەو کە ڕەخنەیان لێگیرا، دەڵێن: ئێوە چاوتان شتە باشەکان نابینێتو ئەو هەموو بینا بەرزانە شاهیدن کە حکومەت چی کردووە.

ئەی مەحشەری بەرپرسەکانی دەسەڵات، دیارە نازانن، ئەوەی ڕەشوڕووتی کوردستانی شێت کردووەو دەسەڵاتی لەبەرچاوی خەڵکی پێ ڕەشتر بووە، ئەو بینا بەرزانەن کە ڕۆژانە لە شارەکاندا بەحەوادا دەچن!

دیارە نازانن، هەڵکشانی باڵای هەر بینایەک، باڵای دەسەڵاتی لەبەرچاوی خەڵکی پێ نزمتر دەبێتەوەو ئێستا باڵای هێندە بچوکبووەتەوەو گەر وابڕوات، دەبێتە قەزەمترین دەسەڵات لە دنیادا.

لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە، بینا بەرزەکان هێندە داخیان لەدڵی خەڵکیدایە، بیر لە ڕووخاندنیان دەکەنەوە، بۆیە واباشترە پێش ئەوەی بیناکانتان برووخێنن، دروستکردنی بیناکانتان ڕابگرنو لایەک لە ئاوەدانیی ڕاستەقینەی وڵات بکەنەوە.

## هەرەسی دیکتاتۆرییەتو پشتگیریی ئۆپۆزسیۆنی کوردستان



ئەمین جاف– ئەڵمانیا

کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، سەرەتای هەرەسی بلۆکی وڵاتانی کۆمۆنیست بوو، گەردەلولی پروستوریکا کە سەرۆکی پێشووی سۆڤێت، میخائیل گۆرباچۆڤ نەخشەی ڕێگای بۆ کێشابوو، کۆتایی بە کۆمەڵێک سیستمی دیکتاتۆریی بۆگەنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا هێنا، لە یەکێتیی سۆڤێتی جارانەوە دەستیپێکردو بە لەسێدارەدانی شاوسیسکۆو خێزانەکەو ڕووخاندنی دیواری بەرلینو یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا کۆتایی هات.

ئەم گۆڕانکارییە بێوێنەیەی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، دروستبوونی چەند وڵاتێکی تازەی لێکەوتەوەو ڕزگاریی بۆ گەلانی ئەو ناوچانە وەدەستهێنا، لە ئاکامی لێکترازاندنو دابەشبوونی چەند وڵاتێک، وەک چیکۆسلۆڤاکیا، یۆغسلافیا.

سەرەتای ساڵی (٢٠١١)، گەردەلولی ڕۆژئاوای نیشتمانی عەرەبی دەستیپێکرد کە دەکرێت ئەکادیمییو دەستگێڕفرۆش (موحەمەد ئەلبو عزێزیی) بە سونبولی ئەم شۆڕشە دابنرێتو ئەگەر نیو سەدە لەمەوبەر وەبیربهێنینەوە، سەرەتای پەنجاکان، هەرەسی حوکمڕانیی پاشایەتیی وڵاتانی عەرەبیمان دەیێتەوە یاد کە بەهۆی زنجیرەیەک کودەتاوە (شۆڕش)، سیستمێکی نوێ لەو سەردەمەدا هاتەکایەوە، ئەویش حکومەتە کۆمارییەکان بوو، هەرچەندە ئەو گۆڕانکارییانە بە پشتبەستن بە یەکێتیی سۆڤیەت بوو، لەو کاتەدا شەڕی ساردی دووجەمسەری نێوان هەردوو زلهێزەکەی جیهان لە ئارادا بوو، کە هەریەک لەو جەمسەرانە لە هەوڵی ئەوەدا بوون زۆرترین وڵات بەلای سیاسەتەکانی خۆیاندا ڕابکێشن، لەگەڵ ئەوەشدا، گەلانی ناوچەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان سوودمەندبوون، هەرچەندە ملهوڕیی دیکتاتۆرەکانی ئەو کودەتایانە، شۆڕشەکانیان بە ئاقارێکی تردا برد.

شۆڕشەکانی ناوچەی عەرەبیی، سیستمە پاشایەتییەکانی میسرو سوریاو عێراقی بەسەر یەکدا ڕووخاند، دیارە مێژووی وڵاتانی عەرەبیی جارێکی تر خۆی دووپاتدەکاتەوە، بەڵام ئەمجارەیان کۆتایی دیکتاتۆرییەتو سەرەتای ئازادیی یەکجارییە.

بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو هێزە ئازادیخوازو دیموکراتەکانی جیهان، بەتایبەتی لە کوردستان ئەوەیە کە ئەوپەڕی پشتگیریی لەم بزووتنەوە گۆڕانخوازەی ئەمڕۆی جیهانی عەرەبیی بکەن.

بۆیە لێرەدا، کەمتەرخەمییەکی زۆر بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە دیارەو درەنگوەختی بە بانگەوازەکەیانەوە دیارە کە دەبوو هەر لە سەرەتای بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ڕیفراندۆم لە سوداندا، هەروەها لە شۆڕشی (الکرامە)ی تونسدا، بزووتنەوەی گۆڕان هاوسۆزییو هاودەنگییو پشتگیریی خۆی بۆ ئەو ڕووداوانە ڕابگەیاندایە. ئێستاش وەک کورد دەڵێت: (نەچووە بچێت)، سەرەتای شۆڕشی گەلانی عەرەبییەو وا لەناو جەرگەی نیشتمانی عەرەبیدا کە میسرە، دڵنیاین کە ئاگری ئەو شۆڕشە لە دەریای سوور ڕاناوەستێتو بە هەر چوارلادا لە تەشەنەکردندایە، بەرەو جەزائیر لە خۆرئاواوە، سودان لە باشوورەوە، یەمەنو سوریا لە خۆرهەڵاتەوە ڕێدەکات، بۆیە پێویستە کە ئۆپۆزسیۆنی کوردستان، بەتایبەت بزووتنەوەی گۆڕان، سۆزو پشتگیریی بۆ ئەو گەلانە بەردەوام بێت.

## خزمەتکاریی دیکتاتۆرەکان، موبارەکو بن عەلی بە نموونە



ئاری ئەبوبەکر– دانیمارک

ڕەفتاری هەموو دیکتاتۆرەکان هاولێکچوونێکی سەرسوڕهێنەری پێوە دیارە، هاولێکچوونێک هەر دەڵێی هەموویان بە سکێک لەدایک بوون، یان لەوە دەچێت کە هەموویان ئاوی یەک گۆزەیان خواردبێتەوە، دەنا مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێت، کاتێک هاولێکچوونەکان بەراورد دەکات.

هەموو دیکتاتۆرەکان خۆیان بە خزمەتکاری وڵات دەزانن، وا خۆیان دەهێننە پێش چاو کە تەنیا ئەوانن دەتوانن وڵات بەرن بەڕێوەو ئەگەر ئەوان نەبن، وڵات دەبێتە وێرانە، تا هەنووکە هیچ دیکتاتۆرێک نەبووە بێژێت، من کورسیی دەسەڵاتم خۆش گەرەکە، هەموو دەڵێن، ئێمە حەزمان لەم کورسییە نییە، بەڵام پێویستیی وڵات وا دەخوازێت کە ئێمە لەسەر ئەم کورسییە دانیشین، ڕەنگە هەر ئەوەش بێت وا بکات کە زۆربەی زۆری دیکتاتۆرەکانی سەردەم، بەرە بەرە کار بۆ ئەوە دەکەن کە جێگە بۆ کوڕو خانەوادەکانیان خۆش بکەن، بۆ ئەوەی ببنە جێگرەوەی باوکیانو کورسییەکە لە دەست خانەوادە دەرنەچێت، چونکە لە زیهنی دیکتاتۆرەکاندا وایە، دەرچوونی کورسییەکە لە دەست بنەماڵەی بابای دیکتاتۆر، واتا مەرگی یەکە بە یەکەی دانیشتووانو وێرانبوونی وڵات، واتای نەمانی کەسی دڵسۆزو خزمەتکاری وڵات.

بن عەلی تونس، لە وتاری پێش ڕاکردنیدا، وتی: "٢٣ ساڵە ئێمە خزمەت بەم وڵاتە دەکەین، بێوچانو بەبێ ماندووبوون لە خزمەتی تونسییەکاندا بووین"، حوسنی موبارەکیش بە هەمان ڕیتم لە وتاری ڕۆژی هەینیدا، وتی: "میسرییەکان شاهیدی ئەوە دەدەن کە لە ماوەی حوکمی مندا، چەند لە خزمەتی وڵاتەکەماندا بووین، بەردەوامیش دەبین لە خزمەتکردن".

لەلای ئەم دیکتاتۆرانە، خۆشیو ڕابواردنی خۆیانو ماڵو منداڵیان، خزمو کەسوکاریان، مۆنۆپۆلی سیاسیی، ئابووریو دارایی وڵات لەلایەن کەسە نزیکەکانیانەوە، بووەتە خزمەتکردن، دەوڵەمەندبوونی کەسانێک کە وەلائی حیزبیو بنەماڵەییان هەیە بۆ سەرۆک، بووەتە خزمەتکردن بە وڵات، بوونی ملیاردەها دۆلارو ئیرۆ لەسەر حسابی بانکەکانی خۆیانو بنەماڵەکانیان، خاوەندارێتیی ئاڵتون بە تەن لەلایەن هاوسەرو کچەکانیانەوەو بەپێچەوانەشەوە، برسیکردنو هەژارکردنی هاوڵاتییانو بێکارکردنیان، بووەتە خزمەتکردن.

ئەگەر ئەمە خزمەتکردن بێت وەک ئەوەی ئەوان ئیدیعای دەکەن، ئەدی کەواتە زەرەرگەیاندنو بوون بەبار بەسەر میللەتەوە، کامەیە؟

Arei1976@hotmail.com

بۆچوون

## پشتیوان ئەحمەد: سوپا لە تونس نە بەحیزبی کرابوو، نە ئاوێتەش بە کاروباری سیاسیی

# شۆڕشی تونس و پەندوەرگرتن لە مێژوو...



پشتیوان ئەحمەد*

هەر شۆڕشێک، یاخود ڕاپەڕینێک دەرهاویشتەی هەماهەنگیی هارمۆنێکی چەندین فاکتەرە، لەوانە؛ فاکتەری ناوخۆیی ڕۆڵی ئاکتیڤ و یەکلاکەرەوە لە چارەنووسی شۆڕشەکە، یاخود ڕاپەڕینەکە دەبینێت.

زۆربەی ئەو شۆڕشانەی سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، لە دوو خاڵدا یەکانگیرن:

یەکەمیان: هەمیشە شێوازێکی تەمتومانیان بەخۆوە گرتووە، دەرکەوتنیان لە شێوازی کۆتایدا چاوەڕواننەکراو و کتوپڕ بووە، بەشبەحاڵی وڵاتانی پەیوەست بە کێشەکەو چاودێرانی سیاسیی و ڕای گشتیی...

دووەمیان: ئەو شۆڕشانە پاش سەرکەوتنیان وەختێک ڕابەرەکانیان، یاخود تیۆریسینەکانیان... یاخود شۆڕشگێڕانی دیکە ویستویانە ئەزموونە سەرکەوتووەکە لە شوێنێکی دیکەدا کۆپی بکەنەوە، یاخود بچێنن، تووشی شکست هاتوون.

شۆڕشی ڕوسیاو سەرکەوتنی بەلشەویکەکان، بۆخۆی حاڵەتێکی چاوەڕواننەکراو بوو، بەشبەحاڵی دەسەڵاتی تزاریی و وڵاتە سەرمایەدارەکان، وڵاتە سەرمایەدارەکان وایاندەزانی شۆڕشێکی بۆرژوازی سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت و سیستمی تزاری وەک قۆناغێکی پێش سەرمایەداریی لەناودەچێت، ئەمەش دەبێتە خاڵێکی بەهێز لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیی و بەقازانجی سەرمایەداران دەشکێتەوە، سەرەنجام ڕووداوەکان سەرسامیکردن و کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ جڵەوگرتنی دۆخەکە، لەبەر ئەوە کاتێک هەوڵدرا ئەزموونەکە لە ئەڵمانیا دووبارە بکرێتەوە، شۆڕشگێڕەکان ڕووبەڕووی جەزرەبەی کوشندە بوون و هەموو هەوڵەکانی بەلشەویکەکان بۆ ناردنەدەرەوەی ئەزمونەکە، تووشی شکست هاتن و تیۆری شۆڕشی بەردەوامی تروتسکیش دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە.

شۆڕشی کوبا، بۆخۆی تایبەتمەندی خۆی هەبوو، جیاواز بوو لە هەموو ئەزمونە سەرکەوتووەکانی دیکە لە جیهان، تەنیا لەو دوو خاڵەدا نەبێت کە ئاماژەمان پێدان.

کوباییەکان شێوازی (البؤرة الثورية) واتە دەستپێکردن لە پنتێکەوەو هەڵکشان بەشێوازی بازنەییان داهێنا، سەرەنجام (هاڤانا)ی پایتەختیان کۆنترۆڵکردو کۆتاییان بەدەسەڵاتی پاتێستا هێنا... ئەم دەرئەنجامە کاربەدەستانی ئەمریکای سەرسامکردو کەوتنە جموجۆڵ بۆ جڵەوگرتن و دژایەتیکردنی، بۆیە کاتێک شۆڕشگێڕی بەناوبانگ (ئێرنیستۆ چێ گیڤارا) کە یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی کوبا بوو، ویستی هەمان ئەزموونی کوبا لە پۆلیفیا دووبارە بکاتەوە، تووشی شکستێکی کەمەرشکێن بوو، بە برینداری دیلکراو دوایی کوشتیان.

شۆڕشی ئێرانیش کە لە ساڵی (١٩٧٩) ڕوویدا، بۆخۆی تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، هیچ دەوڵەتێکیش نەیدەزانی ئاراستەی جەماوەر بەڕووی کاملا مل دەنێت، شۆڕشەکەش بەشێوەیەکی سەرەکیی لە نەجەفی عێراقەوە ڕێنمایی دەکرا، کاسێتیش ڕۆڵی کاریگەریی هەبوو لە جۆشدانی جەماوەر، بەڵام کاتێک ویستیان هەمان ئەزموون لە عێراق دووبارە بکەنەوە، لە ساڵی (١٩٩١) لە لایەن دەسەڵاتی بەعسەوە، بە هاوکاریی ئەمریکاو وڵاتانی کەنداو تووشی شکستێکی گەورە هاتن.

تونسیش بەدەرنییە لەم حاڵەتانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، تونس وڵاتێکی نەوتیی نییە، پتر پشت بەبواری تۆرستی دەبەستێت، تونس وەکو پردێک وایە لەنێوان ئۆروپاو ڕۆژهەڵات، نەبوونی سەرچاوەی نەوت و پشتبەستن بەبواری تۆرستیی و سەردانی سەدان هەزار گەشتیاری ئۆروبی بۆ ئەو وڵاتەو تێکەڵبوونیان لەگەڵ خەڵکی تونس، زەمینەی ڕەخساند بێکاریی تارادەیەکی بەرز تەشەنە بکات، ڕێکخراوەکانی کایەکۆمەڵایەتییەکان لەوانە؛ سەندیکای کرێکاران بەشێوەیەکی فراوان گەشە بکات، سەرەنجام تونس لە ساتەوەختەکانی بەرپابوونی ڕاپەڕین لە دوو کایەی دژ بەیەکدی پێکهاتبوو... دەسەڵاتێکی سیاسیی گەندەڵ و ستەمکارو کایەیەکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو ئاکتیڤ.

گەندەڵییەکەی لە ڕۆژهەڵات وەرگرتبوو، چالاکی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانیشی لە ئۆروپا بە گشتیی و لە فەرەنسا بەتایبەتی سەندبوو، ڕاپەڕینی ڕاپەڕیوانی تونس، دەرهاویشتەی جۆرێک لە تەڵاق بوو لەنێوان ئەم دوو کایە دژ بەیەکەدا لە نەبوونی هیچ کێشەیەکی دەرەکیی کە دەکرا دەسەڵات وەکو بیانوویەک بەکاریبهێنێت بۆ سەرکوتکردنی جەماوەرو بەتاڵکردنی تەنگەژە ناوخۆییەکان وەکو سوریاو، بوونی کێشەی بەرزاییەکانی جۆلان کە لە لایەن ئیسرائیلەوە داگیرکراوە، ئەمە بۆتە بیانوویەکی ئامادە بەدەست دەسەڵاتی بەعسەوە لەو وڵاتە، بۆیە هەرکاتێک خەڵک خۆپیشاندان بکات، دەسەڵات بەتوندیی سەرکوتی دەکات و دەڵێت:(ئەمانە تابوری پێنجن و کلکیان بە داگیرکەر بەستووەو دەیانەوێت بەرەی ناوخۆ تێکبدەن و کە بەرەی ناوخۆ ترازا بەرەی دەرەوەش بەرامبەر داگیرکەر دەقلیشێت).

وەکو وتمان نەبوونی هیچ کێشەیەکی دەرەکی بەشبەحاڵی تونس و بێلایەنی سوپاش، سوپا لە تونس نە بەحیزبی کرابوو، نە ئاوێتەش بەکاروباری سیاسیی، ئەمەش یەکێک لەو خاڵە پۆزەتیڤانەیە کە دەبێت بۆ دەسەڵاتی پێشوو لە تونس حیساب بکرێت.

لەکۆتایدا.. دەکرێت بڵێین تونس و شۆڕشەکەی تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، شۆڕشەکە چاوارواننەکراو بوو، چاودێرانی سیاسیی و شارەزایانی بواری ستراتیژیی و نێودەوڵەتیی تووشی حەپەسان کرد، کارتێکردنی لەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەبێت، بەڵام کۆپی ناکرێتەوە.

* ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق

# زمانی گۆڕان و زمانی دەسەڵات



ئازاد چالاک

ئایا مەرجە ئۆپۆزسیۆن هەر داواو بەیاننامەو پرۆژەیەک ئاشکرا بکات دەسەڵات جێبەجێی بکات و دەقاو دەق بە قسەی ئۆپۆزسیۆن بکات؟

دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە نەک هەر قورس نییە بەڵکو ئەوەندە سادەیە کە پێویست بە شیکردنەوەو لێکدانەوە ناکات، چونکە هەتا ئێستا ئۆپۆزسیۆن و گۆڕان و هاوڵاتییان هەر پرۆژەیەک و هەر داواکارییەک و هەر گلەیی و گازندەیەکیان ڕووبەڕووی دەسەڵات کردبێتەوە ئەوا نەک هەر گوێیان لێنەگرتوون بەڵکو بەپێچەوانەشەوە هەڵوێستیان لێوەرگرتووە.

پرۆژەکانی پەرلەمان و وەرەقەی چاکسازیی سیاسیی لە کوردستان و هەتا دێتە سەر مەسەلەی هەموو ئەو کەموکورتیی و گەندەڵییانەی کە هەرێمی کوردستانی تەنیوە بەڵگەو گەواهی ئەو ڕاستیەن.

گەر ئەمانەی سەرەوە وابن کە دڵنیام کەسێک نادۆزینەوە لەمبەرو لەوبەر بڵێ وانییەو پێچەوانەکەی ڕاستە ئەی کەواتە ئەم شوکو ڕاچڵەکینەی دەسەڵات و ترس و لەرزەی لە پایەی چیو بۆچی؟

پێموایە نەک هەر دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بەڵکو هەموو دەسەڵاتداران و ڕژێمەکانی ناوچەکەو تەنانەت ئەوەی عێراقیش بەهەمان دڵەراوکێ و ترس و چاوەڕوانیدا تێدەپەڕن و هەریەک لە ناخی خۆیدا دوعا دەکات و لە یەزدان دەپاڕێتەوە کە ئەو شەپۆلە ئیتر لە میسر ڕابگرێت و لە هیچ شوێنێکی تر سەرهەڵنەداتەوەو کەسیش پێیان نەڵێت ئێوەش با وەک ئەوانتان بەسەر نەیەت و هەوڵی چاکسازیی و ئاشتکردنەوەی خەڵک بدەن و وا مەزانن گەر ئەمڕۆش نەبێت، ئیتر بۆ ماوەیەکی درێژ دەتوانن بەم شێوەیە لەسەر هەمان سیاسەت و هەمان ڕەفتارو کردار ڕۆژگار بەڕێبکەن.

گەر تەنیا بەیاننامەکەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی و پارتی بە نموونە وەرگرین وەک بەرزترین دەسەڵاتی هەردوو حیزب، ئەوا زۆر بە ڕوونی ئەو هەڵچوون و دڵەڕاوکێ و ترسە کەڵەکەبووەی تیادا دەردەکەوێت کە خۆی لەو هەموو هەڕەشەو قسە نابەجێیانەدا دەبینێتەوە وەک:

((سەرانی گۆڕان بەتاقی تەنیا ئۆباڵی ئەم بەیاننامەیەو .......تەحەمول دەکەن)).

((یەکێتیی و پارتی بەتەواوی توانامان..... دژی هەموو پیلانێکی ئاژاوەگێڕیی دەوەستین و ڕێگە نادەین هێزێکی کودەتاچی..... ئاسایشی کوردستان تێکبدەن)).

((بەرپرسیارێتی هەموورووداوێکی گەورەو بچووکی کوردستان لەناو خەڵک، لەناو دامودەزگاکان، بارەگاکان، بانکەکان، میوان و دۆستانی کوردستان، هەر ڕووداوێک ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ڕووبدات یەکێتیی و پارتی ڕاستەوخۆ (سەرانی گۆڕان) بە بەرپرسیار دەزانن و ڕووبەڕووی سزای یاسایی ئاشکرایان دەکەین.

ئەوەی لەم چەند دێڕەی سەرەوە وردبێتەوە بێ دوودڵیی بۆی دەردەکەوێت کە هەردوو مەکتەبی سیاسیی ڕۆژی ١/٢٩ لە چ حاڵەتێکی دەروونی خراپدا بوون و چۆن هەرچی ڕق و کینەی دڵیان هەبووە لە حاڵەتێکی تورەبوندا هەڵیان ڕشت و چۆنیش لۆژیکیان لەدەستدا.

بۆ دەبێت گۆڕان لە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنەوە کە هەردوولا وەک خۆیان دەڵێن لە گفتوگۆدابن لەگەڵی و لە هەوڵی جێبەجێکردنی بەشێک لە داواکارییەکانیان بن یەکسەر ببێتە هێزێکی کودەتاچی؟ کامانەن ئەو تانک و ئەو زێرەڤانیی و ئەو فەرماندەیی و ئەو دژەتیرۆرو ئەوپۆلیس و ئاسایشەی کە لەژێر دەستیدان و دەیەوێت کودەتای سەربازیی پێ ئەنجام بدات!؟

دەبێت یەکێتیی و پارتی بۆ گەیشتبنە ئەو باوەڕەی کە لە هەر ڕوداوێکی بچووکی کوردستان لەناو خەڵک و لەناو دامودەزگاو بارەگاو بانک و لە دژی میوان و دۆستانی کوردستان بخاتە ئەستۆی (سەرانی گۆڕان) ئەی ئەگەر دوو چۆلەکە شەڕیانکرد خەتای کێیە؟

ئایا حاڵ گەیشتۆتە ئەوەی کە خەڵک پەلاماری بانک و بارەگاو تەنانەت میوانی بیانیی بدات؟!دەبێت ئەو دەسەڵاتە بەرزەی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا بۆ گەیشتبێتە ئەو قەناعەتە؟!

سەیر لەوەدایە کە ئەو بەیانە مافی سزادانی (سەرانی گۆڕان) دەبەخشێت بە هەردوو مەکتەبی سیاسیی حیزب و ئەوەش لەبیر ناکات کە بڵێت سزای یاسایی ئاشکرایان دەکەین و دەیەوێت بە هەموو خەڵک بڵێن کە چۆن بیانەوێت دەتوانن یاساو دەسەڵاتی دادوەریش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربهێنن!

ئەم کاردانەوەیەی هەردوومەکتەبی سیاسیی زۆر شیکردنەوەو لێکدانەوە هەڵدەگرێت، بەڵام لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە کە دەڵێت "لەکاتێکدا ئێمە لە بەغدا سەرقاڵی ئەوەین کە (١٨) خاڵەکەو مادەی (١٤٠) باشتر بخەینە بواری جێبەجێکردنەوەو ڕێگە نەدەین چیکە جێبەجێکردنی داخوازییە دەستوریی و سیاسییەکانمان دوابخرێت"، ... تەنیا ئەم چەند وشەیە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە خەڵکی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکان داوای یاسایی لەسەر هەردوو حیزب تۆمار بکەن، چونکە دەسەڵات دان بەوەدا دەنێت کە ئەو تازە بە تازە لە بەغدا خەریکە مادەی (١٤٠) باشتر بخاتە بواری جێبەجێکردنەوەو تازە بە تازەش دەڵێت کە چیتر ڕێگە نادەین جێبەجێکردنی داخوازییە دەستووریی و سیاسییەکانمان دوابخرێت! ئەی باشە کەواتە هەتا گۆڕان ئەم بەیانەی دەرنەکردبوو ئێوە بۆ ڕێگەتاندا کە مادەی(١٤٠)و داخوازییە دەستورییەکان جێبەجێ نەکرێن و دوابخرێن! ئەی ڕاستگۆیی چەند ساڵی ڕابردووتان لەمەڕ ئەم مەسەلە گرنگ و هەستیارە چۆن پاساو دەدەن؟

گەر کەسێک لە هەندێک ڕووەوە وڵاتێک بشوبهێنێت بە کوردستان بۆ دەبێت ئەوەندە مەسەلەیەکی مەترسیدارو پشتشکێن بێت تا ئەم دەسەڵاتە کۆنترۆڵ لەدەستبدات؟!

ئەگەر ئەم شوبهاندنە ناڕاستەو هەڵەیەو وەک خۆتان دەڵێن کریاری نیە، ئیتر بۆچی دەبێ ببێتە مایەی زیرەکردن و دڵەڕاوکێ لە چارەنووس و ئایندەی دەسەڵاتەکەتان؟!

# دایەلۆگ

شێخ لەتیف ماویلی*

دایەلۆگ لەنێوان زانایان و ڕۆشنبیران پێویستە، بۆ ئەوەی بەریەککەوتن ڕوونەدات لەنێوان ئایین و زانست لە لایەک و زانایانی بەڕێزی ئایینی و نووسەران و ڕووناکبیران لە لایەکی تر، چونکە چەمکی ڕۆشنبیرو نووسەر زۆر فراوانەو زانایانی ئایینیشی لێ بەدەرنییە.

لە مێژووی کوردستان و ناوچەکە بە گشتیی، مزگەوت و حوجرەو خانەقاو تەکیەو کۆڕ چاوگەو پەنای بێنەوایان بوون و سەنتەری ڕاستیی و عەدالەت بوون، مزگەوت و حوجرەو خانەقاو تەکیەو مەلاو شێخی کورد، ڕوگەو متمانەی گشتیی هەموو چینەکانی کۆمەڵ و وڵات بوون.

بەندایەتیی ڕاستەقینەو بێخەوش (ڕیا)ی خودای تاک لەوێ دەدۆزرایەوە، هەروەک پەناو میوانخانەو خواردنگەی بەلاش بوون بۆ گشت، ئەگەر دڵ بارکردنێک، یان هەڵەو لەبیرچوونێک، یاخود گومڕاییەک ڕووی بدایە، قوتب و پیرەکانی زانست و ڕێڕەوو ڕێگاکان و ڕاوێژیان سەنگی مەحەکی هۆشیاریی و ڕاستکردنەوە بوون و شێت و هاریان کەویی و ماڵیی و بەهۆش دەهێنایەوە.

هەردەم بەم فەرموودەیەی قورئان کاریان دەکرد کە ئەفەرموێت: (**أدع الى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة وجادلهم بالتي هي أحسن إن ربك هو أعلم بمن ضل عن سبيله وهو أعلم بالمهتدين**) (١٢٥ النحل). واتە: بانگ بکە بۆ ڕێگای پەروەردگارت بە دانایی و ئامۆژگاریی چاک و مشتومڕیان بکە بە شێوەی چاکتر، بە دڵنیایی پەروەردگارت خۆی زاناترە بە کەسی گومڕا لە ڕێگەی و هەر ئەویش زاناترە بە ڕێپیشاندراوان.

ڕاستە کۆمەڵگەو خەڵک و ئەهالیش درێغییان نەکردووە لە هاوکاریی و بەخشینی موڵک و ماڵ و بەرات بۆ یارمەتییان و دروستکردنی حوجرەو خانەقاو تەکیەو دیوان و پشتیوانیی (مادیی و مەعنەوی) چ بە زبارەو هەرەوەزو چ بە تاک تاک، بە تایبەت خێرەومەندان و خواپێدراوان، بەمەش خۆشەویستیی و تەبایی و کارەکانی کۆمەڵگە دەچەسپان.

هەر لەبەر ئەمەش بووە، زۆر لەشێخ و زاناو مەلای کورد بوونەتە پێشەنگ و پێشەوای بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان، دیارترینیان، پێشەوا قازی محەمەد بووکە لەسێدارەدراو گیانی بەخت و پێشکەشی کوردو کوردستان کردو (بەهەشتە جێگای انشاألله).

چەندین شێخ و مەلای گەورەی تری کوردەواریی، ئەم پێشەواو سەرکردە کوردانە پەیوەندیی و دایەلۆگیان هەبووە لەگەڵ زۆر لە سەرکردەو نوسەرو ڕۆشەنبیری ناوخۆیی و بیانیی و نەتەوەکان، بۆ سودوەرگرتن لە ئەزموون و زانستەکانیان لە سەدەی بیستەم، بۆیە لەم سەدەو سەردەمەش، دایەلۆگ و گفتوگۆ (حوار) پێویستترە، چونکە تەکنەلۆژیاو عەولەمە سنووربڕن.

بۆیە زانستە بەسودەکانی ژیان لای هەر کەس و وڵاتێک بن، سودیان لێوەربگیرێت و قبوڵبکرێن باشە، نموونەی زانستی پزیشکیی و پیشەسازیی و کشتوکاڵیی و بیناسازیی و نەوت و عەدالەتی کۆمەڵایەتیی و هتد... بۆ سوودو خزمەتی کۆمەڵگەی کوردستان بە گشتیی و بە بنەمای (**قاعدة لاضرر ولاضرار**) کە فەرموودەیەکی پێغەمبەرە (دروودی خوای لێبێت) واتە: نە زیان و نە زیانگەیاندن.

* ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان

ڕۆژنامە
کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات | خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە | سەرنوسەر: ئازاد چالاک | www.sbeiy.com
بەڕێوەبەری نوسین: سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com — هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
کارگێڕی و ڕیکلام و ئاگاداریی: ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ riklam.rozhnama@gimail.com – info. rozhnama@gimail.com
ناونیشان: سلێمانی: زەرگەتە. گردی زەرگەتە. کۆمپانیای وشە. هەولێر: گەڕەکی زانکۆ. چوارڕیانی حەمرین. تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە (٠٧٥٠٤٧٣٣٦٤٢)
دابەشکردن: کۆمپانیای پەیپەر ٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠ ٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١

بۆچوون

# عەلی کەریمی: بەیاننامەکەی گۆڕان خزمەتێکی مێژوویی و یەکلاییکەرەوەی دەبێت

## پێشنیازێکی بەنرخ بۆ تورکمان... بەڵام



نازم سائیغ *

هیچ مافێک ون نابێت، ئەگەر خاوەنی هەبێت‌و داواکاریی لەدوابێت. گەلی تورکمان لە هەرێمی کوردستان، بە دووەم نەتەوە هەژمار دەکرێت‌و شانبەشانی برا کوردو ئاشوورییەکان لە دێرزەمانەوە لەسەر ئەم خاکە ژیاون‌و بەشداریی خۆشیی‌و ناخۆشیی یەکتریان کردووە، هەر بۆیە دەبێت لەهەموو شتێکی ئەم وڵاتە بەشداربن. پێشنیازێکی بارزانی، زۆر دڵخۆشی کردین کە بریتییە لەوەی، پۆستی جێگری هەرێم بدرێت بە تورکمان، هەرچەندە ئەمەیان مافێکی شەرعیی‌و دەستووریی تورکمانە، چونکە تورکمان میوان نییە لەسەر ئەم خاکەو خاوەنییەتی هەروەک برا کوردو ئاشوورییەکان، بەڵام ئەمەیان بۆ کەمکردنەوەی نرخی پێشنیازەکە نییە، بە پێچەوانەوە ئێمە ئەم پێشنیازە زۆر باش دەنرخێنین‌و گرانبەهاترین پێشنیازە بۆ گەلی تورکمان، جا ئەم جۆرە هەنگاوانە دەبێت بە دوو قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕ بن، یەکەمیان دانی ئەم پۆستە بەگەلی تورکمان، ئەویش جەنابی بارزانی خستوویەتییە سەر ئەستۆی خۆی، قۆناغی دووەمیان کە زۆر گرنگترە لە هی یەکەمیان، ئەویش دەستنیشانکردنی کەسایەتییە تورکمانەکەیە بۆ ئەم مەبەستە، لێرە چەند پرسیارێک دێتە کایەوە، ئایا ئەگەر پارتی، ئەگەر حکومەتی هەرێم، دەیەوێت تەنیا ژمارە زیاد بکات؟ یاخود بەجدیی دەیەوێت کەسێکی شیاو بۆ ئەم پۆستە دیاریی بکات؟

ئایا دەیەوێت بەدوای کەسێکدا بگەڕێت بۆ ئەم کورسییە، یاخود بەدوای کورسییەکدا دەگەڕێت بۆ کەسێک؟

شتێکی روون‌و ئاشکرایە کە لە هەرێمی کوردستان، چەند پارت‌و بزووتنەوەو کۆمەڵەو مەرکەزو یانەو ..... تاد تورکمان هەن‌و چەند ساڵێکە بەشداریی کاری سیاسییان کردووەو چەند ئەندام پەرلەمانێکیشمان لە پەرلەمانی کوردستان بەناو نوێنەری تورکمانن، بەڵام تا چەند ئەمانە توانیویانە بەشێوەیەکی راست‌و دروست بۆ بەرژەوەندیی گەلی تورکمان کاربکەن؟ لەناو تورکمانەکانی عێراق‌و بەتایبەتی تورکمانەکانی هەرێمی کوردستان، واباوەو هەرواشە کە ئەمانە بەهیچ شێوەیەک نەیانتوانیوە رێبەرایەتیی گەلی تورکمان بکەن، لەبەر ئەم هۆ سەرەکییەکانە:-

ئەم پێشنیازەی جەنابی بارزانی بۆ نموونە، هیچ لەوانەی ناومان هێناون، توانیویانە رۆژێک لەرۆژان بەشێوەیەکی فەرمیی لە بەیاننامەیەکی هاوبەش، یاخود وەک پرۆژەیەک پێشکەش بە پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێم بکەن؟ لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجومەنی کوردستاندا، توانییان بە یەک لیست بەشداریی بکەن‌و لە هەمووان سەیرتر، پێنج ئەندام پەرلەمان‌و سیانیان سەرۆکن، واتە بۆ پێنج کەس، سێ سەرۆک، لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گشتیی عێراق بەهەمووان نەیانتوانی تەنیا کەسێک بگەیەننە ریزی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق، لیستی هاوپەیمانیی کوردیی بکەن بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی، هەندێکیان بەشدارییان کردو پاش ریکلام‌و داوەتکردنی تورکمانەکان، بەڵام لەئەنجامدا یەک هەزار دەنگیشیان بەدەست نەهێنا، ئەوانی تریش تەنیا جورئەتی بەشدارییکردنیشیان نەبوو، چونکە دەیانزانی هیچ تورکمانێک دەنگیان پێنادات‌و زۆر شتیشیان لێ ئاشکرا دەبێت، بەتایبەتی ئەوانەی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کوردستان، دەنگێکی باشیان وەدەستهێنا کە بووە مایەی سەرسوڕمانی تورکمانەکان، بەڵام بەشداریی نەکردنیشیان، بەڵگەیەکە بۆ نەبوونی جەماوەرییان، هەر بۆیە پێویستە لەسەر کەسانی پەیوەندیدار، بۆ دەستنیشانکردنی ئەم پۆستە بۆ تورکمان، دەبێت رەچاوی خواست‌و ویستی گەلی تورکمان بکەن، تا پەیتا پەیتا کارەکان بۆ سەر رێچکۆڵەی خۆیان دەگەڕێنەوەو بەهەموومان خزمەتی گەل‌و نیشتمان بکەین، بەڵام لەهەمووی گرنگتر، دەمانەوێت بزانین، ئایا هەولێریش کەوتە ریزبەندی ناوچەدابڕاوەکان، تا دانی ئەو پۆستە بە تورکمان بەلکاندنی کەرکوک بە هەرێمەوە ببەسترێتەوە، خۆ ئەگەر وابێت، تا دونیا مابێت، تورکمان نابێت بە خاوەن پۆستێکی لەم شێوەیە...

* رۆژنامەنووس‌و چالاکوانی تورکمان
nazimsaig@yahoo.com

## قۆناغەکانی گەشەکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی



م/ سەردار عەبدولڕەحمان ئیبراهیم *

لەدوای دووسەدە کۆتایهاتنی مێژووی کۆن، دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، چەند قۆناغێکی بڕیوەو لێرەدا ئاماژە بەگرنگترینیان دەکەین کە بریتین لە:-

قۆناغی یەکەم: ئەم شەپۆلە لەسەدەی (١٥ تا ١٨) درێژەی کێشا کە هۆکاری هاتنەئارای چەند فاکتەرێکن، بەڵام ئێمە تەنیا ئاماژە بە دوو میکانیزمی سەرەکیی دەکەین.

١- بەرەوپێشبردنی ئاستی زانست‌و زانیاریی بەهۆی داهێنانەکانی شۆڕشی پیشەسازیی‌و سەرهەڵدانی شۆڕشی رێنسانس لە کیشوەری ئەورووپا.

٢- کردنەوەی کۆمەڵگاکان.. کە ئەمەش کاریگەریی راستەوخۆی خاڵی یەکەمی لەسەرە (نابێت ئەوەشمان بیرچێت، بوونی هەندێک دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مێژووی کۆن، بەریتانیا، ئیتالیا، فەرەنسا، چین، ژاپۆن...تاد.

قۆناغی دووەم: لەسەدەی (١٨) تا سەرەتاکانی سەدەی (١٩) درێژەی کێشا کە بەناوی شۆڕشی دیموکراسییەوە لە ئەورووپادا سەریهەڵداو بووە هۆی لەناوبردنی دەوڵەتە رەهاکان (مەزهەبی‌و ئیمپراتۆرو زۆر لە شانشینەکان) ئەم دەوڵەتانە بوونە جێگرەوەی میراتگری قۆناغی فیودالی کە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا یەکەم دەوڵەتی نەتەوەییان پێکهێنابوو و حوکمیان دەکرد، وەک (ئەمریکا، بەلجیکا، رۆمانیا، مەکسیک....تاد).

قۆناغی سێیەم: لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە دەستپێدەکات‌و لە پاش هەرەسهێنانی دەوڵەتە ئیمپراتۆرییەکانەوە تەشەنەی کرد، دیارە مەبەستمان ئەوە نییە کە بڵێین، قۆناغەکانی تر مەسەلەی فەراغی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ئایدیۆلۆژیاو ...تاد رۆڵیان نەبینیوە، بەڵکو بەو مانایە لەچاو قۆناغەکانی پێش خۆی، ئەمەی دوایان ئاستەنگ‌و تەنگەژەی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی زیاتری پێوە دیارە، کە زۆر بەفراوانی دنیای گرتەوەو چەند دەوڵەتێکی قەومی دروست بوون، لەمانەش (ئەندەنوسیا، بەرازیل، مەنگۆلیا، میانیمار).

قۆناغی چوارەم: لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە دەستپێدەکات‌و لەپای لاوازیی دەوڵەتە کۆلۆنیالیزمەکانەوە سەریهەڵداوە، زۆر دەوڵەتی تازە دروست بوون وەک (جەزائیر، ئۆگەندا، بەنگلاش، چاد، سریلانکا، گابۆن).

قۆناغی پێنجەم: ئەم قۆناغە لەدوای هەرەسهێنانی بلۆکی خۆرئاوا لەساڵی (١٩٨٩) دەستپێدەکات‌و لەم قۆناغەدا زۆر دەوڵەتی کەمینە نەتەوەیی دروست بوو، بەتایبەتی لە ئەورووپای خۆرهەڵاتی سۆسیالیستی سۆڤیێتی جاران، وەک: (کرواتیا، ئۆکرانیا، جۆرجیا، ئەریتا، تورکمانستان، تاجاکستان، دوورگەکانی مارشاڵ).

پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان‌و زانست‌و بەرگەنەگرتنی ئەو کەمینە نەتەوەییانە لەچوارچێوەی دەوڵەتە کلاسیکییەکانداو دواتر نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی‌و ئابووریی‌و سەروەریی یاساو ئازادیی‌و دیموکراسیی‌و گرنگترینیان نەبوونی هێڵی جیاکەرەوەی واقیعییانە لەنێوان واقیعی چۆنایەتی‌و باری ئابووریی‌و سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی گەلە ژێردەستەکان‌و رژێم‌و دەسەڵاتی گەلە سەردەستەکان.

قۆناغی شەشەم: قۆناغی سەردەمی بەجیهانیبوونە کە بەئاستێکی زۆر پێچەوانەی رەوش‌و دەستوورە کۆنەکانەوە، بەهیچ جۆرێک ناتوانرێت لەسەر سیستمی پێوانە کۆنەکان لێکبدرێتەوە.

* بەکالۆریۆس لە زانستی جوگرافیا
Sardar86.raniayahoo.com

## (٧)خاڵەکەی گۆڕان و توورەیی دەسەڵات



عەلی کەریمی

لەبیرمە ساڵی (٧٨)، کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکرد، شای ئێران لە سەرەتاوە زۆر بێمنەت‌و بە لەخۆباییەکی زۆرەوە هیچ گوێی نەدا بە هاوارو ویستی کۆمەڵانی خەڵک. بە پەرەسەندن‌و رق‌و توورەیی زۆرتری خەڵک لە ماوەیەکی کورتی چەند مانگەدا، شەپۆلی نارەزایی‌و بێزاریی خەڵک هەموو شارەکانی ئێرانی گرتەوە، ئەمجار شا هات‌و وتی: "ئەوە گوێم لە هاواری ئێوە بوو"، ئەو وتەیەی شا کاتێک بوو کە ئێتر زۆر درەنگ بوو، خەڵک تا دەهات بۆنی ئازادیی زۆرتری بۆ دەهات‌و بڕیاری دابوو تا ئاخری خەتەکە بڕوات. هیچ چاکسازیی‌و ریفۆرمێک فریای شا نەکەوت، ئازادیی هەموو زیندانییانی سیاسیی، ئازادیی ئەحزاب، هەڵوەشاندنەوەی ساواک، هەڵوەشاندنەوەی حیزبی تاک‌و سەرتاسەری خۆی بە ناوی "رەستاخیز"و زۆر ریفۆرمی ترو تەنانەت دانانی کەسێکی سۆسیال دیموکرات بە سەرۆک وەزیران، هیچیان چاری شایان نەکردو بڕیار تەنیاو تەنیا رۆیشتنی شاو بەجێهێشتنی وڵات بوو. لەبیرمە کە لە ئاخرو ئۆخری دەسەڵاتی شادا، هیچ ئازادییەک نەمابوو دەستەبەر نەکرابێت بۆ خەڵک، کەچی کۆمەڵانی خەڵک هەر رازی نەبوون. ئەنجام بوو بەوە، شای ئێران لەم جیهانە گەورەیەو لەو هەمووە دۆست‌و هاوپەیمانە، تاقە شوێنێکی دەست نەکەوێت فڕۆکەکەی لێ بنێتە خوارەوە گەلانی ئێرانیش تووشیان بە تووشی ئەو مەلایانەوە بوو کە ئەوە زیاتر لە سی ساڵە بە عەباو عەمامە دەخنکێنرێن.

لەمەڕ ریفۆرم‌و چاکسازیی لە وڵاتانی نادیموکرات‌و توتالیتێر، کاتی خۆی ساڵی (٢٠٠٣ یان ٢٠٠٤) لە رۆژنامەی ئاسۆدا، بە تێروتەسەلی بیروڕای خۆم باسکردووەو من بڕوام بە ریفۆرمی سیاسیی لەم چەشنە وڵاتانەدا نییەو پێموایە، ریفۆرمی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی تایبەتی وڵاتانی پێشکەوتوو و دیموکراتە، خەڵکی وڵاتانی ژێر چەپۆکی دیکتاتۆرەکان ئەوەندە سەرکوت کراون‌و بێهەناسە بوون‌و بواری هیچ چەشنە تەنفیسێکیان نەبووە، وەک مەنجەڵی بێتەنفیس کە قولپیدا، ئەوە بە یەقین بەسەر هەموو لایەکدا دەتەقێتەوە، نموونەش هەر لە شای ئێرانەوە هەمانە تا دەگاتە سۆڤیەتی سەردەمی گۆرباچۆڤ، لەگەڵ ئەو هەمووە ملراکێشانە بە ریفۆرم بەڵام هەر رووخان.

لەوانەش بەرچاوتر، ئەوە وەک هەموو جیهان دەیبینێت، ئەوە چەند رۆژێکە خرۆش‌و هاواری خەڵکی، چەند وڵاتی عەرەبی وەک تونس‌و یەمەن‌و ئەردەن‌و بەتایبەت وڵاتێکی وەک میسر، دنیای هەژاندووەو بەرەو ئەوە دەچن، کۆتایی بهێنن بە حوکمی سەرکردە سەرەڕۆو بێویژدانەکانیان. هەرچەند رۆژ لەمەو پێش بوو، حوسنی موبارەک وەک سەرۆک کۆمار کە زیاتر لە سی ساڵە حوکمی وڵاتی میسری بەدەستەوەیە، لە ئاخرین هەڵبژاردندا بە تەمای دانانی کوڕەکەی بوو دوای خۆی، کەچی ئەوە دەبینین خۆی دەبێت وڵات جێهێڵێت‌و دەسەڵات تەسلیمی کۆمەڵانی خەڵک بکات.

ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیەی ئەمڕۆ بزووتنەوەی گۆڕان هەستی پێکردووەو لە بەیاننامەیەکی (٧) خاڵیدا پێشکەشی خەڵک‌و دەسەڵاتی کوردی کردووە، هەڵوێستێکی مێژوویی‌و بوێرانەیە.

گۆڕان، بە تەواوی هەستی بە هەموو مەترسییەکان‌و ئەگەرەکانی بەردەم چارەنووسی وڵاتەکەمانی کردووەو باش دەزانێت، ئەگەر لە شوێن‌و کاتی خۆیدا بە هەموو لایەکدا فریای پشێویی‌و دەنگی نارەزایی خەڵک نەکەون، ئەوە لەبەردەم لافاو و خرۆشانی بێزاریی کۆمەڵانی خەڵکدا، هیچ لەمپەرێک بەرگە ناگرێت‌و گڕی توورەیی خەڵک تەڕو وشک بەیەکەوە دەسووتێنێت.

ئەگەر سەرکردایەتیی کورد لە ئاست ئەم ئیدعایانەدا بێت کە رۆژانە پروپاگەندەیان بۆدەکات‌و بەڕاست غەمی نان‌و ئازادیی خەڵکی هەڵگرتبێت، ئەوە دەبوو پێشوازی کردبا لە پێشنیاز‌و داخوازییەکەی بزووتنەوەی گۆڕان.

ئەگەر دەسەڵاتی کوردی پاراستن‌و بەرگریی لە دەسکەوتەکان‌و ئەزموونی حوکمی کوردیان مەبەستە، نەک مانەوەی خۆیان لە دەسەڵات، بۆچی وا بەپەلە لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا، وا بەگژ بزووتنەوەی گۆڕاندا هاتنەوەو چەند بەیانی زۆر توندی یەکبەدوای یەکی سەرۆکایەتیی هەرێم، هاوبەشی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی‌و پارتی، سەرۆکایەتیی حکومەت و...یان دا دەرێ!؟

ئەگەر سەرکردەکان‌و راوێژکارەکانیان، بەڕاست غەمی وڵات‌و ئاسایشی خەڵک‌و پاراستنی ئەزموونەکەیان مەبەست بێت، دەبوو ئاوا پەلە نەکەن‌و تۆزێکیان بیرکردباوە، بە باشی لە بەیاننامەکەو (٧)خاڵەکە گەیشتبان‌و ئەمجار قەراری خۆیان دابا.

گۆڕان، داوای رووخان‌و ئاگرتێبەردانی دەستکەوتەکانی گەلی کوردی نەکردووە، بەپێچەوانەوە، هاوار دەکا با بە هەموو لایەک تا درەنگ نەبووە، بیپارێزن، گۆڕان هەستی بە مەترسی کردووەو دەیەوێت بە هەموو لایەکان فریاکەون‌و هەرێمی کوردستان بەراورد، یان تووشی چارەنووسی تونس‌و میسر نەکرێت. گۆڕان، باش دەزانێت دەست لەسەر دەستدانان‌و بێدەنگیی‌و بێزاریی خەڵک‌و بە هیچ وەرنەگرتنیان، تووشی نەهامەتی‌و کارەساتمان دەکاتەوە، ئەو کەسانەی خۆیان بە پارێزەری دەستکەوتەکانی خەڵک دەزانن، ئایا هەستیان بە جیاوازی خۆشگوزەرانی‌و ئیمتیازاتی خۆیان‌و کۆمەڵانی خەڵکی فەقیرو هەژار نەکردووە!؟ ئایا نازانن جیاوازیی هەرە گرنگ لەنێوان هەرێمی کوردستان‌و تونس‌و میسر لەوەدایە کە خەڵکی ئەم وڵاتانە تەنیا چەکی دەستیان هاوارو بەردە، بەڵام هەموو ماڵێکی ئەم کوردستانە وەک جبەخانەیەک وایەو کەس نابینی خاوەنی چەند چەکێک نەبێت! بێت‌و پشێویی دروست بێت، لە وڵاتی لەمەڕ ئێمە، کێ بەرپرسیار دەبێت لە کارەساتەکاندا!؟!

خۆ هەموو سەرکردەکان‌و دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان، دەزانن‌و ئەگەر لەگەڵ ویژدانی خۆیان سەرڕاست بن، دان بەوەدا دەنێن کە حکومەتی کوردی واتا حکومەتی دوو حیزبی پارتی‌و یەکێتی‌و پەرلەمانی کوردستانیش هەر بەم جۆرە.

گۆڕان، پێش ئەوەی پشێویی لە کوردستان سەرهەڵداو خەڵک برژێنە سەر جادەکان، دەسەڵاتدارانی ئاگادار کردووەتەوە تا درەنگ نەبووە، بەسە بۆ بێ عەدالەتیی، بۆ نەبوونی کارەبا، بۆ دوو ئیدارەیی، بۆ پاوانکردنی هەموو دەسەڵاتەکان، بۆ نەبوونی شەفافییەت لە بودجە، بۆ هێزی چەکداری حیزبی، بۆ بێکاریی، بۆ سزای سیاسیی، بۆ نانبڕین‌و بۆ...

ئایا رەوایە هێزێک وەک گۆڕان، هەستی بەم هەلومەرجە هەنوکەییەی هەرێمی کوردستان کردبێت‌و بێتە پێش بۆ چارەسەریی‌و پێشگرتنی هەر رووداوێکی نەخوازراو بۆ هەرێمەکەمان، ئاوا بەم چەشنە یەکێتی‌و پارتی زۆر بەپەلە بێنەگۆو بەگژیدا بچنەوەو بە گێرەشێوێن‌و سەرلێشێواو و... دابنێن!؟

باشە بۆ کەس لێیان ناپرسێت‌و بۆ هیچ راوێژکارێک پەیدا نابێت نەسیحەتیان بکات، ئەوەی گۆڕان دەیڵێت، گەلێک باشترە لەوەی درەنگ بێت‌و لافاو چاک‌و خراپ لەگەڵ خۆی بەرێت. هەڵوەشانەوەی پەرلەمانێکی کارتۆنی، یان حکومەتێکی بێدەسەڵات، یان یەکگرتنەوەی هەموو هێزی چەکداری کوردستان، یان نەمانی دەزگاکانی زانیاری حیزبی، بۆ دەبێت ئەزموونی کوردستان‌و دەستکەوتەکان بخاتە مەترسییەوە!؟

جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی گۆڕان، نەک تەنیا هیچ زەرەرێکی بۆ کوردستان‌و ئەزموونەکەی نابێت، بگرە خزمەتێکی مێژوویی‌و یەکلاییکەرەوە دەبێت بۆ کۆمەڵانی خەڵک‌و بۆ دیموکراسیی‌و ئازادیی هەموو تاکێکی کورد. زۆرم بەلاوە سەیرە کە هەموو پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد، لەوەدا ببیننەوە کە چەند کەسێک لە دەسەڵاتدا بمێننەوەو دەست بگرن بەسەر موڵک‌و ماڵی خەڵکەوە.

من پێموایە، یان ئەوەتا سەرکردەکانی پارتی‌و بەتایبەت یەکێتی (یەکێتی زۆرتر توورە بووە) لە بەیاننامەکە تێنەگەیشتوون، یان خۆیانی لێ گێل دەکەن. گۆڕان، دەڵێت، وەرن تا سەرەچەرمەکە ئاو نەیبردووە، با کارێک بکەین، دەڵێت، ئەگەر هات‌و وەک ئەزموونی وڵاتان، تەوژمی کۆمەڵانی خەڵک سەرهەڵبدا، ئەوە ئیتر نە ئێوەو نە ئێمەو نە هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت پێشی پێبگرێت!

ئەمڕۆ باشترە لە سبەی، باوەش بگرنەوە بۆ خەڵکی هەژارو رووناکی بخەنە ناو ماڵیان‌و لەگەڵیان ئاشتببنەوەو بەروبوومی وڵاتەکەیان بە عەدالەت لەگەڵ دابەش بکەن، خۆتانیان لێ جیا مەکەنەوەو وەک ئەوان بژین، ئەوە نەکەن، ئاشتبوونەوەتان لەگەڵیان زۆر ئاستەم دەبێت.

من دڵنیاتان دەکەم، خەڵکی ئێمە ئامادەیە وەک ساڵانی نەوەدەکان بە نانەزگی‌و لە تاریکییدا بژین‌و دەنگیان لێوە نەیەت، بەشەرتێک ئێوە لە خۆیان بزانن‌و دڵنیا بن، ئێوەش هەر وەک ئەوان گوزەران دەکەن.



فرمان عەبدولڕەحمان

# هیستریای دەسەڵات

بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان کە تەنیا (٥٦٦) وشە بوو، دەسەڵاتی تووشی هیستریایەکی ئاشکرا کردو وەک باس دەکرێت زۆرێکی تووشی شۆک کرد، بەڵام ئەم دۆخە ئەگەر شتێکمان پێ بڵێت لە سەرەتاییترین مانایدا دەرخەری ئەو راستییەیە، کە چ جەهلێکی سیاسیی کوشندە ئاوێزانی پرۆسەی سیاسییە لەم هەرێمەدا.

سەرەتا قسەی ئێمە لەسەر ئەوە نییە، کە ئایا ئەم بەیاننامەیەی گۆڕان کارێکی دروست بوو، یان بە پێچەوانەوە، رەنگە وەک دیدی خۆم تێبینیم هەبێت لەسەر شێوازی دەرکردنی بەیاننامەکە، بەڵام قسەی ئێمە لەسەر ئەو جەهلە سیاسییەیە کە لەم هەرێمەدا بەرقەرارە، جەهلێک کە لەو کاراکتەرە بە ناو سیاسییانەی ئێمەوە دەستپێدەکات کە دەسەڵاتیان بە دەستەو لە سایەی دونیابینییەکانیانەوە ئەم هەرێمەیان غەرقی گەندەڵیی‌و شکستو فەوزا کردووە تا دەگاتە ئەو لایەنانەی دیکە کە بە خۆیان دەڵێن ئۆپۆزسیۆن.

سیاسییەک نا، بەڵکو کەسێک کەمێک رۆشنبیریی سیاسیی هەبێت دەزانێت ئۆپۆزسیۆن کاری ئەوەیە کە هەمیشە لە بۆسەدا بێت بۆ ئەو حکومەتەی کە زۆرینە پێکی هێناوە، بۆ ئەوەی شکستەکانی بخاتە روو، هەر لەو پێناوەشدایە هەموو ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە حکومەتی سێبەر (shadow cabinet) یان هەیە، بۆ ئەوەی شوێنی حکومەتە تەنفیزییەکە بگرێتەوە، ئەمە لە ئەلفو بێی وەزیفە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروستە لە هەموو دونیای مۆدێرندا، ئیدی بۆ دەبێت کاتێک لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن داوای هەڵوەشانەوەی حکومەتو پەرلەمانی کردو داوای هەڵبژاردنی پێشوەختی کرد، کفری سیاسیی‌و ئاژاوەگێڕیی بێتو بە "کودەتا" وەسف بکرێت؟!

دەسەڵات پێیوایە؛ دیاردەی ئۆپۆزسیۆن شتێکی "پۆزەتیڤ"ە بۆ سەلماندنی ماناکانی دیموکراسی، بەڵام چ ئۆپۆزسیۆنێک، شەرمن بێت لە ئاست خستنەڕووی شکستەکانی دەسەڵاتدا، ملکەچ بێت لە ئاست دیکتاتۆرییەتی زۆرینەدا، بێباک بێت لە ئاست ورووژاندنی شەقامدا، ئەم جۆرە لە ئۆپۆزسیۆن تەنیا لە قاموسی سیاسیی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدا بوونی هەیەو لە ماوەی رابردووشدا هەر بەو شێوەیە دێڕەکانی ئەزموونی سیاسییان لەم هەرێمەدا نووسیوەتەوە، هەربۆیە کاتێک لایەنێک دێتو ئەرکە راستەقینەکانی ئۆپۆزسیۆنیان لەبەردەمدا نیشاندەدات، ئەو دەسەڵاتە تووشی هیستریا دەبێت.

بەڵام ئەوەی کە لە هەموو ئەوانە زیاتر دەرخەری جەهلە سیاسییەکەیە، مامەڵەی دوو حیزبەکەی دیکەی ئۆپۆزسیۆنە لەگەڵ دەسەڵاتدا، کە هەمیشە پێیانوایە؛ ئەوکاتە بوونەتە ئۆپۆزسیۆنێکی ئەکتیڤ کە دەسەڵات وەسفیان بکاتو ئافەرینیان بکات، ئاخر لە چ کەلتوورێکی سیاسیی تەندروستدا دەسەڵات لە ئۆپۆزسیۆن رازییە، لەم کەلتوورە سیاسییەی ئێمەدا نەبێت کە هەموو پایەکانی بە "بەرژەوەندیی تایبەتو حیزبی" بیناکراوە؟!

من پێموایە؛ کێشەی سەرەکیی پەیوەند بەو بەیاننامەیەوە ئەوەیە، کە دەسەڵات لە ناهۆشیارییەکی سیاسیی کوشندەدا دەژی لە بەرامبەر ئۆپۆزسیۆندا، ئەی ئەوە نییە دەسەڵات ئۆپۆزسیۆنی ئەوکات قبووڵە کە لە ئایندەیەکی زۆر دووریشدا مەترسیی لەسەر دروست نەکات، هەر کاتێکیش پێیوابوو تەرحەکانی ئۆپۆزسیۆن جۆرێکن لە مەترسیی، پرۆسە ئامادەکانی موزایەدەی نەتەوەیی‌و تەخوین‌و دژە نەتەوەو خوێنی شەهیدان‌و ئەو دروشمانەی لە دژ بەرز دەکاتەوە.

لە دوای ئەو بەیاننامەیەی گۆڕانەوە خیتابی سیاسیی کاراکتەرە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە هەوڵی سەلماندنی ئەوەدان کە هەوڵەکانیان بۆ چاکسازیکردنی واقیعی گەندەڵیی ئەم هەرێمە چڕکردووەتەوە، کە ئەگەر تەنیا لە ئاستی گوتاریشدا لێی بڕوانین، ئەمە کاریگەریی خێرای بەیاننامەیەکی (٥٦٦) وشەییە بۆ دۆخێک کە هیچ مانایەکی نەدەداینێ بۆ چاکسازیی.

www.sbeiy.com

ئاگـــاداری

بانگەوازێك لەكۆمپانیای بەرێز بۆ سەرجەم بەشداربووانی پـرۆژەكانی ئـاسوودە

كــۆمپانیای بـــەرێز بۆ دواجار ئـــاگاداری بەشداربووانی پرۆژەكانی
لوبنان ستی-گرین ستی-بروا ستی-بەرێز ستی-دییە ستی چەرموو ستی دەكـات
ئـەگەر تـەنها لـەماوەی 10 رۆژدا لـەبەرواری ئـەم ئاگادارییەوە سەردانی ئۆفیسی كۆمپانیاكەمان نــەكەن، بـۆ پێدانی سلفەی یەكەكـــانیان، ناچار دەبین كــۆتایی بەگرێبەستی نێوا نمان بهێنین و بە پێی یاسا یەكەكــــان بدەینە هاوڵاتیانی دیكە...

bareaz
COMPANY
هەموو رۆژێك ئەزموونی بەهێز


كۆمپانیای بەرێز

www.bareazgroup.com
info@bareazgroup.com
سەنتەری زانیاری : 053 5252 - 5252







گاردن سیتی

شـــارێک لەسەر ١٢٠٠٠٠م٢ کە ٧٥٪ی باخچەو ســـەوزاییە
دابین کردنی مەسعەد لە پـارکی داخراوەوە بۆ شوقەکان
گــەیاندنی بـۆری غـــاز بـۆ شوقەکان
دوو جۆر عەزلی سەرماو گەرماو دەنـگ

شـوقەی دوو نهۆم ٢٨٥ م٢
شوقەی یەک نهۆم ٢٢٠ م٢
لـەگەڵ گەراج و گەنجینە

ناونیشان: سلێمانی _شەقـامی بازنەیی مەلیك مەحمود - گەڕەكی كوردسات _خوار نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی
مۆبایل:٠٧٥٠١١٤١٨٨٨-٠٧٥٠١١٤١٨٨١ | ئیمەیڵ: gardencity@halabjagroup.com

halabjagroup
گروپی هەڵەبجە